حكومەتی هەرێمی كوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكان
سكوڵی زمان/ بەشی كوردی

# ڕێزگرتن لە زمانی كوردیدا

( لێكۆڵینەوەیەكە لە بواری زانستی زمانی كۆمەڵایەتیدا )

نامەیەكە

ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید مەعروف

پێشكەشی ئەنجوومەنی سكوڵی زمان/ فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانیی
كردووە و بەشێكە لە پێداویستییەكانی پلەی ماجستێر لە زمانی كوردی دا

سەرپەرشت:

پ. ی. د. هۆگر مەحموود فەرەج

٢٠١٢ زاینی   ١٤٣٣ كۆچی   ٢٧١٢ كوردی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (**ڕێـزگـرتـن لـە زمـانـی کـوردیدا**) یە و خوێندکار (**ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید**) بە سەرپەرشتیی من لە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی ئامادەیکردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

ناو: پ. ی .د. هۆگر مەحموود فەرەج

سەرپەرشت

ڕۆژ: ٢٥ /٧ / ٢٠١٢

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی. د. دڵشاد عەلی محەمەد

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

ڕۆژ: ٢٧ /٧ / ٢٠١٢

## ڕاپۆرتی لیژنەی وتوێژ و هەڵسەنگاندن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی وتوێژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی "**ڕێــزگـرتــن لە زمانی کوردیدا**"یە، لەگەڵ خوێندکار (**ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید**)دا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. فارووق عومەر سدیق
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ٥ / ١١ / ٢٠١٢

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. بەکر عومەر عەلی
ئەندام
ڕۆژ: ٥ / ١١ / ٢٠١٢

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. ئەبوبەکر عومەر قادر
ئەندام
ڕۆژ: ٥ / ١١ / ٢٠١٢

واژۆ:
ناو: پ. ی. د. هۆگر مەحموود فەرەج
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ٥ / ١١ / ٢٠١٢

لە لایەن ئەنجوومەنی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا.

واژۆ:
ناو: د. کاوان عوسمان عارف
سـەرۆکی سکوڵی زمـان
ڕۆژ: ١١ / ١١ / ٢٠١٢

# پێشکەشکردن

## پێشکەشە بە :

- دایك و باوکم و خوشكوبرا ئازیزەکانم.
- هەموو ئەو کەسانەی، کە هاوکارم بوون.
- گشت دڵسۆزان و خەمخۆرانی زمانی کوردی.
- مامۆستا خۆشەویست و هاورێ دڵسۆزەکانم.
- ئەو کەسە دڵسۆزانەی، کە بۆ جارێکی تر زانکۆی سلێمانییان دامەزراندەوە
- وانەی ڕێز لە زمان و ئەدەبی کوردی دەگرن، کوردانە بیر دەکەنەوە و بە کوردی دەدوێن.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ :

* خوای گەورە و باڵادەست، کە بواری خوێندنی باڵای بۆ ڕەخساندم، هەر پشت بەو دەسەڵاتە، پاشان هەوڵ و کۆششی خۆم و ئەوانەی هاوکارم بوون ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستپێبکەم و بە کۆتایی بگەیەنم.

* سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان و لیژنەی خوێندنی باڵا و بەشی زمانی کوردی، کە هەمیشە پشتیوانیی خوێندنی باڵا دەکەن و بە پەرۆشەوە هەوڵی بەرەوپێشچوونی دەدەن.

* مامۆستای گەورە و بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر "دکتۆر هۆگر مەحموود فەرەج"، کە بەوپەڕی دڵسۆزی و لە خۆبردوویی و وردییەوە، سەرپەرشتی نامەکەی کردووم و بەردەوام ڕێنمایی کردووم، هیوای لەش ساغی و تەمەن درێژیی بۆ دەخوازم.

* ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە لە کۆرسی خوێندنی ماجستێردا وانەیان پێوتووم و ئاسۆی بیرمیان فراوانتر کرد و بە دڵسۆزییەوە یارمەتیی زانستییان داوم.

* بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی وتوێژ و هەڵسەنگاندن، کە بە تێبینییەکانی بەڕێزیان نامەکەیان پتر دەوڵەمەند کرد.

* بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر فارووق عومەر سدیق، کە سەرچاوەکانی زمانی ڕووسی بۆ وەرگێڕاوم.

* بەڕێز دکتۆرە ئاڤێستا کەمال مەحموود، کە لە هەڵبژاردنی ناونیشانی بابەتەکەدا یارمەتیدەرم بوو.

*هەموو ئەو هاوڕێ ئازیزانەی، کە بە وەرگێڕان و تێبینییەکانیان یارمەتییان داوم.

* کارمەندانی کتێبخانەکانی:"سکوڵی زمان، ناوەندی زانکۆ و بەشی توێژینەوە زانستییەکان، گشتی سلێمانی"، کە لە پێدانی سەرچاوەدا یارمەتیدەرم بوو.

# هێما و کورتکراوەکان

## ABBREVIATIONS

| | |
|---|---|
| / | یان |
| / / | وشە |
| – – | بۆ ڕوونکردنەوەی پتری واتایەك |
| ( ) | واتە یان بۆ ناو و زاراوەی بیانی |
| (( )) | وەرگرتنی دەقێك |
| “ ” | بەکارهێنانی دەقێك لەناو دەقێکی تردا |
| " " | دەستنیشانکردنی وشە یان زاراوەیەك |
| >….. < | هێما ~چەمك |
| ˈ | نیشانەی هێز یان ئاوازە |
| – + | بۆ جووتەگووتن |
| – | بۆ سەرەتای ڕستە |
| | |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Intonation | ئاوازە |
| Instrument | ئامراز |
| Conversation | ئاخاوتن |
| Comfortable | ئاسوودەیی |
| Function | ئـەرك |
| | ب |
| Value | بەها |
| State | بار |
| Maxim | بنەما |
| Tact | بەوێڵیەتی |
| Situation | بارودۆخ |
| Theme/Topic | بابەت/باس |
| Other | بەرامبەر/ئەویتر |
| Friction | بەریەککەوتن |
| Impolite | بێڕێزانە |
| Approbation | بەباشزانین |
| Generosity | بەخشندەیی |
| Rude | بێچاوڕوو/چەقاوەسوو |
| Rudeness | بێچاوڕوویی/چەقاوەسوویی |
| | پ |
| Social interactions | پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان |
| Verbal interaction | پێوەندییە زارەکییەکان |
| Sociopragmatics | پراگماتیکی کۆمەڵایەتی |
| Commissives | پەیوەستبوون |

| | |
|---|---|
| Offer | پێشکەشکردن |
| Apology | پۆزشهێنانەوە |
| System | پێڕەو |
| Background | پاشخان |
| Relevance | پێوەندی/ گونجان |
| Norm | پێودانگ |
| | ت |
| Damage | تێکشکان |
| Observable | تێبینیکراو |
| Characteristics | تایبەتمەندی |
| Pragmatic Competence | توانستی پراگماتیك |
| | ج + چ |
| Euphemism | جوانبێژی |
| Deference | جوامێری/هەیبەت |
| Concept | چەمك |
| | خ |
| Courteous | خۆشمامەڵەکەر |
| Modesty | خاکیەتی |
| Self | خود |
| | د |
| Social Context | دەوروبەری کۆمەڵایەتی |
| Culture Context | دەوروبەری کەلتووری |
| Avoid | دوورکەوتنەوە/دوورەپەرێزی |
| Implicature | دەربڕینی پەنامەکی |
| Imperative | داخوازی |
| Theory | دیمانە/تیۆر |
| Phenomenon | دیاردە |
| Opposite | دژ |

| | |
|---|---|
| Request | داواکاری |
| Expressives | دەربڕین |
| | ڕ |
| Politeness | ڕێزگرتن |
| Respect | ڕێز |
| Regard | ڕێزوپێزانین |
| Impoliteness | ڕێزنەگرتن |
| Surface | ڕووکەش |
| Gender | ڕەگەز |
| Element | ڕەگەز |
| Insult | ڕیسواکردن |
| Manner | ڕوونیەتی |
| Obvious | ڕوون |
| Morality | ڕەوشتمەندی |
| Agreement | ڕێکەوتن/ڕەزامەندی |
| Confrontation | ڕووبەڕووبوونەوە |
| Polite Behaviour | ڕەفتاری بەڕێزانە |
| Politeness Principle | ڕێسای ڕێزگرتن |
| Cooperative Principle | ڕێسای هاریکاری |
| Directive | ڕاستەوخۆ |
| | ز |
| Sociolinguistics | زانستی زمانی کۆمەڵایەتی/کۆزمانەوانی |
| The Sociology of Language | زانستی کۆمەڵایەتی زمان/کۆمەڵناسی زمان |
| Maximize | زۆرترین |
| | س |
| Natural | سروشتی |
| Benefit | سوودمەندبوون |
| Feature | سیما/مۆرك |

| | |
|---|---|
| Imposition | سەپاندن |
| Greeting | سلاوکردن |
| Strategies | ستراتیژەکان |
| | ش |
| Form | شێوە |
| Honorifics | شەرەفمەندانە |
| | ف + ق |
| Formal | فەرمی |
| Imperative | فەرماندان |
| Order | فەرمان |
| Discourteous | قسەترنی |
| Colloquial | قسەی ڕۆژانە |
| | ك |
| Speech Acts | کردەی قسەییەکان |
| Individual | کەسێك/تاکێك |
| Minimize | کەمترین |
| Interpersonal | کەسی |
| Tradition | کۆن/تەقلیدی |
| Practice | کارەکی |
| | گ |
| Communication | گەیاندن |
| Utterance | گوتن |
| Appropriate | گونجاو |
| Universal | گشتی |
| Perspectives | گۆشەنیگا |
| | ل |
| Cost | لەسەرکەوتن |
| Lexeme | لێکسیم |

| | |
|---|---|
| Ambiguity | لێڵی |
| | ق |
| Speaker | قسەکەر |
| Manipulate | قۆرخکردن |
| | م |
| Conflict | ململانێ |
| | ن |
| Informal | نافەرمی |
| Identity | ناسنامە |
| Indirect | ناڕاستەوخۆ |
| Habits | نەریت/خوو |
| Smoothly | نەرمونیانی |
| Nonlinguistic | نازمانی |
| | ه |
| Sympathy | هاوخەمی |
| Solidarity | هاوکاریی |
| Equivalent | هاوواتا |
| Phatic | هێنانەگۆ |
| Conduct | هەڵسوکەوت |
| Stress | هێز |
| | و |
| Face want | ویستی ڕوومەندی/ ڕوومەندیخوازی |
| | ی |
| Rules of Politeness | یاسای ڕێزگرتن |

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٢ | **پێشەکی** |
| ١ | ٠ - ١: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠ - ٢: هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠ - ٣: گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٠-٤ کەرەسە و سنووری لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٠ - ٥: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٠ - ٦: گرفتی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٠ - ٧: بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٣-٣٥ | **بەشی یەکەم/ ڕێزگرتنی زمانی، پێوەند بە کات و شوێنەوە** |
| ٣ | ١-١: ڕێزگرتنی زمانی |
| ٥ | ١-١-١: مەبەست و گرنگی ڕێزگرتن |
| ٧ | ١-١-٢: مێژووی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕێزگرتن |
| ٩ | ١-١-٣: ناساندنی ڕێزگرتن |
| ١٥ | ١-١-٤: چەمکی ڕێزگرتن و ڕەفتاری بەڕێزانە |
| ١٩ | ١-١-٤-١: ناسینەوەی ڕەفتاری بەڕێزانە |
| ٢١ | ١-١-٤-٢: تایبەتییەکانی زمانی بەڕێزانە |
| ٢٢ | ١-١-٥: چەمکی ڕێزنەگرتن و ڕەفتاری بێڕێزانە |
| ٢٥ | ١-١-٦: پۆلینکردنی ڕێزگرتن |
| ٢٦ | ١-١-٦-١: ڕێزگرتنی پلەیەك |
| ٢٧ | ١-١-٦-٢: ڕێزگرتنی پلەدوو |
| ٢٩ | ١-١-٧ ئەتەکێتی زمانی |
| ٣٠ | ١-٢: پێوەندی ڕێزگرتن بە کات و شوێنەوە |
| ٣١ | ١-٢-١: ڕێزگرتن بە پێی کات |
| ٣٣ | ١-٢-٢: ڕێزگرتن لە کات |
| ٣٤ | ١-٢-٣: ڕێزگرتن بە پێی شوێن |

| | |
|---|---|
| ١-٢-٤: ڕێزگرتن له شوێن | ٣٥ |
| **بەشی دووەم/ کەلتوور و دیمانەکانی ڕێزگرتن** | ٣٦-٨٣ |
| ٢-١ پێوەندی ی ڕێزگرتن بە کۆمەڵەوە | ٣٦ |
| ٢-١-١ زمان و کۆمەڵ | ٣٦ |
| ٢-١-٢ ئەرکەکانی زمان | ٣٨ |
| ٢-١-٣: زانستی زمانی کۆمەڵایەتی | ٤٠ |
| ٢-١-٤: کەلتوور و ڕێزگرتن | ٤٢ |
| ٢-١-٤-١: چەمکی کەلتوور | ٤٣ |
| ٢-١-٤-٢: کەلتوور و ڕێزگرتن | ٤٤ |
| ٢-١-٤-٣: ڕێساکانی ڕێزگرتنی لە کەلتوور جیاوازەکاندا | ٤٦ |
| ٢-١-٤-٤: سڵاوکردن | ٤٨ |
| ٢-٢: بۆچوونە جیاوازەکانی ڕێزگرتن | ٤٩ |
| ٢-٢-١: بۆچوونە نەریتیەکان | ٥٠ |
| ٢-٢-١-١: بۆچوونەکانی بروس فرایزەر | ٥٠ |
| ٢-٢-١-٢: بۆچوونەکانی ڕۆبن لاکۆف | ٥٢ |
| ٢-٢-٢: ڕێسای ڕێزگرتن | ٥٥ |
| ٢-٢-٢-١: بنەمای بە وێڵیەتی | ٥٧ |
| ٢-٢-٢-٢: بنەمای بەخشندەیی | ٥٨ |
| ٢-٢-٢-٣: بنەمای بە باشزانین | ٦٠ |
| ٢-٢-٢-٤: بنەمای خاکیەتی | ٦١ |
| ٢-٢-٢-٥: بنەمای ڕێکەوتن | ٦٢ |
| ٢-٢-٢-٦: بنەمای هاوخەمیەتی | ٦٣ |
| ٢-٢-٢-٧: بنەمای هێنانەگۆ | ٦٤ |
| ٢-٣: دیمانەی ڕێزگرتنی ی براون و لیڤنسن | ٦٦ |
| ٢-٣-١: بە جیهانیبوونی ڕوومەندی لە دیمانەکەدا | ٦٧ |
| ٢-٣-٢: کاری ڕوومەندیپارێز | ٦٨ |
| ٢-٣-٣: کاری ڕوومەندبەزێنی | ٦٩ |
| ٢-٣-٤: ڕوومەندی و ڕێزگرتن | ٧٠ |

| | |
|---|---|
| ٢-٣-٥: جۆرەکانی ڕوومەندی | ٧٢ |
| ٢-٣-٥-١: ڕوومەندی ئەرێنی | ٧٣ |
| ٢-٣-٥-٢: ڕوومەندی نەرێنی | ٧٤ |
| ٢-٣-٦: ستراتیژەکانی ڕێزگرتن | ٧٥ |
| ٢-٣-٦-١: ستراتیژی ڕاستەوخۆ | ٧٧ |
| ٢-٣-٦-٢: ستراتیژی ڕێزگرتنی ئەرێنی | ٧٨ |
| ٢-٣-٦-٣: ستراتیژی ڕێزگرتنی نەرێنی | ٨٠ |
| ٢-٣-٦-٤: ستراتیژی ناڕاستەوخۆ | ٨٢ |
| ٢-٣-٦-٥: ستراتیژی ئەنجامنەدانی کاری ڕوومەندیبەزێن | ٨٣ |
| **بەشی سێیەم/ هۆکار و بوارەکانی هێنانەئارای ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا** | ٨٤-١٤١ |
| ٣-١: هەندێك دیمانە و دیاردەی پراگماتیکی پێوەند بە ڕێزگرتنەوە | ٨٤ |
| ٣-١-١: ڕێسای هاریکاری گرایس | ٨٤ |
| ٣-١-٢: دیمانەی کردە قسەییەکان | ٨٨ |
| ٣-١-٢-١: کردەکانی ئاخاوتن | ٨٩ |
| ٣-١-٢-١-١: کردەی پۆزشهێنانەوە | ٨٩ |
| ٣-١-٢-١-٢: کردەی داواکاری | ٨٩ |
| ٣-١-٢-١-٣: کردەی پاڕانەوە | ٨٩ |
| ٣-١-٢-٢: جۆری کردەکان | ٩٠ |
| ٣-١-٢-٢-١: واتای ئاشکرا | ٩٠ |
| ٣-١-٢-٢-٢: واتای شاراوە | ٩٠ |
| ٣-١-٣: جۆرەکانی ڕستە | ٩٢ |
| ٣-١-٣-١: ڕستەی هەواڵی | ٩٢ |
| ٣-١-٣-٢: ڕستەی پرس | ٩٣ |
| ٣-١-٣-٣: ڕستەی سەرسووڕمان | ٩٣ |
| ٣-١-٣-٤: ڕستەی داخوازی | ٩٣ |
| ٣-١-٣-٤-١: فەرماندان | ٩٤ |
| ٣-١-٣-٤-٢: جۆرەکانی فەرماندان | ٩٤ |
| ٣-١-٣-٤-٢-١: فەرماندانی ئاشکرا | ٩٤ |

| | |
|---|---|
| ٣-١-٣-٤-٢-٢: فەرماندانی شاراوە | ٩٥ |
| ٣-١-٤: نیشانکارەکان | ٩٦ |
| ٣-١-٤-١: نیشانە کەسییەکان | ٩٦ |
| ٣-١-٤-٢: نیشانەکانی کات | ٩٦ |
| ٣-١-٤-٣: نیشانەکانی شوێن | ٩٦ |
| ٣-١-٤-٤: نیشانە کۆمەڵایەتییەکان | ٩٧ |
| ٣-١-٥: دەربڕینی پەنامەکی | ٩٨ |
| ٣-١-٦: پێشگریمانە | ٩٨ |
| ٣-١-٧: میتافۆڕ و ئیدیۆم | ٩٩ |
| ٣-١-٨: دەوروبەر | ١٠٠ |
| ٣-١-٨-١: دەوروبەری زمانی | ١٠١ |
| ٣-١-٨-٢: دەوروبەری نازمانی | ١٠١ |
| ٣-١-٨-٢-١: دەوروبەری سۆزیی | ١٠١ |
| ٣-١-٨-٢-٢: دەوروبەری فیزیکی | ١٠٢ |
| ٣-١-٨-٢-٣: دەوروبەری کەلتووریی | ١٠٢ |
| ٣-١-٨-٢-٤: چوارچێوەی بار | ١٠٣ |
| ٣-١-٨-٢-٥: دەوروبەری کۆمەڵایەتی | ١٠٣ |
| ٣-٢: پێوەندی شێواز و تابوو و جوانبێژی بە ڕێزگرتنەوە | ١٠٤ |
| ٣-٢-١: شێواز | ١٠٤ |
| ٣-٢-١-١: جۆرەکانی شێواز | ١٠٥ |
| ٣-٢-١-١-١: شێوازی نافەرمی | ١٠٥ |
| ٣-٢-١-١-٢: شێوازی فەرمی | ١٠٦ |
| ٣-٢-٢: کەرەستەکانی بانگکردن | ١٠٧ |
| ٣-٢-٢-١: جێناوەکان | ١٠٧ |
| ٣-٢-٢-٢: ناوەکان | ١٠٩ |
| ٣-٢-٢-٢-١: نیوەناو | ١٠٩ |
| ٣-٢-٢-٢-٢: کرتاندنی ناوی بانگکراو | ١١٠ |
| ٣-٢-٢-٢-٣: بانگکردن بە ناوی بانگکراوەوە | ١١٠ |

| | |
|---|---|
| ٣-٢-٢-٣: ناوەکانی خزمایەتی | ١١١ |
| ٣-٢-٢-٤: ناونیشان | ١١٢ |
| ٣-٢-٢-٤-١: ناسناو | ١١٣ |
| ٣-٢-٢-٤-٢: ناسناوی ئەرێنی | ١١٣ |
| ٣-٢-٢-٤-٣: ناسناوی نەرێنی/ناو و ناتۆرە | ١١٥ |
| ٣-٢-٢-٥: بەکارهێنانی پەسندەرەکان | ١١٦ |
| ٣-٢-٣: تابوو | ١١٧ |
| ٣-٢-٤: جوانبێژی | ١١٨ |
| ٣-٣: هەندێك لە هۆکار و بووارەکانی تری هێنانەئارای ڕێزگرتن | ١٢٠ |
| ٣-٣-١: هێز و ئاوازە | ١٢٠ |
| ٣-٣-١-١: هێز | ١٢٠ |
| ٣-٣-١-٢: ئاوازە | ١٢١ |
| ٣-٣-١-٣: تۆن | ١٢١ |
| ٣-٣-٢: پێشکەشکردن | ١٢٣ |
| ٣-٣-٣: تەمەن | ١٢٤ |
| ٣-٣-٤: ڕەگەز | ١٢٥ |
| ٣-٣-٥: پیشە | ١٢٨ |
| ٣-٣-٦: دەسەڵاتی ڕامیاری | ١٢٩ |
| ٣-٣-٧: دیاردە کۆمەڵایەتییەکان | ١٣٠ |
| ٣-٣-٧-١: درێژدادڕی | ١٣٠ |
| ٣-٣-٧-٢: کەمدوویی | ١٣٠ |
| ٣-٣-٧-٣: قسەپێبڕین | ١٣١ |
| ٣-٣-٧-٤: چۆنێتی گوێگرتن | ١٣١ |
| ٣-٣-٧-٥: پەیامی گوتن | ١٣٢ |
| ٣-٣-٧-٦: ڕێزگرتن لە میوان | ١٣٢ |
| ٣-٣-٨: لایەنی دەروونی | ١٣٢ |
| ٣-٣-٩: بۆنە کۆمەڵایەتییەکان | ١٣٤ |
| ٣-٣-١٠: چینە و پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان | ١٣٥ |

| | |
|---|---|
| ٣-٣-١١: هێما نازمانییەکان | ١٣٧ |
| ٣-٣-١٢: بابەت | ١٣٨ |
| ٣-٣-١٣: ئایین | ١٤٠ |
| ئەنجام | ١٤٢ |
| سەرچاوەکان | ١٤٣ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی کوردی | ١٥٢ |
| ملخص البحث | ١٥٣ |
| Abstract | ١٥٤ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ٠-١ ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە :

ناونیشانی نامەکە "ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا"، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری "زانستی زمانی کۆمەڵایەتی"دا، هەوڵی ناساندنی دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی و خستنەڕووی چەند دیمانەیەکی ڕێزگرتن و بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان بۆ ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا دەدات.

## ٠-٢ هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :

ڕێزگرتن وەك دیاردەیەکی زمانی، لایەنێکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هەموو زمانێکە و بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لێکۆڵەر پێگەیشتووە، تا ئێستا وەکو بابەتێکی ئەکادیمی و دیمانەیی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەی کەم لەسەرکراوە.

## ٠-٣ گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

زمان چەکێکی مەعنەوی/ئەبستراکی مرۆڤە، ئەمەش وایکردووە ئەوەندەی زمان بۆ ئەرکی کۆمەڵایەتی و دبلۆماسی بەکاردێت، ئەوەندە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکان بەکارنایەت. هاوکات بۆ یەکەمجارە پەردە لەسەر ئەو دەربڕینە زمانیانە هەڵمین، کە کورد بۆ ڕێزگرتن بەکاریدەهێنن، ئەوا چ جای ناساندن و دەرخستنی هۆکار و بوارەکانی ئەم دیاردە زمانییە. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەش ڕوونکردنەوەی ڕێزگرتنی زمانییە، هاوکات بەرجەستەکردن و خستنەڕووی ستراتیژەکانی ڕێزگرتن و ئەو دەربڕینە زمانیانەی لە زمانی کوریدا بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن، ئەمە وێڕای دیاریکردنی شێواز و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانی بواری ڕێزگرتن لە زمانی کوریدا.

## ٠-٤ کەرەسە و سنووری لێکۆڵینەوەکە :

لە نووسینی ئەم نامەیەدا، زمانی کوردیی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەکارهێنراوە و نموونەکان لە خودی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراوە. هەروەها بۆ پیشاندان و سەلماندنی بۆچوونەکانیش لە لێکۆڵینەوەکەدا، کەڵك لە سەرچاوەی ئینگلیزی و کوردی و فارسی و عەرەبی و ڕووسیی وەرگیراوە.

سنووری نامەکە پتر جەخت لە سەر شیکردنەوەی دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی و باسکردنی چەند دیمانەیەکی ڕێزگرتن و بەرجەستەکردنی لە زمانی کوریدا دەکاتەوە و لە سنووری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی پراگماتیکدا ئەنجامدراوە.

### ٠-٥ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

به شێوەیەکی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەکەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەو کراوە.

### ٠-٦ گرفتی لێکۆڵینەوەکە :

ئاشکرایە هەموو کارێکی زانستی و ئەکادیمی بێ گیروگرفت نابێ و هەروا بە ئاسانیش دەستەبەر نابێ، بەڵام کۆسپی سەرەکیی لەبەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، کەمی سەرچاوە بوو بە زمانی کوردی، ئەمەش کێشەی وەرگێڕانی زاراوەکانمان دێنێتە ڕێ، چونکە ئەم زاراوانە پێشتر کەمتر بەکارهێنراون یاخود ئاماژەیان پێدراوە.

### ٠-٧ بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە :

نامەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

**لە بەشی یەکەمدا** باس لە پێوەندی نێوان زمان و ڕێزگرتن و مێژووی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئەم دیاردە زمانییە و ناساندنی چەمکی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن و تایبەتمەندییەکانی هەریەکەیان کراوە، هەروەها ئاماژە بە ئەتەکێتی زمانی و دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی پێوەندی کات و شوێنەوە دراوە.

**لە بەشی دووەمدا** تیشک خراوەتە سەر پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و ئەرکەکانی زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، هاوکات باس لە کەلتوور و ڕۆڵی کەلتوور لە دیاردەی ڕێزگرتنی زمانیدا و کاریگەری ی کەلتوورە جیاوازەکان لەسەر ئەم دیاردەیەکراوە. هەروەها ئاماژە بە بۆچوونە نەریتییەکان و هاوچەرخەکانیش سەبارەت بە ڕێزگرتن دراوە، کە ئەویش ڕێساکانی لیچ و دیمانەی ڕێزگرتنی براون و لیڤنسن و ئەو بابەتانەی بە خودی دیمانەکەوە پەیوەستە شیکراونەتەوە و نموونەیان لە زمانی کوردیدا بۆ هێنراوەتەوە.

**لە بەشی سێیەمدا** دیمانەی ڕێسای هاریکاری گرایس و دیمانەی کردە قسەییەکان و چەند دیاردەیەکی پراگماتیکی پەیوەست بە ڕێزگرتنەوە خراونەتەڕوو وەك: نیشانکارەکان، دەربڕینی پەنامەکی، دەوروبەر، پێشگریمانە. هەروەها باس لە جۆرەکانی شێوازی ئاخاوتن و کەرەستەکانی بانگکردن و کاریگەری تابوو و جوانبێژی لەسەر ڕێزگرتن کراوە. هاوکات هەر لەم بەشەدا باس لە هێز و ئاوازە و پێشکەشکردنی زمانی و تەمەن و پیشە و ڕەگەز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و هەندێك دیاردەی کۆمەڵایەتی تر کراوە، کە هۆکار و بواری هێنانە ئارای ڕێزگرتنی زمانین لە زمانی کوردیدا.

# بەشی یەکەم

## ڕێزگرتنی زمانی، پێوەند
## بە کات و شوێنەوە

## ١-١ ڕێزگرتنی زمانی[١]-Linguistic Politeness:

**زمان یەکێکە لە بەخششە گەورەکانی پەروەردگار بۆ مرۆڤ، کە بەهۆیەوە دەتوانێت بە باشترین و جوانترین شێوە مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێت، بۆیە چەندیش گرنگی بە زمان بدرێت، ئەوەندە کاریگەری دەربڕینە زمانییەکان بە پێزتر و کاریگەرتر دەبێت، لەبەرئەوەی زمان سیمای کەلتووری و پێوەندی کۆمەڵایەتییە، هەروەها دەربڕی ژیری و دەروونی و هەست و سۆز و هەڵچوون و ڕێز و بێڕێزی هەر تاکێکە. قسە یان گوتن دەتوانێت ((دەورێکی باڵاتر لە ژیانماندا ببینێت، بە واتای ئەوەی، کە ئێمەی مرۆڤ زۆرتر کاتمان بە قسەکردن دەڕوات، وەك بە خوێندنەوە و نووسین)) (فەتاح، ١٩٩٠:١٧٨).[٢] واتە ئاخاوتن زادەی زمانە، زۆربەی کات زمان بۆتە کلیلێك بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان. ئەمانەش وامان لێدەکەن، کە بڵێین: ((زمان دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێت بۆ هەر لایەك دەچین و بە هەر لایەکدا دەڕوانین دەبینین زمان لەبەر دەستودەم دایە و بۆتە بەشێکی وا لە مرۆڤ ، کە هەرگیز لێی جیانابێتەوە)) (فەتاح، ١٩٩٠:٣). مرۆڤی کارامە، زمان وەك هەویر وایە بە دەستیەوە و چۆنی بێەوێت، بە ئەرێنی یان نەرێنی دەتوانێت بەکاریبهێنێت. زمان چەکە، مرۆڤ دەتوانێت بە هۆی ئەو چەکە ئەبستراکییەوە لە کۆمەڵدا بژی و جێگەی خۆی بکاتەوە، هاوکات هەر بەو چەکە ڕێز و بێڕێزی خۆی دەربڕێت.**

---

[١]) سەبارەت بەم زاراوەیە د.**هۆگر** مەحموود، دەڵێت: ((ئێمە زاراوەی"وێڵ"مان بیستووە، بۆ نموونە: دەڵێین فلان زۆر بە وێڵەوە دەدوێت، لە ڕەفتاریدا بە وێڵە)). چاوپێکەوتن لەگەڵ د.**هۆگر** مەحموود فەرەج، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان بەشی کوردی، ٢٠١١/٦/١٣. ، **هەر**لەمڕووەوە د. محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩أ:٨٣)یش زاراوەی**"بە ئەدەب"** و م. ئەیاد سابیر لە پوختەی نامەی ماستەرەکەیدا بە زمانی کوردی –نامەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و باس لە دیمانەی ڕوومەندی(Theory of Face) دەکات– زاراوەی**"ئەدەبگەرایی"**یان بۆ بەکارهێناوە. لەم نامەیەدا زاراوەی**"ڕێزگرتن"**مان بەرامبەر زاراوەی ئینگلیزی**"Politeness"**بەکارهێناوە.

[٢]) لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی APA بەکارهاتووە، کە کورتکراوەی ئەم وشانەیە(American Psychological Association) ، ڕێبازێکە بەمجۆرە ئاماژە بە بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە دەقدا دەدات: بۆ هەر سەرچاوەیەك نازناو یان ناوی کۆتایی نووسەرەکە و نووسینی ساڵی چاپی کتێب یان وتارەکە و ژمارەی لاپەڕەکەی بەکاردێت، بۆنموونە: بەڕێز دکتۆر محەمەد مەعروف فەتاح بەمشێوەیە بەکارهاتووە: (فەتاح، ١٩٩٠: ژ.لا). بۆ ناوی کەسێکیش، کە دووبارە یان پتر بەکارهاتبێت، ئەوا بە ساڵەکە لەیەك جیادەکرێنەوە، بۆنموونە: (فەرەج، ٢٠٠٠:١٢٥) ، (فەرەج، ٢٠١١:١٠٧). خۆئەگەر ئەویش یەك بوو، ئەوا بە دانانی پتی(A,B) یان (أ، ب)، (مەحویی، ٢٠٠٩أ:١١٠) (مەحویی، ٢٠٠٩ب:١١٥). بۆ هەر سەرچاوەیەکیش، کە پتر لە نووسەرێکی هەیە، ئەوا تەنیا ناوی یەکەمیان و (et al) لە سەرچاوە ئینگلیزییەکان و(أخرون) لە سەرچاوە عەرەبیەکان و (ئەوانیتر) لە سەرچاوە کوردییەکاندا لە جیاتی نووسەرەکانی تر بەکارهاتووە. هەروەها لە لیستی سەرچاوەکانیشدا ناوی نووسەرەکان بە پێی ئەلفبا و پاشان ساڵی چاپ و ناونیشان و ناوی شار/وڵاتی چاپ و دەزگای چاپ نووسراوە.

ڕێزگرتنی زمانی نموونەیەکی باڵای ڕەفتارکردنی مرۆڤە، هەروەها مەبەستی قسەکەرە بۆ ڕزگاربوون لە ڕوودانی ململانێ و گرژی و ئەو هۆکارانەی، کە بەدەوری پێوەندییەکەوەن یان کاریگەرییان بۆی هەیە، وەك کات و شوێن، کە وا دەکەن لە سنووری زمانەوانیدا لە دیاردەی ڕێزگرتن بکۆڵرێتەوە.

زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزە، مرۆڤیش بۆ لەیەکتر تێگەیشتن بەکاریدەهێنێت، بۆیە لە زۆربەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێزگرتن لایەنێکی گرنگە، چونکە مرۆڤ بە هۆی زمانەوەیە، کە لەگەڵ یەکتر لە پێوەندیدان. ڕێزگرتن کۆمەڵێك بەهای کۆمەڵایەتی و چالاکییە بە ئامانجی گرنگیدان و پاراستنی ڕوومەندی، ئەویش بە هۆشیاری و وریایی و هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ گوێگر دەبێت، کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پترە، پێش ئەوەی هیچ بڕیارێکی ڕەها لەسەر بابەتەکە بدرێت و کۆتاییەکی نەگۆڕی بۆ دابنرێت. جا کاتێك خەڵك لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداریدەکەن، کۆمەڵێك ڕێسای دیاریکراو هەن، دەبێت پێیانەوە پابەندبین. دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی لە زانستی زمانی ی کۆمەڵایەتی و پراگماتیکدایە،[٣] ((زاراوەیەکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، کە گرنگی تەواو بە لێکۆڵینەوەی سیما و شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، وەکو شێوازەکانی خۆشمامەڵەکردن، ڕازیبوون، ڕێزگرتن، ...هتد)) (Crystal, 2003:358). مرۆڤ بۆئەوەی بەڕێز بێت دەبێت لەگەڵ نەریت و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی بگونجێنێت.

ڕێزگرتن تایبەتمەندییەکی زمانە و پەیوەستە بە قسەکەر و گوێگر و کەسانی ئاماژە بۆ کراوە و پتر لە ئاخاوتندا بەکاردێت، وەك دیاردەیەکی زمانی لای هەموو نەتەوەیەك هەیە، بەڵام لە کەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، چونکە هەر کۆمەڵێك خاوەنی کەلتوور و ڕۆشنبیری ی خۆیەتی، واتە زمان لە ڕەفتاری زمانیدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، ((ڕەفتاری زمانی چالاکییەکە پشت بە کەلتوور دەبەستێت)) (لاینز،١٩٨٧: ٢٤٠). بۆیە لێرەشەوە ((دەتوانین ڕێزگرتن وەکو دیاردەیەکی هەستپێکراو و کۆمەڵایەتی تەماشا بکەین، بەڵام ئەگەر بێتو ڕێزگرتن لە لایەنی "هۆکار و ئەنجام"ەوە سەیر بکرێت، ئەوا بێگومان دەبێت ڕێزگرتن وەك هۆکارێك پۆلێنبکەین)) (Huang, 2008:97)، لەبەرئەوە کاتێك کەسێك بیەوێت بە مەبەستێك یان ئەنجامێك بگات، دەبێت بەجوانی و بەڕێزەوە ڕەفتار بکات، بۆنموونە مرۆڤ کاتێك سڵاو/تەوقە لەگەڵ کەسێك دەکات، یان دەستخۆشی لە کەسێك دەکات بۆ کردنی کارێکی باش یان لە ئەنجامدانی کارێکدا یارمەتییداوە، یان لە بۆنەکاندا کارتێکی پیرۆزبایی بۆ هاوڕێ/کەسێکی نزیکی دەنێرێت،

---

[٣] لە ڕێگای زانستی پراگماتیکیشەوە دەتوانین لە زانستی زمانی ی کۆمەڵایەتی بدوێین، بێگومان ((ڕێزگرتن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەشێکە لە پراگماتیکی کۆمەڵایەتی(Socia Pragmatics) )) (ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠٠٩: ٨٣).

هەموو ئەمانە و زۆر شتی تر ڕێگەخۆشکەرن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر بابەتێك و کارئاسانی لە مامەڵەکردندا، بۆیە ئەم کارانەش دەکەین، ((تاوەکو لە ڕێگەیانەوە هەستە باشەکانی خۆمان نیشانی بەرامبەر بدەین، بۆئەوەی هاوڕێیەتی و مەبەستی خۆمان لە بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکان لەگەڵ ئەوکەسەدا بخەینەڕوو)) (Huang, 2008:97). ڕۆژانە بەردەوام ئەم دەربڕینە زمانیانە لە ئاخاوتنەکانماندا بەکاردەهێنین، هاوکات ڕێزگرتنیش بۆ بەرامبەر دەردەبڕێت، بۆ نموونە: **سوپاس، دەستت خۆش بێت، سەرکەوتوو بیت، فەرموو، بەخێربێیت، ...هتد.**

## ١-١-١ مەبەست و گرنگی ی ڕێزگرتن:

دیاردەی ڕێزگرتن وەك بابەتێکی پراگماتیکی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هاتەکایەوە بۆ ئەوەی دڕدۆنگی و ململانێ لە نێوان قسەکەر و گوێگر دا دروست نەبێت، چونکە گرنگی یان ئەرکی ڕێزگرتن پاراستن و بەهێزکردنی پێوەندی نێوان کەسەکانە لە کۆمەڵە دیاریکراوەکاندا. ڕێزگرتنی زمانی ڕەفتارێکە لە نێوان خەڵکیدا هەستیپێدەکرێت و مەبەست لێی ئەوەیە ((خەڵك لە پێوەندییەکاندا هەست بە ئاسوودەیبەخشین (comfortable) و ئارامکردنەوە (relaxed) لەگەڵ یەکتردا بکەن)).[٤] واتە ڕێزگرتن نەرمینواندنە لە مامەڵەکردن و ڕەچاوکردنی مافەکانی گوێگرە.

بەگشتی بەهۆی ستراتیژە زمانییەکانی ڕێزگرتنەوە دەتوانرێت ڕادەی پێویست ڕێزوپێزانین بۆ کەسی بەرامبەر دابنرێت، ئەمەش بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ئاسوودەکردنی کەسی بەرامبەر یان لە ڕێگەی هەوڵدانێکی ڕاشکاوەوە بۆئەوەی کەسی بەرامبەر تووشی دڵتەنگی و نائاسوودەیی نەبێت (Green, 1996:148). دیارە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەگشتی هەوڵدەدات ((بە شێوازێکی شیاو و پڕ ڕێزەوە مامەڵەبکات لە پێناوی ئەوەدا بتوانێت پێوەندییەکی هاوڕێیانە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بنیادبنێت یان بۆ ئەوەیە پێوەندییەکان بەهێزتر بکات، یاخود بۆ باشترکردنی پێوەندییەکەیە، ئەگەر هاتوو بە هۆی هەر هۆکارێکەوە هەڕەشەی کۆتاییپێهاتنی لەسەر بێت)) (Huang, 2008:97). واتە ڕێزگرتنی زمانی پێوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر پتەو دەکات و بۆ سەرکەوتن لە پێوەندیکردندا هۆکارێکی کاریگەر و پێویستە، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانە دا، کە لە ڕووی خزمایەتی و پلەی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکدوور و جیاوازن. بە گشتی خەڵکیش حەز بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ی زمانی جوان و بەڕێزانە دەکەن، چونکە نەرمونیانی و شێوازی قسەکردنی شیاوی تێدایە و پتر سەرنجی بەرامبەر بۆ قسەکەر ڕادەکێشێت و گرژی ی نێوان قسەکەر و گوێگریش ناهێڵێت.

---

(٤ http://www.google.com/search?hl=en&q=politeness&btnG=search 12/12/2010.

ڕێزگرتن لە کردەی ئاخاوتندا پێویستییەکی سەرەکییە و هاندەرێکی باشە بۆ زاڵبوون بە سەر گرفت و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا و ((بارێکە(state) لە هەموو گفتوگۆیەکدا چاوەڕێدەکرێت لە ئارا دابێت)) (Fraser, 1990:233) ، ئەمەش وایکردووە کەرەستەکانی ڕێزگرتن لە پێوەندییە پێڕەوبەندەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا پتر بەرجەستە ببێت. هاوکات ((لێکۆڵینەوە لە ڕێزگرتن جگە لەوەی زانیاریمان لەبارەی زمان پتر دەکات، جۆری پێوەندییەکانی مرۆڤ و ڕۆنانە ئاڵۆزەکانی زنجیرەی پێڕەوی کۆمەڵایەتی بۆ ئێمە ڕووندەکاتەوە)) (جاهدزادە، ١٣٨٨:١). لە لایەکی ترەوە ڕێزگرتن ((بۆ بەدەستهێنانی پێوەندییەکی تەباو و بێ گرفت، هۆکارێکی ئامادە و کاریگەرە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هۆکارێکیشە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان)) (Huang, 2008:97). بێگومان ڕێزگرتن لایەنێکی گرنگی ناو زۆربەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بەشێوەیەکی فراوان لە ژیانماندایە و هەموو کەسێك ئارەزووی ڕێزگرتن دەکات. گرنگییەکەشی لەوەدایە، کە بۆ خۆدوورگرتنە لە شێوەکانی بێڕێزی، هاوکات بۆئەوەیە ململانێ و بەریەککەوتن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ڕوونەدات. بە گشتی ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە گرنگیی بوونی دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی لەوە دایە، کە دەبێت خەڵکی لەگەڵ بەرامبەردا فێری ڕەفتاری ڕاست ببێت، جا لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵدا بێت، هەر وەکو **پیتەر فرانس** (Peter France) دەڵێت: ((ڕێزگرتن فێربوونی ڕەفتاری ڕاست و دروستە لەگەڵ بەرامبەر لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا)) (Watts, 2003:31). واتە ڕێزگرتنی زمانی بەتەواوی پەیوەستە بەو پێوەندییە زمانییەی لە نێوان خەڵکیدایە، ئەگەر بێت و لەبەرچاونەگیرێت، ئەوا دەکرێت لە ئاخاوتنەکاندا گرژی و ململانێ دروستبکات و ببێتە بێڕێزی و ئیهانە و توانجلێدان.

دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی، هەرچەندە لایەنی نەرێنی هەیە، بەڵام ئەمە لە گرنگییەکەی کەمناکەنەوە، ئاشکرایە ((ڕێزگرتن نەك تەنیا پێگەیەکی بنەڕەتیی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ی زماندا هەیە، بەڵکو ماوەیەکی زۆرە بووەتە جێگەی بایەخ و بابەتی قسە لەسەرکردنی پتر لە زانستی پراگماتیکی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و بەشێوەیەکی کەمتریش لە دیمانە کۆمەڵایەتییەکاندا)) (Watts, 2003:10). ڕێزگرتن پێویستییەکی گرنگە بۆ مرۆڤ و دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی پێوەندی ی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و ڕاپەڕاندنی کارەکان، بۆیە دەکرێت بوترێت ڕێزگرتن لە چەندان ڕووەوە تێڕوانین و بۆچوونی لە بارەوە هەیە، وەکو زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و فەلسەفی، جا لەبەرئەوەی زمان گرنگییەکی زۆری لە کۆمەڵدا هەیە و ئاوێنەی هەموو بیرکردنەوەیەکە لە کۆمەڵدا، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم دیاردە زمانییە. ئەم بۆچوونانەش وامانلێدەکات دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی بکەینە نموونەیەکی باڵا لە ژیانی مرۆڤدا، بەمەبەستی بەدیهێنانی هاوکاری و بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکان لە ئاخاوتندا.

### ٢-١-١ مێژووی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕێزگرتن:

دیاردەی ڕێزگرتن لە چەندان هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە لە زمانی چینی و ژاپۆنیدا بووەتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە. هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ڕێزگرتن لە خۆرئاوادا ئەوەیە، کە ئەو زمانەوانانەی ئارەزوویان لە دیاردەی ڕێزگرتنی ناو زمان بوو، خاوەنی هیچ بناغەیەك نەبوون یاخود دەکرێت بوترێت بناغەیەکی ئەوتۆی دیمانەییان نەبوو، تاوەکو پشتی پێببەستن، تا ئەو کاتەی لە ساڵانی شەستدا تیۆری کردە قسەییەکان دەرکەوت، بۆیە ڕێزگرتنی زمانی لە زانستی پراگماتیکی و زانستی زمانی ی کۆمەڵایەتیدا بابەتێکی تازەیە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریکای باکووردا و مێژووەکەی بۆ کۆتایی ساڵەکانی١٩٦٠و سەرەتای١٩٧٠ دەگەڕێتەوە (Watts, 2003:53). ڕێزگرتنی زمانی یەکێکە لەو دیاردە زمانییانەی، کە نزیکەی نیو سەدە لەمەوبەر بە شێوەیەکی گشتگیر و زانستییانە لێیکۆڵراوەتەوە.

سەرەتای لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە دیاردەی ڕێزگرتن و بەیەکداچوون و تێکەڵبوونی لەگەڵ زماندا بۆ ساڵی١٩٧٣ دەگەڕێتەوە، کە لە دیمانە کۆنەکانی ڕێزگرتنی لاکۆفەوە دەستپێدەکات، دوواتر کارەکەی براون و لیڤنسن[٥] دێت. دووا بە دووای ئەمانیش لە ساڵی ١٩٨٣دا کتێبەکەی لیچ بە ناوی"بنەماکانی پراگماتیك"دێت. بێگومان لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ یش بە دوواوە چەندان وتار و کتێب[٦] و توێژینەوەی زانستی لە نامەی ماجستێر و تێزی

---

[٥]) لە ساڵی١٩٧٨ دا، پێنیلۆپ براون (Penelope Brown) و ستیڤن لیڤنسن (Stephen Levinson) پێکەوە کتێبێکیان دانا، شایانی باسە ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٨٧ دا بۆ جاری دووەم بە چاپێکی فراوانتر و وردتر لە چاپی یەکەم، کە ڕاست کردنەوە و پێشەکییەکی نوێشی لەخۆگرتبوو، چاپکرایەوە. کتێبەکەش بە ناوی **ڕێزگرتن: جیهانیبوون لە بەکارهێنانی زماندا** (**Politeness: Some Universals in Language Usage**) بوو. ئەم کتێبە توێژینەوەیەکە سەبارەت بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ((هەموو ئەو هەوڵانەی لەخۆگرتووە، کە ویستوویانە و مەبەستیان بووە ڕێزگرتنی زمانی بکەنە دیمانە وەکو هەموو دیمانەکانی تری ڕێزگرتن، کە پێشنیارکراون)) (Watts, 2003:10). هاوکات بوو بە بناغە بۆ هەموو ئەو کارانەی، کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون، هەرچەندە ڕەخنەی لەسەر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستاش یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی ئەم بوارە و چەندان توێژینەوەی تری بە دووای خۆیدا هێناوە، بێگومان بەمەش ((کاریگەریی لە زۆربەی ئەو کارە دیمانەیی و کارەکیانەدا هەبووە، کە لەم بوارەدا ئەنجامدراون)) (Mills, 2003:57) و بەردەوامیش کاریگەریی لەسەر ئەو توێژینەوانە دەبێت، کە لە ساڵانی ئایندەدا دێنەکایەوە.

[٦]) أ- لە ساڵی ١٩٨٩ دا، لە لایەن شۆشانا بلوم کولکە(Shoshana Blum-Kulka) و جولیانا هاوس(Juliane House) و گابریێل کاسپەر(Gabriele Kasper)ـەوە لە ژێر ناوی"جیاوازییە کەلتوورییە پراگماتیکییەکان: داواکردن و داوای لێبووردنکردن – Cross-Cultural Pragmatics: Requests and Apologies"دا ئەم بەرهەمە بە چاپ گەیێندراوە.

ب- لە ساڵی ١٩٩٢ دا، لە لایەن سێ نووسەر: ڕیچارد واتس (Richard Watts) و ساکیکۆ ئاید (Sachiko Ide) و کۆنارد ئیهلیچ (Konrad Ehlich) کۆبەرهەمێکیان دانا، کە لە هەندێك وتار سەبارەت بە ڕێزگرتنی زمانی پێکهاتووە. ئەم بەرهەمە هەوڵی نیشاندانی ئەو ڕێگایانە دەدات، کە بە هۆیانەوە لایەنی مێژوویی و دیمانەیی و پراکتیکی ڕێزگرتنی زمانی بخرێنەڕوو. ناونیشانی

**دکتۆرا[٧] بە زمانی جیاواز و لە کەلتووره جیاوازەکاندا سەبارەت بەو دیارده زمانییه نووسراون.**

---

ئەم کتێبەش بریتیبوو لە(Politeness in Language: Studies in its History, Theory and Practice) ڕێزگرتن لە زماندا: لێکۆڵینەوە لە مێژووەکەی، دیمانەیی و کارەکی.

ج- لە ساڵی ١٩٩٤ دا، دوو کتێب بڵاوکرانەوە، کە بە وردی لە بۆچوونەکەی براون و لیڤنسن سەبارەت بە ڕێزگرتن دەدوێن:

١- لە لایەن هیلککا یلی جۆکیپی (Hilkka Yli-Jokipii) یەوە بە ناونیشانی ئەنجامدانی داواکاری لە دەربڕینە نایابەکاندا (Requests in Professional Discourse)، کە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر نووسینی ئەمریکی و فیللەندیی لە بواری ئیشدا.

٢- لە لایەن ستیلا تینگ توومی (Stella Ting Toomey) لە ژێر ناونیشانی بەرەنگاری کاری ڕوومەندی: جیاوازییە کەلتوورییەکان و هاوپێوەندی کەسی (The Challenge of Facework: Cross-Cultural and Interpersonal).

د- لە ساڵی ٢٠٠١ دا جینۆ ئێلین (Gino Eelen) کتێبێکی لە ژێر ناوی"A Critique of PolitenessTheories"دا بڵاوکردەوە، کە تێیدا ڕەخنە لە دیمانەی ڕێزگرتن دەگرێت. واتس، دەڵێت: ((لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەوە تائێستا، تەنیا ئەم کتێبە بە درێژی لەسەر ڕێزگرتنی زمانی بڵاوکراوەتەوە، جگە لەمە هیچکام لەو کتێبانەی تر پێشەکییەکی ڕەخنەییانەی سەبارەت بە ڕێزگرتنی زمانی تێدانەبوو. ئەو کاتەی کتێبەکەی تێدا بڵاوکرایەوە کاتێکی لەباربوو، کتێبێکە خوێنەران بەبۆچوونە جیاوازەکان لەمەڕ ڕێزگرتنی زمانی دەناسێنێت، بەبێ ئەوەی خۆشی لە ڕەخنە بەدەر بێت. ئەو بەرهەمە کتێبێکە یارمەتیی خوێنەران دەدات لەو گێژاوە ڕزگار بن، کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر بەرهەم و تێزەوە لەسەر بابەتەکە دروستبووە، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەو کتێبە هەندێك پرسیاری بنەڕەتی دێنێتەکایەوە، وەکو: ڕێزگرتنی زمانی چییە؟ ئایا دیمانەی ڕێزگرتن دیمانایەکە سەبارەت بە بیرۆکەی ڕێزگرتن یان دەتوانرێت بە شێوەیەك دابڕێژرێت، کە تیشك لەو ململانێیەی لە ڕێزگرتندا هەیە، بدات؟ )) (Watts, 2003:11-12). ئەمە جگە لەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەشدا ئاماژەیان پێدراوە.

[٧]) أ-لە ساڵی ١٩٩٥ دا، گەدرەن هێڵد (Gudrun Held) لە تێزی دووای دکتۆرا (post-doctoral)کەی خۆی لە ژێر ناونیشانی ڕێزگرتنی زارەکی(Verbale Hoflichkeit)دا بڵاوکردەوە، نووسەر لە کتێبەکەیدا لە ڕێگاکانی کردنی بە دیمانەی ڕێزگرتنی زمانی دەکۆڵێتەوە و ئەنجامی توێژینەوەکەش دەخاتەڕوو، کە لەگەڵ گەنجانی فەرەنسی و ئیتاڵیدا ئەنجامدراوە.

ب- لە ساڵی١٩٩٩ دا، سۆنگ مێی لی وۆنگ (Song Mei Lee-Wong) تێزی دکتۆراکەی لە ژێر ناوی"ڕێزگرتن و ڕوومەندی لە کەلتووری چین ( Politeness and Face in Chinese Culture) دا، نووسیووە.

ج- لە ساڵی٢٠٠٠ دا، سایکۆ فوکوشیما(Saeko Fukushima) لە ژێر ناوی داواکاری و کەلتوور (Requests and Culture)دا تێزی دکتۆراکەی نووسیووە. ریچارد واتس، دەڵێت: ((تاکاتی نووسینی ئەم کتێبە تەنیا ئەم دوو نامەیەی سۆنگ و سایکۆ بە درێژی سەبارەت بە ڕێزگرتنی زمانی بڵاوکراونەتەوە)). لەمڕووەوە بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (Watts, 2003:11-12).

د- بەگوێرەی ئەوەی باسکراوە و زانراوە لەو پازدە ساڵەی دوایدا لێکۆڵینەوەکان، کە لە بواری ڕێز و بەوێڵی لە فەرهەنگی کۆمەڵی ئێرانی و زمانی فارسیدا ئەنجامدراون، ئەمانەن: نك:اسلامی راسخ ١٩٩٣، یار محمدی ١٩٩٥و٢٠٠٣، نادر جیهانگیری ١٣٧٨، کشاورز ٢٠٠١، عسجدی ٢٠٠١، کوتلکی ٢٠٠٢و٢٠٠٩، فخر روحانی١٣٨٢، عەلی نەژاد ١٣٨٤، صحراگرد ٢٠٠٠، عمو زاده ٢٠٠١، سلمان ندوشن ٢٠٠٨، أفقری ٢٠٠٧، أفقری و کریم نیا ٢٠٠٧، شەریفیان ٢٠٠٥و٢٠٠٨، بەڵام دیارە تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی جیاوازیی نیشانەکانی زمانی ڕێز لەم زمانە دا لەبەردەستدا نییە. بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (حسینی، ٨٢:١٣٨٨).

هـ- لە هەرێمی کوردستانیشدا تا ئێستا دوو تێزی دکتۆرا لە زانکۆی"سەلاحەددین و سلێمانی" بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، بەشێکیش لە نامەی ماجستێرەکەی ئاڤێستا کەمال، بە زمانی کوردی لەم بارەیەوەیە.

**بە سەرنجدانێکی وردی سەرچاوەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە بە درێژایی ساڵانی پێشوو ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە لە کەلتوورە جوداجوداکاندا کراون، هەرچەندە بەهۆی ئەوەی بابەتەکە باس و خواسی زۆر هەڵدەگرێت، کەموکوڕی و تێکەڵییەك بەدیدەکرێت و بۆچوونی جیاوازی لە بارەوە هەن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم توێژینەوانە بۆ دۆزینەوەی دەروازەیەك یارمەتیدەرن، تا لێوەی کۆمەڵێك بیرۆکەی بەسوود لەمەڕ پێوەندی ی کۆمەڵایەتی بێنەکایەوە.**

## ۳-۱-۱ ناساندنی ڕێزگرتن (Politeness)[٨]

**سەرەتا پێویستە بزانین ڕێزگرتن چییە؟ ئەمە پرسیارێکی سادەیە، ئەگەر نەڵێم هەموومان، ئەوا زۆربەمان هۆشیاریی ئەوەمان هەیە و دەزانین ڕەفتاری چ کەسێك جوان و بەڕێزانەیە؟ و چ ڕەفتارێکیش بێڕێزیی تێدایە؟ بۆنموونە: ئەگەر لە پاس یان شوێنێکی گشتیدا شوێنی دانیشتنی**

---

[٨]) لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییەوە وشەی"polite"لە وشەی"politus"ی لاتینیی کۆن وەرگیراوە و بە واتای **نەرمونیان** (smoothed) دێت. لەمەوە ڕێز بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ چەمکەکانی وەك"polished"بە واتای ڕووپۆشکردن، ڕەونەقپێدان، خاوێن دێت (Reiter, 2000:1) و (Reiter and Placencia, 2005:143). هەر لە بارەی ڕەگی وشە ئینگلیزییەکەوە، **واتس** دەڵێت: لە شێوەی سێیەمی فرمانی"politus"وەرگیراوە و بە واتای "polished"دێت. بۆ زاراوەی فەرەنسی"poli"یش هەر ئەوە ڕاستە، کە لە شێوەی سێیەمی فرمانی"polir"ـەوە وەرگیراوە و بە واتای "polish"دێت. لە ڕووی ڕووکەش(surface)یشەوە وشەی"polite"وا دەردەکەوێت، کە پێوەندییەکی کەمی بە وشە یۆنانییەکانی"poli، police، politizmos"ـەوە هەیە. بە لای **سیفاتۆ** و **فرانسەوە** بنەڕەت و ڕیشەی زاراوەی ڕێزگرتن و بەڕێزانە"Polite"وەکو وشە پێوەندییەکی سەرنجڕاکێش لە نێوان چوار زاراوەی یۆنانی ڕەونەقپێدان(Polish)، پۆلیس(Police)، شار(Poli)، شارستانی(Politizmos) هەیە. پێوەندی ڕێزگرتن بە زاراوەکانی سیاسەت (Politics) و پۆلیس(Police)ـەوە چییە؟ لێرەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە یاخود بۆ نیشاندانی لایەنێکی تری ڕێزگرتن، هەندێکجار قسەکەرانی فەرمیی زمانی ئەڵمانی وتەیەك بەکاردەهێنن، کە لە بەرهەمی فاوست(Faust)ی گۆیس (Goethe)ـەوە وەرگیراوە و دەڵێت: لە ئەڵمانیدا کاتێك بەڕێزانە مامەڵە دەکەیت، درۆ دەکەیت. هەر ئەو شێوە لێکدانەوەیەشە، زاراوەی ڕێزگرتن بە زاراوەکانی"سیاسەت و پۆلیس"ـەوە دەبەستێتەوە (Watts, 2003:32-34).

لە زمانی ئاخاوتنی عەرەبیدا زاراوەی"التأدب"بۆ ناوی"Politeness"و زاراوەی"المؤدب" بۆ ئاوەڵناوی"Polite" بەکاردێت. لە فەرهەنگی"المورد"دا بۆ ناوی"Politeness"وشەی"لُطْف، كِيَاسَة، تَهْذِيب"بەکارهاتووە، کە واتای نەرمونیانی، ژیری، ڕەوشتبەرزی یاخود ڕەوشتجوانی دەگرێتەوە و بۆ ئاوەڵناوی"Polite"یش وشەی"١– لطيف، كيِّس ٢–مهذَّب، رفيع" بەکارهاتووە(البعلبكي، ٢٠٠١:٧٠٤). لە فەرهەنگی"المعجم الوسيط"دا هاتووە، زاراوەی"الأدب" ڕاهێنانی دەروونە، کە پێویستی بە فێرکردن و پەروەردەکردنە بە ڕەوشتبەرزی(مصطفى و أخرون، ١٩٨٩:٩). هەروەها لە فەرهەنگی"لسان العرب"یشدا هاتووە، کە زاراوەی"التأدب" خاکی نواندن و ڕێزگرتنە بۆ بەرامبەر(المصري: ٤٥٢). کەواتە دەتوانین بڵێین ڕێزگرتن نەرمونیا نی و ئەدەب نواندنە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا، یاخود پێوەندی دروستکردنە بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێك. واتە کەسێکە، کە دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بکات و لە ئەتەکێت دەزانێت، هەروەها بەلای خەڵکەوە خاوەنی شێوازێکی جوان و پەسەندە، ئەمانەش هەمووی بناغەی ڕێزگرتنن.

**خۆت بە کەسێکی بەساڵداچوو یان لە خۆت بەتەمەنتر بدەیت یان سڵاو لە کەسێك –بە تایبەتی کە بۆ یەکەمجار دەیبینیت–بکەیت، کارێکی جوانە و ئەمانە بە ڕەفتارێکی لەبار و بەڕێزانە دادەنرێت. بە پێچەوانەوە کاتێك لە گفتوگۆدا قسە بە بەرامبەر ببڕیت یان لە کاتی نانخواردندا خۆت درێژ بکەیت بۆ ئەوەی دەستت بگاتە قاپێك یان شتێك لە بەردەم یەکێکی تردا، بە ڕەفتارێکی نەشیاو دادەنرێت** (Huang, 2008:96)**. لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەکردنی ئەو پێوەرەی وامانلێدەکات بەو شێوەیە پەسنی ڕەفتاری ئەو کەسە بکەین کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە، کە بیری لێدەکەینەوە، چونکە بۆچوونێکی هاوبەش و یەکدەنگییەکی تەواو لەسەر ئەوە نییە، کە ئاخۆ ڕەفتاری بەڕێزانە چییە؟ لەمڕووەوە چەندان بۆچوونی جیاواز و ناکۆك لە ئارادان، بەڵام ((بۆ گەیشتن بە هاودەنگی**(consensus)**یەکی باش، دەبێت پتر پشت بە دەربڕینە گشتییەکان ببەستین و ئەو نموونانە بهێنینەوە، کە بەلای خۆمانەوە ڕەفتاری زمانی ی بەڕێزانەن. ڕەنگە نموونەیەکی وەکو ڕێزگرتنی زۆر لە کەسانی لە خۆ گەورەتر بهێنینەوە یان نموونەیەکی تری وەك هەمیشە هاوکاریکردن و قسەی باشکردن))** (Watts, 2003:1).

**ئەم نموونانەش ئەوە دەردەخەن، هەر یەکێك لەم ڕەفتارانە ڕێزگرتنیان تێدایە، جا ئەو ڕێزگرتنە لە ڕێی ڕەفتارێکی بەڕێزانەی "زمانی یان کارەکی" بێت. لەمڕووەوە لاکۆف ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ((گەلێك ڕەفتار هەن دەتوانرێت پێیان بگوترێت ڕەفتاری بەڕێزانە، هەندێك لەوانە زمانین، هەندێکیشیان نازمانین، زۆرجاریش تێکەڵن))** (Lakoff, 2004:78)**، چونکە هەندێك ڕەفتار لە کەلتوورێکی دیاریکراودا لە کات یان شوێنێکدا، بەڕێزانەیە، هەر ئەو ڕەفتارە لە کات یان شوێنێکی تر دا بە پێچەوانەوە بێڕێزانەیە، ئەمە جگەلەوەی هەندێکجار لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تریش جیاوازە. مەبەست لە ڕەفتاری نازمانی ی کارەکی ی بەڕێزانەن، کە لەوانەیە زۆربەمان ڕۆژانە کاری وا بکەین وەکو: مەڕ لەبەرپێدا سەربڕین.**

**هەستان لەبەر کەسانی تر. دەست ماچکردن.**

**یارمەتیدانی خانمان لە هەڵگرتنی کەلوپەلەکانیاندا.**

**ناساندنی دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی و ئەو لێڵییەی، کە لە بەکارهێنانی خودی زاراوەکە و بە زاراوەبوونیدا هەیە بۆ خۆی کێشەیە، چونکە بەهۆیەوە کەرەستەکانی ڕێزگرتن قۆرخ** (Manipulate) **دەکرێن، بۆیە هەندێك لە توێژەران لە ڕێگەی پێشنیازکردنی هەندێك زاراوەی ترەوە، هەوڵدەدەن خۆیان لە کێشەکە ڕزگار بکەن. بۆ نموونە جێنی و ئارند "پێوەندی سۆزجووڵێن** (Emotive)**" و لیچ زاراوەی "بەوێڵی" و واتس زاراوەی "ڕەفتاری ژیرانە" و...هتد بەکاردەهێنن، بەڵام هەمیشە زاراوەی ڕێزگرتن دێتەکایەوە** (Watts, 2003:13)**.**

**هەر وەك ئاماژەمان پێدا نەبوونی كۆدەنگی لە نێوان توێژەراندا بەدیدەكرێت، بەڵام بە چاوخشاندنێك بەو بابەتانەی پێوەندییان بە ڕێزگرتنەوە هەیە، ئەوە دەردەكەوێت، كە((ڕێزگرتن هەمیشە بیرۆكەی ئەنجامدانی–بە لایەنی كەمەوە نیشاندانی–جۆرێك لە ڕەچاوكردن و گرنگیدان بە كەسانی بەرامبەری[٩] تێدایە))** (Hurmiz, 2009:15)**. جا لێرەدا بۆ پتر ئاشنابوون بە دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی بە پێی پێویستی ی بابەتەكە، هەندێك لایەن و بۆچوون لە بارەی ڕێزگرتنەوە دەخەینە ڕوو.**

**سەرەتاش بە پێناسەیەكی گشتگیر و هەمەلایەن بۆ ڕێزگرتنی زمانی دەستپێدەكەین، كە ئەویش گرین** (1996:147) **كردوویەتی و پێیوایە: ((دیاردەی ڕێزگرتن كۆمەڵێك ستراتیژە بۆ بنیادنان و گۆڕینی پێوەندی نێوان مرۆڤەكان، بەكاردێن)). ئەم ستراتیژانە بۆ ئاسوودەكردن و ڕەچاوكردنی ئارامی ی بەرامبەرە و بۆ ئەم مەبەستە مرۆڤ دەبێت ڕەفتاری زمانی و دەربڕینی گونجاو بەكاربهێنێت.**

**لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە دواوە بە شێوەیەكی زانستییانە لێكۆڵینەوە لە زمان و گرفتەكانی دەستی پێكرد، ئەمەش وایكرد زمان گرنگی زۆری پێبدرێت و چەندان لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێت و ببێتە زانستێك، كە كەمتازۆرێك لەگەڵ زانستەكانی تردا بەیەكداچوون. لە ئێستاشدا زمانەوانی چەند لقێكی نوێی لێبووەتەوە، وەك زانستی زمانی ی"دەروونی و كۆمەڵایەتی"، بێگومان چەندان توێژینەوەی زانستی لەو ڕووانەوە لەسەر ئەوە كراون، كە مرۆڤ چۆن وتوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ یەكتردا بكات؟ چ وشە و ڕستە و دەستەواژە و...هتد بەكاربهێنن؟ بۆ ئەوەی گرژیی بەرامبەر نەهێڵرێت یان كەمبكرێتەوە و ئارامی و ئاسوودەیی بە گوێگر ببەخشرێت. لەمڕووەوە لاكۆف پێشنیازی ئەوە دەكات ((ڕێزگرتن لەلایەن كۆمەڵەوە گەشەی پێبدرێت بۆئەوەی دژبەیەكی و ناڕازیبوون یان بەریەككەوتن**(friction) **لە پێوەندییە كەسییەكاندا كەمبكاتەوە))** (Lakoff, 2004:87)**. واتە ڕێزگرتن پێڕەو/ئامرازێكە بۆ كەمكردنەوەی ناڕازیبوون لە پێوەندییەكان و ئاسانكردنی كردەی ئاخاوتن بەكاردێت، مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات گفتوگۆكانی بەپێی پێڕەوێك ڕێكبخات، كە ئاسان بێت و ئامانجی خۆشی بپێكێت. بێگومان ڕێزگرتن لە پێڕەوی پێوەندییەكان دادەنرێت، وەكو لاكۆف**(1990:34) **پێناسەی دەكات، كە ((پێڕەوی**

---

[٩]) لەبارەی ئەو پێناسە جیاوازانەی ڕێزگرتن، كە بەم دواییانە هاتونەتە ناو بابەتی پراگماتیكەوە، **مایكڵ هاف** (2011:P:4) دەڵێت: ((بەشێوەیەكی بنەڕەتی بۆ **چوار گرووپ** پۆلێندەكرێن: ڕێزگرتن وەك ڕەفتارێك، كە ناهێڵێت ململانێ ڕووبدات و پێوەندییەكی نەرم بەرهەمدەهێنێت، ڕێزگرتن وەك ڕەفتارێكی گونجاو لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە، ڕێزگرتن وەك گرنگیدانان بۆ هەستی بەرامبەر، هەروەها ڕێزگرتن وەك هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری قسەكەر لەلایەن گوێگرەوە بە ڕەفتارێكی بەڕێزانە)).

پێوەندییەکانی نێوان خەڵکە و دەبێتە هۆی ئاسانکردنی پێوەندییەکان، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی ڕوودانی ململانێ (conflict) و ڕووبەڕووبوونەوە (confrontation) و بەرەنگاری، کە لە سروشتی هەموو مرۆڤێکدا چێنراوە)).

لە ڕاستیدا لە بەکارهێنانی زمانی وێڵئامێزدا ڕووبەڕووی کێشەی جیاوازیی بۆچوونەکان دەبینەوە، چونکە بەپێی جیاوازیی کەلتوورەکان دەگۆڕێت، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە سوورن، کە دەبێت گرنگی بە ڕوومەندی([10])ی بەرامبەر بدرێت، هەروەکو **جۆرج یوڵ**(1996:134) دەڵێت: ((ڕێزگرتن بریتییە لە نیشاندانی بایەخ و گرنگی ی تۆ بە ڕوومەندی ی کەسی بەرامبەر یان دەکرێت خۆشمامەڵەکردن بێت لەگەڵ خەڵکی یاخود خاکی نواندن و ڕووخۆشی بێت لە بەرامبەر خەڵکیدا)). بەپێی بۆچوونی براون و لیڤنسن، ڕێزگرتن بریتییە لە ((هۆشیاری و بە ئاگایی ئێمە لە بەرامبەر ئەو پێویستییانەی لە ڕوومەندی ی بەرامبەرەکەماندا دەردەکەون)) (Huang, 2008:96). هەر لەمڕووەوە لە پێناسەیەکی گشتگیری ڕێزگرتندا **جانێت هۆڵمز** (1999:5) دەڵێت: ((ئەو ڕەفتارەیە، کە بەشێوەیەکی دروست گرنگیدان بە کەسی بەرامبەر دەردەبڕێت و هیچ گرژییەك بۆ سەر بەرامبەر دروستناکات و ڕەفتارێکی خۆویستانەونەسەپاندن(non-imposing)ە)). بێگومان ڕەفتاری قسەکەر بۆ گوێگر زۆر گرنگە، ئەمەش وایکردووە، کە ڕێزگرتن لای **تێرکۆراف** (2001:127) ((هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری قسەکەرە لە لایەن گوێگرەوە و بڕیاردانە لە سەری. واتە گوێگر پێشوەخت ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکدایە، کە قسەکەر بەڕێزانە مامەڵەدەکات)).

---

([10]) لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (فەیس–Face) لە دیاردەی ڕێزگرتن (Politeness phenomena)دا بەکاردێت، لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەرئەم زاراوەیەدا سەرەتا زاراوەی"**ڕوو**"مان بە باشزانی، هەروەك پێشتریش د. ئاڤێستا کەمال هەمان زاراوەی بەکارهێناوە(مەحمود:٢٠٠٩:١٢٩)، بەڵام دواتر بە پێشنیازی سەرپەرشت زاراوەی"**ڕوومەندی**"بە گونجاوتر زانرا، لەبەرئەوەی دەتوانرێت تەواوی ئەندامانی بوارە واتاییەکەی دەستنیشانبکرێت، لەوانەش: ڕووهاتن، ڕوونەهاتن، ڕووسپی، ڕووڕەش، ڕووهەڵماڵراو، بێچاوڕوو، بێئابڕوو، ئاوڕوومەند، ئاوڕووتکاو،...هتد.

هەرلەمڕووەوە دکتۆر محەمەد مەحویی لێکدانەوەیەکی بۆ زاراوەی ڕوو و چەمکەکەی لە زمانی کوردیدا کردووە: <ڕوو> شاناوەکەیە و وەك یەکەیەك لە چەمك و واتاکانی<دەموچاو> و<ڕووبەر و دیبوی پێشەوە> پێکهاتووە. <ڕوو> ڕووبەری دەربڕین و نواندنە و وەك شاناو(هایپۆنیم) بۆ دەربڕینی دەرونیی و هۆشەکییە و سیما و بیچمیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە: <ڕووخۆش، ڕووگرژ، ڕووگەش> ، <ڕووهاتن، ڕوونەهاتن، ڕوولێنان> ، <ڕواڵەت، ڕوخسار>، هەروەها <دەموچاو>یش وەك بەشێکی<ڕوو>ئەوئاکارە دەردەبڕێت و نوێنەرایەتیی<ڕوو>دەکات. واتە <ڕوخسار> بەشێکە لە<دەموچاو> و <دەموچاو>یش بەشێکە لە<ڕوو>. بەمپێیە<دەموچاو>ئەندامی لەشە، نەك <ڕوو>.
لێرەوە دەڵێین: /دەموچاو/ئەندامە و/ڕوخسار/یش بیچم و شێوەیەتی و/ڕوو/یش هەردووکیانی لە خۆیدا هەڵگرتووە. **کەواتە ڕوو دەموچاو**–ئەندامێکی لەشە ئەرکی نواندن و دەربڕینی دەرونیی و نوێنەریەتییە –**و ڕووخسار**–بەشێکە لە دەموچاو– **لەخۆدەگرێت، کە بۆ دەربڕینی دەروونیی و هۆشەکیی و نواندنە لەگەڵ بینین و کەرامەت و نەفس_بەرزیی.**
بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (مەحویی، ٢٠٠٦: ٣٩– ٤٢، ٨٣–٨٤)

دیاردەی ڕێزگرتن وەك تایبەتمەندیی و مۆرکی گشتی ی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و بەکارهێنانی زمان تەماشادەکرێت. واتە سیما و تایبەتمەندییەکی زمانە بە ویست و ئارەزووی خۆت ئەنجامی دەدەیت، ئەمەش وا دەکات ڕێزگرتن مەبەستی قسەکەر بێت، **میلز** (2003:6) ئەمە پتر ڕووندەکاتەوە، کە ((ڕێزگرتن مەبەستی قسەکەرە بۆ کەمکردنەوە و سستکردنی ئەو ڕەفتارانەی هەڕەشەن بۆسەر ڕوومەندی ی کەسی بەرامبەر)). بەمشێوەیە بەڕێزەوە ڕەفتارکردن ڕزگارکردنی ڕوومەندی ی کەسی بەرامبەرە لە هەڕەشە، بۆیە مرۆڤ لە ئاخاوتندا گرنگی تەواو بە شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەدات. بە لای **کریستاڵەوە** (1992:307) ((دیاردەی ڕێزگرتن یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان و گرنگیی تەواو بە لێکۆڵینەوەی پێودانگە جیاوازەکانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، وەکو زاراوەکانی خۆشمامەڵەکردن و جوامێری/هەیبەت (Deference) و پێکەوەهەڵکردن و هۆگری)). لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەشدا ئەوە دەردەکەوێت شێوازە جیاوازەکانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی سەرەکی و بنەمایەکی ستراتیژین و لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تریش دەگۆڕرێن.

لە دیاردەی ڕێزگرتندا بوونی ستراتیژ لە بارە دیاریکراوەکاندا خاڵێکی گرنگە، بۆئەوەی گوێگر تووشی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە نەبێت، بۆیە بەلای **براون و لیڤنسنەوە**(1987:240) ڕێزگرتن ((ستراتیژێکی کاریگەر و پاساوە، کە لە بارودۆخە (situation) دیاریکراوەکاندا بۆ ڕێگەگرتن/دوورکەوتنەوە لە ڕوودانی ململانێ و ڕەفتاری نەشیاو بەکاردێت)). واتە ڕێزگرتن، هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشەیەی لەسەر ڕوومەندی ی بەرامبەر یان خودی کەسێك هەیە. بەمپێیەش ستراتیژیەتی ڕێزگرتن ڕێگەگرتنە لە گرژی و ململانێ و بە پێچەوانەوە هانی گوێگر بۆ دروستکردنی پێوەندی لە نێوان لایەنە ناکۆکەکاندا دەدات، دیارە خودی ڕێزگرتن ((بریتییە لەو ڕەفتارانەی، کە وادەکەن پێوەندی لە نێوان لایەنە دژبەیەکەکان(aggressive parties) دا دروستبێت)) (Brown and Levinson, 1987:1). لە ڕاستیدا ڕێزگرتن دەتوانێت ئەو ڕۆڵەی هەبێت، کە هاوسەنگی لە ئاخاوتندا بێنتەکایەوە، هەروەکو **لیچ** (1996:82) ئاماژەی بۆ ئەم بارە کردووە، کە ((لە هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ هێنانەکایەی بارێکی دەروونی ی هاوسەنگ و پێوەندییەکی هاوڕێیانە لە نێوان بەشداربووانی ناو پێوەندییەکاندایە)) و ویستی مرۆڤە بۆ دروستکرنی پێوەندی و ڕێگەگرتن لە ڕوودانی ململانێ لەناو پێوەندییەکاندا.

**جێنی و ئارندت** (Janney and Arndt) پێیانوایە: ((ڕێزگرتن لە ناخی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، ئامانجی فەراهەمکردنی پێوەندیی نەرمونیان و گونجاوە بۆ ئەندامانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان،واباشترە خەڵك کەمتازۆر بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراوانە ڕەفتاربکەن، بۆئەوەی بتوانن لێکنزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن و پێوەندی ببەستن)) (Mills, 2003:67).

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی گوێگر گرنگە، بۆیە لە سادەترین پێناسەی ڕێزگرتندا **بێرنارد سپۆڵسکی** (2010:19) دەڵێت: ((بریتییە لە ناسینەوە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی گوێگر و لەبەرچاوگرتنی مافەکانی لە بارە جیاوازەکاندا)). ئەم پێناسەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دەبێت لە ئاخاوتندا ڕەچاوی مافەکانی گوێگر بکرێت و ڕێزی لێبگیرێت، بۆیە دەبێت ((داواکارییەکان، کە بۆ گوێگر بارگرانی و سەپاندن(imposition)ن، لە ڕێگەی بە ناڕاستەوخۆیی یان هەندێکجار لە شێوەی پرسدا سادە و ئاسایی بکرێن، هەروەها پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ستایشکردن و پیاهەڵدان و گرنگیپێدان خۆشتر و باشتر دەبن)) (Spolsky, 2010:19-20). بێگومان دەتوانین بە بەکارهێنانی چەند دەربڕینێکی زمانی داواکارییەکان لای گوێگر ئاسان و ئاساییبکرێن، وەك لەم نموونانەدا بە دیدەکرێت:

**بێزەحمەت، دەتوانیت مۆبایلەکەمم بدەیتێ؟**

یان لە شێوەی هەندێك دەربڕینی تایبەتدا، وەك:

**پێموابێت مۆبایلەکەم لە تەنیشت ئەوەی تۆوەیە!**

یان لە ڕێگەی زیادکردنی هەندێك شێوازی ڕێزگرتنی ترەوە، وەك:

**تکایە، ئەگەر ئەرك نەبێت، مۆبایلەکەمم بدەیتێ.**

یان بەمەبەستی خۆبردنە پێشەوە و پتەوکردنی پێوەندییەکان لە ئاخاوتندا هەندێك دەربڕینی پەیوەست بە کات و شوێنەوە بەکاردێت، "**پیرۆزت بێت، بەخۆشیتان بێت، پەلەتان چیبوو،...هتد**".

ڕێزگرتنی زمانی بابەتێکە زۆر پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی ئاسانکردن و بەرەوپێشبردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. دیارە((ڕێزگرتن تەنیا بریتی نییە لە چەند ئەتەکێت(Etiquette)ێك)) (Watts, 2003:33). واتە تەنیا یاسا و ڕێسای ڕەفتاری گونجاو نییە، بەڵکو چەند لایەنێکی تری هەن، یەکێك لەو لایەنانەش، کە گرنگە لێرە دا باسی بکەین، لایەنی کۆمەڵایەتییە، هەروەکو **فرانس** ئاماژەی پێداوە، کە ((ڕێزگرتن ترۆپکی بەها کۆمەڵایەتییەکانە یان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییە تاکە کەسییەکان دەمامکێکی باشە))(Watts, 2003:33). ڕێزگرتنی زمانی دیاردەیەکی سروشتی و هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤە، لەمڕووەوە **بێڵیگارد** (Bellegarde) پێیوایە: ((ڕێزگرتن دیاردەیەکی سروشتییە و بریتییە لەو هاودەنگییەی لە نێوان جەستە(body) و گیان (the mind/soul) دا هەیە)) (Watts, 2003:38).

کەواتە دەتوانرێت بوترێت ڕێزگرتن ڕەفتارێکی زمانیی خۆویستانەیە، کە بۆ درێژەپێدانی پێوەندییەکان پێویستە. یاخود دەکرێت بڵێین ڕێزگرتن تایبەتمەندییەکی زمانە، کە جوانڕەفتاری و نەرمونیانی و شێوازی دەربڕینی گونجاوە لە لایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی ڕزگاربوون لە بارگرژی و ململانێ لە پێوەندییە کەسییەکاندا.

### ١-١-٤ چەمکی ڕێزگرتن و ڕەفتاری بەڕێزانە:

ناساندن و قسەکردن سەبارەت بە ڕێزگرتن، کارێکی سانا نییە، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزیدا هەر دوو وشەی ڕێزگرتن و بەڕێزانە دوو لێکسیمن، کە واتاکانیان لەلایەن بەکارهێنەرانی زمانەکەوە جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوەی جیاوازە، بێگومان ئەمە واتای وایە زاراوە نزیکەکانی تری وەك ڕێزنەگرتن و بێڕێزانەش هەر بەو شێوەیە جێگەی مشتومڕ و لێکدانەوەی جیان، تەنانەت ڕەنگە هەندێکجار وشەیەك یان زاراوەیەکی هاوواتا و لەبار بۆ جێگرتنەوەی زاراوەی ڕێزگرتن نەبێت، کاتێك هیچ زاراوەیەك نەبێت، ئەوا هەمیشە گرێیەك یان دەستەواژەیەك یان پتر بۆ دەربڕینی ئەو ناوەڕۆك و واتای ڕێزگرتنە هەن. بۆنموونە **نوۆی ئۆنیوکبۆ** (Nwoye Onuigbo) لەمڕووەوە، دەڵێت: لە زمانی ئیگبۆ(**Igbo**)دا هیچ جێگرەوەیەك بۆ زاراوەی ڕێزگرتن نییە، بەڵام ئاماژە بەو واتایەی، زاراوەی ڕێزگرتن لە کەلتووری ئەورووپاییدا دەیگەیێنێت، گرێی "ڕەفتاری باش" بەکاردێت (Watts, 2003:15).

لەبارەی بیرۆکەی ڕێزگرتنەوە **فرانس** دەڵێت: ((بریتییە لە ڕەچاوکردن و گرنگیدانی بەردەوام بە بەرامبەر، واتە هەبوونی ئارەزووی ئەوەی بەرامبەر تووشی واقوڕمانی(shock) نەکەیت و ئازاری نەدەیت، بەڵکو هەبوونی ئارەزووی ئەوەی بە باشییەکانی بزانیت و دڵخۆشی بکەیت، بەمەش خۆویستی(egoism) و خۆنەویستی(Altruism) دێنێتەکایەوە)) (Watts, 2003:33).

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا ڕێزگرتن بریتییە لەو پێوەندی و پێکەوە گونجاوییەی لە نێوان جەستە و گیان دایە، واتە ئەو گونجاندنە دروستەی لە نێوان ڕەفتاری دەرەکی ی کەسێك (جەستە) و کەسایەتییەکەی (گیان/ئاوەز)دا هەیە، زاراوەی"ڕێزگرتنی پلەیەك یان خاکیبوون" ی دراوەتێ، لە بەرامبەردا ناهاودەنگی و نەگونجانی ئەو دوو لایەنەش بە زاراوەی کەسایەتی ساختە[11]یان ڕێزنەگرتن پەسندەکرێت. ئەمەش شتێکی گرنگ دەورووژێنێت و پرسیارێك دەهێنێتەکایەوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا ناکرێت بڵێین کەسێك، کە خاوەنی کەسایەتییەکی خراپە و ڕەفتارەکانی ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ی خراپی ئەون، کەچی هاوکات بەڕێزیشەوە مامەڵە دەکات؟ ئاشکرایە ئەمە ئەوە نییە، کە نووسەرەکان هەوڵدەدەن باسی بکەن. لە جیاتی ئەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە پێوەندی دروستی نێوان جەستە و گیان باشە و چاکییە، نەك خراپە. بەمشێوەیە ئەگەر سروشتی کەسێك هەر خۆی باشبێت، دەتوانرێت پێیبوترێت بەڕێز یان کەسێکە، کە ڕەفتاری ڕێزگرتنی تێدایە (Watts, 2003:38).

لەمڕووەوە لەناو کارو بەرهەمەکانی نووسەرانیشدا بە تایبەتی کارەکەی **بێڵیگارد**، دەتوانین تێبینی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بکەین، کە ((هەندێك خاڵ بەرامبەری و تاڕادەیەك پێچەوانە

---

[11] کەسایەتی ساختە(affectation) مەبەست لادانە لە هەموو شێوازێکی سروشتی (Watts, 2003:38).

و سەرلێتێکدەری بە چەمککردنی ئایدۆلۆژییانەی ڕێزگرتنن، تا ئەمڕۆش لە مێشکماندا ماونەتەوە، بەم شێوەیە ڕیز بکرێن:

١–ڕێزگرتن بریتییە لە یەکگرتن (union) ی نموونەیی نێوان شێوازی کەسایەتی ی تاکێك لەگەڵ کرداره دەرەکییەکانیدا، بۆنموونە: ئەو زمانەی، کەسێك بەکاریدەهێنێت.

٢–ڕێزگرتن بریتییە لە توانای دڵخۆشکردنی کەسانی تر لە ڕێگەی کرداره دەرەکییەکانەوە، بۆ نموونە: لە ڕێگەی شێوازی بەکارهێنانی زمانەوە لە لایەن کەسێکەوە.

٣– ڕێزگرتن بۆ سروشتی ی کەسایەتییەکی باش دەگەڕێتەوە.

٤– ڕێزگرتن بارێکی کۆمەڵایەتییە، کە ژیری(mind) لە کۆمەڵەوە بەدەستیدەهێنێت، بەمەبەستی گەیشتن بە بارێکی ڕەونەقدار، کە لەگەڵ کۆمەڵێك شێوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تر پەسەند بێت)) .(Watts, 2003:39)

بە سەرنجدانێکی ورد دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە تاڕادەیەك بەرامبەرییەك لە ناوەرۆکی خاڵەکاندا هەیە و وادەکەن بوترێت پێوەندییەکی سروشتی لە نێوان ئاوەز/ژیری و ڕەفتاره جەستەییەکانی مرۆڤدا بە بەکارهێنانی زمانیشەوە هەیە. ئەمە جگە لەوەی ئەم خاڵانە ڕێگە خۆشکەرن، کە بوترێت ڕێزگرتن تەنیا کاتێك بەدەستدێت، کە مرۆڤ لەناو پۆلێکی کۆمەڵایەتی ی لەباردا لەدایك ببێت. واتە ئەگەر کەسێك لە پلەیەکی کۆمەڵایەتی ی گونجاودا بێتە ژیانەوە، لەبەرئەوەی ئەوانەی تر، کە لە دەرەوەی ئەو پۆلە کۆمەڵایەتییەدا لەدایکبوون، ناتوانن کارامەیی ڕێزگرتن بەدەستبهێنن (Watts, 2003:39). بەم پێیەش دووفاقییەك لە بۆچوونەکانی بێڵیگارد دا بەدیدەکرێت، بەوەی لە لایەك ڕێزگرتن بە یەکگرتنی نموونەیی نێوان شێوازی کەسایەتی ی کەسێك لەگەڵ کرداره دەرەکیەکانیدا دادەنێت، لە لایەکی ترەوە بە ڕەفتارێکی دەرەکی و بارێکی کۆمەڵایەتی ی دەبینێت و پێیوایە مرۆڤ لە کۆمەڵەوە فێریدەبێت. بۆچوونی ئێمەش لێرەدا ئەوەیە مرۆڤ بە گشتی خاوەنی سروشتێکی باشە و توانی فێربوونی ڕێزگرتنی تێدایە، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هاوکات ڕێزگرتن بارێکی کۆمەڵایەتییە، کە مرۆڤ بەهۆی ژیرییەوە بەدەستیدەهێنێت، چونکە((ڕێزگرتن شتێك نییە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکبوو بێت، بەڵکو لە ڕێگەی کردەی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیراوە، لەمبارەدا ڕێزگرتن دیاردەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو شتێکە، کە تاك تێیدا لە ڕێگەی کەلتووری کۆمەڵایەتی و مێژوویییەوە فێری بووە)) (Reiter, 2000:1). ئەمەش وایکردووە بەگشتی دەستنیشانکردنی ئەوەی کام ڕەفتار بەڕێزانەیە؟ کامیان بێڕێزانەیە؟ کارێکی ئاسان نەبێت، ((ئەگەر بێت و ڕەفتاری بەشداربوویەکی ناو پێوەندییەك بە بەڕێزانە یان بێڕێزانە هەڵبسەنگێندرێت، بە هۆی ئەو دەستەواژە زمانییانەوە نییە، کە بەکاریهێناون، بەڵکو بەهۆی ئەو لێکدانەوانەوەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا بۆ ڕەفتارەکە دەکرێت. بۆیە ئەو لێکدانەوانەی، کە دەکرێن بۆ یەکلاکردنەوەی

**ئەو ڕەفتارانە گرنگن، لەبەرئەوەی زۆرجار ناتوانرێت لە ڕێگەی چەند ئاوەڵناوێکەوە پەسنبکرێن، کە پێوەندییان بە ڕێزنەگرتنەوە هەیە))** (Watts, 2003:8).

**بۆئەوەی لە ڕەفتاری بەڕێزانە تێبگەین، دەبێت بە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی وردی ئەو هۆکار و ڕووداوانە دەستپێبکەین، کە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕوودەدەن، هەروەها بە کارامەیی دەتوانین ئەو جۆرە ڕەفتارانەی بەڕێزانەن دەستنیشانیان بکەین. بێگومان ڕەفتاری بەڕێزانە هۆکارێکی گونجاوە بۆ نەهێشتنی لەمپەرە کۆمەڵایەتییەکان و درێژەپێدانی پێوەندییەکان، واتە ((ڕەفتاری بەڕێزانە ئەو ڕەفتارەیە، –جا زمانی بێت یان نازمانی– کە بەشداربووان بنیادیدەنێن و دەیهێننەکایەوە وەکو شێوازێکی گونجاو بۆ بەردەوامبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم بنیادنانە ڕەنگە لەپێشچوونەناو پێوەندییەکەوە دروستکرابێت و هەمیشە لە کاتی ئەنجامدانی پێوەندییەکاندا جێگەی قسە لێکردنە))** (Watts, 2003:20).

**لە بارەی ناسینەوەی ڕەفتاری بەڕێزانەوە، دەتوانین بڵێین: ((دیاردەیەکی چاوەڕوانکراوە لە هەموو ئەو ئەندامانەی، کە لە کۆمەڵێکدا لەگەڵ یەکتری پێوەندیدەکەن، بەمەش دەبێت بە ڕەفتارێك، کە کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە))** (Hurmiz, 2009:118)**. لێرەدا ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە، کە شێوازەکانی ڕەفتاری بەڕێزانە جیاوازن و دەتوانین چەندان زاراوە لەمڕووەوە بەکاربهێنین، ((ڕەنگە بکرێت زاراوەی وەکو بەڕێز، خۆشمامەڵەکەر، قسەخۆش، بێچاوڕوو(**rude**)، لوتبەرز(**offhand**)، بێئاوڕوو(**cringing**)، خوێری (**pusillanimous**)، قسەڕەق/ قسەتڕن،...هتد بەکاربهێنین، بەڵام ئەوانە بەو بۆچوونانەی کۆمەڵەوە بەندن، کە سەبارەت بە شێوازەکانی ڕەفتاری بەڕێزانە هەیانە. هەڵسەنگاندنەکانیش، کە بۆ مامەڵەباشی و بەڕێزانە دەکرێن، بەدڵنیاییەوە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕرێن))** (Watts, 2003:2)**، بۆیە لەوکردانەی بە ڕێزگرتنەوە پەیوەستن، دەبێت گرنگی بە هەستەکانی بەرامبەر بدەین بە تایبەتی لەو بارەدا، کە پێوەندییەکان نەرێنی دەبن.**

**لێرەدا وەك کردەیەکی ڕێزگرتنی نازمانی باس لە نموونەیەك[١٢] دەکەین، بیهێنەرە بەرچاوی خۆت لە ویستگەیەك لە ویستگەکانی سووتەمەنیدا بە ڕیز وەستاویت و سەرەی تۆیە، بەڵام پێش ئەوەی بەنزینەکە تێبکەیت، کەسێك دێتە پێشتەوە و داوای بەنزین دەکات. کاتێك ئەمە ڕوودەدات زۆر ئاساییە تۆ، هەست بە نیگەرانی و بێزاری بکەیت و شتێك، کە چاوەڕوانی دەکەین، ئەوەیە ئەو کەسە لە بەرامبەر ئەو کارە دا، کە کردوویەتی داوای لێبووردن بکات یان ئەو کەسەی لە ویستگەکە ئیشدەکات بەو کەسە بڵێت: کارەکە بە سەرەیە و سەرەی تۆ نییە، ئەوانەی تازە دێن دەبێت بچنە کۆتایی ڕیزەکە یان ئەو کەسانەی تری دواوە دەست بە گلەیی**

---

[١٢]) بەسوود وەرگرتن لە نموونەیەکی واتس، کە باس لە سەرەکردن لە شەمەندەفەر دەکات(٢٠٠٣:٢٧) ئەم نموونەیەمان هەڵبژارد.

بکەن، ئێمەش هەستدەکەین لە ڕێی گلەییکردنەوە لە سەرپێچیکارەکە، هەستێکی باشمان پێدەبەخشرێت. ئەگەر بمانەوێت قسە لە ڕووداوەکە بکەین، دەبێت بڵێین ئەو سەرپێچیکارە بێڕێزانە ڕەفتارێکی نازمانی لەگەڵ کەسەکانی ناو ڕیزەکەدا کردووە. ڕەنگە ئەوە بەکارێکی بێڕێزانە بەرامبەر کابرای ویستگەکە نەزانین، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە پێشوەخت چاوەڕێی ئەوەمان کردووە کابرای ویستگەکە ئاماژە بە یاساکانی سەرەگرتن بکات و بەنزینەکە بەو کەسە نەدات. ئەمبارە کۆمەڵایەتییە بارێکی گشتییە و تێیدا چاوەڕێدەکرێت بەشداربووان یەکتری نەناسن، هەرچەندە دەشکرێت ناسیاوی یەکتریش بن.

بێگومان کاتێک هەڵسوکەوتە ئاساییەکان لە پێوەندییەکاندا دەشێوێنرێن، ئەوکاتە دیوی ڕاستەقینەی دۆخەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت. کۆمەڵێک هۆکار دەبنە هۆی ئاساییکردنەوەی ئەو کارانەی دەیانکەین، کە دەتوانرێت بوترێت بەندن بەبوونی گرنگیدان بە یەکتر لەلایەن بەشداربووانەوە، شێوازەکانی گرنگیدانیش لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر دەگۆڕرێن، بەڵام هەموویان وەکو ڕێکخەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەن)) (Watts, 2003:28). بۆنموونە: ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی خۆی خزاندووەتە ڕیزەکەوە ڕەفتارێکی زمانی دەربڕیایە و گرنگیی بە بەرامبەرەکانی بدایە، وەک:

**زۆر داوای لێبووردن دەکەم، ئاساییە بەلاتانەوە، ئەگەر لە ڕیزەکەدا بچمە پێشەوە؟ نیو کاتژمێری تر کارێکی زۆر گرنگم هەیە و پێویستە بچم بۆ...( فرۆکەخانە )، بەڵام بە هۆی قەرەباڵغی ڕێگاوە دوواکەوتم.**

یان ئەگەر ئەو کەسەی خۆی دەخزێنێتە پێشەوە لە بارێکی تایبەتیدابوو، وەک ئەوەی جلوبەرگێکی فەرمیی دەزگا یان ڕێکخراوێکی تایبەتی یان هەر شوێنێکی تری جیاواز لە خەڵکەکەی لەبەردابوو بێت، یان ئەگەر کلاشینکۆفێکی پێبوویێت و دەمامکی لەسەر کردبێت، یاخود داوای بەنزینی نەکردبێت و لە جیاتی ئەوە هەندێک قسەی لەگەڵ کابراکەدا کردبێت، لەمبارەدا بێگومان کاردانەوەی ئێمە لە بەرامبەر ڕووداوەکەدا جیاواز دەبێت.

لێرەدا پێویستە پێش ئەوەی جۆری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دابەشبکەین چەند مەرجێک دیاریبکەین، لەمڕووەوە واتس(2003:28) پێیوایە بەلایەنی کەمەوە سێ مەرج هەن، دەبێت پێش ئەوەی جۆری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دابەشبکەین جێبەجێبکرێن، ئەوانیش:

١-ناکرێت بەو بارە بڵێین چالاکیی کۆمەڵایەتی، ئەگەر بەشداربووانی تری ناو هەلومەرجەکە بەشدارییان لە ڕووداوەکەدا نەکردبێت.

٢-چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بە کەلتوورەوە پێوەندن(culturally relative)، تەنانەت لە ئەورووپاش باری لەو جۆرە هەیە، کە تێیدا کەسانێک ناچنە ڕیزەکانەوە.

٣-سیما(feature) ناواز(شاز)ەکان لەمبارە تایبەتیانەدا بەسەر هەستەکانماندا زاڵدەبن و تووڕەیی و هەست بە سووکایەتیپێکردن دەهوروژێنن.

**١-١-٤-١ ناسینەوەی ڕەفتاری بەڕێزانە:**

**لە پێناسەکردنی ڕەفتاری بەڕێزانەدا واتس** (2003:162) **ئاماژە بەوە دەکات،** ((**ئەو پێکهاتە زمانییانەی تێدایە، کە تایبەتن بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی گونجاو**))، **بۆیە دەبێت لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکاندا مامەڵەی لێزانانە لەگەڵ بەرامبەردا بکەین، خودی ڕەفتاری لێزانانەش گرنگیپێدانی بەرامبەرە. دیارە** ((**خوڵقاندنی پێوەندی هاوکاری و گرنگیدان بە بەرامبەر سیمای گشتیی هەموو گرووپێکی کۆمەڵایەتییە، واتە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕەفتاری بەڕێزانە بۆ ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانە بەکاربهێنرێن**)) (Watts, 2003:30). **ڕێزگرتن یەکێکە لە سیما گشتییەکانی بەکارهێنانی زمان، هەندێك کەس ڕێزگرتن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بە تەواوکەر و هاوواتای یەکتر دەبینن، چونکە** ((**ڕەفتاری بەڕێزانە هاوواتا** (equivalent) **یە لەگەڵ ڕەفتاری کۆمەڵایەتییانەی گونجاو**(appropriate))، **هەندێکی تر وەکو سیمای تایبەتی ژنان و پیاوانی خاوەن پلەی کۆمەڵایەتی ی باڵا، دەیبینن**)) (Watts, 2003:1).

**هەرچەندە بوونی بۆچوونی جیاواز لەسەر خودی ڕەفتاری بەڕێزانە و ڕێزگرتن کارەکە ئاڵۆزدەکات، بەڵام توانا و هێزی بەشداربووانی پێوەندییەکان بۆ جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەفتارە گونجاوە کۆمەڵایەتییەکان بنەمایەکی سەرەکی زۆر گرنگە. ڕێزگرتنی زمانی وەك ئاماژەی پێدرا ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری دەرەکی و گیانە و بە تەنیا لایەنێکی ڕووکەشی نییە، وەکو ئەندریاس بۆمگارتنەر** (**Andreas Baumgartner**) **لەمڕووەوە دەڵێت:** ((**ڕێزگرتن لەگەڵ ڕەفتاری باش هاوواتایە، ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ی کەسێك نییە، لەبەرئەوەی ڕێزگرتن خۆی تەنیا لایەنێکی ڕووکەشانە**(superficial) **ی ڕەفتارکردنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرکەوتنی هەر کارێکدا خاوەن گرنگییەکی زۆرە و ڕەگەزێکی بنەڕەتییە**))(Watts, 2003:41). **بۆ نموونە تۆ کاتێك ئیش بە یەکێکە لەو کاتەدا ڕێزێکی زۆری بۆ دەردەبڕیت، وەك:**

**گەورەم، بەڕێزم، خاڵە، مامە، کاك دکتۆر، کاك حاجی، کاك شێخ،** ...**هتد، هەروەها ژنانیش دەڵێن بە قوربانتبم، بەساقەتبم، لە دەورەت بگەڕێم، لە برام فەرزتری،**...**هتد.**

**لەبارەی ناسینەوە و گونجاوی و نەگونجاوی ڕەفتارە زمانییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و ئەو شێوازەی لە ئاخاوتندا بەکاریدەهێنێت، دەکرێت بڵێین هەر کەلتوورێك پێودانگی کۆمەڵایەتی ی جیاوازی خۆی هەیە. بێگومان لە بارەی ڕەفتارەکان بۆ کەسی بەرامبەریش بۆچوونی جیاواز و دوور لەیەك هەن و**((**ڕەنگە بەلای هەندێك کەسەوە ڕەفتارەکانی کەسێك بە بەڕێزانە پەسنبکرێن، کە هەمیشە گرنگی بە کەسانی بەرامبەر دەدەن، بەبۆچوونی هەندێکی تر دەگونجێت ڕەفتارێك بەڕێزانە بێت و گرنگی بەوەش نەدەن سەرنجی بەرامبەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، تەنانەت کەسی وا هەن بەشێوەیەکی نەرێنی پۆلێنی دەکەن و زاراوەی وەکو**

**ساردوسڕ، بەفیز، بێهەست، ...هتد بۆ ناونانی ڕەفتاری بەڕێزانە بەکاردەهێنن))**(Watts, 2003:1). **کردەی ڕەفتارکردن بە شێوەی بەڕێزانە، وەك وێرکهۆفەر (Werkhofer) دەڵێت: ((پشت بە مۆدێلێکی کۆمەڵایەتی/ستاندارد دەبەستێت، کە دەریبخات، ئاخۆ ئەو کارەی کراوە بەڕێزانەیە یان بێڕێزانە؟ ئەم مۆدێلە کۆمەڵایەتییە یان ستانداردە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵێکی تایبەتەوە دێتە ئاراوە و کارییپێدەکرێت))** (Reiter and Placencia, 2005:143).

**ناساندنی پێکهاتە زمانییەکانی ڕەفتاری بەڕێزانە لەلایەن بەشداربووانی ئاخاوتنەوەیە، بەڵام بەشداربووان چۆن بزانن ئەو ڕەفتارانەی بەهۆی ئامراز و شێوازە زمانییەکانەوە دەردەبڕدرێن ڕەفتارێکن، کە زیادەڕۆییان تێدا نییە؟ واتس**(2003:164) **بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو نموونە-نامەی ئەلیکترۆنی-**[١٣] **دەهێنێتەوە، دەڵێت: ناتوانم هۆکارێکی زۆر**

---

[١٣] **نموونەی یەکەمیان:** داواکارییەکی ڕاستەوخۆیە لەلایەن دامەزراوەیەکی زانستی(academic)یەوە پێشکەش بەدامەزراوەیەکی تر کراوە بۆ داواکردنی زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی دەستکەوتنی گۆڤارێك، کە لە لایەن بەشی ئینگلیزی زانکۆیەکی ئێرانەوە نێردراوە: بەڕێز ..... زانکۆی ئازادی ئیسلامی (لقی**ل) خوازیارە ببێتە ئەندام بۆ وەرگرتنی گۆڤارە(journal)کەتان.

(**) تکایە کلێشەی پێویست و زانیاری داواکراو بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن:

دکتۆر ج هـ * * H** J بەشی ئینگلیزی زانکۆی ئازادی ی ئیسلامی (لقی**ل) ئێران

دەتوانین بڵێین شاراوەیی داواکارییەکە لەگەڵ بەکارهێنانی زمانێکی نافەرمی و دەستەواژەی باو لە ئیمێڵەکەدا یەکناگرێتەوە. لە بەرامبەر ئەمەدا بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەین زمانێکی فەرمی بۆ نووسینی ئیمێڵەکە بەکارهێنرابێت، بەڵام لەبەرئەوەی خواستێکە، واچاوەڕواندەکەین شێوازی نووسینی ناڕاستەوخۆ بەکارهێنرابێت.

ئەو نیشانەیەی(**)لە تێکستەکەدایە ئاماژەیە بەوەی لەو جێگایەدا پێشبینیم کردووە نامەنێرەکە پتر نیشان بدات، نەك هەر تەنیا "تکایە بینێرن..."، هەرچەندە ئیمێڵەکە تەواوە و بەو شێوەیە، کە قسەکەرە فەرمییەکان پێشبینیدەکەن، بەڵام ئەزموون (habitus)ی خۆم واملێدەکات بڵێم وتنی "بەیارمەتی خۆتان دەتوانن بینێرن...."یان"ئەرك نەبێت دەکرێت بینێرن...."دەربڕینی گونجاوترن.

**نموونەی دووهەمیان:** لەلایەن خوێندکارێکی چینی پێگەیشتوو و دەرچووی زانکۆ داواکارییەکی لە سەرۆکایەتی دامەزراوەیەك هەیە، بۆیە دووبارە بەکارهێنانی زمانێکی فەرمی پڕ ڕێز چاوەڕوانکراوە، هەروەها بۆ شیکارکردن ئاسانترە.

بەڕێز واتس(**) چۆنیت؟ من خوێندکارێکی چینی دەرچووی زانکۆم. پسیۆڕیەکەم(پراگماتیك)ە و لە ئێستادا خەریکی نووسینی نامەی ماستەرەکەمم لەسەر ڕێزگرتن. بابەتەکەتم بینی لەژێر ناونیشانی "زمان و ڕێزگرتن لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدە لە بەریتانیادا". لەبەرئەوەی لێرە گۆڤاری"پراگماتیك"نییە، دەمەوێت بزانم دەکرێت کۆپییەك لە بابەتەکەتم بۆ بنێریت. زۆر سوپاست دەکەم. ناونیشانەکە بریتیەلە: زانکۆی نۆرماڵ Z **چین. ناوم (م**م)ـە.

لەم نموونەیەدا دەستەواژەی بانگردنەکە(The term of address)سەیرە. دیارە نێرەری ئیمێڵەکە ئەزموونی نییە لەسەر ئەوەی چۆن و بە چ دەستەواژەیەك بانگی پرۆفیسۆرێك دەکرێت، کە نەناسراو بێت؟ زۆر بە سادەیی جەخت لەسەر دەستەواژەی چۆنیت؟ دەکاتەوە. ئەمەش وادەردەکەوێت خوێندکارەکە پتر دەیەوێت هەواڵ لەسەر سەلامەتی من بزانێت. ئەگەر بارێکی بەم شێوەیە لە کۆمەڵگای چینیدا ڕوویدات، ئاساییە هەواڵ لە تەندروستی بەرامبەر بپرسیت، بەڵام لە ژینگەیەی ئینگلیزی ڕەسەنی وەکو ئەوەی سەرەوەدا، وا دەردەکەوێت خوێندکارەکە هەندێك ناسیاوی و لێکنزیکی لەگەڵم نیشان بدات. ئەو نیشانەیەی (**) لە تێکستەکە دایە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لەو جێگەیەدا ئەو ڕەفتارە شیاوترەی پێشبینیکراوە، بوونی نییە (Watts, 2003:163).

لۆژیکی و بابەتی بخەمەڕوو لەسەر ئەوەی بۆچی ئەو ئیمێڵە بەتەواوی ئەو ڕەفتارە چاوەڕوانکراوە نییە، تەنیا دەکرێت بڵێم ئەو ئیمێڵ نوسینە بەشێکە لەو شێوازی ڕەفتارەی، کە لای کەسێك و کەسێکی تر جیاوازە. ڕاستییەکەی ئەوە شێوازێکە، کە پێشبینیدەکەم بەلایەنی کەمەوە خۆم بەکاریبهێنم. تاڕادەیەك ئەمە ئەوەیە"بۆردیۆ"بە لۆژیکی کارەکی کۆمەڵایەتی ناویدەبات و شێوازێکی گشتییە و هەموو کەسێك تاڕادەیەك ئەو شێوازە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستی ناخی خۆم ئەوەم پێدەڵێت، ئەوە لە ناردنی نامەیەك بۆ کەسێك، کە نەیناسیت شێوازێکی چاوەڕوانکراو نییە، جارێکی تریش هیچ هۆکارێکی لۆژیکی نییە، کە بیسەلمێنێت، ئەو شێوازە لەودیو شێوازە گونجاوەکانی ڕەفتارکردنەوەیە.

دەکرێت سەرەڕای گرنگیدان بە شێوازە چاوەڕووانکراوەکان ئەوەش بخرێتەڕوو، کە چۆنییەتی و چەندییەتی ئەو نواندنی ڕێزگرتنەش دیسانەوە جیاوازە. **کۆوڵماس(Coulmas)** پێیوایە: هەریەکە و بە ڕێژەی جیاواز پشت بە ژمارەی ئەو ئامرازانە دەبەستێت، کە تایبەتن بە دیاریکردنی ڕێژەی ڕێزگرتن و ڕێژەی ئەو نەرمونیانییەی لە شێوازەکاندا هەیە. هەندێکی تر دەڵێن: ڕێزگرتن لە سێ ئاستی شیکارکردندا کاردەکات و کاریگەرە، ئەوانیش بریتیین لە پێڕەوەکانی زمان، شێوازەکانی زمان و بەکارهێنانی زمان (Kasper, 2007:1).

بێگومان بە چەمککردنی ڕێزگرتن کارێکی ئاڵۆزە، چونکە بەمبارە دەمانەوێت دەست بەسەر کەرەستەکانی ڕێزگرتنندا بگرین و سنووورداری بکەین. لەلایەکی ترەوە دەبێت هەموو لایەك ئەو ڕاستییە بزانن، کە ((بەکارهێنانی چەمکێك لە زمانێکدا وەکو چەمکێکی زانستی ی گشتی بۆ هەموو زمان و کەلتوورەکانی تریش، شتێکی نەگونجاوە)) (Watts, 2003:13). بۆ نموونە چەمکی ڕێزگرتن لە زمانی ئینگلیزی یان زمانی کوردیدا لە هەندێك لایەنەوە جیاوازن، چونکە کەلتووری ئینگلیز و کورد بەهۆی هەندێك هۆکارەوە وەك ئاین و جیاوازی ڕەگەز و پێوەندی کۆمەڵایەتی و...هتد لە هەندێك لایەنەوە جیاوازن. بۆیە دەکرێت بە گرنگییەوە لە تایبەتمەندی ی چەمکی دیاردەی ڕێزگرتن لە زمانە جیاوازەکاندا بڕوانین.

### ١-١-٤-٢ تایبەتمەندییەکانی زمانی بەڕێزانە:

بە شێوەیەکی گشتی بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی بەڕێزانە، پێویستە لێکۆڵینەوە لە دەربڕاوە زمانییەکان و شێوازی دەربڕینیان بکەین. کاتێك بڕیار لەسەر هەبوون یان نەبوونی ڕێزگرتن دەدرێت، کە ((هەڵسەنگاندنێکی وورد و ئاشکرا بۆ دەربڕین و وشە و دەستەواژەکان بکرێت)) (Terkourafi, 2001:131). تەنانەت ئەو زمانەی کەسێك بۆ ئەوەی زۆر بە ڕاستەوخۆیی نەدوێت بەکاریدەهێنیت، یان زمانێك کە گرنگی و ڕێزلێگیراوی بەرامبەری تێدا دەردەکەوێت، یان زمانێکە شێوازی ڕێزمەندانەی بانگکردن و زاراوەی گونجاو و دەربڕینی

بەڕێزانەی تێدایە. بێگومان تایبەتمەندییەکانی زمانی بەڕێزانە بە پێی کەلتوور جیاوازە،[١٤] ئەم جیاوازیانەش ئەو ئاماژەیەمان پێدەبەخشن، کە ڕێزگرتن شتێکە وەردەگیرێت و دەبێت فێری ببین، جا هەر نەتەوەیەك بە پێی کەلتووری خۆی دەزانێت کام شێوازی زمان و ڕەفتار گونجاو و بەڕێزانەیە. بەلایەنی کەمەوە دڵنیاین شتێك هەیە سەبارەت بە ڕەفتار و زمانی ی بەڕێزانە، کە دەبێت هەستی پێبکرێت. ڕێزگرتن شتێك نییە لەگەڵ لەدایکبوونماندا هەمان بووبێت، بەڵکو شتێکە دەبێت فێری ببین و خۆمانی لەگەڵ ڕابهێنین (Watts, 2003:1-9).

## ١-١-٥ چەمکی ڕێزنەگرتن و ڕەفتاری بێڕێزانە:

دەتوانین لە ڕێی ڕەفتارەکانەوە ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن لە یەکتر جیابکەینەوە. بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕێزنەگرتن ((کەرەستەیەکی تێبینیکراوی ناو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕەفتارە گونجاو و وەرگیراوانەی بۆ بەردەوامبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێویستن پێچەوانە دەوەستێتەوە)) (Watts, 2003:18). واتە بریتییە لە ((شێواندنی ئاشکرای ئەو ڕەفتارەی، کە دەشێت لە لایەن بەشداربووان و توێژەرانەوە بە نەرێنی لێبڕووانرێت، هەرچی ڕەفتاری بەڕێزانەشە بریتییە لە خستنەسەرێکی ئاشکرا دەخرێتە سەر ڕەفتارە وەرگیراوەکان، ڕەنگە بەشێوەیەکی ئەرێنی هەڵبسەنگێنرێت)) (Watts, 2003:30) ، ئەمەش وادەکات ڕێزنەگرتن بە نەرێنی لێکبدرێتەوە و ڕێزگرتن بە ئەرێنی. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، ڕێزگرتن هەمیشە بە ئەرێنی هەڵناسەنگێنرێت و دانانرێت، ڕەنگە هەندێکجار هەستێکی زۆر ناخۆش و نەخوازراو لە ناخی هەندێك کەسدا دروستبکات. بێگومان بێڕێزیش وەك دیاردەیەکی زمانی هەستپێدەکرێت و((دژ (opposite)ی ڕێزگرتنە، هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی کارە ڕوومەندیبەزێنەکان، بێڕێزی پەیامێکی بەئەنقەستی بێبەهانە لەگەڵ ململانێی کارە ڕوومەندیشکێنەکانی سەر ڕوومەندی ئاڕاستە دەکات. بێڕێزییش کاتێك بەباشی هەستی پێدەکرێت، کە هەستی قسەکەر/ نووسەر سووکایەتیپێکردن(offend) یان هەڕەشە و گاڵتەپیکردن و تێکشاندنی ڕوومەندییە، پێویستە ئەو کەسانەی ڕۆڵی وەرگریان هەیە لێی تێبگەن (Bousfield, 2008:72). دەبێت ئاماژە بەوە بدەین ڕێزنەگرتن ((بە زۆری دەدرێتە پاڵ کەسێك، کە نەیتوانیوە ئەو ڕەفتارانە بناسێتەوە، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گونجاو و پەسەندن و ئەندامانی تری ناو کۆمەڵ و پێوەندییەکان، چاوەڕواندەکەن لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بیانبینن. بۆنموونە بەکارهێنانی شێوازێکی

---

[١٤]) بۆ نموونە تایبەتمەندییەکانی ڕێزگرتن لەو وڵاتانەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن بەمشێوەیە پۆلیندەکرێن:
ڕەفتاری گونجاو، تا دەگات بە ڕەفتاری بەرز و جوان، نیشاندانی گرنگیدان بە بەرامبەر، بچووککردنەوەی خود و خۆنەویستی (Self-effacing)، تا دەگات بە ڕەفتارە نەرێنییەکانی وەك ساردوسڕی (Standoffishness) لە پەیوەندیکردندا، بەفیز و خۆبەگەورەزانین(Haughtiness)، دووڕوویی(Insincerity)،...هتد (Watts, 2003:8-9).

ڕاستەوخۆی ئاخاوتن لە داواکارییەکدا، کە بەشێوە ئاساییەکەی، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت یان نەبوونی ڕەگەزەکانی تێیدا)) (Mills, 2003:134).

وەك : **بەیارمەتیت، سوپاستدەکەم، داوای لێبوردندەکەم، بمبەخشە، لە کاتم گرتی**، ...هتد.

هەر لە بارەی ناساندنی بێڕێزی و ڕێزنەگرتن[١٥] و دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردە زمانییەوە پرۆفیسۆر **کەڵپێپەر** (2005:38) پێیوایە: ((بریتییە لەو ستراتیژانەی پێوەندیکردن، کە هەڕەشە لەسەر ڕوومەندی دروستدەکەن، لە ئەنجامی ئەمەشدا ململانێی یاخود نەگونجانی کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە))و دەبێتە هۆی لاوازبوون و تێکدانی کردەی گەیاندن و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە دەکرێت بوترێت ڕێزنەگرتن ((کاتێك بوونی هەیە، کە لە لایەن کۆمەڵێك ئەندامی گرنگ و دیاریکراوی کۆمەڵەوە پۆلێنکردنی بۆ بکرێت، یان شکست و تێکچوون لە پێوەندییەکاندا بهێنێتەکایەوە)) (Mills, 2000:7). هاوکات هەندێکی تر وا یدەبینن، کە ((ڕێزنەگرتن کاریگەریی جیاواز و ماوەدرێژ بەجێدەهێڵێت، ڕەنگە لە هەندێك باردا ببێتە هۆی شکستپێهێنانی ئاخاوتنەکان و کۆتاییهێنانی پێوەندییەکان))(Mills, 2003:137). ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە، کە بۆچی دەستنیشانکردنی ڕەفتاری بێڕێزانە لە بەڕێزانە ئاسانترە؟

---

[١٥]) جگە لەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا لەسەر بێڕێزی هاتووە، ئاماژە بە هەندێك کتێبی تریش دەدەین، لەوانە:

أ– کێین پۆینتنەر لە ساڵی١٩٩٧دا لە کتێبەکەیدا بەناوی"جۆرەکانی بێڕێزانە"باسی چەندان جۆری جیاوازی ڕەفتارە ناشیرینەکانی کردووە، کە سەرجەمیان ڕێزنەگرتن نیشاندەدەن.

Kienpointner, M.(1997)Varieties of Rudeness:Types and Functions of Impolite Utterances Functions of Language.

ب– ئۆستنیش لە ساڵی١٩٩٠ لە کتێبێکدا بە ناوی"جارێکی تر ڕێزگرتن: لایەنێکی تاریك لە لای بیڵ و هۆڵمز، لە ڕێی نیوزلەندیی قسەپێکەرانی زمانی ئینگلزی" کەرەستەکانی ڕەفتاری بێڕێزانەی باسکردووە.

Austin, P.(1990) Politeness Revisited: the dark side in Bell, A. and Holmes, J.(eds.)NewZealand Ways of Speaking English. Clevedon: Multilingual Matters, p: 277-293.

ج– بۆمان لە ساڵی١٩٨١ لە کتێبێکدا بە ناوی"گەورەمان مەسیح"لە نووسینێکی بەپێز دا باسی ئەوە دەکات، کە خۆی بە کاریگەرییەکانی ڕێزنەگرتن، گروپێك لە توێژەرانیش لە کاری"ڕێزنەگرتنی گاڵتەپێکەرانە"یان کۆڵیوەتەوە.

Bauman, R.(1981)Christ Respects no Man's person: the plain language of the early quakers and the Rhetoric of Impoliteness, University of Texas .

د– ویلیام لابۆڤ لە کتێبێکدا بە ناوی"زمان لە چەقی شاردا"لێکۆڵینەوەیە لە دیالێکتی ئینگلیزە ڕەشەکان، کە لەسەر نەریتی بێڕێزیکردن و ڕیسواکردنی گەنجە ڕەشپێستەکانی ئەمریکایە بەیەکتر، کە لە نێوان خۆیاندا بڵاوە نووسراوە.

Labov, W.(1975) Language in the Inner City: Studies in the Black English Vernacular, Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

هـ– بارۆنی و ئاکسیا لە ساڵی١٩٨٩لە کتێبێکدا بەناوی"توانای میتاپراگماتیکییەکانی منداڵ و ناساندنی خواستی بەڕێزانە و بێڕێزانە لە یەك زماندا" لەوەیان کۆڵیوەتەوە، چۆن منداڵان فێری جیاکردنەوەی تێگەیشتن و ئەنجامدانی خواستی بەڕێزانە و بێڕێزانە دەبن.

Baroni, M. and Axia, G.(1989) Children's Meta-Pragmatic Abilities and the Identification of Polite and Impolite Requests First Language 9(3):285-297.

بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (Watts, 2003:5)

بەهۆی ئەو کاریگەرییە بەرامبەرییانەی ڕێزنەگرتن هەیەتی، گرنگی زۆری پێدراوە. دەکرێت بوترێت بێڕێزی یان ڕێزنەگرتن بەشێوەیەکی گشتی وەکو شتێکی تاسێنەر و سەرسووڕهێن و چاوەڕواننەکراو سەیردەکرێت، چونکە گوێگر سەری سووڕدەمێنێت و پرسیاردەکات، بۆچی قسەکەر بەمشێوەیە پێوەندی دەکات؟ ئەوەی جێی بیرهێنانەوەیە ئەوەیە، نوکتە و قسەی خۆشی نێوان هاوڕێ و ناسیاوەکان دەبێت نەهێنرێنە باسەکەوە، چونکە ئەوانە بەشێوەیەکی ئاسایی نابنە هۆی هێنانەکایەی ململانێی ی کۆمەڵایەتی و نەگونجاوی و تێکچوونی پێوەندییەکان (Hurmiz, 2009:118). هەروەك لای عەرەبە بەغدایییەکان پەندێك هەیە، دەڵێت: ((بین الأحباب تسقط الاداب–واتە لە نێوان ئازیزاندا پێویست بە شێوازی وێڵئامێز ناکات)) (فەرەج، ٢٠٠٠:١٧٧).

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن دەکەن، تەنانەت ئەو دیمانانەش، کە لەو ڕووەوە هەن، پتر گرنگیان بە ڕەفتاری بەڕێزانە داوە، وەك لە ڕەفتاری بێڕێزانە. ئەمەش جێگەی سەرسوڕمانە، چونکە بەشداربووانی ناو پێوەندییەکان و ئەوانەی قسە لە بابەتی ڕێزگرتن دەکەن، پتر تێبینییان لەسەر ئەو ڕەفتارانەیە، کە بە بێڕێزیی، قسەتڕنی(discourteous)، بێچاوڕوویی،..هتد لێیان تێدەگەن، هەر ئەو کەسانە بە ئامادەییەکی پترەوە ڕازیبوونی خۆیان بۆ ئەو پۆلێنکردنەی، کە بۆ ڕەفتاری نەرێنی کراوە دەردەبڕن، نەك ئەوەی بۆ ئەرێنی کراوە. ئەمە وایکردووە قسەکەر گرنگی بە پێویستییەکانی بەرامبەر بدات، بۆئەوەی گفتوگۆکان نەشێوێنرێن. بەشێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە ڕەفتارانە بەتێبینینەکراوی تێدەپەڕن. تەنیا کاتێك نەبێت، کە یەکێك لە بەشداربووان ماف و پێویستییەکانی بەرامبەر و گفتوگۆکە دەشێوێنێت و ڕەفتارەکەش بە بێڕێزانە دەژمێررێت (Watts, 2003:5). بۆ دیاریکردن و ناساندنی نموونەکانی زیادەڕەویی زمانیی لەلایەن بەشداربووانی ناو پێوەندییەکانەوە، پێویستە دووای تەواوبوونی پێوەندییەکە ڕەفتارەکە هەڵبسەنگێنرێت و پۆلێنبکرێت.

بێگومان ئەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ ناسینەوەی ڕەفتاری بێڕێزانە، هەر ئەو پێکهاتە و تایبەتمەندییە زمانییانە، کە دەکرێت ببنە هۆی ناسینەوەی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن، هەروەکو **ماریانە ڕاسجێ** پتر ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: ئەو قسانەی وەکو نیشانەیەك بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی گوێگر نیشانیبدات گوێیگرتووە،–وەکو بەڵێ، ئەها، باشە،..هتد–نابێت لەبەرئەوەی پیشتگیری قسەکەر دەکەن تەنیا بە نیشانەی ڕێزنیشاندان سەیر بکرێن، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە دەکرێت ببنە نیشانەی ڕێزنەگرتن(ڕێزنیشاننەدان)، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی ئەو وشانە لەگەڵ قسەکەر بەکاردەهێنێت، واتای وایە بەشێوەیەکی جوان و ئاگایانە گرنگی بە گفتوگۆیەکە نادات، بەڵکو تەنیا بەبێزارییەوە قسەیەك دەکات. ئەمبارەش زۆرجار لە ئاخاوتن و

گفتوگۆکردنماندا دێتەکایەوە، کاتێك بەرامبەر بابەتێك باس دەکات، کە پێوەندی بە بابەتی گفتوگۆکەوە نییە یان پتر لەوەی پێویستە درێژە بە قسەکانی دەدات و جۆرێك لە بێزاری بۆ گوێگر دروستدەبێت، جا ئەگەر هاتوو گوێگر نەیەوێت قسەکان بە بەرامبەر ببڕێت، ئەوا بەناچارییەوە ئەو وشانە بەکاردەهێنێت، هەرچەندە هەندێکجار بە ڕەچاوکردنی هێما نازمانییەکانی وەکو ئاماژەکانی ڕوومەندی بێزاری خۆی دەربڕێت، بەمشێوەیە زۆربەی کات ئەو نیشانانە/وشانە دەکرێت ببنە دەرخەری ڕێزنەگرتن، چونکە زۆر بەکاردەهێنرێن و سەر لە قسەکەر دەشێوێنن یان بەسادەیی دەکرێت بوترێت ئەوانە بۆ ئاماژەکردنێکی بەڕێزانە بەکاردێن، بەوەی کە گوێگرەکە بە بێڕێزانە گوێی نەگرتووە! (Rathje, 2011:1)

بێگومان ئەمەش ((بە پلەی یەکەم لە ڕێگەی ئاوازە و هێزی دەربڕینی ئەو کەرەستانەوە دەبێت، کە لە بنەچەدا بوونیان بە مەبەستی ئەوەیە، قسەکەر بزانێت گوێگرەکەی بەردەوامە لە گوێگرتندا لێی، هەروەها گرژی و خاوبوونەوەی ماسوولکەکانی دەموچاویش وەك کردەی نازمانی ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتای دروستی دەربڕاوەکەدا دەبێت)).[١٦] ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو وشە و دەستەواژانەی ڕێزگرتنی تێدایە یان بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن بە دووبارەبوونەوەیان جۆرێك لە ڕۆتینیان تێدایە، ((هەندێك لەو دەستەواژە زمانییانە دەکرێت، وەکو ناسێنەرەوەی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن پۆلێنبکرێن تاڕادەیەکی زۆر بوونەتە ڕۆتین، بەڵام دەشێت هەموویان وەکیەك ڕۆڵ لە دروستکردنی ڕەفتارە وەرگیراو یان وەرنەگیراوەکانی ناو پێوەندییەکاندا ببینن)) (Watts, 2003:31) ، جا بۆئەوەی ڕەفتارەکان بە بەڕێزانە یان بێڕێزانە ناوبنرێن پێویستە لێکۆڵینەوە لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە پێوەندییەکاندا بکرێت.

### ١-١-٦ پۆلێنکردنی ڕێزگرتن:

زۆرجار باسکردن لە ڕێزگرتن کێشەی دێتەڕێ، ئەمەش زۆرتر بە هۆی ئەو ڕاستییەوەیە، کە دەڵێت: ((ڕێزگرتن بریتییە لە زاراوەیەکی باو، بەواتایەکی تر چەمکی ڕێزگرتن بۆ دوو بیری کۆن/تەقلیدی(Tradition)دەگەڕێتەوە: یەکەمیان بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەندیدارە بە ڕێزگرتنی ناو ئاخاوتنەکان، ئەتەکێت یان خووە باشەکان. دووەمیان پتر پراگماتیکییە/ ڕوومەندیپارێزە)) (Hickey and Stewart, 2005:3). بۆیە لەمڕووەوە **واتس** (2003:4) پلەبەندییەك بۆ دیاردەی ڕێزگرتن دەکات و پێیوایە: ڕێزگرتنی پلەیەك زاراوە باوەکە دەگرێتەوە، ڕێزگرتنی پلە دووش وەك چەمکی تیۆریی ڕێزگرتن لە زمانەوانی ی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت. بە شێوەیەکی گشتی لە کتێبەکەیدا ڕێزگرتنی پلە دووی وەلاناوەو بایەخی پێنەداوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت، کە بیرۆکەی ڕێزگرتنی پلەدوو نابێت لە خودی ڕێزگرتن واتە ڕێزگرتنی پلەیەك دابڕێت.

---

[١٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هۆگر مەحموود فەرەج، شوێن: زانکۆی سلێمانی، سکۆڵی زمان، ٢٠١١/١١/١٧.

**١-١-٦-١ ڕێزگرتنی ی پلە یەك:**

**ئەركی سەرەكی ڕێزگرتنی پلەیەك ڕوونكردنەوەی ئەو پێوەر و مەزەندانەیە، كە بڕیار لەسەر جۆر و ڕادەی ڕەفتاری بەڕێزانە و ڕەفتاری بێڕێزانە دەدەن، واتە چۆن بەشداربووانی ناو پێوەندییەكان ڕەفتارەكان بۆ بەڕێزانە و بێڕێزانە پۆلێندەكەن؟ كەواتە ((دیمانەی ڕێزگرتنی پلەیەك یان ڕێزنەگرتنی پلەیەك دەبێت توانای ئەوەی هەبێت كاریگەرییەكانی هەموو ئەو پێكهاتانە ڕوونبكاتەوە، كە ڕەنگە جێگەی مشتومڕ و لێكدانەوە بن. سەرەڕای ئەمەش بەشێكی گرنگی ئەم دیمانەیە دەبێت هەر لەسەرەتاوە بریتیبێت لە ئاماژەكردن بە توانای بەشداربووانی پێوەندییەكان بۆ ناسینەوەی ڕەفتارە كۆمەلایەتییە گونجاوەكان))** (Watts, 2003:162).

**لێرەوە دەتوانرێت بوترێت ڕێزگرتنی پلەیەك پشت بە توانا و بەسەلیقەیی بەشداربووان دەبەستێت.((لە هەر زمانێكدا بێتو بە هەر زاراوەیەك ئاماژەی پێبكرێت بۆ دروستكردنی ڕەفتاری هاریكارانەو گرنگیدانە بە بەرامبەرو نواندنی ڕەفتاری جوان و باشە))**(Watts, 2003:17). **واتە بریتییە لەو((شێوازانەی تێیدا ڕەفتار و وتەی ڕێزمەندانە لەلایەن ئەندامە ئاساییەكانی زمانێك لە كۆمەڵدا هەڵدەسەنگێنرێت و ڕەخنەی لێدەگرێت))** (Watts, 2003:273). **لەو كاتەی بیرۆكەی بەچەمككردنی ئایدۆلۆژییانەی ڕێزگرتن سەریهەڵداوە و بووەتە هۆی بەرجەستەكردنی ڕێزگرتن، ئەمەش وایكرد ڕێزگرتنی ی پلەیەك وەكو بابەتێكی سروشتی دەربكەوێت.**

**وادەردەكەوێت تێگەیشتنی قسەپێكەرانی زمانەكان لە گرنگیدانیاندا بە ڕێزگرتن و لە بە چەمككردنی بابەتەكە جیاوازبن، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە یەكدەنگن، كە بایەخ و گرنگی بە بەرامبەر وەكو بەشێكی كرۆكی و بنەڕەتی ڕێزگرتن بدرێت. واتە لێكۆڵینەوەی ڕێزگرتنی پلەیەك، تاكە ئامرازی گونجاوە بۆ گەشەكردن و بەرەوپێشبردنی دیمانەی كۆمەلایەتی ڕێزگرتن، هەروەها ((لە چەمكە گشتییەكەی ڕێزگرتن دەدوێت لە ڕێگا جیاوازەكانی هەر ڕەفتارێكی ڕێزگرتن دەكۆڵێتەوە. ئێلین پێیوایە، كە تەنیا چەمكی قسەكردن لە لایەن خەڵكەوە نییە، بەڵكو وەكو دیاردەیەك بە ڕەفتارە ئاڵۆزەكانەوە پەیوەستە** (Watts, 2003:47).

**گۆشەنیگای یۆنانییەكان لە بارەی ڕێزگرتنی پلەیەك بریتییە لە دەربڕینی هەستی نزیكی و نیشاندانی گەرموگوڕیی و هاوڕێیەتی، لای ئەمان گرنگیدان بە بەرامبەر بەدیدەكرێت، هەر بۆیە قسەپێكەرانی زمانی یۆنانی پتر جەخت لەوە دەكەن، كە بەلای گوێگرەكانیانەوە دەربڕینی خەمخۆری و گرنگیدان بە بەرامبەر یەكێكە لە تایبەتییە سەرەكییەكانی ڕێزگرتنی پلەیەك. گۆشەنیگای ئینگلیزەكان سەبارەت بە ڕێزگرتنی پلەیەك لە هی یۆنانییەكان فراوانترە و جەخت لە گرنگیدان بە بەرامبەر كراوە، بەڵام فەرمیبوون–واتە ئارەزووی دروستنەكردنی بارگرانی لەسەر گوێگر–یش باسكراوە. لەبارەی ئەوەی لە كەلتووری ئینگلیزیدا پتر گرنگییان بە**

چیداوە؟ ماریا سیفانۆ(Maria Sifianou) دەڵێت: دەربڕینە خۆنەویستییەکان/خۆخستنە خزمەتی بەرامبەر(Altruism)، بەخشندەیی، ڕەوشتمەندی، خۆبەزلنەگرتن(Self-Abnegation) پتر بایەخیان پێدراوە. بێگومان تێگەیشتنی ڕووسەکانیش بۆ ڕێزگرتنی پلەیەك لە ڕێگەی وشە یان لێکسیمی(Vezhlivost) ـەوەیە. بەگشتی هەر بەو شێوەیەی یۆنانییەکان بوو، کە بریتییە لە جەختکردن لە نیشاندانی نزیکیی هەستەکان و گەرموگوڕی و هاوڕێیەتی))(Watts, 2003:14-15).

جیاوازیی گرنگ لە نێوان چەمکی ڕێزگرتن لە زمانی"یۆنانی و ئیگبۆ"دا لە لایەك و زمانی "ڕووسی" لەلایەکی ترەوە، ئەوەیە ڕووسەکان بەزۆری پێیانوایە کەسێکی بەڕێز نابێت زمانێکی نافەرمی، واتە ڕەق(coarse) یان بازاڕی(vulgar) بەکاربهێنێت، بەمەش پێکەوەبەستنێك لە نێوان زمان و ڕێزگرتندا هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی خۆیان ڕووسی نین و سەبارەت بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ی ڕووسەکان قسەدەکەن، تێبینی ئەوە دەکەن لە گفتوگۆکانیاندا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕاستەوخۆیی هەیە، ئەمەش لەگەڵ ئارەزووی نیشاندانی دووری و شێوازی فەرمیبوونی لای ئینگلیزەکان پێچەوانە دەوەستێتەوە (Watts, 2003:15). ئەم زاراوە و وشانە پێویستە دووبارە بەرهەمبهێنرێنەوە و جارێکی تر دابڕێژرێنەوە و گفتوگۆی پتریان لە بارەوە بکرێت لە هەر کات و شوێنێکدا لە پێوەندی زارەکیدا بەکاربێن، ئەگەر نەمانەوێت واز لە بیرۆکەی بەجیهانیبوونی بهێنین، دەبێت ڕێزگرتنی پلەیەك بە شێوەیەك پێناسە بکەین، کە بتوانین لە پێوەندییە زارەکییەکانی هەر زمانێکدا بیناسینەوە.

### ١-١-٦-٢ ڕێزگرتنی ی پلە دوو:

سەرەتا واباشە بزانین مەبەست لە زاراوەی ڕێزگرتنی پلەدوو چییە و واتای چی دەگەیەنێت؟ بێگومان ئەوە ڕوونە، ((زاراوەی ڕێزگرتنی ی پلەدوو واتایەکی جیاوازتر لەو تێگەیشتنەی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بۆ زاراوەکەمان هەیە، دەگەێنێت. تاڕادەیەکی زۆر گفتوگۆکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ڕێزگرتن بایەخ بە بەکارهێنانی زمانێکی بەڕێزانە لە پێوەندییە زارەکییەکاندا دەدات، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەش کە لەسەریان دەکرێت)) (Watts, 2003:10). بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا لە چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە باس لەم زاراوەیە دەکەین بۆ نزیکبوونەوە لە زاراوەی ڕێزگرتن و پتر دەرخستنی هەندێك لەو جیاوازیی بۆچوونانەی، کە سەبارەت بە زاراوەکە هەن و بە ڕێزگرتنی ی زمانی ناسراوە. لێرەدا واتس(2003:30) پێشنیازی ئەوە دەکات ((زاراوەی ڕێزگرتن وەك زاراوەیەکی تەکنیکی لە لێکۆڵینەوەی پراگماتیکی و زمانەوانی ی کۆمەڵایەتی ی پێوەندییە زارەکییەکاندا بۆ ڕێزگرتنی ی پلەدوو بەکاربێت)). واتە ئەم زاراوەیە بوارێکی گشتگیری وەرگرتووە، ڕێزگرتن و ئەو بابەتانەی بەویشەوە پەیوەستن بووەتە دیمانەیەك، بۆیە ((دیمانەی ڕێزگرتنی پلەدوو، دەبێت پێوەندیداربێت بە لێکۆڵینەوەی ئەو

ململانێیەی سەبارەت بە ڕێزگرتنی پلەیەك دروستبووە. واتە پێوەندیدار بێت بەو ڕێگایانەی، کە بەهۆیانەوە ڕفتارە گونجاو و نەگونجاوەکان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە هەڵدەسەنگێنرێن و قسەیان لەبارەیەوە دەکرێت. نابێت دیمانەی ڕێزگرتن خۆی بەو ڕێگایانەوە پەیوەست بکات، کە بەهۆیانەوە شارەزایان بەکارهێنانی زاراوەی ڕێزگرتنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا لابردووە و تەنیا وەکو بابەتێکی دیمانەکی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ناویانناوە ڕێزگرتن)) (Watts, 2003:9).

لە دیمانەکانی ڕێزگرتندا زاراوەی ڕێزگرتن بۆ شێوازە جیاوازەکانی بەچەمککردنی ڕێزگرتنی پلەدوو بەکاردێت، بەڵام ئەمە تەنیا لێڵی دەخاتە بابەتەکەوە، چونکە ڕێزگرتنی پلەدوو لەلایەکەوە ((پێکهاتەیەکی دیمانەییە، کە گوزارشت لە دیمانەی بەکارهێنانی زمان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. لەلایەکی ترەوە مەرج و زاراوەی جیاوازی تر دەردەبڕرێت. وەکو زاراوەیەکی تەکنیکی وشەی ڕێزگرتن هەمیشە ئەو واتایە نابەخشێت، کە قسەکەرە ئینگلیزەکان مەبەستیانە و پێیانوایە هەیەتی. بەڵکو لەجیاتی ئەوە دەبێت لە بابەتی ڕێزگرتن و هەڵسوکەوتی بەڕێزانەدا وەکو زاراوەیەك سەیربکرێت کە بوونێکی هەمیشەیی هەیە و دەشێت لە هەموو  کات و شوێنێکدا دەربکەوێت (Watts, 2003:47). لێرەشدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ((ئایا دیمانەی ڕێزگرتنی پلە دوو پێویستە بە بیرۆکەکانی ڕێزگرتنەوە تایبەت بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، دوو لایەنیە: بەڵی و نەخێر.  بەڵێ لەبەرئەوەی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا، کە سەبارەت بە زاراوەکان کراون ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی دەبێت خودی زاراوەکە لە بەکارهێناندا ببێتە جێگەی بایەخی سەرەکی، نەخێر لەبەرئەوەی دیمانەی ڕێزگرتن نابێت بۆ خوڵقاندنی زاراوەیەکی لاوەکی ی گشتی هەوڵبدات، کە بتوانرێت بەسەر کەلتووری هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەر کاتێکدا بچەسپێت)) (Watts, 2003:9). هەروەها ڕێزگرتنی پلەدوو ((زاراوەیەکی دیمانەییە لە دیمانەی جیهانی ڕێزگرتندا ئاماژە بۆ ئەو شێوازە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانە دەکات، کە ڕەچاوی کەسی بەرامبەر دەکەن و بە شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان تاکەکاندا پارێزراوە)) (Watts, 2003:277). لە توێژینەوەکانی دووای ئەماندا، باس لەوە کراوە ئەم بەجیهانیبوونەی ڕێزگرتن پێوەندی بە ڕێزگرتنی پلە یەکەوە هەیە و ((دۆزی بەجیهانیبوون پێوەندی بە بابەتی بە چەمککردنی بیرۆکەی نموونەیی ڕێزگرتنی پلەدووەوە هەیە، نەك بەو ڕێگایانەی بە هۆیانەوە گرووپێك خەڵك ململانێ لەسەر ڕێزگرتنی پلەیەك یان هەر زاراوەیەکی تر دەکەن، کە لە زمانەکەی خۆیاندا بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریدەهێنن)) (Watts, 2003:12).

باشتر وایە ئاماژە بەوە بدەین، کە دەکرێت لە گرنگیدان بە بابەتە سەرەتاییەکانی ئامرازە زمانییەکانی ڕێزگرتنی پلە دووەوە بچینە سەر گرنگیدان و لێکۆڵینەوەی وردتری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ڕۆڵەی ڕێزگرتنی پلەیەك لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیبینێت.

## ١-١-٧ ئەتەکێتی زمانی-Linguistic Etiquette:

لە بنەڕەتدا پێکهاتەی مرۆڤ هەمووی لەسەر یاسا و ڕێسا بنیادنراوە و هەر لەخۆوە نییە، بۆیە لە ژیانیدا هەوڵدەدات هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارە زمانییەکانی بەڕێکوپێکی و بەپێی یاسا و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵ ئەنجامبدات، نەك هەر ئەوە بگرە مرۆڤ لە زۆربەی کارەکاندا پێوسیتی بە ئەتەکێتە، ئەمەش وایکردووە مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە گرنگیپێبدات، بۆ نموونە لە قسەکردن، جلوبەرگ لەبەرکردن، نانخواردن،...هتد، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەتەکێتی زمانییە، کە تێیدا ئەوەندەی شێوازی قسەکردن و چۆنێتی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و دەربڕینەکان گرنگن، ئەوەندە جۆری وشەکان گرنگ نییە. لەمڕووەوە **گابریێل کاسپەر** (2007:1)، دەڵێت: ((ئەتەکێتی زمانی لە زۆربەی دەربڕینەکاندا بۆ لایەنی کارەکی(Practice) ڕێکخستنی کارە زمانییەکان دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی لەگەڵ ئەو دۆخی پێوەندییەی لەو کاتەدا هەیە، بگونجێت)). لێرەدا مەبەستی ئێمە زۆر لەو واتایە فراوانترە، کە لە کۆندا بۆ وشەی ئەتەکێت دانراوە و زاراوەکە سنووردار دەکات و وا دادەنێت، کە وشەکە ئاماژەیە بۆ یاسا، هەروەك لە فەرهەنگی لۆنگماندا هاتووە: ((یاسایەکی شێوازبەندی ڕەفتاری بەڕێزانەیە لە کۆمەڵدا یان تایبەت بە کۆمەڵێك)) (Longman, 2003:466).

هەروەها لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردیشدا هاتووە، ((یاسایەکە بۆ ڕێزگرتن و ڕەفتاری ڕاست/ گونجاو)) (Oxford, 2009:266)، ڕاستە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناو ئاخاوتنەکان گرنگە، بەڵام قسەکردن لەمەڕ ئەوەی، کە ڕێزگرتنی ناو ڕەفتارە زمانییەکان لە ڕێگەی دەوروبەر و بارودۆخەکەوە بڕیاری بەسەردا دەدرێت و تایبەتێتییەکی سروشتیی ناو ئاخاوتن نییە، ئەمەش بابەتەکە پتر دەباتە پێشەوە و ئاشکرایدەکات، کە ڕێزگرتن شتێك نییە، تەنیا بە قسەکەرانەوە پەیوەست بێت و بەرهەمی ئەوان بێت و پێوەندیی بە زمانەوە نەبێت، بۆیە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی بنەمای ڕەفتارەکانی قسەکەر دانراون، جا ئەو ڕەفتارە لە شێوەی زمانیدا بێت یان هەر شێوازە ڕەفتارێکی تر بێت، کە بە پێی کۆمەڵ و پێودانگ و بەهاکانی ناوی، بەڕەفتارێکی بەڕێزانە/بێڕێزانە هەڵدەسەنگێندرێت(Kasper, 2007:1) بێگومان لە ئەتەکێتی زمانیدا ڕەچاوی شێوازی قسەکردن و چۆنێتی بەکارهێنانی وشە و ڕستە ئیدیۆم و دەربڕینەکان دەکرێت، بەوەی لە ئاخاوتندا دەبێت بە پێی کات و شوێن و کەسانی بەشداربوو گرنگی پێبدرێت.

## ١-٢ پێوەندی ڕێزگرتن بە"کات"و"شوێن"ـەوە:

کات و شوێن دوو زاراوەن لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردێن و ڕۆڵی گرنگیان هەیە، ئەمەش وای لە مرۆڤ کردووە بەپێی کات و شوێن ڕەفتاری زمانی و شێوازی ئاخاوتنی بگۆڕرێت و دەربڕینی جیاوازی هەبێت. واتە ((کات و شوێن دوولایەنی سەرەکیی لێکۆڵینەوەی زمانین، چونکە زمان بە جیاوازیی کات و شوێن لە گۆڕران و گەشەکردندا دەبێت، بۆیە گرنگییەکی تەواو بە دیاریکردنی کات و شوێن دەدات)) (شەمس، ٢٠٠٦:٦).

کاتێك باس لە کات دەکەین دەبێت ئاگاداری شوێنیش بین بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. هاوکات ((کات و شوێن دوو شتی لە یەکجودان و هەریەکەیان تایبەتمەندی ی خۆی هەیە و شتێکی گشتی لەگەڵ یەکتردا تێکەڵیان دەکات و لە ئەنجامی ئەمەشدا هەریەکەیان لەگەڵ ئەوەیتر دا گوزەر دەکات و هەمان حاڵەتی هەستپێکردنیان دەبێت، خۆ ئەگەر جیاشبکرێنەوە، هەریەکەیان بە خێراییەك دەڕوات لەوەیتر جیاوازە، بۆیە پێگەی هەریەکەیان لەویتر جیاوازە)) (توفیق، ١٩٨٢:٧٣). کات و شوێن پێوەندییەکی زۆریان بە زمانەوە هەیە، بێگومان ((ڕۆڵی دەستنیشانکردنی شوێن و کات، لە زمانە سروشتییەکاندا ڕۆڵێکی بالادەستە)) (لاینز، ١٩٨٧:٢٥٧). واتە ئەم دووانە لە زماندا کاریگەری زۆریان هەیەو((زمانیش بۆ خۆی لە ناو کات و شوێندا، ڕەهەندێکی سێیەمی دەبێت، کە تێیدا چ کات و چ شوێن، بۆ بەرژەوەندیی زمانەکە بەیەکدا دەچن، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیێنێت، کە زمان چۆنی بوێت، ئاوا کار بە کات و شوێن دەکات و لە شوێنەوە بەرەو کات دەڕوات، کاتیش وای لێدەکات، کە نیشانە بێت بۆ شوێن)) (فەرەج، ٢٠٠٠:٧٣). ئەم دووانە بە زمانەوە پەیوەستن و پێکەوە بنیادی گوتنەکە دادەنێن و واتاشی پێدەدات واتە بە هۆی بوونی کات و شوێن لە کردارەکەدا، ئەوا "ئەمڕۆ"وەك کات و "قەڵای هەولێر" وەك شوێن، نەدەهاتنە ناوەوە، بۆ نموونە:

- ئەمڕۆ چەند گەشتیارێك دەچن بۆ قەڵای هەولێر.

پێگەی کات و شوێن گرنگە و ((لە زمان نابنەوە و تێیدا هەمیشەیین، ئەگەر وا دابنرێت کە لێی دادەماڵرێن، ئەوا لە کات و شوێندا نامێنێت. زمان بەکارهێنانیش، بە کات و شوێن پێکەوە بنیاتی قسەکەی و واتای دەرخستنەکەی دادەڕێژێت. جا لە بنیاتەکەیدا، بەوەی کە شوێنێکە، ئەو ڕۆنانەی مەبەستێتی دایدەڕێژێت، هەر بەوەیش واتا بە وتنەکەی دەدات، خۆ ئەگەر زمان تەنیا وەك کات، یان تەنیا وەك شوێن سەیر بکرێت، ئەوا لایەنی پێڕەوێتییەکەی دەشێواو لەوە دەردەچوو، کە توانای گۆڕینەوەی بیر، یان گەیاندنی ببێت. کەواتە بوونی زمان بەم دووانەوە بەستراوە و هەر ئەمەشە وایکردووە، کە لەیەك کاتدا بە دوو هێما و دوو نیشانە بژمێررێن)) (فەرەج، ٢٠٠٠:٧٣).

له لایەکی ترەوە گرنگی زمانی مرۆیی لەوە دایە، لە هەر کات و شوێنێکدا بێت ئاماژە بۆ شتەکان دەکات، **چارلز هۆکت** (**Charles Hocket**) دەڵێت: ((زمانی مرۆڤ لە توانای دایە، ئاماژە بە چەند شت و چەند ڕووداوێکی دوور لە قسەکەر لە ڕووی کات و شوێنەوە بدات، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەچەند شتێك بکرێت، کە لەو دەوروبەردا بوونی نییەو نەبینراوە و نەبیستراوە یاخود هەستی پێنەکراوە)) (خرما، ١٤٩:١٩٨٧). ئەم دوو نیشانەیە لە زماندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بۆیە دەبێت بە هەند وەریان بگرین و لە ئاخاوتندا ڕەچاویان بکەین. ((ئێمە هەمیشە زمان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنین، کات و شوێن پێکەوە دەوروبەرێکمان بۆ پێکدەهێنێت، کە زمان تێیدا بەکاردەهێنرێت لە هەر دەوروبەرێکدا کۆمەڵێك هۆکار هەن، کە دەتوانن یارمەتی گوزارشتی زمانی بدەن)) (باطنی، ١٤٩:١٣٧٤).[١٧]

## ١-٢-١ ڕێزگرتن بە پێی کات:

مرۆڤ هەموو ژیان و تەمەنی بە کاتەوە پەیوەستە، ئەمەش وایکردوە کاردانەوەی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەبێت. ڕێزگرتن وەك دیاردەیەکی زمانی پێوەندیی زۆری بە کاتەوە هەیە. ئەگەر کەمێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە سەدەکانی شازدەهەم تا نۆزدەهەم و سەرنجێکی خێرا لەو بابەتە بدەین، دەبینین ڕێزگرتن ((بە درێژایی ئەو سەدانە گۆڕانی زۆر و جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە لە شێوازی ئەو لێکدانەوانەی، کە بۆ بەڕێزی و ڕێزگرتن کراون)) (Watts, 2003:34). هەرچەندە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەمەوە واتاکانی زاراوەی ڕێزگرتن بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕرانی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی پێناسەکەرانی ڕێزگرتن لەوەدا کۆکن، کە ڕێزگرتن بریتیبێت لە ڕەفتارێك، کە تێیدا گرنگی بە ڕوومەندی ی کەسی بەرامبەر دەدرێت، بۆیە ((لە سەدەی شازدەهەمدا ئەو وشانەی بە واتای زاراوەی ڕێزگرتن بەکاردەهاتن، یاخود واتای ڕێزگرتنیان دەگەیاند، بریتیبوون لە"ڕەفتاری باش، ڕەفتاری بەڕێزانە، چاکەکاری (Virtue)، سروشتی باش، شارستانی،...هتد"و ئەو کەسانەی ناو کۆمەڵیش،کە ڕەفتارەکانیان ئەم پەسنانەی سەرەوەیان تێدابوو، بەوشەکانی بەڕێز، پیاوماقووڵ ناودەبران)) (Watts, 2003:36). هەروەها بەگوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ ئتیمۆلۆژی زمانەوانی ((لە سەدەی حەڤدەهەمدا کەسی بە ئەدەب بریتیبوو لە ڕەوشتجوان و خاوێن، هەروەها زاراوەکە هیچ بەڵگەیەکمان سەبارەت بە هەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئاراستە مێژووییەکەیدا پێنادات. پێناسەکە هاوبەشی لەگەڵ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە چینە باڵاکاندا پێدەکات)) (Reiter,2000:1)[١٨] بۆیە بە چەمککردنە جیاوازەکانی ڕێزگرتن و ئەو بۆچوون و لێکدانەوە جیاوازانەی

---

[١٧]) هەروەها، بڕوانە: (فەرەج، ١٦:٢٠٠٠).

[١٨]) هەروەها، بڕوانە: (Reiter and Placencia, 2005:143).

سەبارەت بە بابەتەکە هەن، جێگەی ئەوەن هەموو پێکەوە وەکو بابەتێکی ڕێژەیی سەیری بکەین، ئەمەش بەو واتایەی لە یەکچوون لە نێوانیاندا هەیە.

لە گۆشەنیگایەکی مێژووییەوە لانی کەم لە ئەورووپای ڕۆژئاوەوە، ناسینەوەی زاراوەکانی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن لە زمانە جیاوازەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا دا بە چەند گۆڕانێکی واتاییدا ڕۆیشتوون بەتایبەت لەوکاتەی بۆ یەکەمجار لە لایەن نووسەرە ئیتالیاییەکانەوە بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە لە سەدەی شازدەهەمدا بەکارهێنران. لە زمانی ئینگلیزیدا بەپێی کاتی ئێستا و سەردەمی ڕابردوو خوێندنەوەی جیاجیای بۆ دەکرێت، بۆنموونە هەموو قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزی هەستە ئەرێنییەکان بە ڕێزگرتن و بەڕێزانەوە نابەستنەوە، چۆنییەتی تێگەیشتنی خەڵك بۆ ڕێزگرتن لە سەدەکانی پێشوودا زۆر جیاوازە لەو تێگەیشتنەی لە ئێستادا بۆ ڕێزگرتن هەیە. بێگومان قسەکەری فەرمی هەر زمانێك بگریت، بیرۆکە و ئایدیای تایبەتیان لەمەڕ ئەو جۆرە ڕێز و ڕەفتارەی لە ڕێگەی زاراوەی ناو زمانەکەی خۆیانەوە دەردەبڕرێت هەیە و زۆربەی جاریش قسەپێکەری زمانە جیاوازەکان بۆچوونەکانیان سەبارەت بەو بابەتە جیاوازە، ڕەنگە لە واتا و ئەو وشانەی لەگەڵیاندا بەکاردێن لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر–یان لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر–جیاواز بن، لەبەرئەوە ئەو زاراوانە و خودی دیاردەکان دەگونجێن بەپێی تێپەڕینی کات گۆڕانی واتاییان بەسەر دابێت (Watts, 2003:30-31). واتە بە جیاوازبوونی کۆمەڵان یان تێپەڕبوونی کات، زۆرجار یاسا و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕرێت، چونکە ((هەر کۆمەڵێك یاسا و پێوەری قسەکردنی خۆی هەیە و لە کۆمەڵێکی تر جیاوازە، ئەم پێوەرە کۆمەڵایەتییانەش لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا بەپێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت)) (شەمس، ٢٠٠٦:٤٦).

تێگەیشتنی خەڵك بۆ ڕێزگرتن یان بەڕێزانە بە پێی کات و سەردەمەکە، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنکی تر جیاوازە، چونکە قسەپێکەرانی زمان بە پێی کاتی ئێستا و سەردەمی ڕابردوو، خوێندنەوەی جیاجیایان بۆ دەکەن، بۆنموونە لە کوردەواریدا تا چەند ساڵێك لەمەوپێش کاتێك بە یەکێك دەوترا: **- هێی سەر ڕووت چۆنی؟**

بە بێڕێزی ئەژمار دەکرا، بەڵام لە ئێستادا بووەتە شتێکی ئاسایی و ئەو ئاماژە نەرێنییەی نەماوە. هەروەها وایدەبینین زاراوەی"**مەلا**"ش جاران بۆ دەربڕینی ڕێزگرتنی پتر بە زانای ئایینی دەوترا، بەڵام لە ئێستادا کەسانی ڕۆشنبیر زۆرجار بۆ کەسانی نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوار بەکاریدەهێنن، یاخود ڕەنگە هەندێکجار پێوەندی بەمانەشەوە نەبێت، تەنیا بۆ شکاندن و گاڵتەپێکردن بێت، چونکە ئەم زاراوەیە ئەو ئاماژە ئەرێنییەی جارانی نەماوە، بۆیە ئێستا ئەو زانا ئایینیانە پێیان خۆشە بە"**مامۆستا**" بانگ بکرێن. **- مامۆستا بانگ بووە؟**

لەڕاستیدا بەشداربووانی ئاخاوتن کاردانەوەیان بەرامبەر دەربڕینە زمانییەکان دەبێت. دیارە گرنگی دیمانەکەش لەوە دایە، کە دەبێت توانای هەڵسەنگاندنی ساتەکانمان پێببەخشێت و وامان لێبکات ئەو ساتانە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا بە گرنگ تەماشا بکەین، کە تێیاندا کەرەستە جیاوازەکانی پێوەندی بەردەوام لە دووبارە دروستبوونەوە و بنیادنانەوەدان، بەڵام دەبێت توانای ئەوەشمان بداتێ، کە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ لایەنە گشتییەکانی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن بگەڕێین، بەبێ گوێدانە ئەوەی کام گروپی کۆمەڵایەتی لە ژێر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەدایە؟ دەبێت دیمانەی ڕێزگرتن توانای دیاریکردنی کات و ساتەکانمان بداتێ و لەبەرچاوی بگرێت و وامان لێبکات لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو کاتانە بە هەند وەربگرین (Watts, 2003:27-30).

## ١-٢-٢ ڕێزگرتن لە کات:

کات وەك پێوانەیەك بۆ دیاریکردنی ئەو ساتانەی، کە لە چوارچێوەی شەو ڕۆژ و مانگ و ساڵدا تێپەڕدەبن، گرنگی و نرخ و پیرۆزی خۆی هەیە و سەرمایەی مرۆڤە، بۆیە دەبێت وریابین و ئەو ڕاستییە لەبەرچاوبگرین و ڕێزی لێبگرین و بزانین لە چیدا بە سەری دەبەین؟ یان چی بکەین بۆ ئەوەی کاتەکانمان بە فیڕۆ نەدەین. بێگومان لە ژیانی مرۆڤدا کات گرنگیی زۆری هەیە و خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، وەك ئەوەی دەستمایەی ژیانە، بە تێپەڕبوونی گەڕاندنەوەی نییە. گرنگی و نرخی کات زۆر لەوە پترە، کە بە بیری هەر یەکێکماندا دێت، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پترە. هەروەها ئایینە ئاسمانییەکان، وەك جوولەکە، مەسیحی، زەردەشتی، ئیسلام بایەخی زۆریان بە کات داوە، بۆنموونە: لە ئاینی ئیسلامدا زۆربەی فەرمان و پەرستشەکان، وەکو"نوێژ، ڕۆژوو، حەج، زەکات،...هتد" بە کاتێکی دیاریکراوەوە پەیوەستن، بۆیە لەبەر گرنگیی و بە نرخی کات یان بەشێك لە کات خوای گەورە لە چەندان ئایەتی قورئانی پیرۆز دا سوێندیان پێدەخوات، وەکو: **بەرەبەیان، چێشتەنگاو، عەسر، ڕۆژ، شەو، مانگ،...هتد**.[١٩]

هەروەها پێغەمبەری ئیسلام محەمەد دروودی خوای لێبێت لە فەرموودەکانیدا ئاماژەی بە گرنگیی کات داوە و لە فەرموودەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە، یەکێك لەو کارانەی لە ڕۆژی دواییدا خوای گەورە لێیدەکۆڵێتەوە تەمەنی مرۆڤە، کە چۆن و لە چیدا بە سەری بردووە؟ لە وتەیەکی ئیمامی عەلیدا هاتووە و دەڵێت: **کات وەك شمشێر وایە، ئەگەر نەیبڕیت دەتبڕێت.**

هەموو ئەمانە پێماندەڵێن کات گرنگی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، ئەمەش وایکردووە ڕێز لە کات بگیرێت و بە چاوێکی ڕێزەوە بۆی بڕوانرێت. دیارە بەنرخی و گرنگیی کات، وایکردووە

---

[١٩]) ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ١﴾ سورة العصر ، ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ١ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ٢ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ٣ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا ٤﴾ سورة الشمس
﴿وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ ١٨﴾ سورة التكوير ، ﴿وَٱلۡفَجۡرِ ١ وَلَيَالٍ عَشۡرٖ ٢﴾ سورة الفجر

هەموو کەس گرنگیی پێبدات و ڕێزی لێبگرێت، بە تایبەتی کەسە ژیرەکان پتر هەست بەو ڕاستییە دەکەن و بایەخی دەزانن. دیارە گەلی کوردیش، وەك هەر گەلێکی تر گرنگی ی بە کات داوە و ڕێز لێگرتووە و لەمڕووەوە پێشینانمان چەندان پەند و ئامۆژگارییان بۆ بەجێهشتووین، وتوویانە: **کات سەرمایەی ژیانە.** **کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەێنێ.**

**کات بەفیڕۆدان پەشیمانیی لە دوایە.**

### ١-٢-٣ ڕێزگرتن بە پێی شوێن:

شوێن وەك دەوروبەر و چوارچێوەیەکی جوگرافی و بەشێك لە پێڕەوی گەیاندن لە دیاردەی ڕێزگرتنی زمانیدا گرنگی زۆری هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر شوێنەکە لەبەرچاونەگیرێت لەوانەیە بێڕێزی ڕووبدات. بۆیە دەبێت ڕەچاوی شوێنی ئاخاوتن بکرێت، سەرەڕای ئەوەش ((بە پێی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی تێیداین پێویستە ڕێزگرتن بوونی هەبێت، ئەمەش لە گرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گروپێکی تر دەگۆڕرێت، بەڵام هێشتا دەبێت چەند بنەمایەکی گشتگیر و سەرتاسەری هەبن، کە هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا هاوبەشبن)) (Watts, 2003:31).

بۆ نموونە ئەگەر لە پرسەیەکدا پێبکەنین یان باسی ژن و ژنخوازی یان ڕاوشکار بکەین.

دیارە کات و شوێن پێکەوە بەستراون زۆرجاریش ((شوێن بە هۆی کاتەوە ئاماژەی پێدەدرێت، بەڵام ئەگەرچی ئەم بەکارهێنانە پراگماتیکییانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە لە یاد بکەین، کە لە بنەڕەتدا ئەم کارە لە زماندا بە هۆی بەستنی کات بە شوێنەوە دەبێت، ئەوجا هەلومەرجی ئەو دیاریکردنەی شوێن بە هۆی کاتەوە دەرەخسێت)) (فەرەج، ٢٠٠٠:١٣٧). لە کەلتووری کوردەواریدا شوێن وەك بەشێك لە پێڕەوی گەیاندن بۆ نیشانەی ڕێز و خۆشەویستی کاریگەریی زۆری لەسەر تاك و کۆمەڵ هەیە، بۆیە ((یەکێك لەو لایەنانەی کەلتووری ئێمە مامەڵەکردنە لەگەڵ شوێندا، بۆ گەیاندنی یان هەڵهێنجانی لایەنی ڕێز و خۆشەویستی، کە لە زمانیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆ نموونە لەم بەکارهێنانە بڕوانە:

**أ- بەچوونە ژوورەوەت، هەڵوێستیان چۆن بوو؟**

**ب- بە زۆر بردیانمە لای ژووروووەوە( سەرەوە ).**

لێرەدا، کەسی بەئاگا لە کەلتووری کوردەواری، لەمیانەی دەربڕینی (ب)دا، ئەگەرچی (بەزۆر) لە ئارادایە، ئەگەر دەربڕینەکە هەمووی وشە بە وشە بۆ زمانێکی وا، کە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە نزیکیی نەبێت[٢٠]، ئەوا دەشێت وەك زۆرەملێ و نیشانەی ناکۆکی سەیربکرێت، کەچی بۆ کوردێك، ئاساییە و ڕێزلێگرتنی تێدایە)) (فەرەج، ٢٠٠٠:٨٩-٩٠). ئەمەش ئەو

---

[٢٠]) کەمتازۆر کەلتووری گەلانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و دەرودراوسێ بە تایبەت لەگەڵ کورددا جیاوازییان نییە و یەکسانن.

ڕاستییە دەگەیەنێت، کە پێگەی شوێن لە کەلتووری کوردیدا زۆر گرنگە و دەتوانرێت ئاماژە بە پیرۆزی و ڕێز و بێڕێزی و پێگەی قسەکەر و گوێگر یش بکات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ((ئایا کات و شوێن کامیان سەرەکین و کامیان لە کامیانەوە وەرگیراوە، کە دیارە ئێمە مەبەستمان لە بەرجەستەکردنیانە لە زماندا، نەك وەك لایەنی فیزیکی، یان سروشتیی کات و شوێن بە پێی زانستی پەتی. لە ڕووانگەی زمانەوە، شوێن سەرەکیترە و کات لە شوێنەوە وەرگیراوە، یان بڵێین بە هۆی شوێنەوە باس لە کات دەکرێت)) (فەرەج، ١٣٩:٢٠٠٠). دیارە ئەمەش پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە نییە، چونکە مەبەستی ئێمە ئەوەیە، کە کات و شوێن لە بواری ڕێزگرتندا دوو هێمای زمانی زۆر گرنگن.

بەو پێیەش ڕێزگرتن دیاردەیەکی زمانییە و لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی تر دەگۆڕرێت، ئەمبارەش وا دەکات، کە ((هەندێك ڕەفتار لە هەندێك کات و شوێنی دیاریکراودا بەڕێزانەبن و لە شوێن و کاتی تردا نەگونجاو و بێڕێزانە بن)) (Lakoff, 2004:78). دیارە ئەمەش هەر لەبەرئەوەیە، کە ((ڕێزگرتن لە هەموو کات و شوێنێکدا وەك یەك نییە و جیاوازە. ئەوەی بە لای گوێگرەوە یان کەسی سێهەمەوە وتەیەکی بەڕێزانەیە، ڕەنگە بەلای قسەکەرەوە وتەیەك بێت، کە هیچ ڕێزگرتنێکی تێدا نەبێت و بەپێچەوانەشەوە)) (Leech, 1996:107).

## ١-٢-٤ ڕێزگرتن لە شوێن:

شوێن وەکو پێگەیەکی ئاخاوتن، ڕۆڵێکی گرنگ هەیە و دەبێتە هۆی گۆڕینی گوتن و ئاڕاستەی قسەکردن، هەروەها کەلتووریش یەکێکە لە هۆکارەکانی تر و وامانلێدەکات هەندێك شوێن بایەخی پێبدرێت و لە هەندێك شوێنی دیکە جودا بکرێتەوە، چونکە بەلایەوە پیرۆزە و ڕەچاوکردنی ئادابی گشتییە، هەموو ئەمانە وامان لێدەکات ڕێز لە هەندێك شوێن بگرین. ڕێزگرتن لە شوێن وەك دیاردەیەك لەناو زۆر میللەتدا هەستیپێدەکرێت و بوونی هەیە، گەلی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی بایەخ و گرنگی بە شوێن داوە و ڕێزی لێگرتووە، وەك:
دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەت و کتێبخانە و پرسە و بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی تریش، بۆیە دەبێت بە پێی ئەو شوێنە ڕەفتاری زمانی و هەڵسوکەوت بکەین و ڕێز لەو شوێنە بگرین بەتایبەتی شوێنە ئاینییەکانی وەکو مزگەوت و پەرستگاکان، باخچەی ساوایان و خوێندگا و زانکۆ و پەیمانگاکان،...هتد کە لای زۆربەی میللەتان گرنگی و پیرۆزی خۆیان هەن. بێگومان بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان و شێوازی قسەکردن بە پێی شوێن دەگۆڕرێن، خۆ ئەگەر بێت و ڕەچاوی شوێن نەکرێت، ئەوا دەبێتە بێڕێزی.

# بەشی دووەم

# کەلتوور و دیمانەکانی ڕێزگرتن

## ٢-١ پێوەندیی ڕێزگرتن بە کۆمەڵەوە:

نەریت و کەلتووری ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژیت کاریگەریی زۆری لە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکانی پەیوەست بە ڕێزگرتنی زمانییەوە هەیە، بۆیە لەم پارەدا بە کورتی باسی کۆمەڵ و کەلتوور و زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە پێوەند بەم دیاردە زمانییەوە دەکەین.

### ٢-١-١ زمان و کۆمەڵ:

بە چاوخشاندنێك بە مێژووی مرۆڤدا، بۆمان دەردەکەوێت پێوەندی ی زمان بە کۆمەڵەوە لەوپەڕی بەهێزی و پێویستیدایە و هیچ نەتەوەیەك بێ زمان نییە و هیچ زمانێکیش بێ کۆمەڵ و نەتەوە نییە[١] و دەتوانرێت بوترێت نە کۆمەڵ بەبێ زمان دەبێ، نە هیچ شارستانیەتێك بەبێ زمان بەردەوام دەبێت، هەر زمانە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیادەکاتەوە. زمان بەردی بناغەی کۆمەڵە، لەبارەی گرنگی زمانەوە، **ئۆڵدیوز هکسلی** (Aldous Huxley) دەڵێت: ((هەریەك لە کەلتووری مرۆڤایەتی، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، بیرکردنەوە، بەبێ بوونی زمان نابن)) (یوسف، ١٩٩٠:١٤٣). دیارە مرۆڤ پێش هەموو شتێك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش وای لە زانایان و زمانەوانان کردووە، کە زمانیان بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی داناوە[٢]، هاوکات ئامرازێکە بۆ گوزارشت لەوەی لە کۆمەڵدا ڕوودەدات،((بە وردی و ڕوونی هەموو وێنەی ڕووە جیاوازەکانمان، کە لەو کۆمەڵەدا ڕوودەدەن، لە لایەنی شارستانی و پەیڕەو و باوەڕ و ئاڕاستە هزری و کەلتووری و زانستی و هونەری و ئابووری و...هتد بۆ تۆماردەکات، هەروەکو **فندریس** ئاماژەی بۆ دەکات: "زمان ئاکامی بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتییە، دووایی دەبێتە بەهێزترین هۆکاری پێکەوەبەستنی تاکەکانی کۆمەڵ")) (الضامن، ١٩٨٩:٣٧).

زمان جگەلەوەی زانیاری دەگەیێنێت، هۆکارێکی گرنگی پاراستنی پێوەندییە و کاریگەریی لەسەر تاك هەیە، بەوەی هۆکارێکی گەیاندنە بە کەسانی تر، هەروەها((کاریگەریی لە کۆمەڵیشدا هەیە بەوەی هۆکارێکی کۆمەڵایەتییە و ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و هاوکاری، زمان کەلتوور و شارستانی کۆمەڵ دەپارێزێت و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیگوازێتەوە)).[٣] بێگومان مرۆڤ بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە زمان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی بەکاردەهێنێت و گرنگترین ئامێری پێوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکانە، جا لەبەرئەوەی زمان لەناو

---

[١] مەگەر زمانەکە لە ڕیزی زمانە مردووەکاندا بێت، وەك سۆمەری، کە دەقەکانی ماون، بەڵام نەتەوەکەی نەماون.

[٢] بۆ نموونە: ئەرستۆ پێیوابوو: ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەنگەکانی هێمای زاراوەیین و هیچ پێوەندییەکی سروشتی و ڕاستەوخۆیان بەواتاوە نییە)) (خرما، ١٩٧٨:٩٦). هەر لەمڕووەوە زمانەوانی ئەمریکی ساپیر(Sapir)یش لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆ دایە و پێیوایە: ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە)) (خرما، ١٩٧٨:١٠٧).

[٣] httpwww.lisanarabi.comvbarchiveindex.phpt-435.html 10/12/2010

کۆمەڵدایە و پێوەندییەکی بەهێزی بە کۆمەڵەوە هەیە و هەر گۆڕانکارییەك لە کۆمەڵدا ڕوویدات، ئەوا لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، بەمپێیە زمان و واتا لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و دەگۆڕرێت.[٤] بێگومان لە کۆمەڵی کوردەواری یان هەر کۆمەڵێکی تردا زۆر وشە هەن بە تێپەڕبوونی کات واتایان دەگۆڕرێت، واتە ((وشەکانی زمان بە پێی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و ئاینی خۆیان دەگونجێنن)) (معین، ٢٠٠٥:٧٢)، ئەمەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، وەك: شارستانیەت و دابونەریت و لایەنی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و دەروونی و ڕۆشنبیرییەکان. دیارە ((هەر گەشەپێدانێك لەم لایەنانەوە ڕوویدات بە گوزارشت و زمان دەردەبڕرێت، لەبەرئەوە زمان بە ڕاستگۆترین تۆماری مێژووی گەلان دادەنرێت، چەندێك شارستانییەتی گەلێك فراوان بێت و پێداویستییەکان زۆر بن، ئەوەندە پتر زمان گەشەدەکات)) (وافي، ١٩٧١:١٠)، بەمەش کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات.

مالینۆویسکی لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات و وایدادەنێت، کە ((زمان لە زنجیرەیەك چالاکی مرۆیی ڕێکخراو پێکهاتووە، هەروەها ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە زمان تەنیا هۆیەك بێت بۆ دەربڕین و گەیاندن، بەڵکو بە ڕای ئەو زمان هۆیەکە بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ و بەشێکە لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و ئەوە بە پێویست دەزانێت لێکۆڵینەوە لە زمان بە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانەوە ببەسترێتەوە)) (محەمەد، ٢٠٠٩:٧). بە لای فندریسەوە: ((زمان لە ئامێزی کۆمەڵدا دروستبووە. ڕۆژێك هاتەگۆڕێ، کە خەڵك هەستیان کرد لە نێوان خۆیاندا پێویستیان بە لێکتێگەیشتنە)) (الضامن، ١٩٨٩:٣٦). لە بارەی تایبەتمەندیی زمانەوە (وافي، ١٩٧١:٤–٥) ئاماژە بۆ سێ تایبەتمەندی دەکات:

١– لە هەموو کۆمەڵێکدا زمان پێڕەوێکی گشتییە و تاکەکانی لە پێڕەوکردنیدا هاوبەشن و وەك بنەمایەك بۆ دەربڕین و تێگەیشتن لەگەڵ یەکتر دا بەکاریدەهێنن.

٢–زمان دەستکردی تاکێك یاخود چەند تاکێکی دیاریکراو نییە،بەڵکو سروشتی کۆمەڵبوونەکە دروستیدەکات و لە ژیانی ئەو کۆمەڵبوونەوە سەرچاوە دەگرێت.

٣–زمان یەکێکە لەو دیاردانەی هەموو تاکێك وایدەبینێت، کە ناچارە بچێتە ژێر ڕکێفی ئەوەی زمان بۆی وێنادەکات. هەر دەرچوونێکیش لە پەیڕەوەکانی–ئەگەر بە هەڵە یان نەزانییش بێت–

---

[٤]) شۆڕشی١٤ی تەممووزی١٩٥٨بووە هۆی گۆڕرانی پێڕەوی کۆمەڵایەتی، بە دووایدا هەندێك وشە لەناوچوون وەکو پاشا، خاوەنشکۆ،..هتد لەبەرامبەردا هەندێك وشەی نوێ وەك کۆماری، شۆڕش،..هتد هاتنەگۆڕێ(الضامن،١٩٨٩:٣٨). لەوانەیە سەردەمێك ئەم وشانە پەسەندبووبن یان بە چاوێکی ڕێزەوە سەیرکرابن، بەڵام((بەتێپەڕبوونی کات واتاکانیان و کاریگەرییان پێچەوانە بوونەتەوە، هەندێکجار بە یارمەتی فەرهەنگ هەست بەم گۆڕانانە دەکەین)) (محەمەدئەمین، ٢٠٠٩:٦٥).

لەلایەن کۆمەڵەوە دووچاری بەرەنگاربوونەوە دەبێت و بۆ بارە ڕاستەکەی دەگەڕێنرێتەوە. واتە دەتوانرێت بوترێت کاتێك کەسێك وشە یان دەستەواژەیەك بە هەڵە دەردەبڕێت و لەو پەیڕەو و یاسایانە دەردەچێت، کە زمانەکە چوارچێوەی بۆ داناوە، تووشی گاڵتەپێکردن دەبێت یان بە گێل و نەزان ناودەبرێت.

زمان و کۆمەڵ پێوەندییەکی بەهێزیان بە یەکترەوە هەیە، بەوەی جگە لە گەیاندنی زانیاری و هەواڵپرسین، ناسنامەی قسەکەرە و مرۆڤ بە دەوروبەرەکەیەوە دەبەستێتەوە و بۆ جێخۆشکردن و خۆبردنەپێشەوە و خۆسەپاندنیش بەکاردێت، هەروەك فەتاح (١٩٨٦:١١٤-١١٥) لەمڕووەوە لە سێ خاڵدا ئاماژەیەکی پتر بەوە دەکات:

١- مرۆڤ بە هۆی زمانەوە دەتوانێت لە ناو کۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە. زمان چالاکییەکی کۆمەلایەتییە پتر لەوەی هۆیەك بێت بۆ هەستدەربڕین و زانیاری گەیاندن، لە زۆر باردا زمان تەنیا بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵگەیاندن نایەت، بەڵکو بۆ جێخۆشکردن و خۆبردنە پێش و خۆسەپاندن و شوێن گرتنە لە نێو ڕیزەکانی خەڵکیدا. بەڵگەمان بۆ ئەمە دەیان فۆرمێلایە وەك "چاکی؟، چۆنی؟، ڕۆژباش؟"کە لە ژیانی مرۆڤدا بە دەیانجار بۆ ڕازیکردنی خەڵك دووبارە دەبنەوە.

٢- زمان ناسنامەی کۆمەلایەتی ی قسەکەر دیاریدەکات و هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیار بدەین، قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی؟ هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەری چییە؟ سەر بە چ چینێکە؟ و ڕادەی خوێندەواریی چەندە؟

٣- زمان مرۆڤ و دەوروبەری بەیەکتر دەگەیەنێت، هاوکات ڕەنگدانەوەیەکی ئەو بارە کۆمەلایەتییەیە، کە قسەکەرانی تێدا دەژین.

## ٢-١-٢ ئەرکەکانی زمان[٥]:

زمان دەربڕی بیرە و بیریش پابەندی شارستانیەتە، واتە هەرسێکیان پابەندی یەکترن، بۆیە بە تێپەڕبوونی کات زمان گەشە دەکات و گۆڕانی بەسەردا دێت، ((چەند شارستانیەتی نەتەوە فراوانتر بێت ئەوەندە پێویستی ژیانی و بیرکردنەوە پتر دەبێت و هونەرەکانی قسەکردن

---

[٥]) مەبەست لە ئەرکەکانی زمان ئەو کارانەن، کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە لە کۆمەڵدا جێبەجێیان دەکات. ئاشکرایە ئەم کارانە زۆر ئاڵۆز و وردن، هەر وا بەئاسانی پۆلێن ناکرێن، بەڵام بەگشتی زمانەوانەکان ئەم ئەرکانە دەکەن بە حەوت جۆرەوە: زانیاری و هەواڵگەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان، جێخۆشکردن، ڕاپەڕاندن، هەستدەربڕین، وورووژاندن (فەتاح، ١٩٩٠:٢٦). بەلای هالیدایەوە گرنگترین ئەرکەکانی زمان هەشتن، کە بریتین لە: ئامرازە، ڕێکخەرە، کۆمەلایەتی، کەسێتی، زهنی، ئەندێشەیی، هەواڵی زانیاری، هێمایی)(یوسف، ١٩٩٠: ٢٢-٢٤).کۆندونیش لە وتارێکدا بەناوی"کاتێك خەڵك لەگەڵ یەکدەدەوێن" هەشت ئەرك بۆ پێوەندیکردنی کەسی دیاریکردووە: ((هاوسۆزی، قەدەغەکردنی پێوەندی، تۆمارکردن و گواستنەوە، پێوەندیکردنی بەسوود، ئەرکی سۆزداری، پاکبوونەوە، سیحر، پیرۆزی)) (عەبدوڕەحمان ، ٢٠٠٩: ٣٧-٣٨).

فراوانتر و زۆرتر دەبێت))(واڤی، ١٩٧١: ١٠-١١)، زمان بنەمای کۆمەڵە لە گشت سەردەم و کات و شوێنێکدا گرنگی هەیە. مالینۆویسکی لە گۆڕینی بۆچوونی زماندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو، پێیوابوو:((ناکرێت بەبێ زانینی ئەو ئەرکەی، کە زمان لە کۆمەڵدا پێی هەڵدەستێت، لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵ بکرێت. مالینۆوسکی دوای لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ-سەرەتاییەکان-گەیشتە ئەو ئەنجامەی، کە ئەرکی زمان تەنیا بریتی نییە لە هۆکارێك بۆ لێکتێگەیشتن و گەیاندن، بەڵکو ئەرکی زمان بازنەیەکە لە زنجیرە چالاکییە ڕێکخراوەکانی مرۆڤ)) (السعران، ١٩٥٨: ٧).[٦] بەمشێوەیە ئەرکی سەرەکی زمان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانی ڕۆژانە و هێنانەگۆیە، کە کاریگەری زۆری لەسەر پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێزگرتنی زمانی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو زمانێك چەندان کەرەستە و دەستەواژەی هەیە، بۆ چاکی و چۆنی و سڵاوکردن بە هەموو جۆرەکانییەوە، کە لە ساتە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت.

ئەم گوتنانە هەرچەندە زۆربەیان لە شێوەی پرسیاردان، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ پرسیارکردن نایەن، بەڵکو قسەکەر بۆ ئەوە بەکاریاندەهێنێت، کە خۆی لە گوێگر نزیك بکاتەوە و شوێنی خۆی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بچەسپێنی، بەڵگەمان بۆ ڕاستی ئەم باوەڕە ئەوەیە، کە لە یەکێك دەپرسین چۆنی؟ چاکی؟ بەتەمای ئەوە نین گوێگر لە وەڵامدا باسی نەخۆشی و ناخۆشی خۆیمان بۆ بکات (فەتاح، ١٩٩٠: ٣٢)، خۆ ئەگەر کەسێك واتای فەرهەنگی ئەم وشانەی مەبەست بێت، ئەوا بە شێوەیەکی سەیر و نامۆ دەبینرێت.[٧]

بە گشتی ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان بۆ پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بە تایبەتی لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ڕۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە، هەروەك **گۆفمان** ئاماژەی پێداوە،((سڵاوکردن بۆ هەر دوولا گرنگە، ئەویش بۆ دەرخستنی ئەو پێوەندییەی لە نێوانیاندا هەیە و لە دوای یەکتر بینیی پێشوویانەوە نەگۆڕاوە)) (هدسن،١٩٨٧: ٢١٨)، هاوکات ڕادەی پتەوی ی پێوەندی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکان و گرنگیدان بە بەرامبەر ئاشکرا دەکات، چونکە((ئەوانەی پێوەندی هاوڕێیەتیان توند و پتەوە، ئەوا سڵاوکردنەکەیان گەرموگوڕی و دڵسۆزی پتری تێدایە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی پێوەندی نێوانیان لاواز و کەمە)) (هدسن، ١٩٨٧: ٢٢١)، بەمەش سڵاوکردنەکان بە پێوەرێك بۆ زانینی ئاستی پێوەندی نێوان کەسەکان و پیشاندانی ڕێز و بەوێڵی ئەژمار دەکرێت.

---

[٦] هەروەها بڕوانە: (Lyons, 1990:143).

[٧] لەمڕووەوە موفق الحمدانی(١٩٨٢: ٢٢٢)، دەڵێت: من هاوڕێیەکی سوودانیم هەبوو، کاتێك من بە دیالێکتی عێراقی سڵاوم لێدەکرد و دەموت: چۆنی(شلونك) بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامیدەدایەوە و دەیوت: من ڕەشم.

به بڕوای سۆسێر ((زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو واتایەی زمان بەردەوام پێوەندی نێوان تاکێك و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ دروستدەکات، بە واتایەکی سادەتر زمان-لە ڕووەوە کۆمەڵایەتییەکەیەوە-جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە)) (موحسین، ٢٠٠٨:١١٣). مرۆڤ لە شێوەی گوتندا بێت یان نووسین ((بەردەوام زمان بۆ بەجێهێانی کاری ڕۆژانەی خۆی بەکاردەهێنێت و دەربڕینی مەبەستە جۆربەجۆرەکانی، فەرمان بێت یان داوا، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بێت، دەربڕینی هەست و ڕووکاربێت بەرامبەر دەوروبەری یان بۆ جێخۆشکردنی خۆی و دەستخستنی ڕەزامەندی ی خەڵکی بێت)) (فەتاح، ١٩٨٦:١١٥). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە زمان ((فاکتەرەکێ سەرەکییە بۆ بهێزکرنا پێوەندییێن دناڤ جڤاکیدا... زمانەوانی بەریتانی فێرث چەختکرنێ ل سەر ئەرکێ جڤاکییێ زمانی دکەت، ئەوێ پێکدهێت ژ پلاندانان و ئاموژگاریکرن و سلاڤکرن و خاتر خواستن و ستایشکرن و گازەندە و ڕازیکرن و...هتد)) (زیائەدین، ٢٠١١:٢٧).

زمان لە دیاریکردنی ناسنامەی قسەکەر و جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەویش بەوەی لە دەستنیشانکردنی هەندێك تایبەتمەندی ی کۆمەڵایەتی قسەکەر و جۆری پێوەندی ی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر، پشت بە جۆری ئەو زمانە دەبەسترێت، کە قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاریدەهێنێت، لە پێناوی ئەوەی شێوازی ئاخاوتنی تاك دیاری بکرێت.[٨] بێگومان لە پراگماتیکەوە دەتوانین لە بەشێکی تری زمانەوانی بدوێین، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە و ((لە ڕێگای کردەکانی ئاخاوتنەوە دەکرێ پلەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری قسەکەر دیاری بکرێت)) (ناوخۆش، ٢٠١٠:٧٥). هەر لە بارەی پێوەندی نێوان ئەم دوو زانستەوە، کریستاڵ(2003:307) تێبینی ئەوە دەکات ((هەندێك سیما و مۆرکی زمانی لە ڕێگەی پێودانگی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەبڕرێن و گرنگی تەواو بە لێکۆڵینەوەی شێوازە جیاوازەکانی دەدات)). بەهۆی بوونی ئەو پێوەندییە بەهێزەی، کە لە نێوان زانستی زمان و زانستی کۆمەڵناسیدا هەیە، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدا.

### ٢-١-٣ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی-Sociolinguistics:

بە شێوەیەکی گشتی سەرەتای سەدەی بیستەم، بە دەستپێکی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زمان، چ لە فراوانی بواری زمانناسی و چ لە وردی لێکۆڵینەوەکان دادەنرێت و زۆر لقی نوێشی لێبووەوە، ((لەم ساڵانەی دواییدا کۆزمانەوانی ئارەزووی جیابوونەوەی تێدا پەیدابوو بە تایبەتی لە دوای ساڵەکانی سییەوە)) (فەتاح، ١٩٨٦:١١٤)، بەڵام ئەم بووارە وەك لقێکی زانستی، پتر دەتوانرێت بوترێت لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا زۆرترین

---

[٨]) بۆ زانیاریی پتر لەمڕووەوە، بڕوانە: (Hudson, 1996:48) و (هدسن، ١٩٨٧:٢٠٦) و (حەمەدئەمین، ٢٠٠٩:١٧).

گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەش بۆ بوونی ژمارەی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بووارە دا بڵاوبوونەتەوە، دەگەڕێتەوە. هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە زمان و پێوەندییەکانی بە کۆمەڵەوە، بەداهێنانی ئەو ماوەیە دانانرێت، چونکە ئەو ڕۆشنبیری و کەلتوورە کۆنەی لەبارەی زارەکانەوە هەیە و ئەو لێکۆڵینەوانەی هەوڵی پێوەندی لە نێوان واتای وشە و کەلتوورە جیاوازەکاندا دەدات، هەموو دەچنە چوارچێوەی پێناسەی ئەم زانستەوە، کە لە شەستەکاندا داهێنراوە (هدسن، ١٦:١٩٨٧). بەشێوەیەکی گشتی فراوانبوونی لێکۆڵینەوەکانی زمان و پێوەندی زانستی زمان بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیپێدانی وەك زانستێك و جیاوازی نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ، بووە هۆی گەشەکردنی ئەم زانستە، کە دەتوانێت زۆرێك لە ناڕوونییەکانی سروشتی زمان و کۆمەڵ ئاشکرا بکات.

ئەم زانستە، زمان بە کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیا دادەنێت و لەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە دەکۆڵێتەوە و ئامانجی ئەوەیە، کە ((شێوازەکان دیاری بکات و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان بدۆزێتەوە، بێ ئەوەی بەها و نرخی جوانیان بۆ دانێ)) (فەتاح،١٩٨٦: ١٢٧-١٢٨). ئەم زانستە گرنگی بەلایەنی کۆمەڵایەتی ی زمان دەدات و لێکدانەوە لە شێوە جیاوازەکانی ئاخاوتن لە ڕووی کۆمەڵەوە دەکات و ((لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو یاسا و بنەما و پێودانگە کۆمەڵایەتییانە دایە، کە ڕەفتاری زمانی بەڕێوە دەبەن. هەروەها لەو کێشە زمانییانە دەکۆڵێتەوە، کە بە هۆی بوونی چەند زمانێك لە یەك شوێندا دێنەئاراوە و لە چۆنێتی گەیشتن بە زمانێکی هاوبەش لە نێوان گشت چینەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەکۆڵێتەوە)) (شەمس، ٢٠٠٦: ٢٣-٢٤).

سنووری ئەم زانستە پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە و گرنگی ی زۆر بە دوو لایەن دەدات زمان بەکارهێنان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕەوشتە. بە گشتی لە هەموو لایەنەکانی پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ و ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵدا دەکۆڵێتەوە، وەك کاری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر زمان، گۆڕانی زمان بەپێی گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی، هەستی خەڵکی بەرامبەر زمانەکەی خۆیان، هەستیان بەرامبەر زمانەکانی تر، هەستیان بەرامبەر ئەو زارانەی بەکاریان دەهێنن و زارەکانی تری زمانەکە، هەستیان بەرامبەر پایەی کۆمەڵایەتی قسەپێکەرانی زمانەکە یان زمانی تر...هتد (فەتاح، ١٩٨٦: ١١٥). هەروەها لێکۆڵینەوەی زمانە لەو لایەنانەی، کە پێوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە، وەك: چینەکانی کۆمەڵ و ئاستی فێرکردن و پێوەندیی نێوان هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مێژوویییەکان دەگرێتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم زانستە بۆ هەموو ئەو بابەتانە بە کەڵکە، کە زمانەوانی کارەکی ڕۆڵی تێدا دەبینێت و ((لقێکە لە زمانەوانی کارەکی و لە ئارێشەکانی دیالێکتە جوگرافییەکان و دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای دوو زمانی و کاریگەری نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە)) (سەعید، ٢٠١١: ٢٠).

**لە توێژینەوە زمانەوانییە نوێیەکاندا زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هەوڵیداوە لە بابەتە زمانییەکانی قسەکردن بکۆڵێتەوە و ((لە هەموو بوارەکانی تر پتر پێشکەوتنی خێرای بەخۆوە بینیوە و گرنگی بە توێژینەوەی زمان لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا دەدات))** (الضامن، ۱۹۸۹: ۳۸). **ڕێزگرتنی زمانیش گرنگیدان و دەرخستنی ڕێزە لە ڕێی کەرەستە زمانییەکانەوە، ئەویش بەو ڕەفتارە زمانییەی بەرامبەر کەسانی تر دەنوێنرێت. بە شێوەیەکی گشتی لە زماندا و بە تایبەتی لە هەندێك زمانی دیاریکراودا ((لە لایەن بەشداربووان و بەشدارنەبووانی ناو پێوەندییەکان، دەکرێت ڕەفتاری زمانی وەکو ڕەفتارێك یان چالاکییەکی تێبینکراو تەماشا بکرێت و پەسند بکرێت))** (Lyons, 1990:9) **و لە کۆمەڵدا هەستی پێدەکرێت و پێوەندی زۆری بە کەلتوورە هەیە و ((دەتوانرێت وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت و هۆکارێك بێت بۆ بنیادنان و پتەوکردنی پێوەندییەکان، بۆیە دەکرێت بوترێت ڕێزگرتن بابەتێکی دیاردەیی و هۆکاریی و نەریتییە))** (Huang, 2008:97).

## ۲-۱-٤ کەلتوور و ڕێزگرتن–Culture and Politeness:

**پێوەندی نێوان دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی و کەلتوور چییە؟ کاریگەری ی کەلتوورە جیاوازەکان لە سەر یەکتر چییە؟ چەندان پرسیاری تر پێویستی بە تێڕامان و هەڵوێستەکردنە. لێرەدا دەکرێت ئەوەش بوترێت ((ئەگەر ئێمە بمانەوێت بچینە ناو ناخی نەتەوەیەکەوە زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی کەلتوور و بیرکردنەوە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان))** (یوسف، ۱۹۹۰: ۳۲). **بێگومان دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە ((زمان پێوەندارە بە داب‌ونەریتی قسەکردن و بیرکردنەوە پتر لەوەی بە پێداویستییە مادییەکان پێوەندیداربێت)) (محەمەدئەمین، ۲۰۰۹: ٦٦). بەمەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی ((زمان بەرهەمێکی کەڵەکەبووی کەلتووری و مرۆییە، کە لە ڕووانگەی پێویستیی پێوەندیکردن و بە یەکگەیشتنی خەڵکی ژینگەیەکی دیاریکراو بەرهەمهێنراوە)) (فەرەج، ۲۰۱۱: ٤). ئاشکرایە ((هەموو لایەنەکانی کەلتوور لە ڕێگای زمانەوە ناگوێزرێنەوە))**[9] **(هدسن، ۱۹۸۷: ۱۷۱). ڕێزگرتنی زمانی دەتوانرێت وەکو دیاردە لە هەموو کەلتوورەکاندا هەستی پێبکرێت، بۆیە گرنگیدان بە کەلتوور لە زماندا دەرکەوت و ((لە لێکدانەوەی هەندێك وشە و ڕستە دا، وەك پێویستییەکی گرنگ خۆی نیشاندا، کە بەتەنیا بە لەبەرچاوگرتنی کەلتوور لێکدەدرانەوە)) (دزەیی، ۲۰۰۹: ۱۲۱).**

---

[9]) بۆنموونە هەندێك بەهای کۆمەڵایەتی و لایەنی ڕەفتاری رووکەشی دەتوانرێت تێبینی بکرێت و ببینرێت وەك چۆنێتی رۆیشتنی پیاو و ژن و پێکەنین و ئاماژە و...هتد، کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن، ئەمانە لە ڕێگەی زمانەوە ناگوێزرێنەوە، وەك هەندێك بە هەڵە بۆیدەچن و پێیانوایە هەموو لایەنەکانی کەلتوور لە ڕێگای زمانەوە دەگوازرێنەوە ! بۆ زانیاریی لەمبارەوە بڕوانە: (محەمەد، ۲۰۰۹: ۱٤).

**٢-١-٤-١ چەمکی کەلتوور:**

**ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی تایبەتی و گشتگیر بۆ کەلتوور بکەین، ڕەنگە بەئاسانی نەتوانین ئەو کارە بکەین، چونکە تێڕوانینی جودا بۆ ئەم بابەتە هەیە،[١٠] بۆیە لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو بۆچوون و تێڕوانینانە دەدەین. سەرەتاش بە پێناسەیەکی هدسن دەستپێدەکەین، کە دەڵێت: ((کەلتوور زانیارییەکی وەرگیراوی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر لەسەر ئەم پێناسەیەش ڕێکبکەوین، ئەوا ئاسانە لەوە تێبگەین کەلتوور پێکهێنەری بەشێکی یادگە (memory) یە، بە تایبەت ئەو بەشەی لە ڕێی وەرگیراوی کۆمەڵایەتییەوە بە دەستیدێنین، بەرامبەر بەشێکی تر، کە ئەوانیتر لە بەدەستهێنانیدا بەشدارنین یان وەرگیراو نییە)) (Hudson, 1996:73).**

**کەواتە دەتوانرێت بوترێت: کەلتوور دوو بەشە، بەشێکیان لە ئەنجامی ئەزموونی کەسی خۆمان بە ڕاستی دەزانین و بەشەکەی تریش ((جۆرێکە لە زانیاری، کە لە خەڵکی تر فێریدەبین و بە بەشێکی گرنگ لە زمان دادەنرێت)) (Hudson, 1996:78). هاوکات شارستانییەتیش[١١] پێوەندی بە کەلتوورەوە هەیە، نەك هەر ئەوە، بەڵکو بە لای لاینز(1990:301)ـەوە: ((کەمتازۆرێك لەگەڵ شارستانیەت هاوتایە، بە تێڕوانینێکی کۆنتر دژ/پێچەوانەی بەربەریەت(barbarism)ـە)).**

**بە دیدگایەکی تر و بەبێ تێوەگلان لە کێشەکانی ناساندنی کەلتوور بە سادەیی بریتییە لە ((شێوازی ژیانی گەلێك یاخود کۆمەڵێکی دیاریکراو، هەروەها تێڕوانینیان بۆ ژیانیان، کە خۆی لە عورفەکان و نەریت و ئەدەب و هونەر و شێوازەکانی ڕەفتار و...هتد دەبینێتەوە. هاوکات ئەمانە چەند ڕەگەزێکن، کە تاك لە کۆمەڵەکەی خۆیەوە وەریاندەگرێت)) (عبدالعزیز، ١٩٨٣:٩٣).**

**هەندێکی تر پێیانوایە: کەلتوور ((کۆمەڵێك ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتە، کە بە بۆماوەیی بۆ کۆمەڵێك، یان کۆمەڵە نەوەیەکی بە دوایەکداهاتوو دەمێنێتەوە، وەك خواردن و بەها ئاکارییەکان و زانین و ئایین و نەریتە زمانییەکان و سرووتەکان، هەروەها کەلتوور لە شێوازی جل لەبەرکردن و خانووبەرەدا ڕەنگدەداتەوە)) (فەرەج، ٢٠١١:٢١). ئەوەی جێی باسە ئەوەیە، کەلتوور بۆماوەیی بایەلۆژی نییە، بەڵکو بۆماوەیەکی میراتییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە. بەکورتی کەلتوور ئەوە ڕووندەکاتەوە، چۆن تاکێك لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا ڕەفتارێکی زمانی دەکات؟ چ شێوازێك لەو کەلتوورە دا گونجاوە؟ بەڵام ئێمە لێرەدا جەخت لە لایەنی نابەرجەستەیی–وەکو بەها ئاکاری و زانین و ئایین و نەریتە زمانییەکان– دەکەینەوە.**

---

[١٠]) لە بارەی زاراوە و چەمکی کەلتوور و پتر ناساندنی، بڕوانە: (فەرەج، ٢٠١١: ١٧–٢٤).

[١١]) **نۆربێرت ئیلیاس(Norbert Elias)** لە ساڵی ١٩٣٩دا نیشانیداوە، کە شارستانییەت بە تەواوی بریتییە لە گەشەکردنی ماوە درێژی کردەی فێربوونی زاڵبوون بەسەر زمانی جەستە و قسە و هەڵوێستەکاندا لەلایەن مرۆڤەوە، کە دوواجار دەبێتە هۆی هێنانەکایەی ڕێگای کاریگەر بۆ زاڵبوون بەسەر خود لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا (Watts, 2003:32).

**٢-١-٤-٢ کەلتوور و ڕێزگرتن:**

**ڕێزگرتن لە خەڵکی وایکردووە گرنگیدان بە بەرامبەر لەسەرجەم کەلتوورەکاندا ببێتە خاڵی هاوبەش، بەڵام بەپێی جۆری ئەو کەلتوورەی پێوەندییەکانی تێدا دروستدەبێت جیاوازی هەیە و لە کەلتوورێك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕرێت،[١٢] تەنانەت جیاوازیی کەلتوورەکان وایکردووە لە پێشێلکردنی ڕەفتارە ڕێزگرییەکان و سزادانی ئەو کەسانەشدا، کە بێڕێزی دەنوێنن جیاوازبن. بۆ نموونە:** ((**کەلتوورە ئاسیاییەکان بە تایبەت چینییەکان**(Chinese) **و ژاپۆنییەکان**(Japanese) **پتر جەخت لە ڕێزگرتن دەکرێت و سزاکانیشیان لەو سزایانەی لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا یان وڵاتێکی تری ڕۆژئاواییدا هەن قورسترن**)).[١٣] **کاتێك مرۆڤی سەر بە کەلتوورە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتریدا پێوەندی دەکەن،** ((**زۆر گرنگە پرس و ڕاوێژ لەبارەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە گونجاوەکانی ناو کەلتووری یەکتری بکەن، بۆئەوەی لەیەك تێنەگەیشتن ڕوونەدات**)) (Huang, 2008:100)، **چونکە ڕەنگە ئەوەی لە زمانێکدا قسەیەك یان ڕەفتارێك بەڕێزانە بێت، دەشێت بەتەواوی بەها و لێکدانەوەیەکی جیاوازی لە زمانێکی تردا هەبێت، بەمەش دەگونجێت هەندێك لایەنی جیاوازی و لەیەکچوون لە چۆنیەتی دەبڕینی شێوازەکانی ڕێزگرتندا هەبن، بۆنموونە:**

**ئاشێر**(Asher) **و سیمپسۆن**(Simpson) **دەڵێن:** ((**لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وەلانان** (refusals) **لە لای ژاپۆنی و چینیەکان زۆر بێڕێزییە بەم هۆیەوە هەوڵدەدرێت بەکارنەیەن، لەکاتێکدا وەلانان لە لای ئەمەریکاییەکان شتێکی ئاساییە**))(Hurmiz, 2009:119). **بێگومان لە هەموو کەلتوورەکاندا هەندێك ڕەفتار و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دەبینین، کە دەتوانین وەك کەرەستەی تایبەتی گرنگیپێدان دایانبنێین و لادان لێیان تووشی سزای کۆمەڵ دەبین،** ((**ڕەنگە**

[١٢]) لە قسەکردنی نێوانی ئەندامانی خێزان و خەڵکی بێگانەدا، میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا یان ئەورووپا جیاوازییان هەیە، بۆنموونە: ((لە خێزانی عەرەبدا قسەکردنی نێوانی کوڕ و باوك ڕێزگرتن و شێوازێکی فەرمی تێدا بەدیدەکرێت، کەچی لە خێزانی ئینگلیزدا کوڕ لەگەڵ باوکیدا شێوازێکی یەکجار ئاسایی بەکاردەهێنن، هەروەها ڕەوشتی ئینگلیز و ئەو زمانەی لەگەڵ کابرایەکی بێگانەدا بەکاریدەهێنت ڕێزلێگرتنێکی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام ئەمجۆرە ڕێزلێگرتنە لای ڕۆژهەڵاتییەکان نابینرێت. هەر بۆیە دەبینین ئینگلیزەکان بە ناوی یەکەم بانگی بێگانە ناکەن، بەڵکو بە نازناوەکەی بانگ دەکرێت، چونکە بانگکردن بەناوی ڕووتی خۆی لە کەلتووری ئەواندا بێڕێزی دەگەیەنێت، بەڵام لە نێوان خزم و کەس‌وکار و هاوڕێدا ئاساییە بەکاربهێنرێت(عەزیز و ئەوانیتر، ١٩٨٤:١٠١). سەبارەت بە خێزانی کوردیش دەکرێت بووترێت: ((کوڕ لەگەڵ باوکیدا بە شێوازێکی فەرمی قسە دەکات و لەگەڵ بێگانەش بە گشتی ڕێزگرتن و شێوازێکی تایبەتی بەدیدەکرێت، کە بە ڕێزەوە قسە دەکات و بە ناوی خۆییەوە بانگی ناکات، بەڵکو وشەی کاك دەخاتە پێش ناوەکە، بانگکردن بە پێی تەمەن و ڕادەی ناسیاوی و پلەوپایەی و...دەگۆڕرێت)) (عەزیز و ئەوانیتر، ١٩٨٤:١٠٢)، ئەم جیاوازییەی کوردیش لەگەڵ عەرەبدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە میللەتی کورد ڕەگەزی ئارییە و زمانەکەشی سەر بە خێزانی هیندۆئەورووپییە و کەلتوورەکەشی پتر لە کەلتووری ئێرانییەوە نزیکە، نەك عەرەب و زمانی عەرەبی.

[١٣]) www.tcbdevito.blogspot.com/2009/01/ Politeness-and-Culture 10/1/2011

هەندێکجار جیاوازی ڕێزگرتن لە کەلتوورەکاندا بە خراپی بەکاربهێنرێت و بە هۆیەوە لایەنێکی دیاریکراو تووشی نەنگی ببێت)).[١٤] بۆیە کەلتوور بەردەوام ڕۆڵی ستراتیژی تایبەت بە خۆی هەیە، **فندریس** لەمڕووەوە دەڵێت: ((کۆمەڵ سەرپەرشتی ڕەفتاری کەس دەکات و لە قاڵبێکدا دایدەڕێژێت و هەر کەسێك لێی لابدات ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵ دەبێتەوە، کە سووکترینیان گاڵتەپێکردنە)) (دزەیی، ٢٠٠٩:١٢٥).جاری واش هەیە ئەم سزایانە قورستر دەبن، تا دەگاتە ئەوەی هاوڕێیەتی ناکرێت.ڕێزگرتنی زمانی بەکارهێنانی شێوازی گونجاوە لە پەیوەندیکردندا، ((کاتێك کەسانی سەر بە کەلتوور و پاشخانی جیاواز لەگەڵ یەکتردا دەدوێن، ئەوا جیاوازییە کەلتوورییەکان لە نەریتەکانی ڕێزگرتندا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ڕوودەدات یارمەتیدەرن)) .(Tannen, 2006:352)

لە هەندێك کۆمەڵ و کەلتووردا هەندێك ڕەفتار و هەڵسوکەوت هەن لە بارێکی تایبەتیدا ڕێزگرین و لە بار یان کاتێکی تردا بێڕێزین، زۆربەی کەلتوورەکان ڕەفتاری زمانی بێڕێزانەیان هەیە، وەکو شەرمەزارکردن و ڕیسواکردن و بەکارهێنانی وشەکانی جنێودان و ئاشکراکردنی شتی تایبەتی خەڵکی، بەڵام هاوکات دەکرێت شێواز یان ڕەفتاری تری زمانی هەبن، کە لە کەلتوورێك یان زمانێکەوە لەگەڵ یەکێکی تردا بەشێوەیەکی جیاواز ببینرێن و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. ((هەر گەلێك کەلتووری تایبەت بە خۆی هەیە و لە سنووری ئەو کەلتوورەدا، زۆر لە دەربڕینە زمانییەکانی کاردەکەن و واتایان بەپێی هەلومەرجی کەلتوورەکەیان، مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و هەوڵی گەیاندنی دەدرێت)) (فەرەج، ٢٠٠٠:٨٩).

ڕێزگرتن ڕێسایەکە بانگەشەی گشتگیری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وا دادەنرێت زمانێك لە زمانێکی تر زۆرتر ڕێزدەگرێت، ((بە شێوەیەکی ئاشکرا کەرەستەکانی گرنگیدان بە بەرامبەر لەسەر بنەمای هاریکاریی کۆمەڵایەتی لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر دەگۆڕێن، ڕێزگرتن لە ڕووی کەلتووری و مێژووییەوە زاراوەیەکی ڕێژەی(relative)یە))(Watts, 2003:42). دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی بۆ ئەوەیە خەڵکی چی هەڵبژێرن بۆ وتن، چی بڵێن، بە کێی بڵێن، کەی بوترێت، جا لەبەرئەوە ((بیرۆکەو شێوازی دەربڕین یامەتیدەرە و ئەو پێوەندییە ڕووندەکاتەوە، کە لە نێوان زمان و کەلتووردا هەیە، هەروەها ئەو قسەیەی تۆ هەڵیدەبژێریت بۆ ئەوەی لە بەرامبەر کەسێکی تایبەتدا و لە بارێکی تایبەتدا بیکەیت، هێندەی خودی پێوەندییەکە و قسەکردن لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گرنگە))(Tannen, 2006:351). **براون و لیڤنسن** ئاماژەیان بەوە داوە، کە ((ڕێزگرتن بابەتێکی جیهانییە و دەتوانرێت لە هەموو کەلتوورەکاندا وەك دیاردە تەماشا بکرێت و لەلایەن قسەکەری زمانە جیاوازەکانەوە وەك هۆکارێك بۆ گەیشتن بە مەبەستەکان بخرێتەگەڕ و لە هەموو کۆمەڵێکدا نەریت پێودانگ دەبێت)) (Huang, 2008:97).

---

(١٤ http://www.google.com/search?hl=en&q=politeness&btnG=search 12/12/2010

ڕێزگرتن بە چەمکە دروستەکەی ((بەو دیاردە جیهانییە دادەنرێت، کە لە فەرهەنگی هەر کۆمەڵێکدا ڕەگ و ڕیشەی هەیە و بەشێوەیەکی ورد بە زمان و فەرهەنگەوە پەیوەستە، ڕەنگدانەوەی ئەویشە، بەڵام زمانە جیاوازەکان بۆ دەربڕینی ئەم دیاردەیە لە ڕووانگەی ڕێزمانەوە شێوەی جیاواز دەخاتەڕوو و سوود لە لایەنی جیاواز وەردەگرێت)) (مقدم، ٧٨:١٣٨٨). لە ڕاستیدا ڕێزگرتن فۆڕمێکی کاردانەوەی کۆمەڵایەتییە بەبێ ئەوەی لە لایەن قسەکەرەوە لە کاتی پێوەندی لەگەڵ گوێگردا دەربڕێت و پتر جەخت لە سروشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو شێوازە جیاواز و کاریگەرانە دەکات، کە ئەندامانی کۆمەڵ بۆ پێوەندیکردن لە گفتوگۆکاندا بەکاریدەهێنن. واتە ڕێزگرتن ((هەستی ئەرێنییە بەرامبەر بە کەسانی تر دەردەبڕیت، جا ئەم هەست دەربڕینەش بەپێی کەلتوور لە گۆڕراندایە)) (دزەیی، ١٢٥:٢٠٠٩)، لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەیەك نییە ئەتەکێت و ڕەفتاری ڕاست و دەربڕینی زمانی گونجاوی بۆ ڕێزگرتن نەبێت.

### ٢-١-٤-٣ ڕێساکانی ڕێزگرتن لە کەلتوورە جیاوازەکاندا:

ڕێزگرتن لە هەموو کەلتوورێکدا ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێوەندییەکانە و لە چەند لایەنێکەوە جیهانییە،بەڵام((ستانداردەکانی ئەرکپێدان لە کەلتوورە جیاوازەکاندا دەگۆڕرێن، ئەوەش دەبێت بۆ بیرۆکەی جیاوازیی ڕێزگرتن لە کەلتوورە جیاوازەکاندا بگەڕێنرێنەوە)) (Huang, 2008:97). دیارە بە پێی کەلتوورە جیاوازەکان ناساندنی و باسکردنی ڕێزگرتن و شێوازی ڕەفتارکردن و قسەکردن لە کەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕرێت، بۆیە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان کەلتوورە جیاوازەکاندا گرنگە،[١٥] بێگومان ڕێسا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆکاری دیاریکردنی شیاوی و نەشیاوی و ڕەتکردنەوەی وشە و ڕستە و دەربڕینە زمانییەکانی تر.

لە ڕاستیدا ((ڕێزگرتن خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بووەتە یاسا (rule)، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە واتای ئەوە نییە دەبێت هەمیشە بەوپەڕی ڕێز و گرنگیدانەوە ڕەفتار بکەین)) (Wardhaugh, 1990:267)، بۆیە بەلای جێنی و ئارندتەوە ڕێزگرتنی کۆمەڵایەتی ((تاڕادەیەك وەکو پێڕەوی یاساکانی ترافیکی کۆمەڵایەتی وایە، لە کاتێکدا لێزانە مامەڵەکردن پتر پەیوەندیدارە بە شێوازی کەسی و ستراتیژەکانی مامەڵەکردنەوە)) (Mills, 2003:68). دیارە خەڵکی لێکدانەوە و بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە چۆنیەتی و نیشاندانی شێوازەکانی

---

[١٥]) بۆنموونە: لە کۆمەڵی ئێران و کۆریادا لێکچوونێکی زۆری مێژوویی و فەرهەنگی و ئاینییان تێدا هەستپێدەکرێت، بە تایبەتی لە کۆمەڵی کۆریدا سیستەمی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئاینی کۆنفۆشیوس، یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان بە شێوەگری ڕەگەزەکانی ئەدەب و ڕێز دادەنرێت. ڕێز لە زمانی کۆنی کۆریدا ڕۆنانێکی زۆر ئالۆزی هەبووە لە قالبی حەوت شێوەدا دەربڕراوە، بەڵام ئەم ڕۆنانەی ئێستای زۆر سادەیە و بە چوار شێوازی فەرمی ڕێزگرتن دەنوێنرێت. فارسیش زمان لووسی هەیە، واتە هەر دوولایان ڕێز دەنوێنن. بۆ زانیاریی پتر لەمڕووەوە، بڕوانە: (مقدم، ١٣٨٨: ٧٧ و ٨٧).

**ڕێزگرتنەوە هەیە، لیچ پێیوایە: ((مرۆڤ بۆ ئەوەی بەڕێز و ڕەوشتجوان دەربکەوێت دەبێت پەیڕەوی ڕێساکانی ڕێزگرتن بکات، لەکاتێکدا لیڤنسن پێشنیاری گرنگیدان دەکات بەو پێویستییانەی لەسەر ڕوومەندی ی بەرامبەر دەردەکەون. هەندێکجار ئەوەی لە کەلتووری چینی یان ڕۆژهەڵاتییەکان بە ڕەفتارێکی جوانی دادەنێن، ڕەنگە لە کەلتووری ڕۆژئاواییەکاندا بەو شێوەیە نەبێت))**(Huang, 2008:96). **هەروەها پاڤلیدۆ(Pavlidou) ئاماژە بەوە دەکات، ((نابێت بە هیچ شێوەیەك ڕاستەوخۆیی لە کەلتووری ئەڵمانیدا بە هەڵسوکەوتی بێڕێزانە تەماشا بکرێت، بەڵکو ڕاستییەکەی دەبێت وەکو ڕێگای دەربڕینی نزیکی و نێوانکۆکی** (affiliation) **بێت))** (Mills, 2003:143).

**لەلایەکی ترەوە هەندێك کەلتوور هەن، وەك ڕووس و جوولەکە ڕاستەوخۆیی قسەکردن تێیدا ئاشکرایە، بەڵام هەندێك لەمپەر لەبەردەم ئەو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییانەی بە هاریکارییەوە پەیوەستن هەن، بەهەمانشێوە ئەم لەمپەرانە لەناو کەلتووری"چینی و ئیگبۆ" یشدا هەن، سەرباری ئەمانەش هەریەك لە گو**(Gu) **و لی وۆنگ** (Lee-Wong) **لە کەلتووری چینیدا جەختی باشێتی ڕاستەوخۆیی لە زماندا دەکەن، ئەمە جگە لەوەی گو ئاماژە بەوە دەکات لە کۆمەڵی چینیدا پلەی تاکێك بەهۆی گرووپەکەیەوە دیاریدەکرێت، لە ئەنجامدا گفتوگۆکانی وەکو خواستن و پێشکەشکردن و ڕەخنەگرتن هێندە بارگرانی لەسەر گوێگر دروست ناکەن، وەك ئەوەی لە کۆمەڵی بەریتانی یان یۆنانیدا دروستیدەکەن** (Watts, 2003:15-16).

**ڕێزگرتنی زمانی لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر دەگۆڕێت، بۆنموونە ((ئەگەر بێت و کەسێك لە کەلتوورێکدا گەورە بووبێت، کە بەکارهێنانی زمانی ڕاستەوخۆ تێیدا زۆرباش و ئاسایی بێت، بەڵام ئەو شێوازە لەگەڵ خەڵکانێك بەکاربهێنێت، کە لە کەلتوورەکەیاندا پتر بەکارهێنانی ناڕاستەوخۆ پەسەندبێت، لەمبارەدا کەسی یەکەم بەکەسێك دەناسرێت، کە ڕێسا و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی ڕێزگرتن نازانێت، لە بەرامبەریشدا ئەو کەسە ڕەنگە بەئاسانی لە مەبەستی خەڵکی سەر بە کەلتوورە جیاوازەکان نەگات. لە هەر دوو بارەکەدا ئەوە پراگماتیکە، کە بە هەڵە لێکدراوەتەوە و وەکو خۆی نەگەیشتووەتە بەشداربوونی ناو گفتوگۆکان))**(Yule, 1996:134).

**زمانە جیاوازەکان نیشانەی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە ڕێزگرتن هەیە، چونکە هەریەك لە کەلتوورە جیاوازەکان شێوازی خۆی هەیە، بۆنموونە: کەلتووری ئەمەریکی کەلتوورێکی ئەرێنییە لە ڕووی ڕێزگرییەوە، چونکە ڕێژەی هەبوونی ئەو کارانەی بە ڕوومەندیبەزێنی بۆ سەر ڕوومەندی دادەنرێن کەمن، لە کاتێکدا ژاپۆنی بە خاوەنی کەلتوورێکی نەرێنی لەبواری ڕێزگریدا دادەنرێت. چونکە خەڵکی دەیانەوێت بەساردی و دوورلەیەك بمێننەوە، هەرچەندە ئەم وادانان و گریمانە زانستییە لەوانەیە هەڵە بێت** (Brown and Levinson, 1987:244-245) .

لەلایەکی ترەوە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی کۆمەڵێك و ناونانی بە کەلتوورێکی ئەرێنی یان نەرێنی لە ڕێزگرتندا ((واتای ئەوە نییە تەواوی کۆمەڵەکە یەك شێواز و ستراتیژ بەکاردەهێنێت، بەڵکو مەبەست لێی ئەوەیە لەو کۆمەڵەدا ئەو شێوازە ئەرێنی یان نەرێنییە بڵاوە))(Longcope,73-74).کاتێك براون و لیڤنسن بانگەشەی جیهانیبوونی دیمانەکەیان دەکەن، ئاماژەیان بەو شێواز و ستراتیژە جیاوازانە داوە،کە دەگونجێت لەناو کەلتوورەکاندا دەربکەون. دیارە دەوڵەمەندیی کەرەستە و شێوازەکانی ڕێزگرتنی زمانی، بەپێی کەلتوورەکان دەگۆڕرێت، شێواز و کەرەستە زمانییەکانی ڕێزگرتن لای ئینگلیزەکان لە زۆربەی نەتەوەکانی تر پتر وشەکانی بەیارمەتیت، سوپاس، ببورە بەکاردەهێنن، بۆنموونە: ((ئەگەر قاچ بە قاچی کەسێکی تردا بنێن، ڕەنگە ئەوان بە تۆ بڵێن ببورە! یاخود ئەگەر گلەیی لە شتێك بکەن، شتێکی باوە بە وشەی ببورە دەستپێبکەن)) (Acklam and Crace, 2008:40)، وەك:

ببورە، چایەکەت ساردبووەتەوە.

لیچ باسی ئەوە دەکات ((لەو وڵاتانەی بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن، گەر کاتێك ستایش دەکرێیت قبووڵی بکەیت و سوپاسی ستایشکەرەکە بکەیت ئەوە بە ڕێزگرتن دادەنرێت، بەڵام لە کۆمەڵی ژاپۆنیدا بەپێچەوانەوە، ئەوەی زۆر باوە ئەوەیە ستایشەکان ڕەتبکەیتەوە، چونکە قبووڵکردنیان، ڕەنگە وەکو شتێکی سەیر و تەنانەت بێڕێزییش دەربکەوێت)) (Leech, 1996:137).

## ٢-١-٤-٤ سڵاوکردن-Greeting

یەکێك لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانی مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا سڵاوکردنە، کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ دروستکردن و بنیادنان یان خۆشکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان، بۆیە لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتی سڵاوکردن ڕێگایەکی بەسوود دەهێنێتەکایەوە، بە هۆیەوە دەتوانرێت پێکهاتەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دیاریبکرێت. بێگومان دەتوانرێت بوترێت ((باوترین شێوازەکانی ڕێزگرتن لە سڵاوکردندا کۆبوونەتەوە، سڵاوکردنەکان وزەی سەرەکیی بەهێزکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن. ئەگەر بێت و سڵاو لە کەسێك نەکرێت، کە چاوەڕێدەکات لە لایەن بەرامبەرەکەیەوە سڵاوی لێبکرێت، نیشانەیەکی خراپە و واتای وایە حەزی لە لەیەکدوورکەوتنەوەیە یان دەیەوێت بێڕێزی و ڕیسواکردنی بەرامبەر بگەیەنێت)) (Spolsky, 2010:20). ئەگەر چاوێك بە سەرچاوە زمانەوانییەکاندا بخشێنین ئەوە بەدیدەکەین، کە جیاوازییە کەلتوورییەکان لە بەکارهێنانی دەستەواژە زمانییەکان و ڕێزگرتنی زمانی و خواستن و داوای لێبووردنکردندا چەندان کەرەستەی جیاواز دەبینین، جا لەبەرئەوەیە ((دەستەواژەی جیاواز بۆ سڵاوکردن بەکاردێت، ئەم بەکارهێنانەش بۆ ڕێزگرتنە لە بەرامبەر لە کاتی دوواندا ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ترە، لە زۆربەی بارەکاندا گوزارشت لەو چینە کۆمەڵایەتییە یان ناوەندە

**کۆمەڵاتییە دەکات، کە گوێگر کاری تێدا دەکات، ئەمە بێجگە لەوەی کە گوزارشت لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەکات)) (خرما، ١٩٧٨: ٢١٠).**

**دیارە خەڵکی بەهۆی جیاوازبوونی کەلتوورەکانەوە لەسەر ئەوەی چ ڕەفتارێك بەڕێزانەیە، ڕێسا و تێگەیشتنی جیاواز سەرهەڵدەدات. هەر بەو شێوەیە لە یاسا و شێوازەکانی دەبڕینی بێڕێزیشدا کەلتوورەکان جیاوازن، بۆنموونە: لە هەندێك کەلتووردا کاتێك سڵاو دەکەیت پێویستە لە کاتی سڵاوکردنەکەدا کۆمەڵێك قسەی زۆر بکەیت، یاخود لە هەندێکی تردا پێویستە هەر بەو ئاستەی کەسی بەرامبەر بدوێیت، ئەگەر لەپلەوپایەشدا جیاوازی هەبێت. هەر کەلتوورێك تێڕوانینی خۆی بۆ ڕێزگرتن هەیە، پلەی گرنگیپێدانەکەش جیاوازە، بۆیە شێوازی سڵاوکردنەکان لە نەتەوەیەك بۆ یەکێکی تر جیاوازە و دەگۆڕرێت. دیارە لەناو وڵات و کەلتوورە جیاوازەکاندا ئەم شێوازانە[١٦] پتر بەرجەستە دەبن. بێگومان دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە هەر دەستەیەکی کۆمەڵایەتی هەندێك یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، لە سەر ئەوەی دەبێت سڵاو لە کێ بکرێت؟ و کێ دەبێت یەکەمجار سڵاوەکە بکات؟ چ جۆرە سڵاوکردنێك شێوازێکی گونجاوی سڵاوکردنە؟ بۆنموونە سڵاوکردن لە زمانی ئینگلیزیدا لە سڵاوێکی نافەرمییەوە دەستپێدەکات، وەك چۆنی(Hi) دووای ئەویش بۆ سڵاوێکی مامناوەندی وەك بەیانیت باش، تا دەگات بە شێوازێکی فەرمی وەك سڵاوت لێبێت، لە چیدایت؟ شتێکی بڵاوە، کە بەشی دووەم دەخرێتە سەر سڵاو، کە زۆربەی کات مەبەستەکە تەنیا بۆ پێوەندی دروستکردنە و چاوەڕێی هیچ وەڵامێکی دیاریکراو ناکرێت** (Spolsky, 2010:20).

## ٢-٢ بۆچوونە جیاوازەکانی ڕێزگرتن:

**بۆچوونە نەریتییەکان خۆی لە بۆچوونەکانی فرایزەر و لاکۆف دا دەبینێتەوە، هاوکات بۆچوونە نوێیەکانیش، کە ڕێسای لیچ و دیمانەی ڕوومەندی براون و لیڤنسن دەگرێتەوە.**

---

[١٦]) شێوازە جیاوازەکانی ڕێزگرتنی سڵاوکردن چەندان نموونەی جیاوازی ی کەلتوورەکان نیشاندەدەن، بۆنموونە: چینی و ژاپۆنییەکان لە کاتی سڵاوکردندا دەچەمێنەوە، لە چیللی و هندۆراس و زۆر وڵاتی تری لاتیندا ژنان دەست لەسەر شانی یەکتری دەدەن، لە کۆماری چیك پیاوان زۆرجار دەستی ژنان ماچ دەکەن، لە زۆربەی وڵاتە لاتینییەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سڵاوێك، کە زۆرترین ڕێزگرتنی تێدابێت بریتییە لە باوەشکردنی کەسی بەرامبەر لە کاتی بینیندا، هەروەکو لەم سەردەمەدا ئەم شێوازی سڵاوکردنە لە ئەمەریکادا خەریکە بەتەواوەتی بڵاودەبێتەوە. بەدڵنیاییەوە لە زۆربەی وڵاتەکاندا تەوقەکردن بڵاوە، تەنانەت ئەم شێوازەش دەگۆڕرێت، بۆ نموونە: لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا تەوقەکردنەکە قایمە و ماوەکەی کورتە ٣–٤ چرکە، بەڵام لە ئیندۆنیزیا نەرمە و ماوەکەشی درێژە١٠–١٢چرکەیە. www.tcbdevito.blogspot.com/2009/01/ Politeness-and- culture 10/1/2011

((لە ناو ئەسکیمۆکاندا بۆ سڵاوکردن، دەبێت سێ جار بە تەوقی سەری بەرامبەرەکەیاندا بماڵن، لە ناو دانیشتوانی ئەمریکای لاتیندا دەبێت بە پشتی یەکتریدا بماڵن و لە ناوچەی پۆلینیزیاش دەبێت پشتی یەکتر بخورێنن)) (فەتاح، ١٩٩٠: ٢٢).

**٢-٢-١ بۆچوونە نەریتیەکان:**

**شیکارکردنی ئەو دەربڕینانەی ڕێزنەگرتنیان تێدایە و ئەوانەی ڕێزگرتنیان تێدانیشاندراوە، بە تێڕوانینی کۆن دەناسرا، کە پێیانوابوو ڕێزگرتن بریتییە لە((زانینی ئەتەکێتەکانی ئاخاوتن، کە ئەمەش شێواز و ڕەفتاری باشی لێدەکەوێتەوە)) (Hurmiz, 2009:14).لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە نەریتیانەی بۆ ڕێزگرتن هەبوو پشتیان بە دابونەریت و پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان دەبەست، ئەمەش وایکرد پێناسەی جودا بۆ ڕێزگرتن هەبێت، لەوانەش:**

**٢-٢-١-١ بۆچوونەکانی بروس فرایزەر**-Bruce Fraser's views:

**یەکێکە لەو زمانەوانانەی باسی ڕێزگرتن دەکات و بە گرێبەستی گفتوگۆیی[١٧] ناویدەبات و پێیوایە دەکرێت بەشداربووان دووبارە گفتوگۆکان بەشێوەیەکی تر ئەنجامبدەنەوە و بەماف و پێداوستییەکانی یەکتردا بچنەوە، ئەمەش لە کاتی گۆڕانی دەوروبەرەکە یان بۆنەی ئاخاوتنەکەدا ڕوودەدات. دیارە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت باسی بۆچوونی کۆن سەبارەت بە ڕێزگرتن دەکات و((خۆی بە بۆچوونی پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان ناویدەبات. ئەو تێڕوانینە دەریدەخات، هەر کۆمەڵێك هەندێك پێودانگی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بە گشتی دەبنە ڕێسای هەڵسوکەوت و ڕەفتارە گونجاو و نەگونجاوەکانی ناوکۆمەڵ دیاریدەکەن))** (Fraser, 1990:220). **کاتێك دوو لایەن لە ئاخاوتندا بەشدارن، هەر یەکەیان لە هەندێك ماف و پێویستی ی ئەویتر تێدەگات، ئەمەش وا لە بەشداربووان دەکات بەلای کەمەوە لە قۆناغەکانی سەرەتای ئاخاوتنەکە دا، پێشبینی چ شتێك لە بەرامبەرەکەیان بکەن یان نا؟ بەمشێوەیە**

---

[١٧]) فرایزەر (Fraser:1990:232-233) زاراوەکانی ناو گرێبەستی گفتوگۆیی بۆ سێ جۆر دابەشدەکات:

١-ئەو زاراوانەی هەردوولای ناو گفتوگۆکان قایلن بە بەکارهێنانیان. ئەم جۆرە زاراوانە سروشتێکی گشتییان هەیە و بۆ هەموو گفتوگۆکان گونجاون. بۆ نموونە قسەکەر دەبێت ڕێگا بە بەرامبەریش بدات قسە بکات، نەوەك هەر بە تەنیا بۆ خۆی قسەبکات. ئەو جۆرە زاراوانە زۆر جێگەی قسە لەسەر کردن و مشتومڕ نین.

٢-ئەو زاراوە و بارانەی بەکارهێنانیان بە پلەی کۆمەڵایەتی ی ئەو کەسانەی لە گفتوگۆکەدا بەشدارن، بەندە. بۆنموونە: شاهیدێك لە دادگا تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت قسە بکات، کە پرسیاری لێدەکرێت، ئەمانەش هەر بەشێوەی زاراوەکانی جۆری یەکەم زۆر جێگەی قسە لەسەرکردن نین.

٣-ئەو زاراوانەی بارەکانی پێش خۆیان و تایبەتمەندێتی بارودۆخەکە بڕیار بە سەر بەکارهێنانیاندا دەدەن. دەکرێت ئەو زاراوانە بەپێی پێوەندییە جیاوازەکان دیاری بکرێن و پتر لە جارێك قسەیان لەسەر بکرێت، لەمەشدا دەبێت بەشدرابووان گرنگی بەهەندێك هۆکاری گرنگ بدەن، وەك:"پلەوپایە، هێز، ڕۆڵی بەشداربووی بەرامبەر، دەوروبەر(circumstances)" ناوەڕۆکی هەمووگفتوگۆیەك (قسەکردنێك) بەم چوار هۆکارەوە بەندە، بۆنموونە: منداڵێك زۆر بەئاسانی فەرمان بەسەر دایكوباوکیدا ناکات، هەروەکو چۆن کرێکارێك فەرمان بەسەر خاوەنکارەکەیدا ناکات.

((ڕەفتارێك–زارەكی بێت یان نازارەكی–هەڵسەنگاندنێكی ئەرێنییانەی بۆدەكرێت (بە بەڕێزانە دادەنرێت)، ئەگەر پێچەوانەی پێودانگە دیاریكراوەكان نەبێت، هەڵسەنگاندنێكی نەرێنیانەی بۆ دەكرێت (بەبێڕێزانە و نەگونجاو دادەنرێت)، ئەگەر پێچەوانەی پێودانگە دیاریكراوەكان بێت)) (Hurmiz, 2009:16). ئەم وادانانە دەكرێت لەو كتێبانەدا، كە لەسەر ئەتەكێت[١٨] نووسراون ببینرێت، چەندان پەند و وتەیان تێدایە و ڕەنگدانەوەی بۆچوونی پێودانگە كۆمەڵایەتییەكانن. ئەم پێودانگەش ((كەمتازۆر لە یاسای ئاشكرا و ڕەوان پێكهاتووە، كە دەستنیشانی ڕەفتارێكی دیاریكراو و چۆنێتی كاروبارەكان یان بیركردنەوە لە دەوروبەرێكدا دەكات)) (Fraser, 1990:220).

لە وێناكردنی تێگەیشتنی مێژوویدا، ئەم پێودانگە كۆمەڵایەتییانە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی كۆنن و وایدادەنێت هەموو كۆمەڵێك بۆچوونی یاسای كۆمەڵایەتی ی خۆی بۆ كەلتووره جیاوازەكانی دەوروبەر هەیە. ((ئەو یاسا ڕەوان و ئاشكرایانە بەشێوەیەكی گشتی پێوەندییان بە شێوازی قسەكردنەوە هەیە، پلەی فەرمی و هاوشێوەكانی تەنیا بە ئەتەكێتەوە پابەند نییە، بەڵكو لە زمانیشدا بەدیدەكرێت. یەك نموونە بۆ ئەم یاسایانە بریتییە لە جیاكاری هەندێك زمان لە نێوان شێوەی فەرمیی ئێوە و نافەرمیی تۆ دا دروستیدەكات)) (Reiter, 2000:6).

لە بارەی پێناسەكردن و دیاریكردنی ئەوەی پێیگەیشتووە، فرایزەر(Fraser, 1990:220) بە ڕوونی ئاماژە بە چوار بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ڕێزگرتن دەكات، بۆ هەر یەكەیان ئەو تایبەتمەندییانەی ڕێزگرتن لە خۆیانی دەگرێت خستووەتەڕوو، ئەگەر لایەنی نووسینەكان سەبارەت بە بەرچاو ڕوونی و پیشاندانی ئەوەی ئەم بیرۆكەیە چۆن كاردەكات نەخرابێتەڕوو؟ ئەوانیش بریتین لە:

---

[١٨]) فرایزەر، دەڵێت: چاپی ساڵی(١٨٧٢)ی كتێبی"ئەتەكێتی خانمان"و نامیلكەی "ڕێزگرتن"لە نووسینی **لۆك** (Locke) ئاماژە بە هەندێك لەو یاسایانە دەدات، كە دەبنە هۆی ڕێكخستن و بەرهەمهێنانی پێوەندیی بەڕێزانە:

أ–خۆت لەوبابەتانە بە دووربگرە، كە وادانراون پێوەندی ی ڕاستەخۆیان بە ڕووداوێك یان بارودۆخێكەوە هەبێت، كە ناخۆش و بە ئازارە.

ب–لە گفتوگۆیەك یان ڕووداوێكدا یەكێك باسی بابەتێكی سەر بەكێشە دەكات، فێركراوە لەو بارەدا بەخێرایی و چاوەڕواننەكراوی لە باسكردنی ئەو بابەتە نەوەستێت، بە تایبەتی لە كاتێكدا دەزانێت ئەوكارە دەبێتە هۆی ئازار بۆ بەرامبەر. لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە هەوڵنەدەیت بابەتەكە خراپتر بكەیت، ئەویش بەوەی داوای لێبوردن بكەیت. بە زووترین كات بچۆرە سەر بابەتێكی تر و هیچ گرنگییەك بەو دۆخە تێكچووە مەدە، كە ڕەنگە بەسەرتهاتبێت.

ج–هەرگیز لە گفتوگۆ گشتییەكاندا پرسیار لە دروستی و وردی(veracity)ی دەربڕینێك مەكە.

د–ئەگەر دڵنیابوویت لەوەی دەربڕینێك هەڵەیە و ئاشكراكردنی ئازار بە كەسی بەرامبەر دەگەیەنێت، كە ڕەنگە لەوێدا ئامادەش نەبێت، دەكرێت زۆر بەهێمنی و بەڕێزەوە قسەكەرەكە ئاگادار بكەیتەوە، كە هەڵەیە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو هەڵەیە هیچ ئەنجامێكی خراپی نەبوو، وازی لێبێنە با تێپەڕبێت (Fraser, 1990:220).

**١- بۆچوونی پێودانگە کۆمەڵایەتییەکان** (the social norm view)

**٢- بۆچوونی ڕوومەندیپارێز** (the face-saving view)

**٣- بۆچوونی بنەمای گفتوگۆ**(the conversational maxim view)

**٤- بۆچوونی گرێبەستی گفتوگۆ**(the conversational-contract view)

**بەمشێوەیە لە چوارچێوەی کارەکەی فرایزەردا بەڕێزانەمامەڵەکردن بەشێکی گرنگ لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زاراوەکان لە گفتوگۆکاندا پێکدەهێنێت. پێیوایە جیاوازی لە نێوان لێکۆڵینەوەکەی خۆی و براون و لیڤنسن دا هەیە، ئەوەی ئەوان بە کارێکی سەرکەوتووتر و ڕوونتر پەسندەکات و بە باشترین چوارچێوەی دادەنێت، کە تێیدا دەتوانرێت ئاماژە بە چەند پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بە ڕێزگرتن بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەردووکیان لەسەر ئەو دیمانەیە هاوبەشن، کە بڕیاری هەڵبژاردنی شێوە/دەربڕینە زمانییەکان دەدات، ئەمەش هەستپێکردنی ئەو لێپرسراویانەیە، کە قسەکەر لە بەرامبەر گوێگردا هەیەتی** (Fraser, 1990:233-235)**.**


### ٢-٢-١-٢ بۆچوونەکانی ڕۆبن لاکۆف-Robin Lakoff's views:

**لاکۆف یەکێکە لەو زمانەوانانەی هەوڵیداوە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ڕێزگرتن بکات، بە فراوانکردنی مەودای لێکۆڵینەوەکەی و یاساکانی لە توێژینەوە گرنگەکانی ئەم سەردەمەدا بەکاردەهێنرێن. لەلایەکی ترەوە ((جەختکردن لە یاساکانی هاوسۆزی و ڕازیبوون**(rapport) **چەند شێوازێکی جیاوازی ڕێزگرتن دەهێننەکایەوە. بابیبنین ئەو یاسایانەی ڕێزگرتن چۆن دەتوانن شێوەی پێوەندییەکی ئاخاوتن بکێشن؟ جەختکردن لە یاسایەك بەسەر یاسایەکی تر دا بەشێکە لە تایبەتمەندی ی شێوازی ڕێزگرتنی کەلتوورێکی دیاریکراو))**(Tannen, 2006:352). **یاساکانی ڕێزگرتن، لە زنجیرەیەك یاسا، کە خەڵك وایداناوە، پێکدێت. کاتێك بەتەواوەتی و بە دروستی بەکاردێن، پێماندەڵێت: ((کردارێکی تایبەت لە کەلتوورێکی دیاریکراو و لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بەڕێزانەیە یان بێڕێزانەیە؟ ئەو ڕاستییەی کەلتوورە جیاوازەکان هەر ئەو کردەوەیە لەو بارودۆخەدا بە گونجاو و بەڕێزانە دەزانن، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەبێت پتر لە ڕێسایەك بۆ ڕێزگرتن هەبێت))**(Lakoff, 2004:87). **واتە هەندێك کۆمەڵ لە قۆناغی پێوەندییەکانیاندا یاسایەکی ڕێزگرتن پەیڕەو دەکەن، لەکاتێکدا کۆمەڵێکی تر یاسایەکی تر پەیڕەو دەکات. بە بڕوای لاکۆف ئەم دوو یاسایە**(rules)**هەموو جۆرە پێوەندییەك بەڕێوەدەبەن، هەندێکجار پێچەوانە و بەامبەر دەوەستنەوە و هەندێکجار یەکتریش بەهێز دەکەن:**

**١- بەڕێزەوە بدوێ** (Be Polite).

**٢- ڕوون و ئاشکرا بە** (Be Clear) **لە دەربڕیندا. (کرۆکی بنەمای گرایسە)** (Fraser,1990:223)

یاسای یەکەم یاساکانی ڕێزگرتن دەگرێتەوە، کاتێك قسەکەران لەگەڵ یەکتریدا پێوەندی دەکەن هەوڵدەدەن ڕەچاوی سێ ڕێسای هاوسۆزییەتی و قایلییەتی بکەن، هەرچەندە لە سەرەتاوە وادەردەکەوێت بچووککردنەوەیان بۆ یەك ڕێسا شتێکی سەرنجڕاکێش و شیاوە، بەڵام بە کردنی ئەمە توانای ئەوەمان نامێنێت، کە پێشبینی جۆراو جۆر لەبارەی ئەو جۆرە ڕەفتارکردن و بڕیاردانانەی ڕوودەدەن بکەین، هەرچی یاسای دووەمیانە ڕێك لەگەڵ ڕێسای هاریکاری ی گرایسدا یەکدەکەوێت. **لاکۆف**(Fraser, 1990:224) بۆ یاسای یەکەم سێ ڕێسای[19] لاوەکی دیاریکردووە:




**یاساکانی توانستی پراگماتیکی ی لاکۆف**
وەرگیراوە لە: (Watts, 2003:60)

[19]) دەتوانین جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەی لاکۆف لەم نموونەیەدا پتر ڕوونبکەینەوە وەك ئەوەی کاتێك کەسێك بە میوانی بۆلامان دێت، پێیی دەڵێین: حەزت لە شتێك نییە بیخۆیتەوە؟ بەپێی یاساکان وەڵامەکان جیاوازن، بۆ نموونە: میوانەکە هەرچەندە تینویەتی وەڵامدەداتەوە نەخێر سوپاس، ئەمەش واتای وایە یاسای یەکەم پەیڕەو دەکات، کە دەڵێت: **کار بەسەر بەرامبەردا مەسەپێنە**. کاتێك میوانەکە وەڵامدەداتەوە: خۆت چی دەخۆیتەوە؟ منیش هەر ئەوە. ئەوە واتای وایە یاسای دووەم پەیڕەو دەکات، کە دەڵێت: **هەڵبژێری بخەرە بەردەم کەسی بەرامبەر**. کاتێك میوانەکە وەڵامدەداتەوە بەڵێ، سوپاس "ئاو"ی لێیە؟ واتای وایە یاسای سێیەم پەیڕەو دەکات، کە دەڵێت: **پێوەندی هاوڕێیانە دروست بکە**. دیارە هاوڕێیەکی باش و نزیکت ڕەنگە چاوەڕێ نەکات تۆ خواردنەوەکەی پێشکەش بکەیت، بەڵکو ڕەنگە خۆی داوابکات زۆرم تینووە، هیچت لایە بیخۆمەوە؟ ئەمە ئاماژەیە بە هەبوونی پێوەندییەکی زۆر هاوڕێیانە. لە هەندێك کەلتووردا هاوڕێیەکی زۆر نزیك یان ئەندامێکی خێزان، ڕەنگە ڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی پرسیار بکات بچێت بۆ لای بەفرگرەکە و خواردنەوەیەك دەربهێنێت، ئەم شێوازە هاوڕێیانەترە. دەگونجێت بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز سەبارەت بەو وەڵامانە هەبن، کە هەریەکەیان هاوسەنگبوونی یەکێك لە یاساکان دەنوێنێت (Tannen, 2006:352).

**١- کار بەسەر گوێگردا مەسەپێنە-Do not impose**: پێویستە لەناو ئەو پێوەندییانەدا بەکاربێت، کە ڕێزگرتن تێیدا فەرمییە. واتە لەو بارانەدا، کە فەرمین هاوڕێیانە مەبە، ڕوونتر بوترێت کاتێك کەسێك گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی پلەوپایە بەرزتردا دەکات. ئەم یاسایە بەپێی بۆچوونی **لاکۆف**(١٩٧٣)بەشێوەیەکی فراوان لە گفتوگۆ سروشتییەکاندا بوونی کاریگەری هەیە (Dascal, 2003:238)، بەتایبەتی لەو زمانانەدا، کە جیاوازی لە نێوان تۆی فەرمی و نافەرمیدا ناکەن گرنگترین ڕێسایە. **لاکۆف** پێیوایە ((کاریگەری ی بەکارهێنانی تۆی فەرمی ئەوەیە دوورییەك لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروستدەکات و قسەکەرەکە گوێگر دوور دەخاتەوە لەوەی دەیڵێت، لە ئەنجامی ئەمەشدا هیچ پێکەوەبەستنێکی هەستی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروست نابێت و بە ناهاوڕێیانە دەمێننەوە)) (Lakoff, 2004:88).

**٢-هەڵبژاردن بدە-Give option**: لە کاتی ڕێزگرتنی نافەرمیدا بەکاردێت. واتە ڕێزنیشانبدە بەوەی هەڵبژێری بە کەسی بەرامبەر بدەیت، بە تایبەت لە نێوان ئەو کەسانە دا کە لەپلەوپایەدا وەك یەك و یەکسانن، بەڵام بەشێوەیەکی پتر لە ڕێگەی ناسینەوە لەیەك نزیك نەبوونەتەوە. لەمبارەیەوە **لاکۆف** پێیوایە: ((دەتوانرێت بە تەنیا یان لەگەڵ هەردوو ڕێساکەی تردا بەکاربهێنرێت، لەکاتێکدا ڕێسای یەکەم و سێیەم تایبەتن و بەتەنیا بەکاردێن، چونکە لە کاتی پەیرەوکردنی ئەم ڕێسایەدا دەردەکەوێت چۆن هەڵسوکەوت بکەیت و چی بکەیت؟ هەڵبژێری بۆ گوێگرەکە خۆیەتی. بێگومان ئەمە ساختە دەردەکەوێت، کاتێك کە قسەکەر زۆر باش دەزانێت، کە توانای ئەوەی هەیە بڕیارێك بسەپێنێت. زۆربەی شێوەکانی ڕێسای یەکەم نیشانیدەدەن، کە پلەی کۆمەڵایەتی ی قسەکەر لە گوێگر بەرزترە، بەڵام بەگشتی لە ڕێسای دووەمدا دەردەکەوێت، کە گوێگر پلەیەکی باڵاتری لە قسەکەر هەیە. نموونەی ڕێسای دووەمیش بە گشتی شێواندنە لە قسەکردن و کردەوەدا)) (Lakoff, 2004:89).

**٣-کارێك بکە گوێگر هەستی خۆشنوودی ی هەبێت-Make Hearer feel good**: لە کاتی ڕێزگرتنی هۆگرانە(Intimate)دا بەکاردێت، واتە سۆز و نزیکی و پێوەندی هاوڕێیانە لە نێوان هاوڕێ و کەسە زۆر نزیکەکاندا نیشانبدە. هەندێك لە پێکهێنەری دیاریکراوی ڕێزگرتن، دەکرێت لەگەڵ یەکتریدا پێکەوەببەسترێنەوە، ئەمەش ئاماژەیە بەبوونی پتر لە ڕێسایەکی ڕێزگرتن، کە پێکەوە یان جیابەجیا کاری خۆیان دەکەن.

ئەو یاسایانە بەپێی بارودۆخ دەکرێت بەسەر دۆخە جیاوازەکاندا بچەسپێنرێن، بۆنموونە ئەگەر قسەکەر بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنێت و پێیوابێت، کە پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێزگرتنی تایبەتی (نەرمونیان و هاوڕێیانە) هەیە، ڕەنگە بڵێت: **-پەنجەرەکە دابخە**.

بەڵام لە باری ڕێزگرتنی نافەرمیدا، بوترێت: **- تکایە پەنجەرەکە دابخە**.

**ڕستەی دووەمیان گونجاوتر دیارە. هەرچەندە لاکۆف ئەم لایەنانە باسدەکات، بەڵام ڕوونی ناکاتەوە چۆن قسەکەر و گوێگر دەتوانن بارودۆخەکە و ئاستی ڕێزگرتنی گونجاو دیاری بکەن؟ ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، کە لاکۆف پێیوایە: ڕێزگرتن زۆربەی کات لە پێشترە، واتە وا دادەنرێت، کە بوونی ڕێزگرتن لە ئاخاوتندا لە ڕوونی دەربڕین گرنگترە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە زۆربەی ئاخاوتنە نافەرمییەکاندا ئەوەندەی ڕەچاوکردنی پووەمەندی ی بەرامبەر بۆ پتەوکردن و هێشتنەوەی پێوەندییەکەی نێوانیان گرنگە، ئەوەندەی گەیاندنی بیرۆکەکە گرنگ نییە** (Fraser, 1990:223-224). **واتە دوورکەوتنەوە لە هێنانەکایەی ڕەنجاندن و دڵئێشاندن لە ئاخاوتندا لە ڕوونی و ئاشکرایی گرنگترە.**

## ٢-٢-٢ ڕێسای[٢٠] ڕێزگرتن-Politeness Principle:

**لە باسکردنی ڕێسای ڕێزگرتندا بەشێوەیەکی ئاسایی لە گفتوگۆکاندا دوو بەشداربوو، کە پێوەندییەکی دیاریکراو لە نێوانیاندا هەیە، دەبینرێن. ئەو دوو بەشداربووەش بریتیین لە "خود"واتە قسەکەر و"بەرامبەر"واتە گوێگر. لە ڕاستیدا ڕێزگرتن و شێوازەکانی بە هۆی کۆمەڵێك بنەمای پەیوەست بە پێوەندی ی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەوە دەبێت. لەمڕووەوە لیچ** (1996:131) **پێیوایە: ((ڕێزگرتن لە کۆمەڵێك بنەما، کە لە ژینگەی ئاخاوتنەکاندا ڕوودەدەن پێکدێت و ڕاستەوخۆ بە پێوەندی نێوان دوو بەشداربووەکەی ناو ئاخاوتنەکانەوە پەیوەستە، کە دەکرێت پێیان بوترێت خود و بەرامبەر)).**

**زاراوەی بەرامبەر یاخود ئەویتر تەنیا بۆ گوێگر بەکارنایەت، بەڵکو دەکرێت بەسەر کەسی سێیەمیش، کە لە پێوەندییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە، جێبەجێ بکرێت، قسەکەران هەر بەو شێوەیە لە بەرامبەر لایەنی سێیەمیشدا ڕێزنیشاندەدەن، بێگومان نیشاندانی ڕێزگرتن بۆ کەسی سێیەمیش، چەند شێوازێکی جیاوازی تایبەت بەخۆی هەیە. هۆکارێکی سەرەکی ی دروستکردنی ئەو جیاوازییەش ئەوەیە، ئایا کەسی سێیەم لە کات و شوێنی گفتوگۆکەدا ئامادەیە یان ئامادە نییە و لە گفتوگۆکەدا بەشدارنییە. بە بڕوای لیچ لە ڕێگەی ئەو ڕێزەوە، کە لە کەسی سێیەم دەگیرێت، دەتوانرێت گرنگی و پلەوپایەی کەسەکەت بۆ دەربکەوێت.**

---

[٢٠]) لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ زاراوەی ئینگلیزی (Principle) زاراوەی "ڕێسا" و بۆ زاراوەی **ماگزیم** (Maxim) یش زاراوەی "بنەما"لە زمانی کوردیدا بەکارهاتووە. لەمڕووەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆنموونە: د.محەمەدی مەحویی(٢٠٠٩ب:٢٨٥) زاراوەی"**شامەرج**"ی بۆ بەکارهێناوە و م. سازان ڕەزایش زاراوەی"**بنەما**"ی بۆ بەکارهێناوە (معین، ٢٠٠٥:٧٦). بەڵام د.ئاڤێستا کەمال دەڵێت: ((بە باشمانزانی زاراوەی ماگزیم وەك خۆی بەکاربهێنینەوە و زاراوەیەکی کوردیمان بۆی بە پەسەند نەزانی)) (مەحموود، ٢٠٠٩:٧٠). هەرچەندە ئێمەش وامان بە باشزانی زاراوەی"ماگزیم"وەك خۆی بەکاربهێنین، بەڵام دواتر بە بۆچوونی سەرپەرشت زاراوەی"**بنەما**"بە پەسەندتر زانرا.

هۆکارێکی سەرەکی ئەوەیە خود پێویستە بە ڕێزێکی پترەوە لەگەڵ خێزانی ئەویتر دا بدوێت، سەرەڕای ئەوەی نیشاندانی ڕێز لە بەرامبەر ئەو کەسەدا، کە ئامادەیە گرنگترە لەو کەسەی ئامادە نییە و کەسی سێیەمە(Leech, 1996:131). هەرچەندە لە کەرەستەی بنەماکاندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ((نیشاندانی ڕێزگرتن بەرامبەر کەسی دووەم لە کەسی سێیەم گرنگترە))(Leech, 1996:133). هۆکارێکی تر ئەوەیە ئایا کەسی سێیەم پێوەندی ی لەگەڵ قسەکەی خۆیدا هەیە یان لە گوێگرەوە نزیکە؟ ڕوونتر بڵێین قسەکەر پێویستە زۆر بە بەڕێزانەترەوە باسی هاوسەری گوێگر بکات وەك لەوەی باسی هاوسەری خۆی دەکات، لەم بابەتەدا هەندێك بارودۆخ هەن، بەپێی کەلتوور گۆڕانیان بەسەردا دێت و دووبارە جیاوازی کەلتووری سەرهەڵدەداتەوە، بۆنموونە: ((لە هەندێك کۆمەڵدا پیاو وەکو خود باس لە هاوسەری خۆی دەکات بەو هۆیەوە دەتوانێت بە ئازادانە یاخود بەناچاری ڕەخنە لە هاوسەرەکەی بگرێت، کەچی لە هەندێك کۆمەڵی تردا وەك بەرامبەر یاخود ئەویتر ئاماژە بە هاوسەرەکەی دەکات)) .(Leech, 1996:131-132)

دیاردەی ڕێزگرتنی زمانی بابەتێکی ناکۆکی ی باوە و بۆچوونی جیاوازی لە بارەوە هەیە. **لیچ** بابەتی ڕێزگرتن وەکو بابەتێکی ناچوونییەك (asymmetrical) دەبینێت. ئەوەی بەلای گوێگر ەوە یان لایەنێکی ترەوە ڕێزگرتنە دەشێت لە لای قسەکەر ڕێزنەگرتن بێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی **لیچ** بۆچوونی خۆی لە بارەی ڕێزگرتنەوە لە چەند بنەمایەکدا بخاتەڕوو، بەشێوەیەکی دروست پاساوی بنەماکانی ڕێزگرتنیش ئەوەیە جیاوازییەکانی کات و شوێنی ڕێزگرتن و ئەنجامەکانی ناڕاستوخۆیی، ڕووندەکەنەوە(Leech, 1996:107).

گونجاندنی هەندێك لەم بنەمایانەش بەشێوەیەکی تایبەتی دوو دوو لەگەڵ یەکدا بەکاردێن، چوار بنەمای سەرەتا بەیەکەوە و بەشێوەی دووانی پێکەوە دێن، چونکە لەگەڵ هاوسەنگی ی دوولایەنەدا مامەڵە دەکەن، لای"**لەسەرکەوتن، سوودمەندبوون**" و لای"**ستایشکردن، ستایشنەکردن**"ن. دوو بنەماکەی تریش لەگەڵ هاوسەنگی ی دوولایی مامەڵە ناکەن، ئەوانیش لایەنی "**ڕازیبوون–هاوسۆزبوون**"ن. هەرچەندە هەندێك پێکەوەبەستن لە نێوان لایەنی بنەماکاندا هەن، بەڵام هەر بنەمایەك لەوەدا سەربەخۆیە، کە بۆ لایەنێکی هاوسەنگی ی جیاواز لەو لایەنەی تر دەگەڕێتەوە، کە باسی لێوە دەکات(Leech, 1996:132). بنەما زمانییەکانی ڕێزگرتن بەپێی هۆکارە بارودۆخییەکان دەگۆڕرێن، بەڵام هاوسەنگییەکی ئاشکرا لە نێوان بنەما جیاوازەکانی ڕێزگرتندا هەیە، وەکو چۆن لە نێوان ڕێسای هاریکاریشدا هەیە.

**چیڤری لیچ**(1996:149) حەوت بنەمای بۆ ڕێزگرتنی زمانی دیاریکردووە: بەوێڵیەتی، بەخشندەیی، پەسەندیەتی/بەباشزانین ، خاکیەتی، قایلیەتی، هاوخەمیەتی، هێنانەگۆ.

### ٢-٢-٢-١ بنەمای بەوێلیەتی[٢١]-Tact Maxim:

ڕێزگـرتن بـەهۆی زمانشـیرینییەوە دەردەبڕدرێـت و لـە ڕسـتەکانی داخوازی/فرمـان و ڕاسپاردندا کاردەکات. **لیچ** لە ناساندنی وردی ئەم بنەمایەدا، دەڵێت: ((ئامرازی ڕزگاربوونە لە ململانـێ لـە کـاتی ئاخاوتنـدا، بەسـەر کـردەی پەیوەسـتبوون(Commissives) و سـەپاندن[٢٢] (Impositive)ـەوە جێبەجێـدەبێت)) (Leech,1996:107)، ئەمـەش بـۆ ئەنجامـدانی کردارێـك لەلایـەن قسەکەر یان گوێگرەوە دەگەڕێتەوە، بە بڕوای **لیچ**(Huang, 2008:96)[٢٣] بنەمای بەوێلیەتی لەسەر دوو بنەچە کاردەکات: أ- کەمترین لەسەرکەوتن(cost)ی بەرامبەر(گوێگر).

ب- زۆرترین سوودمەندبوون(benefit)ی بەرامبەر.

کاتێك ڕەفتارێکی جوان لە بەرامبەر تاکێك یان گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا دەنوێنین یان ڕەچاوی دەربڕینـی نـەرمونیانی لـە ڕەفتارەکانماندا دەکـەین، ((ڕەنگـە پێویست بێت لەبەر بەرژەوەنـدی ی بەرامبەر، بەرژەوەندییەکانی خۆمـان کـەم بکەینـەوە)) (Watts, 2003:32)، بۆیـە قسـەکەر لـە پێنـاوی گەیاندنی مەبەستەکەیدا زۆرترین لەسەرکەوتن و ئەرکی لەسەر دەبێت، ئەمەش پابەندبوونە بە بنەماکە، بەمـەش پلـەی ڕێزگرتنەکە بەرزدەبێتـەوە، چونکە زۆرتـرین سـوودمەندی بـۆ بەرامبـەرە، هاوکات بەپێچەوانەوە هـەر لەسەرکەوتنێك بۆ گوێگر دەبێتـە هـۆی پێشـێلکردنی بنەماکە و بڕی ڕێزگرتنەکەش کەمدەبێتەوە، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

| | راستەوخۆ | لەسەرکەوتنی گوێگر (کەمترین سوودمەندبوون) | ڕێزی کەم |
|---|---|---|---|
| ١-مۆبایلێکم بۆ بکڕە. | ↑ | ↑ | ↑ |
| ٢- دەمەوێت مۆبایلێکم بۆ بکڕیت. | | | |
| ٣- مۆبایلێکم بۆ دەکڕیت؟ | | | |
| ٤- دەتوانیت مۆبایلێکم بۆ بکڕیت؟ | | | |
| ٥- ئەگەر دەتوانیت مۆبایلێکم بۆ بکڕە؟ | ↓ | ↓ | ↓ |
| ٦- بە ئەرك نەبێت مۆبایلێکم بۆ دەکڕیت؟ | ناڕاستەوخۆ | سوودمەندبوونی گوێگر | ڕێزی زۆر |

(Leech, 1996:108)

لێرەدا بەپێی شێوازی ڕیزکردنیان، ئەم ڕستانە لە شێوازی ڕاستەوخۆوە بەرەو شێوازی ناڕاستەوخۆ دەڕۆن و بەو هۆیەشەوە ڕێژەی نیشاندانی ڕێزگرتن تێیاندا زیاد دەکات، بەپێی ئـەم بنەمایـە، ڕسـتەکانی(١)و(٢) قسـەکەر کـەمترین لەسـەرکەوتنی بـۆ خـۆی ڕەچـاوکردووە، هاوکـات کـەمترین سـوودمەندبوونی بـۆ گـوێگر خسـتوەتەڕوو، ئەمـەش وایکـردووە پلـەی ڕێزگرتنەکە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر کەم بێت. بێگومان ئەمەش لادانە لە بنەمای زمانشیرینی و

---

[٢١]) مەبەست شارەزاییە لە هەڵسوکەوتکردندا یاخود مامەڵەکردنی لێزانانەیە، لە کوردەواریدا بەمە دەوترێت زمانشیرین.

[٢٢]) پەیوەستبوون بە واتای "پابەندبوون"، هەروەها سەپاندن بە واتای "فەرماندان یاخود ئاڕاستەکردن"یش دێن.

[٢٣]) بۆ زانیاریی پتر، لە بارەی بنەماو بنەچەکانی ڕێزگرتن لای لیچ، بڕوانە: (Leech, 1996:132) و (Fraser, 1990:225).

کەمترین پابەندبوونە پێوەی، بەڵام لە کاتێکدا ئەگەر بێت و دووریی کۆمەڵایەتی نێوان قسەکەر و گوێگر کەمبێت، وەك نێوان دوو هاوڕێ یان ئەندامانی خێزانێك، ئەوا تاڕادەیەك نابێتە کاری ڕوومەندبەزێنی ی ڕوومەندی بەرامبەر و بارێکی ئاسایی دیاریدەکات.

ڕستەکانی(٣-٦) ناڕاستەوخۆیی لە واتادا پیشاندەدات، بەمەش قسەکەر لەپێناوی گەیاندنی مەبەستەکەیدا زۆرترین لەسەرکەوتن لە خۆدەگرێت و گوێگریش زۆرترین ڕێزی لێگیراوە، هەروەها لە ڕستەی(٥-٦) دا لە ڕێی بەکارهێنانی ڕستیلەی"ئەگەر بە ئەرکی نازانیت، بە ئەرك نەبێت"یان هەندێك دەستەواژە و دەربڕینی ی زمانی ترەوە بە ناڕاستەوخۆیی لەگەڵ بەرامبەر دەدوێت. بەمەش قسەکەر پلەی ڕێزگرتنی بەرامبەری بەرزکردووەتەوە و پتر پابەندبوونی بە بنەماکەوە دەرخستووە. دەتوانین بڵێین لەم بنەمایەدا ((ڕێگایەك بۆ دەربڕینی ڕێز بۆ بەرامبەر بریتییە لە بەکارهێنانی شێوازی ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ)) (Leech, 1996:108) ، کە تێیدا ڕێژەی نیشاندانی ڕێز لەو ڕستە یان دەربڕینە زمانییانەدا پتر دەکات، ئەمەش بەلای **لیچەوە** بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ((کاتێك قسەکەر بەکاریاندەهێنێت، گوێگر هەموو سنوورەکانی لە بەردەمدا داناخرێت و هەڵبژاردنی بۆ دەمێنێتەوە. بۆیە دەربڕینەکان چەند ناڕاستەوخۆ بن، ئەوەندە بەهێز دەبن و هاوکاتیش دەرکەوتنی شێوازی فەرمان (داخوازی) یش تێیاندا کەمدەبێتەوە)) (Leech, 1996:108). هەروەها ڕێگەیەکی تر بۆ دەرخستنی ڕێز و پابەندبوون بە بنەمای بەوێڵیەتییەوە بەکارهێنانی ئاوازەیە.[٢٤] بنەمای بەوێڵی توانایەکە بۆ وتن یان ئەنجامدانی کارێکە بە بێ ئەوەی گرژیی و بەزاندنی ڕوومەندی ی بۆ بەرامبەر دروستبکەی.

## ٢-٢-٢-٢ بنەمای بەخشندەیی-Generosity Maxim:

ئەم بنەمایە بەسەر کردەی ((پەیوەستبوون و سەپاندن جێبەجێدەبێت و لەسەر دوو بنەچەش کاردەکات، ئەویش: أ- کەمترین سوودمەندبوونی خود.

ب- زۆرترین لەسەرکەوتنی خود.)) (Huang, 2008:96)

کاریگەری ی ئەم بنەمایە لەوانیتر پترە، بەوەی لە شێوەی خەسڵەتی کەسیدا دەردەکەوێت و دەبێتە سیمایەك بۆ ناسینەوەی کەسەکە و پتر لە شێوەی پێشکەشکردن یان خواستی شتێکدا دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەوبارانەدا، کە توانا و ئازادی ی هەڵبژاردن و پێشکەشکردن دەدەیتە گوێگر، چونکە بابەتی پێشکەشکردنەکە جێی لێکدانەوە و هەڵبژاردن نییە، بەڵکو ڕاستەوخۆ قسەکەر توانستی خۆی دەخاتە خزمەتی گوێگرەوە، بەمەش پلەی بەخشندەیی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر پتر دەبێت، وەك: - **حەزت لە چییە بۆت بکرم؟** - **فەرموو، شتێکی ترت پێویست نییە؟**

---

[٢٤]) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: بەشی سێیەمی ئەم نامەیە: ٣-٣-١ هێز و ئاوازە.

لە کاتی بەکارهێنانی بنەماکانی زمانشیرینی و بەخشندەییدا پێویستییەکی کەم هەیە بۆئەوەی ئەم دووانە لێك جیابکرێنەوە، واتە نزیکی و پەیوەستییەکی پتر لە نێوان ئەم دوو بنەمایەدا بەدیدەکرێت، بۆنموونە: **- دەتوانیت ئوتۆمبیلەکەتم بدەیتێ**. (ڕێزی زۆر تێدانییە)

**- دەتوانم ئوتۆمبیلەکەمت بدەمێ**. (پێشکەشکردنە و ڕێزی تێدایە)

ئەو لەیەکچوونەی لە نێوان ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەیە، دەکرێت بەپێی هەریەك لەو دوو بنەمایە، ڕوونبکرێنەوە. واتە ڕستەی یەکەم بەراورد بە دووەم لە ڕووی تێدابوونی ڕێژەی ڕێزگرتنەوە ڕستەیەکی کەمتر پەسەندکراوە، ڕستەی دووەمیش لەبەر دوو هۆکار گونجاوترە: یەکەم لەبەرئەوەی سوودی گوێگری تێدایە، یاخود کەمکردنەوەی سوودی قسەکەرە، بەوەی بەرامبەر پێشکەشکردنەکە ڕازیبوون یان ڕازینەبوون هەڵبژێرێت.

دووەمیش کە هێندەی هۆکاری یەکەم گرنگ نییە، ئەوەیە ئەم ڕستەیە لەسەرکەوتنی قسەکەر پتر دەکەن، واتە قسەکەر توانای بەخشین و پابەندبوونی خۆی بە بنەماکەوە دەربڕیوە، بەم پێیەش ڕستەی یەکەم پێچەوانەی هەر دوو هۆکارەکەیە، بەڵام ئەگەر وادەربکەوێت ئەو کەسەی پێشکەشکردنەکە ئەنجامدەدات هیچ ئەرکێکی ناکەوێتەسەر، ئەوە بۆ ئەوەیە پەسەندکردنی پێشکەشکردنەکە بۆ گوێگر ئاسانتر بێت. لەلایەکی ترەوە هەندێکجار دەربڕینەکە بەشێوەیەکە تەنیا بنەمای مامەڵەکردنی لێزانانە پێوەندی بە دۆخەکەوە هەیە و کاردەکات، بۆنموونە لە کاتی پێشکەشکردنی پێشنیاز دا، وەك: **- دەتوانیت لە بازاڕ بە نیوەی ئەو نرخە بیکڕیت**.

بیرۆکەکە ئەوەیە شێوازێکی بەڕێزانەترە، ئارەزوویەك بۆ سنووردارکردنی بەشی قسەکەر لە ڕستە فرمانییەکاندا هەیە، ئەم ڕستەیە سوودی گوێگری تێدایە و هیچ لەسەرکەوتنێکی لەسەر قسەکەر دروست نەکردووە، تەنیا ئەو ئەرکە نەبێت قسەکەر دەیخاتەسەر خۆی و ئامۆژگارییەکە دەکات. لە هەندێك باری تردا بەبێ بوونی بنەمای مامەڵەکردنی لێزانانە بنەمای بەخشندەیی دەردەکەوێت و پێوەندیدارە.

دیارە لە زمانی کوردیدا بۆ پابەندبوون بە ڕێزگرتنی بەرامبەرەوە لە ڕستەی فەرمانیدا ئەم بنەمایە پتر دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ڕستەکانی پرسیار و فەرمان بۆ ئەم بنەمایە زۆر بەکاردەهێنرێن بە مەرجێك زۆرلێکردنی تێدا نەبێت و گوێگر سەربەستی هەڵبژاردنی بکەوێتە دەست، ئەمبارە لە هەواڵگەیێندا تاڕادەیەك بەسەر گوێگردا سەپێنراوتر دەبێت (مەحموود، ٢٠٠٩:١٤٢)، بۆنموونە: **ئاساییە من بتگەیەنم؟**

لەم ڕستەیەدا خواستنەکە بۆ بەرژەوەندی ی گوێگرە و کەمترین سوودمەندی ی خودی تێدایە. هاوکات دەتوانرێت بوترێت لە ڕستەی پرسیاریی ناڕاستەوخۆدا پلەی پابەندبوون بە بنەمای بەخشندەییەوە لە فەرمانی ڕاستەوخۆ کەمترە، بۆ نموونە: **با من پارەتییت بدەم**.

## ٢-٢-٢-٣ بنەمای بەباشزانین/ پەسەندیەتی -Approbation Maxim:

ئەم بنەمایە لە کردەی ((دەربڕین(expressive) و جەختکردن (assertive)دا بەکاردێت، لە سەر دوو بنەچە کاردەکات: أ- کەمترین سەرزەنشتکردنی بەرامبەر.

ب- زۆرترین ستایشکردنی بەرامبەر. )) (Huang, 2008:96)

سەبارەت بەم بنەمایە لیچ دەڵێت: ((ئەگەر ناونیشانێکی لاوەکی بۆ ئەم بنەمایە دابنرێت، ئەوا بنەمای مەرایکردن(Flattery)دەبێت)) (Leech, 1996:135). بێگومان وشەی مەراییکردنیش بە شێوەیەکی گشتی بۆ پەسەندکردنێکی ساختە دەگەڕێتەوە، ئەو کەسەی بە دووای هەلێکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی خۆی بە کەم دەربخات، بەخێرایی دەبێتە کەسێکی بێزارکەر، لەوەش گرنگتر، بە خاوەنی کەسایەتییەکی ساختە دەناسرێت. خودی ناوەرۆکی بنەماکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەوڵبدە شتی نالەبار سەبارەت بە کەسانی بەرامبەر نەڵێیت، بە تایبەتی گوێگر. (Leech, 1996:133) جا بۆئەوەی ڕاستەوخۆ کردەی لێکگەیشتن بێتەئاراوە، دەبێت زۆرترین چاکگۆیی هەبێت و خۆمان لە بەدگۆیی و نشاندانی لایەنی خراپ بپارێزین، بۆ نموونە:

- ئاهەنگەکە زۆر خۆشبوو. + ئەوە بە ڕاستە.

- هاوڕێ دیارییەکەت بە دڵ بوو. + باوکە هەرچییەك بێت خوا نەیبڕێت.

لێرەدا گوێگر زۆرجار لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆوە دەربڕینێکی بێڕێزانە یان ستایشنەکردن بەکاردەهێنێت و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت، هەرچەندە بە پێی بنەمای گرایس دەبێتە هۆی شێواندنی بنەمای چەندییەتی، کە ئەمەش لایەنی نەرێنی بنەماکە دەردەخات. بۆیە هەندێکجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێك وشە و دەستەواژەوە لادان یان لاوازبوونی بنەمای بەباشزانین بەدیدەکرێت، یاخود کەمبوونەوەی ڕێژەی ڕێزگرتن و باشییەکانی ئەویترە، لەبەرئەوەی ئەم وشانە لە ڕستەدا بەرزترین نرخی بەرامبەر دەرناخات، بەڵکو کەمبوونەوەیەك لەو بەرزڕاگرتن و ستایشکردنە دەردەخات،بەڵام لە ڕێگەی هێنانەپێشەوەیانەوە دەتوانین بە بنەماکەوە پابەندبین. لەکاتێکدا بنەمای پەسەندییەتی بوونی هەیە، کە ((کەسێك دەیەوێت بۆچوونێکی پەسەندکراو دەربڕێت، لەم کاتەدا ئەو کەسە ڕەنگە نەتوانێت بەوشێوەیە وەڵامبداتەوە، واتە نەبوونی ستایشکردن بوونی ستایشنەکردنە))(Leech, 1996:136). بەپێی ئەم بنەمایە ستایشکردن زۆر گرنگە، چونکە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ستایشکردن و پیاهەڵدان خۆشتر و باشتر دەبن [٢٥]، وەك ئەوەی کاتێك باسی چۆنییەتی و باشییەتی چێشتێك بکەیت و بڵێیت:

- خواردنەکەتان زۆر خۆشبوو؟ + بەڵێ زۆر خۆشبوو.

---

[٢٥] بۆ زانیاریی و نموونەی پتر لەمڕووەوە، بڕوانە: (Spolsky, 2010:20)

### ٢-٢-٢-٤ بنەمای خاکیەتی-Modesty Maxim:

ئەم بنەمایە لە کردەی ((دەربڕین و جەختکردندا بەکاردێت و لەسەر دوو بنەچە کاردەکات: أ-کەمترین ستایشکردنی خود. ب-زۆرترین ستایشنەکردنی خود)) (Huang, 2008:96)

ئەم بنەمایە کەمترین ستایشکردنی خود نیشانیدەدات، هەر وەکو گرنگییش بەبڕ و توانای بەخشینی خود بۆ بەرامبەرەکەی دەدات. بەمپێیە خود لە خواستنی پێویستییەکانی بەرامبەردا هەموو ویستێکی خۆی وندەکات و هێندە چاکە و باشییەکانی بەرامبەر دەردەخات، کە خۆی لە بەردەمیاندا وەك پاشکۆیەك دەبینێت (مەحموود، ٢٠٠٩:١٣٨). هەندێکجار بنەمای خاکییەتی لەگەڵ هەندێك بنەمای تردا ململانێ دەکەن، لەمبارەدا پێویستە ڕێگەبدەین بنەمایەك بەسەر بنەمایەکی تردا زاڵبێت. لە بنەمای خاکیەتیدا پانتاییەکی گەورەی بە باشزانی بە گوێگر دەدرێت و هیچ گرنگییەك بۆ خۆی لە بوونی ئەودا دانانێت، ئەم بەباشزانییەی بەرامبەر لە بنەمای بەباشزانین نزیکمان دەخاتەوە و تەنیا خاڵی جیابوونەوە لە نێوانیاندا، ئەوەیە لە بنەمای بەباشزانیندا قسەکەر خۆی بە بچووك و کەمتر لە بەرامبەر دانانێت. قسەکەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی بنەمای خاکیەتی و ئاوازەی ڕستەکەوە پتر دەتوانێت خاکییەتی خۆی دەربخات و پلەی گوێگر بەرزبکاتەوە. - **تکایە ئەم دیارییەم لێوەربگرە**. (ڕێز کەمە)

- **خواردنەکەی جەنابتان هیچ نەبوو ئێوەی شایستەی زیاترن**. (ڕێز زۆرە)
- **ئەو دیارییە بچووکەم لێوەربگرە، هەرچەندە ئێوە لەوە گەورەترن**. (ڕێز زۆرە)

پابەندبوون و بەکارهێنانی بنەمایەکە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تردەگۆڕرێت،[٢٦] تەنانەت لە ناو ڕەگەزەکانی کۆمەڵێکیشدا جیاوازی هەیە، بۆنموونە: لە کۆمەڵی ژاپۆنیدا ڕادەی نرخی خود بە جۆرێکە قسەکەر کارەکانی خۆی لە بەردەم گوێگردا هەڵدەسەنگێنێت، هەندێکجار لە بەردەم بەڕێزی بەرامبەرەکەیدا شەرم لە کارەکانی خۆی دەکات و بە کەموکووڕیان دەزانێت. لە کۆمەڵی ژاپۆنیدا بە تایبەتی لە نێوان ئافرەتانیاندا وا دەردەکەوێت بنەمای خاکیەتی لەو شێوازەی لە کۆمەڵی ئینگلیزدا بەکاردێت بەهێزترە، چونکە لە کۆمەڵی ئینگلیزدا قبووڵکردنی ستایش ئاسانترە و بەڕێزانەترە لە نکووڵیکردن لە ستایشکردنەکەو ئارەزووی ئەوە دەکەن هاوسەنگییەك لە نێوان پێشێلکردنی بنەمای خاکیەتی و ڕەزامەندیدا بدۆزنەوە (Leech, 1996:137). کۆمەڵی کوردەواریش ئەمجۆرە خاکییەتییەی تێدایە، وەك: **لە خزمەتدام، قوربانتم، بچووکتم، نۆکەرتم** وادەردەکەوێت ئافرەتان پتر بەم بنەمایەوە پابەندبن، **خزمەتکارتە، بەساقەتبم، لە دەورتبگەڕێم**،...**هتد**.

---

[٢٦]) لە کۆمەڵی ئێرانیدا بەرزڕاگرتنی بەرامبەر زۆرە و لەبەرامبەریشدا خود کەمترین نرخ بۆ خۆی دادەنێت و زۆر لەخۆکردن و فشارخستنەسەر خود بە ڕادەیەك تێدا دەبینرێتەوە، کە گوێگر یان بەرامبەر لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕێزگرتنە دا هەست بە باڵایی خۆی و بەرزترین دابەزینی نرخی قسەکەر دەکات (مەحموود، ٢٠٠٩:١٣٩).

**٢-٢-٢-٥ بنەمای قایلییەتی/ ڕێککەوتن–Agreement Maxim :**

ئەم بنەمایە هەوڵدەدات کەمترین ناقایلییەتی و ناڕازیبوون لە نێوان خود و ئەوانیتر دا بهێڵێتەوە یان هەر نەیهێڵێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆرترین ڕێککەوتن و قایلییەتی لە نێوان خود و ئەوانیتردا زیاد بکات. ئەم بنەمایە لە کردەی ((جەختکردنندا بەکاردێت و لە سەر دوو بنەچە کاردەکات: أ– کەمترین ناڕازیبوون لە نێوان خود و بەرامبەر دا.

ب–زۆرترین ڕازیبوون لە نێوان خود و بەرامبەر دا))(Huang, 2008:96)

ئەم بنەمایە لەسەر شێوازی سەرکەوتنی ئاخاوتن و بەردەوامی ی کردەی لێکگەیشتن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا کاردەکات، بەهۆی دەربڕینی وشە و شێوازی وەڵامدانەوەکان ئاماژە بۆ کەمی ی ئەو ڕێزگرتنەی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا یان نزیکی پێوەندی ی کۆمەڵایەتی نێوانیان دەکرێت، لەمبارەدا پلە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەبنە هۆی ئەوەی وەڵامدانەوەکان جیاوازبن، بۆنموونە: کرێکارێك لەگەڵ خاوەنکارەکەیدا یان کارمەندێك لەگەڵ لێپرسراوەکەیدا بە شێوەیەکی تایبەتی گفتوگۆ دەکات، بۆیە لە هەریەکەیاندا بە ڕادەی جیاواز پەیوەستبوون بە بنەماکەوە دەبێت. لەکاتێکدا بەهۆی قایلنەبوونی پێشتر لەسەر شتەکە ناقایلی لە نێوان قسەکەر و ئەوانیتردا هەبێت، ئەوا دەبێتە لادان لە بنەماکە و بێرێزیکردن، بۆنموونە:

– **خواردنێکی خۆش بوو، وانییە؟**

+ **نەخێر زۆر ناخۆش بوو.**

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین بەکارهێنانی نیوە قایلی ڕێگایەکی باشە بۆ دەربڕینی ناقایلی تەواو، هەرچەندە((هەندێکجار قسەکەر ئارەزووی زیادەڕۆیی دەکات بۆئەوەی ناقایلی ی خۆی لەسەر شتێك بەباشتر بگەیەنێتە بەرامبەر، ئەوەش ڕەنگە لە ڕێگەی دەربڕینی پەشیمانی یان نیوە قایلییەوە ئەنجامبدات)) (Leech, 1996:138). بۆنموونە:

– **ئینگلیزی زمانێکی زۆر قورسە بۆ فێربوون.**

+ **ڕاستە، بەڵام ڕێزمانەکەی زۆر ئاسانە.**

– **بەڕاستی خانووەکەتان زۆر خۆشە.**

+ **بەڵێ، بەگشتی خۆشە، بەڵام هەندێك شتیم بە دڵ نییە.**

بەڵام ئەگەر قایلبوون لە نێوان خود و ئەوانیتردا هەبوو، ئەوا لە وەڵامی ڕستەکاندا ڕێزی پتر پیشاندەدات، بۆیە ((هەندێکجار قسەکەر ئارەزووی ئەوە دەکات لە دەربڕینی قایلێتی ی خۆی لە بەرامبەر شتێکدا زیادەڕۆیی بکات)) (Leech, 1996:138). بۆ نموونە:

– **سەیری یارییەکەت کرد؟** +**بەڵێ زۆر خۆشبوو.**

– **ئاهەنگەکە باشبوو.** + **بەڵێ بەدڵنیاییەوە.**

– **خواردنەکەتان بەتام بوو؟** + **خواردنی وابەتامم نەخواردووە.**

هەروەها لە ڕستەی فەرماندانیشدا بەتایبەت فەرماندانی ڕاستەوخۆ پابەندبوون یان نەبوون بەم بنەمایەوە دەردەکەوێت، وەکو لە فەرماندانی ناڕاستەوخۆدا ئەم لانەدانە یاخود لادانە هەیە و بەهۆی شێوازی ناڕاستەوخۆی ڕستەکەوە قسەکەر هەلومەرجی ڕەتکردنەوەی دەربڕینەکەی کەمدەکاتەوە (مەحموود، ٢٠٠٩:١٤١)، بۆنموونە: - **زوو نانەکەت بخۆ.** + **بەڵێ باش**

- **خۆت ناگۆڕی؟** + **نەخێر.**

**٢-٢-٢-٦ بنەمای هاوخەمیەتی /هاوسۆزییەتی -Sympathy Maxim:**

ئەم بنەمایە لە کردەی ((جەختتکردندا بەکاردێت و لە سەر دوو بنەچە کاردەکات:

أ-کەمترین بێزارییەتی لە نێوان خود و بەرامبەر دا.

ب- زۆرترین هاوخەمییەتی لە نێوان خود و بەرامبەر دا )) (Huang, 2008:96).

دەتوانرێت بوترێت ئەم بنەمایە پتر تایبەتە بە دەربڕینە زمانییەکانی بۆنە و ڕووداوەکان و لادان لێی دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوازی نابەجێ و دەرخستنی بێڕێزی، بەتایبەتی لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا دەردەکەوێت، بۆنموونە: - **پێمان ناخۆش بوو، کە بەڕێزتان نەخۆش بوون.**

- **چۆن نەتزانیوە هەفتەی پێشوو مامی...مردووە؟**

بەڵام بەهۆی ئەوەی وەڵامی ڕستەی پرسار و فەرمانیش بەشێکن لە پێکهاتەی ڕستەکە، دەکرێت ئەم بنەمایە لە پرسیار و فەرماندانەدا بەکاربهێنرێت و دەربڕینی بنەماکە لە ڕێگەی هەندێك وشەی پرسیاری، وەك چۆن و تۆنی بەزەیی پێداهاتنەوە (مەحموود، ٢٠٠٩:١٤٣-١٤٤). لێرەدا بەبێ بەکارهێنانی وشەکانی هاوسۆزییەتی قسەکەر لە ڕێی ئاوازەی ڕستەکەوە پەرۆشی و هاوخەمییەتی خۆی بۆ ئەوانیتر دەردەبڕێت، بۆنموونە: **بۆ ئەمساڵ دەرنەچوویت؟**

بنەمای هاوخەمیەتی لە نێوان خود و ئەوانیتر دا، وادەکات قسەکەر نەتوانێت لە ڕستەی سادەی فەرمانیدا هاوخەمیەتی دەربڕێت، چونکە ڕستەی فەرمانی ئەرکێك ئاڕاستەی گوێگر دەکات لە بری کەمکردنەوەی ئەرکێك یان شتێك لەسەر گوێگر، بەڵام ئەگەر ڕستەی فەرمانی بەهۆی کردەیەکی قسەییەوە لە ڕستەیەکی ئاڵۆز و مەرجیدا دەربڕرابێت، ئەوا بنەمای دووهەمی بە سەردا جێبەجێدەبێت: **ئەگەر بەگوێی من بکەیت، لێت نادەم.**

ڕستەی پرسیار و فەرمان لە بنەچەی یەکەمی بنەماکەدا بە ئاسانی دەتوانن پابەندبن یان لادەربن (مەحموود، ٢٠٠٩:١٤٤). بۆنموونە: **چەندتان پێویستە لە خزمەتداین.**

هەندێکجار لادان و پێشێلکردن لە بنەچەی یەکەمی بنەماکەدا دەبێت، بەوەی زۆرترین بێزارییەتی لە نێوان خود و بەرامبەردا هەیە، بۆ نموونە: **تکایە داوای قەرز مەکە.**

لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی بنەمای هاوسۆزییەتییەوە دەردەکەوێت، ((بۆچی وتنی پیرۆزبایی یان سەرەخۆشی قسەی پڕ ڕێزن، لە کاتێکدا

**دەربڕینەکانی پرسە بەلای گوێگرەوە بابەتی نەرێنین، چونکە ئەم دەربڕینانە ئامـاژەن بـۆ باسکردنی لایەنێکی نەخوازراوی گوێگر**))(Leech, 1996:138-139). **دیارە لە کوردەواریشدا بە دەربڕینە زمانییەکان بنەمای هاوخەمییەتی بۆ بەرامبەر دەردەبڕێت، ئەمە وێڕای ئەوەی دەربڕینەکانی پرسە بەلای گوێگرەوە بابەتێکی نەرێنی نین، چونکە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لای کورد زۆر پتەوە، بۆیە ئامادەبوون و دەربڕینی پرس و سەرخۆشی بە فۆرمە زمانییەکان ئاماژەن بۆ هاوخەمییەتی و پەرۆشی و گرنگیدانی بەرامبەر و دەربڕینی ڕێزە، بۆنموونە:**

- **دڵخۆشبووم، کە بیستم دایکت مردووە.** (دەربڕینێکی بێڕێزانەیە)
- **زۆر بەداخەوە! بیستم دایکت مردووە.** (دەربڕینێکی بەڕێزانەیە)
- **پێم ناخۆش بوو، کەماڵتان سووتاوە.**

**لە ڕستەی یەکەمدا قسەکەر بەهۆی ئەوەی هاوخەمی خۆی دەرنابڕێت لەم بنەمایە لادەدات و پێشێلی دەکات، ئەمەش بێڕێزییە، بەڵام لە ڕستەی دووەم و سێیەمدا لە ڕێی دەربڕینی بنەمای هاوخەمییەوە بۆ لەدەستچوونی شتێك قسەکەر پابەندبوونی خۆی بە بنەماکە دەردەبڕێت و ڕێز لە وانیتر دەگیرێت، هەروەکو چۆن بۆ ڕووداوێکی خۆش پیرۆزباییکردن بەکاردێت، بۆنموونە:** - **بەبیستنی هەواڵی سەلامەتیت زۆر دڵخۆشبووم.**

- **بە سەرکەوتنتان خۆشحاڵین.**

### ٢-٢-٧ بنەمای هێنانەگۆ[٢٧]-Phatic Maxim:

**سەبارەت بە بنەماکانی تری ڕێزگرتن لیچ**(1996:138) **پێیوایە: هەرچەندە بەڵگەی کەم هەن، کە ڕێزگرتن بنەمای تری هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە چۆن کۆتایهێنان بە گفتوگۆ گرفتە، دەستکردن بە گفتوگۆش گرفتە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو خاڵەی، کە پێوەندییەك لە نێوان ڕێزگرتن و ئاخاوتن وەك چالاکی هەیە، بۆیە ساڵی ١٩٣٠ مالینۆویسکی (Malinowski) بنەمای "هێنانەگۆی هاوبەش"ی ناونا، کە لەسەر دوو بنەچە کاردەکات:**

**أ‌- خۆت لە بێدەنگی**(silence)**لابدە.** **"لە باری نەرێنیدا"**

**ب‌- لە قسەکردن**(talking) **بەردەوامبە.** **"لە باری ئەرێنیدا"** (Leech, 1996:141)

---

[٢٧]) لەمڕووەوە م.ئاڤێستا کەمال زاراوەی"بەسەروزمانبوون"ی بۆ بەکارهێناوە، پێیوایە لەزمانی کوردیدا ئەم زاراوەیە بۆ کەسێك بەکاردەهێنرێت، کە توانای هەڵکردن و دانبەخۆداگرتن و پێبەپێ ڕۆشتنی لە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەبێت، هەروەها دەوترێت"فلان کەس بە دەمولەبزە"واتە قسەکانی خۆشە و زۆر بەتەنگ کەسی بەرامبەرەوەیە لە کاتی قسەکردندا (مەحموود، ٢٠٠٩:١٤٥). هەر لەمڕووەوە د.هۆگر مەحموود پێیوایە: ((ئەمە زمانشیرینی پێدەوترێت، چونکە بە دەمولەبز هاوواتای لەبلەبانیشە)). د.هۆگر مەحموود، چاوپێکەوتن، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ٢٠١١/١٠/١. لەبەرئەوەی خودی بنەماکە هێنانەگۆی بەرامبەرە، بۆیە لێرەدا ئەم زاراوەیەمان بە پەسەندتر زانی.

به مەبەستی پاراستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەم بنەمایە هاتووەتە ئاراوە، هەر بۆیە ((بەردەوامبوون لە قسەکردن، کە بارە ئەرێنییەکەیە، گرنگترە، چونکە خۆ بەدوورگرتنە لە بێدەنگی و پێویستییەکی هەنووکەیی هەر دوو بنەمای قایلییەتی و هاوخەمییە)) (Leech,1996:142) لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی و بایەخی ئەم بنەمایە هێندەی بنەماکانی تر نییە، بۆیە ئەم بنەمایە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پترە.

به شێوەیەکی گشتی ڕستەی پرسیار هەمیشە بەردەوامی بە گفتوگۆ و قسەکردن دەدات و دەبێتە هۆی بەردەوامی ی ئاخاوتن، تەنانەت ئەگەر قسەکەر و بەرامبەر یەکتریش نەناسن، چونکە لە ڕێی پرسیارکردنەوە بە مەبەستی وەڵامبەدەستهێنان پێوەندییەك لە نێوانیاندا دروستدەبێت، هەرچەندە جنێودان و توانج و ڕستەی سەرسوڕمانیش بەردەوامی بە گفتوگۆ و قسەکردن دەدات وەك: **– بەه بەه لەو جوانییە** **- وەی لەو باڵایە!**

ئەمەش پابەندبوونی قسەکەرە بە بنەچەی دووەمی ئەم بنەمایەوە، بۆنموونە دەستەواژەکانی سڵاوکردن، وەك: **چۆنیت؟**، **باشیت؟** ، **ئەم کاتەت باش**، ...**هتد** یاخود هەندێك قسەی تر، وەك:

**- ئەوە چییە؟** **- لە کوێ بوون، چیدەکەن**، ...**هتد**.

یەکێك لە ڕێساکانی بنەمای هێنانەگۆ ئەو زەمینەسازییەیە، کە قسەکەر و گوێگر بەشداری تێدادەکەن و تاڕادەیەکی زۆر وایان لێدەکات لە قسەکردنەکانیان بەردەوامبن، بۆنموونە: بێدەنگبوونی قسەکەر لە هەواڵپرسینی بەرامبەر، لەکاتێکدا دەزانێت کەسێکی نزیك یان هاوڕێیەکی تووشی نەخۆشی یان ڕووداوێك بووە، بەڵگەیە لەسەر گرنگی پێنەدان و ڕێزنەگرتنی گوێگر.

به گشتی بنەماکانی ڕێزگرتنی لیچ پتر جەخت لە سوودمەندبوونی بەرامبەر و لەسەرکەوتنی خود دەکەن و لەگەڵ ((ڕێسای گاڵتەئامێزی توشی پێکدادان نابن و بەسەریاندا تێپەڕ دەبن، ڕەنگە ئەم حاڵەتەش بارێك لە ڕاستگۆیی بهێنێتە ناوەوە، بەڵام لە شێوەی ڕێزگرتندا دەبێت)) (مەحموود، ٢٠٠٩:١٥٠)، هاوکات جەخت لەسەر زیادڕەوی و درێژکردنەوەی مەبەستەکان دەکەن. براون و گیلمان تێبینی ئەوەیان کردووە، کە ((پێوەندییەکی گرنگی ئەرێنی لە نێوان درێژی گوتنێك و ئەو پلە ڕێزگرتنەی دەربڕینەکەی تێدا پۆلێندەکرێت هەیە. دەکرێت ئەم ڕێسایانەی ڕێزگرتن دووبارە دابڕێژرێنەوە و لە چوارچێوەی یەك یاسادا ئاماژەیان پێبکرێت، ئەویش یاسای سنوور مەبەزێنە)) (Elizabeth, 1996:316). بەمەش دیسان گرنگی پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانی فرایزەر و یاساکانی لاکۆف دێنەئاراوە، کە ئازادیی و سەربەخۆیی بە گوێگر دەدات و ئەرکی بەسەردا ناسەپێنێت. بە گشتی لادان و پێشلکردنی هەریەك لە بنەماکانی ڕێزگرتن لە کاتی ئەنجامدانی هەر کردەیەکی ئاخاوتندا دەبێتە هۆی بێڕێزی .

## ٢-٣ دیمانەی ڕێزگرتنی ی براون و لیڤنسن-Brown and Levinson's Politeness Theory

**براون** و **لیڤنسن** سەبارەت بە دیمانەکردنی ڕێزگرتن، باسی هێنانەکایەی لێکدانەوەیەکی پراگماتیکییانە بۆ ڕێزگرتن دەکەن و((جەخت لەسەر ڕێژەی ئەو کارە زارەکییانە دەکەن، کە پێویستە تاکەکان لە دەربڕین و ئاخاوتنەکانیاندا بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو ڕوومەندبەزێنییانەی ڕووەو گوێگرن ئەنجامیانبدەن))(Mills, 2003:58). هەروەها لە جیهانیبوونی بەکارهێنانەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شێوازێکی نموونەیی ڕەفتارکردن دەخاتە سەر ئەو ستراتیژانەی ڕێزگرتن، کە قسەکەران لە پێوەندییە زارەکییەکاندا بەکاریاندەهێنن و باسی ئەوە دەکەن، ((هەڵسوکەوتی زمانی جوان، وەکو دەرچوونێك لە سروشتی ئاسایی گفتوگۆکردن وایە، بەڵام لە ڕێگەی گرنگیدان بە ڕێزگرتنی زمانییەوە گوێگر هۆکار بۆ نەزانی و کەموکورتییەکانی قسەکەر دەدۆزێتەوە. ئەمەش بە بەهێزیی ئەو پێوەندییەی لە نێوان پێوەندیکەراندا هەیە، بەستراوە)) (Brown and Levinson, 1987:55). واتە ئەم دیمانەیە باس لەوەدەکات ((ئەو قسەکەرانەی گرنگی بە شێوازی پێشکەشکردنی قسەکانیان دەدەن، بە شێوەیەکی گشتی پتر ڕێسا و بنەماکانی ڕێزگرتن لە گفتوگۆکاندا بەکاردەهێنن)) (Abbas, 2009:46). هەروەها ئاماژە بەو جۆرە کارانە دەکەن، کە بۆ سەر ڕوومەندیبەزاندنی بەرامبەرە، ئەو قسە و دەربڕینانە دەگرنەوە، کە بە ڕوونی ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، وەك دەربڕینە ڕاستەوخۆکان، ڕستە فەرمانی و هەواڵییەکان (Kasper, 2007:4)، هەروەها ئامۆژگاری و خواست و پێشنیار...هتد.

بیرۆکەی ڕوومەندی وەکو ڕەگەزێکی گرنگی ناو پێوەندییەکان لە دیمانەکەی **براون** و **لیڤنسن** دا جەختی لێکراوە و کردوویانەتە بنەمایەکی سەرەکی و ئەوە دەخەنەڕوو هەموو ئەندامە پێگەیشتووەکانی کۆمەڵ خاوەنی ڕوومەندین و هەریەکەیان لە ڕوومەندی ی بەرامبەر ئاگادارە. ڕێزگرتن وەکو دیاردەیەکی زمانی((لە ئەدەبی پێوەندیکردندا کراوەتە چوارچێوەیەك بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ستراتیژەکانی و دەکرێت دیمانەکە بۆ تێگەیشتنی هەندێك لەو دیاردانەی لەناو پێوەندییەکاندا ڕوودەدەن، سوودبەخشبێت)) (Brown and Levinson, 1987:32).

ڕێزگرتن تەنیا کاتێك کاردەکات، کە ویست و ئارەزووەکانی ڕوومەندی مەترسییان لەسەر بێت، لەمبارەشدا بەشداربووانی ناو گفتوگۆکان پێویستە ڕێگا و شێوازی ستراتیژی گونجاو هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی هیچ بەزاندنێك لە ڕوومەندی ی بەرامبەرەکەیاندا دروستنەکەن(Kasper, 2007:2) لێکۆڵینەوە نوێیەکان ڕەخنەی زۆریان لە کارەکەی **براون** و **لیڤنسن** گرتووە، ڕەخنەی گرنگیش لەوە دەگرن ڕێزگرتن لە زماندا جیهانی/گشتی بێت و پێیانوایە: بە پێی کەلتوور دەگۆڕرێت، بۆیە هەندێك گۆڕانکاری و دەستکاری لەم دیمانەیەدا کراوە، کە لە جێگەی خۆیاندابوون و شایەنی وەرگرتنبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ((هیچکام لەو ڕەخنانە ناتوانێت ئەو بەچەمککردنە

پووچەڵبکاتەوە، کە **براون** و **لیڤنسن** بۆ ڕێزگرتنیان کردووە، بەڵکو هەموویان پێکەوە بۆ ڕێکخستنەوەی بیرۆکە جیاوازەکان و لێکدانەوەی خودی ڕەخنەکان خۆیان یارمەتیماندەدەن)) (Watts, 2003:11). هاوکات ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بە بابەتەکە هەن، جگەلەوەی بۆ شیکردنەوەی خودی ڕەخنەکان، خۆیان و دەوڵەمەندکردنی دیمانەکە یارمەتیدەرن، هەندێك بۆچوونی فراوانتر و شتی نوێ دەهێننەکایەوە، کە لە ڕێگەی ئەوانیشەوە دەتوانرێت لە دیاردەی ڕێزگرتن بکۆڵرێتەوە. هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە مۆدیلی **براون** و **لیڤنسن** ((لە شیکردنەوەی ئەدەبی زماندا وەکو ئەوان زانستیترین و بەکارهێنراوترین جۆرە، لەبەرئەوەی ئەم دیمانەیە توانایەکی باڵای لە ئاماژەدان بەخاڵی ورد و درشت و کارابوونی لە لێکۆڵینەوەی نێوان فەرهەنگە جیاجیاکاندا هەیە)) (حسینی، ١٣٨٨:٨١ ).

## ٢-٣-١ بەجیهانیبوونی ڕوومەندی لە دیمانەکەدا:

**براون** و **لیڤنسن** وەك دەسپێکی کاریان لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو پێناسەیەوە، کە **گۆفمان** بۆ ڕوومەندی کردبوو، لە کتێبەکەیاندا دیمانەیەکی گشتگیری ڕێزگرتنیان ناساند و بە بڕوای خۆیان دیمانەیەکی جیهانیبوو. بۆیە لەو کاتەوە توێژەران لە کاردان بۆ ((مشتوماڵکردنی ئەو پێناسەیە و گونجاندنی ئەو دیمانەیە، تاوەکو بگەنە ئەوەی ئایا بەڕاستی جیهانییە یان نا؟ هاوکات ئەمەش جیهانیبوون یان نەبوونی خودی دیمانەکە دەردەخات)) (Longcope:69).
ڕوومەندی وەکو چەمکێکی گشتی لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە و گشتگیرە، بە تایبەتی لە ڕێزگرتنی پراگماتیکیدا گرنگی زۆری هەیە و بوونی کۆمەڵێك ستراتیژی گشتی دیاریکراون، خەڵك لەکاتی بەیەکگەیشتنندا بۆ پاراستنی ڕوومەندی ڕەچاویاندەکەن. کاتێك خەڵکی لەگەڵ یەکتردا لە قسەکردنندان، ((هەریەکەیان، بە شێوەیەکی ئاگایی یان نائاگایی بێت، گرنگی بە نیشاندانی چەندان شێوە و ڕوومەندی ی جیاواز دەدات، ئەمەش لە دیاریکردنی ئەو شێواز و فۆڕمەی دەیەوێت قسەکانی خۆی پێبکات یارمەتیدەدات، ئەمە وای لە **گۆفمان** کرد، لە ساڵی١٩٥٥دا ئەو شێوانە ناوبنێت ڕوومەندی)) (Longcope:69).

**براون** و **لیڤنسن** دیاردەی ڕێزگرتن بە پارێزەری ڕوومەندی پەسندەکەن، ڕوومەندیشیان لەو شیکارییەی(گۆفمان)ـەوە وەرگرتووە، کە بۆ ((ڕۆڵی ڕوومەندی کردووە، وەکو ڕەگەزێکی ناو پێوەندیی جەختی لەسەرکراو گرنگە)) (Dascal, 2003:238). ئەم دیمانەیە لە بەکارهێنانی زماندا جیهانییە و بەڕوونی ئاماژەیان بەوە داوە، ((ئەنجامدانی پێوەندی ی کۆمەڵایەتی ی هاریکارانە و نیشاندانی گرنگیدان بە بەرامبەر تایبەتێتییەکی گشتیی هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکانن)) (Watts, 2003:14). مۆدێلێکی وایان بەرهەمهێناوە بۆ ئەو کەسانەی لە کاتی قسەکردندا حەز لە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی ڕێزگرتن دەکەن.

**فرایزەر** پاش پێداچوونەوەی دیمانەکەی **براون** و **لیڤنسن** و **لیچ**، هەروەها پاش دانانی دیمانەیەکی تایبەت بە خۆی، بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو بابەتی بەجیهانیبوونە ناکات، کە ئەوانی تر باسیدەکەن، بەمەش بە ناڕاستەوخۆیی هاوڕابوونی خۆی لەسەر بە جیهانیبوونی دیمانەکەیان دەردەبڕێت. هاوکات بەپێچەوانەی **فرایزەر**ەوە **گرین** بە ئاشکرا و بە توندی باسی ئەوە دەکات، کە دەکرێت بەجیهانیبوون بەسەر ڕێسای هاریکاریدا بچەسپێنرێت. لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو بنەما گفتوگۆییەکان نموونەن بۆ ڕێسای هاریکاری، چەسپاندنی بەجیهانیبوون بەسەر هەندێك بنەمادا نابێتە هۆی لە کارخستن و هەڵوەشاندنەوەی ڕێسای هاریکاری. لە کاتێکدا دان بەمەدا دەنێت و دەڵێت: دەکرێت بنەما گفتوگۆییەکان بەپێی کەلتوورەکان تایبەت و جیاوازبن، **گرین** پێیوایە جیاوازی کەلتووری لە گونجاندنی بنەماکاندا کاریگەری ی جیاوازی ئەو بەهاییە، کە کەلتوورە جیاوازەکان بۆ شتەکانی دادەنێن(Kasper, 2007:3). هەموو زمانەکانی جیهان توانای دەربڕینی ڕێزگرتنیان هەیە، بەڵام ئەم توانایە بە گوێرەی جۆری ڕۆنانی زمانی جیاوازە. دیارە((لە سامان و گەنجی وشەی زمانەکاندا جیاوازی گەلێك گەورە هەن، واتە زمانێك بۆ بابەتێك یان لقێکی زانستیی لە زمانێکی تر لەبارتر و گونجاوترە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە زمانێك لە ناوەوە و لەناو خۆیدا، لە زمانێکی دییکە زەنگیین ترە یان هەژارترە)) (مەحویی، ٢٠٠١:٥١). گرنگی ئەم دیمانەیە لەوەدایە، وەك ڕەگەزێکی گرنگی ناو پێوەندییەکان جەخت لەسەر ڕوومەندی ی بەشداربووان دەکاتەوە، بۆیە ((ئاخاوتن بە گرنگترین ئامراز دادەنرێت، کە بەهۆیەوە تاك دەتوانێت وێنە و سیمای کەسێتی خۆی بۆ کەسانی دیکە بگوازێتەوە، تا ئەوانیش بتوانن لە ڕێگەی ئەوەوە، کە تاك دەیڵێت و لە ڕێگەی شێوازی ئاخاوتنیەوە هەڵیبسەنگێنن)) (هدسن، ١٩٨٧:١٩٧).

### ٢-٣-٢ کاری ڕوومەندیپارێز-Face Saving Acts (FSA):

پاراستنی ڕوومەندی ی گوێگر مەبەستێکی سەرەکی و گرنگی دیاردەی ڕێزگرتنە و بەکارهێنانی ستراتیژەکانی ڕێزگرتنیش بۆ ئەوەیە ڕوومەندی ی گوێگر بپارێزن و کەسی بەرامبەر شەرمەزار نەکەن و نەبێتە کاری ڕوومەندبەزێنی، کاتێك قسەکەر زانی ئەوەی دەیڵێت هەڕەشە بۆسەر خۆی یان گوێگرەکەی دروستدەکات، هەوڵدەدات بەشێوەیەکی ژیرانە لە ڕێگەی هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە قسەکەیدا ئەو هەڕەشەیە کەمبکاتەوە، ئەمەش واتای وایە قسەکەر کاری ڕوومەندیپارێزی ئەنجامدەدات. بەپێی ئەو هەڕەشەیەی قسەکەر بۆ سەر خۆی یان گوێگر دروستیدەکات، **گۆفمان** (2005:14) جیاوازی لە نێوان دووجۆر ڕوومەندیدا دەکات:

١-ڕۆڵی ڕوومەندی ی بەرگریکارانە(Defensive)بریتییەلە پاراستنی ڕوومەندی ی قسەکەر خۆی.

٢-ڕۆڵی کاری ڕوومەندیپارێز(Protective)مەبەست لێی پاراستنی ڕوومەندی ی کەسی بەرامبەرە.

بەپێی بۆچوونی **یول** ئەو کارانەی دەبنە هۆی ڕزگارکردنی ڕوومەندی دوو جۆرن:

ئەو کارە ڕوومەندیپارێزانەی پێوەندییان بە **ڕوومەندی ی ئەرێنی کەسێکەوە** هەیە، هاودەنگی و ((**هاوکاری**(Solidarity)**نیشاندەدات** و **جەخت** لەوە دەکات، کە هەردوو قسەکەر و گوێگر هەر دووکیان هەر ئەو شتەیان دەوێت و یەك ئامانجیان هەیە. ئەو کارە ڕوومەندیپارێزانەی، کە پێوەندییان بە **ڕوومەندی ی نەرێنی کەسێکەوە** هەیە. ڕێزنیشاندەدات و جەخت لەسەر گرنگی ی کات و کارەکانی کەسی بەرامبەر دەکەنەوە، نموونەی ئەمجۆرە کارانە وەك داوای لێبوردن بەرامبەر ئەرکدانان لەسەر کەسێك و قسەپێبڕینی، ئەمەش پێیدەوترێت ڕێزگرتنی نەرێنی)) .(Yule, 2000:62)

## ٢-٣-٣ کاری ڕوومەندبەزێنی-Face Threatening Acts (FTA):

ڕەفتارە زارەکییەکان بواری سەرەکین، کە تێیاندا ڕوومەندخوازییەکان دەستەبەر دەبن بە ئامانجی بەدەستهێنانی مەبەستی پێوەندییەکان. بۆیە ((گرنگە قسەکەران ئاگاداری ئەوەبن ڕوومەندخوازییەکانی گوێگر پشتگوێ نەخەن، بەڵام هەندێکجار پێویستە قسەکەران کاری ڕوومەندبەزێنی بەرامبەر گوێگر بکەن. ئەمجۆرە کارانە بە"کاری ڕوومەندشکێنی"ناودەبرێن. بێگومان هەندێك دەربڕینی زمانی دیاریکراون، بەشێوەیەکی سروشتی دەتوانن ڕوومەندشکێنی بۆ کەسێکی تر دروستبکەن و ئازاری بدەن)) (Brown and Levinson, 1987:65). هەر لەبارەی کارە ڕوومەندبەزێنییەکانەوە **یول** (2000:130)، دەڵێت: ((ئەو دەربڕینانە یان کارانەن، کە هەڕەشەن بۆ وێنای گشتی ی کەسێك، کە خۆی بۆ خودی خۆی هەیەتی))، ئەمەش بەوە دەبێت، ئەگەر شتێك بڵێیت بۆ گوێگر ڕوومەندشکێنی بێت، لەبەرئەوەی ((ئەو کارانە بەدەستهێنانی ڕێزی خود و ڕێزلێگرتن لە بەرامبەر بۆ گوێگر گران دەکەن))[٢٨]. لە ڕاستیدا کارە ڕوومەندیبەزێنییەکان ((بەشێوەیەکی سروشتی دەبنە هۆی تێکدانی ڕوومەندی ی قسەکەر یان گوێگر بەهۆی ئەوەی ئەو کارە ڕوومەندشکێنیانە لەگەڵ ویست و ئارەزووە کەسییەکاندا پێچەوانە دەوەستن، ڕەنگە ببنە هۆکاری تێکشان و شەرمەزاربوون و کەمکردنەوەی ڕێز و شکۆی کەسێك)) (Brown and Levinson, 1987:69-70) بێگومان کاتێك قسەکەر بیەوێت کارێکی ڕوومەندیشکێن ئەنجامبدات، دەبێت بڕیار لەوە بدات کام ڕێگا و شێوازە گونجاوە، ئەوە بەکاربهێنێت؟ ئەم بڕیارەش کارێکی بێ بنەما و لەخۆوە نییە، بەلای براون ولیڤنسن(Brown and Levinson, 1987:74) ـەوە لە سەر سێ هۆکار بەندن:

أ- ئەو دوورییە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە. "پێوەندییەکی لەیەکچوو"

ب- جۆر و ڕێژەی ئەو دەسەڵاتەی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە."پێوەندییەکی لەیەکنەچوو"

(٢٨ httplogos.uoregon.eduexploresociolingpoliteness.html 20/11/2010

**ج- پۆلێنکردنی سەپاندن و خواستنەکان لە کەلتوورێکی دیاریکراودا.[29]**

**هۆکاری یەکەم و دووەم ئاماژە بە پێوەندییە لەیەکچوو و لەیەکنەچووەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر دەدات و چوارچێوەیەکی گشتی بۆ کارە ڕوومەندبەزێنییەکان دیاریدەکات، هۆکاری سێیەم بۆ کەلتوورە جیاوازەکان بەکاردەهێنن و لە ڕێگەی ئەمەشەوە دیمانەکەیان، وەکو دیمانەیەکی گشتگیری جیهانی پۆلێندەکەن.**

**کارە ڕوومەندبەزێنییەکان بە شێوەیەکی ئاگایی ڕوودەدەن و دەتوانن ببنە بەزاندن بۆ ڕوومەندی ی نەرێنی یان ئەرێنی کەسێك[30] لەگەڵ ئەوەشدا لەناو پێوەندییەکاندا بەشێکی گرنگن و لە کاتی ئەنجامدانی کاری بەزاندندا، کارێکی ژیرانەیە قسەکەران توندی بەزاندنەکەیان بۆ سەر ڕوومەندی ی گوێگرەکەیان کەمبکەنەوە بۆ ئەوەی خودی پێوەندییەکە سنووردار و بچووك نەکرێتەوە. کەسی ژێر ئەو ستراتیژانە بەکاردەهێنێت، کە ڕوومەندشکێنی بۆ بەرامبەر دروستناکەن، کە ئەویش بەکارهێنانی شێوەی ناڕاستەخۆیە.**

## ٢-٣-٤ ڕوومەندی[31] و ڕێزگرتن-Face and Politeness:

**سەرەتا واباشترە بپرسین زاراوەی ڕوومەندی بۆ یەکەم جار کێ بەکاریهێناوە؟ واتای چی دەگەیەنێت؟ جۆرەکانی چین؟ کاریگەریی ئەم زاراوەیە لە دیاردەی ڕێزگرتندا چییە؟ زاراوەی ڕوومەندی لە زمانی چینییەوە وەرگیراوە، لە زمانی ئینگلیزیدا لە لایەن ئیرڤینگ گۆفمان بەکارهاتووە و پەسنی ئەو وێنە خودییە دەکات، کە قسەکەر یان گوێگر ئارەزوودەکات لە**

---

[29]) لێرەدا بە پێویستمانزانی نموونە بۆ هەریەك لەو سێ هۆکارە بهێنینەوە:

أ- لەگەڵ هاوڕێیەکدا دوورییەکی کۆمەڵایەتی زۆر بوونی نییە، لە کاتێکدا ئەم دوورییە لەگەڵ کەسێکی نەناسیاودا هەیە.

ب- بۆ نموونە هاوڕێیەك ئەو پلە و دەسەڵاتەی سەرۆکی وڵاتی نییە.

ج- بۆ نموونە داواکردنی پارەیەکی زۆرکەم لەکەسێك داوایەکی هێندە گران نییە، وەك ئەوەی داوای زۆر بکەیت.

[30]) أ-کاتێك ڕوومەندی ی نەرێنی هەڕەشەی لەسەردەبێت، کە ئازادی هەڵبژاردن و ڕەفتار سنووردار دەکرێن و کەسێك لەمپەر دەخاتە بەردەم گوێگرەکەی. بەمەش دەتوانێت زیان بە ڕوومەندی ی قسەکەر یان گوێگر بگەیەنێت و وادەکات یەکێك لە بەشداربووونی ناو پێوەندییەکە واز لە ماف و ویستی خۆی بۆ ئەویتر بهێنێت، بۆنموونە: داواکردنەکان، فەرمانپێدانەکان (Radha, 2010:26) و (Brown and Levinson, 1987:66).

ب-کاتێك کارە ڕوومەندیبەزێنییەکان ئاڕاستەی ڕوومەندی ئەرێنی دەکرێن، قسەکەر یان گوێگر گرنگی بە هەست و ویستەکانی کەسی بەرامبەریان نادەن یان ئەو شتەیان ناوێت، کە بەرامبەرەکەیان دەیەوێت. بەمەش دەتوانن قسەکەر یان گوێگر تووشی تێکشکان بکەن. کاتێك کەسێك لە ژێر فشاردا لە ئەوانی تر جیادەکرێتەوە بەمەبەستی ئەوەی بە گرنگییەکی کەمترەوە سەیری بکرێت، لەم کاتەدا ڕوومەندی ئەرێنی لەژێر هەڕەشەدایە. نموونەی ئەمەش دەربڕینەکانی ناڕازیبوون و ڕق لێبوون یان گاڵتەپێکردن دەگرنەوە. (Radha, 2010:27) و (Brown and Levinson, 1987:66).

[31]) بۆ زانیایی پتر لە بارەی زاراوەی ڕوومەندی، بڕوانە: بەشی یەکەم ، لا ١٢.

**پێوەندییەکانیدا بەدەستیبهێنێت. واتە ڕوومەندی ئەو بەها(value) ئەرێنییە کۆمەڵایەتییەیە، کە کەسێك دەیەوێت بۆ خۆی بەدەستیبهێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو هەڵسوکەوت و سنوورانەی لە پێوەندییەکی تایبەتدا بەکاریهێناون. ئەم شیکارەی گۆفمان بۆ ئەو لێکدانەوە کلاسیکییەیساڵی(١٩٦٧) دەگەڕێتەوە، کە بەسوود وەرگرتن لە یاسای کۆنی فۆلکلۆری ئینگلیزی بۆ ڕێزگرتنی کردووە، ئەمەش وایکرد بە ناسێنەری ڕوومەندی دابنرێت. هەروەها پێیوایە ڕوومەندی وەکو وێنەیەك لەناو ئەو ڕووداوانە دایە، کە ڕوودەدەن (Goffman,2005:16-17). کەواتە دەربڕینە زمانییەکان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك پەیڕەوێك لە بەرامبەر خەڵکیدا ڕۆڵی دەبێت و مرۆڤەکان بەیەك دەگەیەنێت، هەروەك لە کوردەواریشدا دەوترێت:**

**چاو بە چاو دەکەوێتەوە.**

**ڕوومەندی بابەتێکە زۆرترین پێوەندی بە دیاردەی ڕێزگرتنەوە هەیە، ((بارێکە لە پراگماتیك و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، وەکو زاراوەیەك لە شیکردنەوەی دیاردەی ڕێزگرتندا بەکاردێت)) (Crystal, 2003:175). دەکرێت بوترێت ڕوومەندی ((ئەو وێنە خودییەیە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ دەیانەوێت لە کۆمەڵەکەیاندا بۆ خۆیانی بەدەستیبهێنن)) (Brown and Levinson,1987:61). ڕوومەندی وێنەی گشتی قسەکەر یان گوێگرە و شتێکە هەموو کەسێك هەیەتی و بەردەوامیش هەست بە ڕوومەندی کەسانی بەرامبەر دەکرێت، واتە ڕوومەندی ((ئەو وێنە خودییە گشتییە، کە هەموو کەسێك بۆ خۆی بانگەشەی دەکات و لە کەسانی تریش چاوەڕێی هەستپێکردن یان تێگەیشتنی لێدەکات)) (Yule,1996:134)، وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، شتێکی سروشتییە و هەموو کەس مەبەستیەتی بەدەستیبهێنێت. بە گشتی هەستکردن بە گرنگیبوونی خود و بەرامبەر لای بەشداربووانی ناو ئاخاوتنەکان، دێنێتەکایەوە و بەو بەهایە، کە وەکو ئەندامێکی کۆمەڵایەتی هەیانە ئاشنادەکات.هاوکات ویستێکی بنەڕەتییەو((ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێزەی کەسێك لەگەڵ خۆی یان هیتر هەیەتی و بە دەستهێنان و مانەوەی ئەم ڕێزگرتنە -بە خودی وشە- لە هەموو بارە گشتی و تایبەتییەکاندا)).[٣٢]**

**ئەم پێناسەیە ئەوە دەگەیەنێت هەموو کەسێك بەهۆی سنووری ئەو ڕەفتارە زمانی و هەڵسوکەوتانەی لە پێوەندییەکاندا بۆ کەسی بەرامبەر بەکاریدەهێنێت، مەبەستییەتی گرنگی بە ڕوومەندی بدات. بۆیە بەلای گۆفمانەوە دیمانەی کاری ڕوومەندی[٣٣] لەو بوارەی پەیوەستە**

(٣٢) httplogos.uoregon.eduexploresociolingpoliteness.html 20/11/2010

(٣٣) زانستی دەروونناسی ی کۆمەڵایەتی، چەندان دیمانە بۆ ڕاڤەکردنی ئامادەیی خەڵك و هەوڵدانی پێویست بۆکردنی مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەییان بۆ پابەندبوون بە کۆتە کۆمەڵایەتییە سەپێنراوەکان، پێشکەشدەکات، جا یەکێك لەو دیمانانە ئەوەیە، کە زانای کۆمەڵناس ئەرڤینگ گۆفان لە ساڵی (١٩٥٥) دا پێشکەشیکرد و ناوی لێنا کاری ڕوومەندی (Face-Work) (هدسن، ١٩٨٧:١٩٦).

بە ئاخاوتنەوە گرنگی تایبەتی هەیە، مەبەست لێی ئەو شێوازەیە تاك لە رێگەی ئاماژەكانی رووومەندییەوە مامەڵەی پێدەكات یان لە رێگەی پێشكەشكردنی وێنەیەكی گونجاو بە ئەوانیتر، رەنگە ئاوڕوومان لە دەست بدەین یان بیپارێزین (هدسن، ١٩٨٧:١٩٦). بە گشتی ئەو شێوازی قسەكردنەی پەیرەوی دەكەیت پێیدەوترێت رووومەندیخوازی. بەپێی دیمانەی كاری رووومەندی ((هەموو پێگەیشتوویەك تەواو لەوە بە ئاگایە، كە پێویستە قسەكەر كاری وەرگر ئاسان بكات)) (هدسن، ١٩٨٧:١٩٨)، چونكە خەڵكی لە توانای پێشبینیكردنی كاردانەوەی وەرگر لەوانەی، كە دەیڵێن یان لە توانای خراپ تێگەیشتنیاندا جیاوازن.

چەمكی رووومەندی چەندان تایبەتمەندیی پێكەوە تێدا كۆبوەتەوە، لە لایەكەوە بە رەفتارە دیارەكانەوە بەستراوەتەوە، –واتە ئەگەر بە شێوازێكی جیاواز رەفتار بكەیت، ئەو رووومەندییەی دەریدەخەیت رەنگە بگۆڕرێت– لەلایەكی ترەوە بە چەندان تایبەتمەندی ی تایبەتی و كۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە، رەنگە بەتەنیا ئەو تایبەتمەندییانە جێگەی بینین و تێبینیكردن نەبن. جا ئەوەی گرنگە ئەنجامی پێكەوەبەستنەوەی تایبەتمەندییە دیار و نادیارەكانی ناو پێوەندییەكە ئاماژەی بۆ بكەین، واتە تۆ ئەو كەسەی مەبەستە بە دەوروبەرەكەتی دەناسێنێت. بۆیە ئەگەر وشە و جووڵەكان جۆرێك لە رووومەندی نیشانبدەن و جلو بەرگەكانیش جۆرێكی تر لە رووومەندی بنوێنن، لەمبارەدا زۆربەمان بۆ رێگایەك دەگەڕێین، تا بەهۆیەوە ئەو دژیەكییە، كە لە نێوان ئەو دوو جۆرە رووومەندییەدا هەیە پێكەوەببەستینەوە (Hudson, 1996:231).

## ٢-٣-٥ جۆرەكانی رووومەندی-Types of Face:

بیرۆكەكەی **گۆفمان** وای لە **براون** و **لیڤنسن** كرد رێزگرتن بۆ دوو لایەنی جیاكراوە لەیەك و هاوكات پەیوەست بەیەكەوە دابەشدەكەن، ئەوانیش رووومەندی ی ئەرێنی و نەرێنین. ئەم دابەشكردنەش بەپێی پێویستی و بەرژەوەندی ی كەسەكان پێناسە دەكرێن، كە خەڵكی لە بەرامبەرەكانیاندا دەیانبینن، ئەو پێویستییانە باشترین بەرژەوەندییان بۆ پارێزكردنی كەسەكە تێدایە، دەكرێت ئەو پارێزبوونەش دوولایەنە بێت (Brown and Levinson, 1987:61).

بێگومان لە رێگەی ی گرنگیدان بەپێویستییەكانی رووومەندی و جۆرەكانییەوە، دەتوانین پارێزگاری لە رووومەندی ی كەسی بەرامبەر بكەین، بۆیە قسەكەران هەوڵدەدەن لە بەرامبەر رووومەندیدا –نەرێنی/ئەرێنی–پارێزبوون بەدەستبهێنن. دیارە بەپێی ئەوەی دوو جۆر رووومەندی هەن، دەتوانین دووجۆر رێزگرتن دیاریبكەین، ئەویش رێزگرتنی"ئەرێنی و نەرێنی"ن، هەرچەندە ((هەندێك كەلتوور یەكێك لەم دوو جۆرە رێزگرتنە لەوەیتر بەباشتر دەزانێت، بەمشێوەیە دەكرێت بوترێت رێزگرتن دیاردەیەكی كەلتورییە)).[٣٤]

---

(٣٤ http://www.google.com/search?hl=en&q=politeness&btnG=search 12/12/2010

## ٢-٣-٥-١ ڕوومەندی ی ئەرێنی[٣٥]–Positive Face:

ڕوومەندی ئەرێنی بریتییە لە: ((پێویستی و ئارەزووی ئەو کەسە بۆ لە خۆڕازیکردن و کۆکبوون لەگەڵ بەرامبەردا، تاوەکو وەك ئەندامێکی گرووپەکەیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، هەروەها بۆ ئەوەیە بزانێت کەسانی تریش لە حەز و پێداویستییەکانیدا هاوبەشن. بەواتایەکی تر بریتییە لە پێویستی ی پێکەوەبەستران و پێکەوەهەڵکردن)) (Yule, 2000:61).بۆیە دەتوانرێت بوترێت ڕوومەندی ئەرێنی خواستی هەموو ئەندامێکە بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە لەلایەن هەندێك کەسی ترەوە ڕێزیان لێبگیرێت و بەشێوەیەکی ئەرێنی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە سەیربکرێت. یاخود بریتییە لە ئارەزووی دروستکردنی وێنەیەکی گشتی باش و ئەرێنی لای ئەندامانی تری کۆمەڵ تاوەکو لە خۆڕازیکردنیان بەدەستبهێنێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەتوانرێت بوترێت ڕوومەندی ی ئەرێنی((ئەو وێنە خودییە باشەیە یان ئەو کەسایەتییەیە، کە هەریەکە لە بەشداربووان دەیانەوێت بەدەستییبهێنن و ئارەزووی ئەوەیان هەیە، کە ئەم وێنە خودیە لە لایەن کەسانی دەوروبەرەوە ڕێزی لێبگیرێت و پەسنکراو بێت)) (Brown and Levinson, 1987:61). **هاوکات بەلای ترەیسی(Tracy)** یشەوە: ((ئارەزووی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی و پێزانینە لە لایەن هەندێك کەسی دیاریکراوەوە)) (Longcope:70).

ئەمجۆرە ڕوومەندییە پێویستی ی کەسێکە بۆ گرنگیپێدانی لە لایەن کەسانی ترەوە و خەسڵەتێکی خودییە و لە ناخی هەریەکەماندایە، بۆئەوەی لەلایەن بەرامبەرەکەمانەوە پەسەند بکرێین و وەربگیرێین و هەستکردنیشە بەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجی هاوبەشیان هەیە، لەبەرئەوەی ڕوومەندی ی ئەرێنی ((بۆ ئەو پێویستییە ناوەکییەی تێماندایە دەگەڕێتەوە و بۆ ئەوەی لەلایەن بەرامبەرەکەمانەوە پەسەندبکرێین و خۆشبویستریێین، هەروەها پێویستیمان بەو هەستکردنەشە بەوەی، کە گروپە کۆمەڵایەتییەکەمان هەر بە شێوەی گرووپەکانی تر، بوون و ئامانجی هاوبەشی هەیە)) (Peccei, 2005:64).

بێگومان ئەمجۆرە ڕوومەندییە((دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕێزگرتنی ئەرێنی، ڕاستەوخۆیی، بەکارهێنانی زمانی نافەرمی، جەختکردنەوە لەسەر بنچینەی هاوبەش (common ground)، پێزانینی گرنگی ی گوێگر و کارەکانی،...هتد)) (Kasper, 2007:3).

[٣٥]) زاراوەی ئەرێنی(Positive)مان بەرامبەر بە واتای"ڕوونی"بەکارهێناوە، بێگومان پێشتریش د. ئاڤێستا کەمال ئەم زاراوەیەی بە هەمان واتا بەکارهێناوە (مەحمود، ٢٠٠٩:١٢٩).

### ٢-٣-٥-٢ ڕوومەندی ی نەرێنی[٣٦]-Negative Face:

ڕوومەندی ی نەرێنی بریتییەلە: ((خواست و ئارەزووی کەسێکە بۆ سەربەخۆبوون، ئازادی ی مامەڵەکردن و کارکردنە، هەروەها خواستی ئەو کەسەیە بۆ ئەوەی لە لایەن کەسانی ترەوە ئەرکی نەخرێتەسەر. بەواتایەکی تر بریتییە لە ئارەزووی سەربەخۆبوون)) (Yule, 2000:62). واتە ئەمجۆرە ڕوومەندییە ئاماژەیە ((بۆ مافی هەڵسوکەوتکردنی سەربەخۆییانەی خۆمان و خواستی ئێمە بەوەی لەلایەن بەرامبەرەوە ئەرکمان نەخرێتەسەر و لێپرسراو نەکرێین، دەگەڕێتەوە)) (Peccei, 2005:64) ، هەروەها نابێت لە لایەن ئەندامانی تری کۆمەڵەوە سنووری ببەزێنرێت و داواکردنی ئازادی ی کار و ڕەفتاریشە، بۆیە ڕوومەندی ی نەرێنی ((خواستی نەبەزاندنی سنووری بەرامبەرە، پێشێلنەکردنی ماف و دانەبڕینە لە کارەکانی، واتە ئازادکردنی بەرامبەرە لە کارکردنیدا و نەسەپاندنی هیچ بارگرانییەکە بە سەریدا)) (Brown and Levinson, 1987:61). کەواتە خواستی هەر ئەندامێك ئەوەیە کارەکانی لە لایەن ئەندامانی ترەوە سنووردار نەکرێن و تووشی کێشە نەبێت و بەدەستهێنانی کاردانەوەی جوان و دڵخۆشکەرە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە، هەروەکو ترەیسی ئاماژەی پێداوە، کە ((خواستی کەسێك دەردەخات بۆئەوەی لە هەموو بارگرانییەك ئازادبێت و ڕەخنەی لێنەگیرێت)) (Longcope:70).

بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕوومەندییەدا ((دەبێتە هۆی هاتنەکایەی ڕێزگرتنی ی نەرێنی، دروستبوونی ناڕاستەوخۆیی، فەرمیبوون، جەختکردن لە دوورەپەرێزی ی کۆمەڵایەتی و نیشاندانی ڕێز بۆ ماف و سەربەخۆییەکانی گوێگر)) (Kasper, 2007:3). بەمشێوەیە ئەنجامدانی داواکارییەك بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕوومەندی ی نەرێنی ی گوێگر، ڕەنگە ناخۆش و بارگرانی بێت، بۆ نموونە: داوکارییەکی وەك: **پێویستیم بە ئوتۆمبیلەکەتە.**

ئەمە دەربڕینێکی قورس و چاوەڕواننەکراوە بەتایبەت، ئەگەر ئەو ئوتۆمبیلە بە لای گوێگرەکەوە گرانبەها و خۆشەویست بێت، بۆیە ئەگەر بێت و قسەکەر شێوازەکەی بگۆڕێت و بڵێت: **دەزانم ئوتۆمبیلەکەت لا خۆشەویستە، بەڵام پێویستیی زۆرم پێیەتی، دەتوانم لێتیوەربگرم؟**
لەمبارەدا ئەگەری زۆرە گوێگر ئوتۆمبیلەکە بە قسەکەر بدات، لەبەرئەوەی داواکارییەکە ڕێز بۆ گوێگر نیشاندەدات.

---

[٣٦]) لێرەدا وشەی نەرێنی(Negative)مانای"خراپ"ناگەیەنێت، بەڵکو زۆر بە سادەیی پێچەوانەی وشەی"ئەرێنی"یە و بە واتای"نەرێکردن" نەهاتووە. بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (Peccei, 2005:64) و(Yule, 1996:62). لەمڕووەوە د.ئاڤێستا کەمال پێیوایە: ((ئەم زاراوەیە بە واتای نەرێکردن بەکارنەهێنراوە، بەڵکو بە واتای"پێچەوانە ودژ" لە هەڵبژاردنەکاندا هاتووە، کە قسەکەر سەربەخۆیی بە گوێگر دەدات بۆ هەڵبژاردن، ڕەنگە هەڵبژاردنەکە پێچەوانەی خواستی قسەکەر بێت و ئەم پرۆسەیە پێچەوانەی ڕوومەندی ی ئەرێنییە)) (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٢٥).

## ٢-٣-٦ ستراتیژەکانی ڕێزگرتن-Politeness Strategies

قسەپێکەرانی هەر زمانێك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا گرنگی بە قسەکانیان دەدەن، بۆ ئەوەی هەستی کەسانی تر بریندار نەکرێت یان لەلایەن کەسانی ترەوە هەستیان بریندار نەکرێت، بۆیە دەبێت بەمەبەستی پاراستنی ڕوومەندی هەوڵی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژانە بدەین. بەبۆچوونی **براون و لیڤنسن** ((ستراتیژەکانی ڕێزگرتن گەشەدەکەن بۆئەوەی ڕوومەندی ی گوێگر بپارێزن)) [٣٧]. بە گشتی مرۆڤ هەوڵدەدات کەسی تر شەرمەزار نەکات و ((لەو بارانەی، کە ئەگەری ڕووشاندنی ڕوومەندی هەیە، بەشداربووی ژێر هەوڵدەدات خۆی لە ئەنجامدانی کاری ڕوومەندشکێنی بە دووربگرێت، یان بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەوڵدەدات هەندێك ستراتیژی دیاریکراو بەکاربهێنێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە قسەکەران بۆ بەدەستهێنانی مەبەستی ناو پێوەندییەکان، ستراتیژی جیاوازیان هەبێت، ئەمەش ئەنجامدانی کەمترین کاری ڕوومەندبەزێنییە)) (Brown and Levinson, 1987:68)، بۆیە بەکارهێنانی ژێری بۆ هێنانەکایەی ئاکامێکی باش لەناو ئاخاوتنەکاندا، ئەو ئامرازەیە، کە قسەکان بەتەواوی بە ستراتیژەکانەوە دەبەستێتەوە، هاوکات ((چارەسەری کارەکێن بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕوومەندبەزێنییەی، کە ڕەنگە دەربڕینێکی زمانی بۆ سەر ڕوومەندی ی گوێگر دروستی بکات)) (Kasper, 2007:3).

**بەلای پیتەر گرەندی**(Grundy, 2000:158) یەوە پاڵنەرەکانی هەڵبژاردنی ستراتیژی گونجاوی ڕێزگرتن بریتین لە: **دووری ی کۆمەڵایەتی، جیاوازی ی دەسەڵات(هێز)، پلەبەندی لە سەپاندن،** واتە بەهۆی ئەم ستراتیژە زمانییە گونجاوانەوە پلەی کارە ڕوومەندیبەزێنییەکان قەربوو دەکرێتەوە. بێگومان دووری ی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بە هەڵسەنگاندنی شوێن و پلەی کەسی بەرامبەر و ڕێژەی ناسراویی یان هاوکارینواندنی لە بەرامبەر گوێگردا. جیاوازی دەسەڵاتیش لە ڕێگەی چەند هۆکارێکی زۆرەوە هەڵدەسەنگێنرێت، وەکو پلەوپایە و کۆمەڵ و تەمەن.

پلەبەندیش لە سەپاندن هەموو ئەو کار و قسانە دەگرێتەوە، کە هەڕەشەن بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی گوێگر لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا و بەزۆری لە شێوازی فەرماندا دەردەبڕدرێت. لەبارەی ستراتیژەکانەوە **میڵز** دەڵێت: ((ناکرێت تەنیا وەك هەندێك شێوازی دەربڕین، یاخود کۆمەڵێك هەڵبژاردن لە قسە و ئاخاوتنەکاندا، کە تاکەکان بۆ خۆیان ئەنجامیاندەدەن لە ڕێزگرتن تێبگەین، بەڵکو ڕێزگرتن کۆمەڵێك کار یان ستراتیژە کۆمەڵان گەشەیان پێدەدەن و پشتگیرییان لێدەکەن و مشتومڕیان لەسەر دەکەن، بۆئەوەی تاکەکانیش بگەنە هەڵسەنگاندنێکی تەواوی ڕەفتار و پلەوپایەی خۆیان و کەسانی تر لەناو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا)) (Mills, 2003:9). لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ستراتیژە گشتییەکانی ڕێزگرتندا دەکرێت لە کەلتوور یان

---
[٣٧] httplogos.uoregon.eduexploresociolingpoliteness.html 1/12/2010


کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی هەندێك هۆکاری، وەك ئاین و دووری ی کۆمەڵایەتی و پلەوپایە و شوێنی جوگرافیایی و...هتد جیاوازبن. واتە دەکرێت بوترێت خواستی ڕوومەندی لە هەموو کەلتوور و کۆمەڵە جیاوازەکاندا گشتییە، بەڵام ستراتیژەکان جیاوازن، لەوانە:

١- **گۆفمان**(Goffman, 2005:23) دوو جۆر ستراتیژی ڕێزگرتن پێشنیاردەکات، ئەوانیش:

أ-خۆبە دوورگرتن لە کارە ڕوومەندشکێنییەکان. ب-بەکارهێنانی ستراتیژەکانی چاکسازی.

٢- **براون** و **لیڤنسن** پێنج ستراتیژی ڕێزگرتن، کە"ڕاستەوخۆ، ئەرێنی، نەرێنی، ناڕاستەوخۆ، ئەنجامنەدانی کارە ڕوومەندبەزێنییەکان"ن دەستنیشاندەکەن و پێیانوایە: دەکرێت پلەبەندیەك بۆ ستراتیژەکان بکرێت، بەوەی کە ستراتیژە ((ناڕاستەوخۆکان بە پلەی یەکەم و نەرێنییەکان بە پلەی دووەم و ئەرێنییەکان بە پلەی سێیەم لە پۆلێنکردنەکەدا بێن)) (Mills, 2003:75).

بابەتی ڕێزگرتن لە هەر کەلتوورێکدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە و بە هۆی چەند ستراتیژێکەوە زەمینەسازی بۆ دەکرێت و بەئاسانی لە هەموو زمانێکدا ناگوێزرێنەوە، بەڵکو ((هەمیشە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەوە دەردەبڕرێت، کە پێیان دەوترێت کەرەستە و ستراتیژەکانی بەڕێزانە))(Mills, 2003:72). بەگشتی بەهۆی ئەو دەربڕینە زمانییانەی، کە ڕێزگرتن پیشاندەدەن ئارەزووی بەکارهێنانی ستراتیژەکانی ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا هەیە، جا گرنگی بەکارهێنانیان لەوەدایە، کە ڕەچاوی هەستی قسەکەر و گوێگریش دەکات، ئەمەش وایکردووە کاری ڕوومەندیبەزێنییەکان گەشە ناکات.




ستراتیژە گونجاوەکان بۆ کاری ڕوومەندیبەزێن
وەرگیراوە لە: (Brown and Levinson, 1987:60)

### ٢-٣-٦-١ ستراتیژی ڕاستەخۆ[٣٨] -Direct :

ئەو شێوازە دەربڕینانە دەگرێتەوە، کە ((بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ بەرامبەر بکەیت و پێویستییەکانی پێ بڵێیت))(Yule, 2000:63). بەکارهێنانی بنەڕەتی ی ئەم ستراتیژە ئەوەیە خواستەکان پتر لەسەر ڕوومەندی بەرجەستە دەبن و لە شێوازی ڕاستەوخۆدا هیچ هەوڵێك بۆ پاراستنی ڕوومەندی ی گوێگر نییە، چونکە پتر سەپاندنی خواستی قسەکەری تێدایە، واتە ((ویستی قسەکەر لە ویستی گوێگر گرنگترە))(Brown and Levinson, 1987:95) ، بۆنموونە:

**ئەو کتێبەم بدەرێ. چایەکم بۆ بهێنە. مۆبایلێکم بۆ بکرە.**

ئەم ستراتیژە لەبەرئەوەی ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ وتنی شتەکان ((بەشێوەیەکی سادە لەگەڵ بنەماکانی گرایسدا ڕێکدەکەوێت، چونکە ڕوونی و ڕێگەی کورت و ڕاشکاوی بەدیدەکرێت)) (Brown and Levinson, 1987:69). ئەگەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی قسەکردنی ڕاستەوخۆوە داوای کردنی کارێك لە بەرامبەر بکەیت، ((ئەوە تۆ بەشێوەیەك ڕەفتار دەکەیت وەك بڵێیت لە پلەوپایە و دەسەڵاتدا لە کەسی بەرامبەر گەورەتر بیت، بەڵام ئەگەر بێت و لە ڕاستیدا پلە و پایەت لەو بەرزتر نەبێت، واتای وایە تۆ کارێکی ڕوومەندشکێنیت ئەنجامداوە)) (Yule,1996:134).

بەکارهێنانی شێوازی داخوازی نموونەیەکی باشی ئەم ستراتیژەیە ((ڕاستەوخۆترین دەربڕین بەکارهێنانی شێوازی داخوازییە)) (Yule, 2000:63). بە گشتی لەگەڵ ئەو کەسانە بەکاردێت، کە یەکتر باش دەناسن. دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە شێوازی داخوازیدا گوێگر مافی ڕەتکردنەوەی هەیە، ئەمەش وادەکات ئەمشێوە دەربڕینە ڕاستەوخۆیانە((لە باری ڕەتکردنەوەی داخوازییەکاندا مەترسییەکی پتر بۆ سەر قسەکەر دروستدەکەن، بۆیە زۆرجار لەپێشیانەوە هەندێك کەرەستەی یەکترناسین بەکاردێن، کە مەبەست لێیان بنیادنانی بنچینەیەکی هاوبەشە بۆ ئەم ستراتیژە))(Yule, 2000:64).ئەو دەستەواژانەش وەك کەرەستەکانی سڵاوکردن یان چەند دەربڕینێکی زمانی ی تر، وەك" **خێرەوەمەند، بەیارمەتیت، ئەرك نەبێت، دەتوانیت، ئاساییە، ڕێگەم دەدەیت**،...هتد"یان بە دووادا دێت. مەبەست لە ((بەکارهێنانیان ئاسانکردنی داخوازییەکەیە لای بەرامبەر و پێیاندەوترێت ئامرازەکانی ئاسانکردنەوەی فەرمان(Mitigating) یان نەرمینوێنی)) (Yule, 2000:63).بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵ جۆرەها ناو لەو کەسانە دەنێت، وەك: بێڕێز، بێئەدەب، بێشەرم، بێچاوڕوو، ڕووهەڵماڵراو، دەمدرێژ، قسەتڕن، بێئسلوب،...هتد. بەشداربووانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا بەهۆی پتەوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پتر حەز لە بەیەکەوەبوون و گونجاندن دەکەن و ئەم ستراتیژە بەکاردێن، بۆنموونە: **- دەرمانەکانت بخۆ. - کاتژمێر چەندە؟**

---

[٣٨]) براون و لیڤنسن زاراوەی(bald on record)یان بۆ بەکارهێناوە، ئەمیش دوو جۆرە: **یەکێکیان بێکاری بەڕێزانە**–بەڕاشکاوی ئەنجامدانی کارێك– و ئەویتریان **"لەگەڵ کاری بەڕێزانە"**کە ڕێزگرتنی ی"ئەرێنی، نەرێنی"دەگرێتەوە. بڕوانە هێڵکارییەکە.

### ٢-٣-٦-٢ ڕێزگرتنی ی ئەرێنی[٣٩]-Positive Politeness:

ڕێزگرتنی ئەرێنی ئاماژە بە پاراستنی ڕوومەندی ی کەسی بەرامبەر و وێنەی خود دەکات، هەروەها پێداگری لەسەر گیانی هاوکاری و گونجاندن لە بەرامبەر گوێگریشدا دەکات. لەبارەی بەکارهێنانی ڕێزگرتنی ئەرێنییەوە **پێکسای**(2005:64) پێیوایە: ((دەبێت ئەو ستراتیژانەی قسەکردن بەکاربهێنین، کە جەخت لە گیانی هاوکاریی و ڕازیبوون لە بەرامبەر گوێگردا دەکەن، وەکو بەکارهێنانی شێوازی نافەرمی لە وتنی وشەکان و دیالێکتی هاوبەش یان دەربڕینە ڕەشۆکییەکان و ناسناو و هەندێك شێوازی تر، کە بۆ قسەکەر و گوێگر بلاون)). ئەمەش لە نێوان لایەنەکاندا خواستی بنیادنانی پێوەندییەکی باشە. واتە لە ڕێزگرتنی ئەرێنیدا قسەکەر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ویستە ڕوومەندییەکانی گوێگر پڕبکاتەوە، دەبێت ((ئەو هەوڵەی قسەکەر بۆ پڕکردنەوەی ویستە ڕوومەندییەکانی گوێگر دەیدات بە شێوەی گلەیی و گازەندە و گاڵتە یان قسەی واتا پێچەوانە(بەتەوسەوە)نەبن)) (Brown and Levinson, 1987:94) لەم ڕێزگرتندا بە ڕەچاوکردنی لایەنی چاکەی گوێگر، قسەکەر دەتوانێت گوێگر بە کردنی کارێکەوە پابەند بکات و داوای جێبەجێکردنی لێبکات، بۆنموونە:

- **تۆ کەسێکی زیرەکیت، دەتوانیت یارمەتیم بدەیت.**

بێگومان ئەم شێوە ڕەفتارکردنە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا مەبەستی باش و گیانی هاوکاری دەگەیەنێتە گوێگر، قسەکەر لە ڕێی ئەو کردە ناڕاستەوخۆیانەی دەریدەبڕێت جەخت لە هاوسۆزی و ڕازیبوونی خۆی بۆ گوێگر و دەرخستنی چاکەی و سیما باشەکانی بەرامبەر دەکات، ئەمانەش ((لە ڕێگەی چەند شتێکی جیاوازی وەکو ستایشکردن، بانگهێشتکردن، پیاهەڵدان، سلاولێکردنەوەن))(Holmes,1999:154). دەربڕینەکانی ڕێزگرتنی ئەرێنی، کە لە نێوان کەسانی نزیکدا بەکاردێن بۆ دروستکردنی بنچینەیەکی هاوبەشە. لەڕاستیدا ناسینەوەی لایەنە زمانییەکانی لە زۆر ڕووەوە، هاوشێوەی ڕەفتارە ئاساییە زمانییەکانی نێوان کەسە نزیکەکانن، کە ((لەو پێوەندییانەدا لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ی یەکتری و ڕازیبوون لە سەر پێویستیی خواستەکانی یەکتری بەشێوەیەکی بلاونیشاندەدرێت)) (Brown and Levinson, 1987:101). دەتوانین بڵێین ڕێزگرتنی ئەرێنی بۆ خۆی چەند ستراتیژێکی تری هەن، کە **براون و لیڤنسن** بە ستراتیژە لاوەکی(sub) یەکان ناویان دەبەن، کە دەبێت قسەکەر ئاگاداری باری گوێگر بێت و

---

[٣٩]) جیفری لیچ (Geoffrey Leech, 1996:90) لە لێکۆڵینەوەکانیدا دوو چەشنی ڕێزگرتنی دیاریکردووە و بەکاریهێناون:
١- ڕێزگرتنی ی ڕەها(Absolute) ئەم چەشنەیان هەموو ئەو لێهاتووییانەیە، کە مرۆڤ لە کاتی لێکگەیشتندا بەکاریدەهێنێت.
٢- ڕێزگرتنی ی ڕێژەییە(Relative) ئەو ڕەفتاری ڕێزگرتنە تایبەتییانە دەگرێتەوە، کە تایبەتمەندن بە هەندێك هەلۆیستی دیاریکراوەوە یان لە ڕەوشێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن (مەحموود، ٢٠٠٩:١٣٠).

**گرنگی بە لایەنە جیاوازەکانی بدات.**[٤٠]

**ڕەنگە تەنیا مۆرکێك کە شێوازی ڕەفتارکردنی ناو ڕێزگرتنی ئەرێنی جیابکاتەوە لە زمان و ڕەفتاری ئاسایی ڕۆژانە بریتی بێت لە ڕەگەزی زیادڕەویکردن، ئەمجۆرە ڕێزگرتنە پێوەندیدارە بە ئەنجامدان و نیشاندانی ئەو شێوازانەی مامەڵە، کە جەخت لە پێوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر وەکو پێوەندییەکی گەرموگوڕ و هاوڕێیانە دەکاتەوە، لەمبارەدا هەستدەکەیت بەرامبەر حەز دەکات ڕێزی لێبگیرێت. واتە((پێویستە لەگەڵ دەربڕیندا گەرموگوڕی و هاوڕێیانە بە ڕووی کەسانی تردا ئەنجام بدرێت))**(Mesthrie & et al., 2009:230). **ئەوەی لەمجۆرە ڕێزگرتنەدا گرنگە ئاماژەی پێبکەین بەهێزی پێوەندییەکانە، دەتوانرێت ئەو دەستەواژانەی تێدا بەکاربهێنرێت، کە لە پێوەندی ئاساییدا بەکارناهێنرێن، چونکە قسەکەر گرنگی و پایەی کەسی بەرامبەر دەزانێت، بۆیە ((دەکرێت هاوشێوەی شێوازی قسەکردنی ڕاستەوخۆ، قسەی ڕەق و گوێڕایەڵی نەکردن، چەند لایەنێکی ڕێزگرتنی ئەرێنیش بن))**[٤١]**، بۆنموونە: - لەوانەیە بچم بۆ بازاڕ.**

**- ئاساییە، ئەگەر یەکێك لەو پێنووسانە بەکاربهێنم.**

**بیرۆکەی گشتی ڕێزگرتن ((بۆ هەر دوو جۆری ڕێزگرتنی "خوود و بەرامبەر" دەگەڕێتەوە))** (Haugh, 2011:4). **خود پەیوەستە بە خودی کەسەکەوە و هەمیشە قسەکانی وێڵئامێزن، هەروەکو لە پەندی پێشیناندا هاتووە: جام ئەوەی لێدەرژێت، کە تێیدایە.**

**ڕێزگرتنی بەرامبەریش پتر گرنگی هەیە، تەنانەت هەندێکجار قسەکەر لە بەرامبەر دوژمنانیدا بەڕێزەوە دەدوێن، بۆنموونە بە درێژایی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران ئەو وتانەی خومەینی، کە ناوی سەدام حسێنی تێدا دەهات هەمیشە بە ئاغاکانی سەدام**

---

[٤٠]) لای براون و لیڤنسن ستراتیژەکانی ڕێزگرتنی ی ئەرێنی پازدە ستراتیژی لاوەکی هەن و بۆ سێ بەش پۆلینیدەکەن، بەمشێوەیە: **أ– داواکردنی بنیادنانی بنچینەیەکی هاوبەش (ستراتیژی ١–٨):**

١– تێبینی بکە (ڕەچاوی ئارەزوو و پێویستییەکانی گوێگر بکە) ٢– زیادەڕۆیی لە ئارەزووی ڕازیبوون و هاوسۆزبوون لەگەڵ گوێگردا بکە.

٣– جەخت لەسەر ئارەزووەکانی گوێگر بکەرەوە. ٤– ناسێنەرەکانی کەسایەتی و شێوازی بانگکردن بەکاربهێنە.

٥– داوای ڕازیبوون بکە. ٦– لە ڕازینەبوون دووربکەوەرەوە.

٧– پێشوەخت لێکدانەوە بکە، باسی بنچینەی هاوبەش بکە. ٨– گاڵتە بکە.

**ب– گەیاندنی ئەوەی کە قسەکەر و گوێگر هاوکاری یەکترن (ستراتیژی ٩–١٤)**

٩– گرنگیدان و ئاگاداربوونی قسەکەر بۆ پێویستییەکانی گوێگر، دەربڕە. ١٠– پێشکەش بکە، بەڵێن بدە.

١١– گەشبین بە. ١٢– بەشداری بە قسەکەر و گوێگر لە پێوەندییەکەدا بکە.

١٣– ئاماژە بە هۆکار بکە، یان داوای هۆکار بکە. ١٤– ئاماژە بە هاوکاری بکە.

**ج– پێداویستییەکانی گوێگر دەستەبەر بکە (ستراتیژی١٥).** ١٥– دیاری بە گوێگر بدە.(کەلوپەل، هاوسۆزی، تێگەیشتن) (Brown and Levinson, 1987:102-129)

[٤١]) http://www.google.com/search?hl=en&q=politeness&btnG=search 12/12/2010

حسێن ناویدەبردن.[٤٢] بێگومان لە زمانی کوردیدا قسەکەر هەمیشە هاوخەمی و پەرۆشی خۆی خۆی بۆ بەرامبەر دەردەبڕێت و گرنگی بە ڕوومەندی ی بەرامبەر دەدات، بۆ ئەوەی کاری هەڕەشەئامێز و بارگرژی لە پێوەندییەکاندا نەیەتەکایەوە، بۆنموونە:

- **گوڵەکەم دەستت خۆشبێت بۆ ئەو کتێبە.**

لێرەدا شێوازی بانگکردنەکە بە بەکارهێنانی دەربڕینێکی، وەك"گوڵەکەم"و دەربڕینی گیانی هاوکاری و ڕەچاوکردنی خواست و ڕازیبوونی گوێگرە، چونکە ڕێزگرتنی ئەرێنی((خۆ لە ڕازینەبوون بە دووردەگرێت))(Leech, 1996:133) ، بۆ نموونە:

**ئۆتۆمبیلەکەی بەڕێزتان جوانە، بەڵام خۆزگە ڕەنگی سپی بووایە.**

### ٢-٣-٦-٣ ڕێزگرتنی نەرێنی–Negative Politeness:

لە ڕێزگرتنی نەرێنیدا ئەو دوورییە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان قسەکەر و گوێگر دایە دەخرێتە ڕوو، ئەمەش وادەکات پتر گرنگی بە پاراستنی ڕوومەندی ی بەرامبەر بدات، بە تایبەتی ئەگەر قسەکەر و گوێگر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دووریەکی زۆر لە نێوانیاندا هەبێت، واتە ((پتر بۆ کەسانی گەورە و خاوەن پلەوپایە وەك لە هاوڕێ و کەسانی ناسیاو و پلەنزم بەکاردەهێنرێت)) (Bayraktaroğlu, and Sifianou, 2001:8). ڕوودانی ئەم بارەش پتر وامان لێدەکات ئەمجۆرە ڕێزگرتنە پەیڕەو بکەین، چونکە((کاتێك ڕێزگرتنی نەرێنی بەکاردەهێنین ئەو ستراتیژییانەی قسەکردن، کە جەخت لە هەیبەتی ئێمە بۆ بەرامبەر نیشاندەدەن بەکاردەهێنین، وەك بەکارهێنانی ناسناو و زمانی ڕەشۆکی یان شێوازی گۆکردنی نافەرمی کەمدەبنەوە و خۆ بە دوورگرتن لێیان، خواستەکان شێوەیەکی پتر نا گشتگیتر و ناڕاستەوخۆتر وەردەگرن)) (Peccei, 2005:64). ڕێزگرتنی ی نەرێنی بەکارهێنانی شێوازی هێورکردنەوە و نەرمونیانی لە لایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگرێتەوە و ڕێز لە پێویستییەکانی دەگیرێت، واتە ئەنجامدانی کارەکان بە شێوەیەکی ئاسایی و نەرمتر و نیشاندانی ڕێزی پتر بۆ بەرامبەر و کەمکردنەوەی باڵادەستییەکانی خۆی و ئەو دەستەواژانەی، کە بارگرانییەکان سانا و نەرمتر دەردەخەن، بە لای **کاڵیسەوە** ((هەندێك ئامرازی پێوەندیکردن هەن، وەکو نەرمکەر (Softener) کاردەکەن و توندی دەربڕینەکانی قسەکەر کەمدەکەنەوە و ڕووی گوێگریش دەپارێزن. ئەو ئامرازانە چڕی ناڕازیبوونەکان کەمدەکەنەوە، هەروەها وادەکەن ڕاستکردنەوەکان بۆسەر کەسی بەرامبەر، وەك هێرش دەرنەکەون)) (Callies, 2009:146)، وەك دەستەواژەکانی داوای لێبوردنکردن، بۆنموونە:

- **داوای لێبوردندەکەم، ئیشم هەیە دەبێت من بڕۆم.**
- **ببوورە کاریشت هەیە، بەڵام دەکرێت یارمەتیم بدەیت.**

---

[٤٢]) د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١١/١٠/١.

ڕێزگرتنی نەرێنی بریتییە لە ئەنجامنەدانی کاری ڕوومەندشکێنی ی بەرامبەر، هاوکات خواستی کەسی بەرامبەریشە، بۆئەوەی هیچ بارگرانییەکی بەسەردا نەسەپێنرێت. لەم ڕێزگرتنەدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوە دەدرێت بارگرژی و قورسایی لەسەر بەرامبەر دروست نەکرێت، بەڵکو دەبێت ئازادی و سەربەخۆیی پتر بە بەرامبەر بدرێت، واتە((وێنەی کەسێك وەکو تاکێکی ئازاد نیشاندەدات، کە نابێت ئەرکی بە سەردا بسەپێنرێت)) (Peccei, 2005:66). بۆیە لەم ڕێزگرتنەدا ((ڕێز لە مافی مامەڵەکردنی ئازادانەی بەرامبەر دەگیرێت، لەبەرئەوەی بەزۆری شێوازی قسەکردنی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنرێت))[٤٣]، یان لە ڕێگەی بەخشین و لێبوردن و کەمکردنەوەی بارگرانی لەسەر بەرامبەر، وەك: - **بمبوورە، دەتوانم ئۆتۆمبیلەکەت لێبخۆرم؟**

**- ئەرك نەبێت، دەتوانیت مۆبایلەکەی خۆتم بدەیتێ؟**

بەکارهێنانی ڕێزگرتنی نەرێنی لە یەك خاڵدا هاوشێوەی ڕێزگرتنی ئەرێنییە، ئەویش ئەوەیە لە هەردووکیاندا گوێگر دەیەوێت ڕێزی لێبگیرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەك لە شێوەکان سەپاندنی بەسەر گوێگردا تێدایە، وەکو: - **تکایە، دەتوانم پێنووسەکەت بەکاربهێنم.**

**- براکەم، دەبێت بچین بۆ کتێبخانە.**

لە بەکارهێنانی ستراتیژەکانی ڕێزگرتنی نەرێنیدا[٤٤] ئەوەی دەبێت جەختی لەسەر بکرێت، ئەوەیە قسەکەر وا هەستدەکات فشار دەخاتە سەر گوێگر، ڕەنگە هەندێکجار قسەکەر بارگرانییەکی زۆر لەسەر گوێگر دروستبکات و سنووری ببەزێنێت، بەڵام لای براون و لیڤنسن ستراتیژەکان ((دڵنیابوونی قسەکەرە لە ناسینەوە و ڕێزگرتنی خواستەکانی گوێگر و دەستنەخستنە ناو ئازادی ی گوێگر لە ئەنجامدانی کارەکانیدا، پێکدەهێنن)) (Brown and Levinson, 1987:70). بە پێی ئەو زاراوانەی بەکاریانهێناون، ((پۆزشهێنانەوە وەکو ڕێزگرتنی نەرێنی سەیردەکرێت، لەبەرئەوەی پۆزشهێنانەوەکان پتر ڕێزگرتن دەردەبڕن، نەك هاوڕێیەتیبوون)) (Reiter, 2000:45).

بۆ نموونە: - **ببوورە لە کاتم گرتی، بەڵام کارەکەم گرنگ بوو.**

---

[٤٣] http://www.google.com/search?hl=en&q=politeness&btnG=search 12/12/2010

[٤٤] بەلای براون و لیڤنسنەوە ڕێزگرتنی ی نەرێنی دە ستراتیژی لاوەکی هەن و بۆ پێنج بەش پۆلینیدەکەن، بەمجۆرە:

**أ- لە ڕێگەی ڕاستەوخۆبوون لە قسەکردندا:** ١- بەشێوەیەکی گونجاو بە ناڕاستەخۆیی بدوێ.

**ب- لە ڕێگەی وادانەنان و ڕۆڵ بینینەوە:** ٢- بە ناشیرینی و ساختەیی هەڵسوکەوت مەکە.

**ج- لە ڕێگەی زۆرلێنەکردنی گوێگرەوە:** ٣- ڕەشبین بە. ٤- کەمکردنەوی ئەرك. ٥- دەربڕینی ڕێز.

**د- لە ڕێگەی دروستنەکردنی کاریگەری لەسەر گوێگر بە هۆی ویستی قسەکەرەوە:**

٦- داوای لێبوردنکردن. ٧- خاڵیکردنەوەی قسەکەر و گوێگر لە هەست.

٨- وەك یاسایەکی گشتی کارە ڕوومەندشکێنەکان دەربڕە. ٩- ناودانان بۆ شتەکان.

**هـ- لە ڕێگەی ڕێزگرتنی ویستەکانی گوێگرەوە:** ١٠- کردنی کارێکی گرنگ، وەك قەرزدارکردنی گوێگر لە بەرامبەر شتێکدا.

(Brown and Levinson, 1987:131-210)

### ٢-٣-٦-٤ ستراتیژی ناڕاستەخۆ[٤٥]-Indirect:

بەکارهێنانی دەربڕینی ناڕاستەخۆی زمان شتێکی گشتییە، واتە زانیارییەکان گشتین و مەبەستی قسەکەر ڕوون نییە و پێویستە گوێگر هەندێك لێکدانەوەی بۆ بکات، تابتوانێت ئەو واتایەی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیی ئاماژەی پێکردووە، تێبگات، چونکە ئەوەی ((قسەکەر دەیڵێت گشتگیرترە لەو واتایەی خودی قسەکەرەکە مەبەستیەتی یان واتایەکی جیاواز لەو واتایەی، کە قسەکەر مەبەستیەتی هەیە))(Brown and Levinson,1987:211). مەبەست لەم ستراتیژە ئەوەیە هەندێك فشار لەسەر گوێگر کەمبکرێتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شت بەسەر گوێگردا نەسەپێنرێت، واتە مەبەستەکان پتر شاراوەن و بەشێوەی ئاماژەدان دەردەکەون، ((لە ڕێگەی ئەو وشانەی لە لایەن قسەکەرەوە دەوترێن بەڕوونی دەرناکەون، بەڵکو دەکەوێتە سەر گوێگر، تاچەند دەتوانێت لە واتا نادیار و نەوتراوەکان تێبگات)) (Moheddin, 2009:59)، بێگومان ئەم ستراتیژە لە ڕێزگرتنی نەرێنی بەڕێزانەترە، چونکە ((مەبەست لێی نەهێنانەکایەی هیچ بارگرانییەکە بۆ سەر گوێگر))(Brown and Levinson, 1987:69). بۆ نموونە کاتێك دەچیتە ناو پاسێکەوە، دەستدەکەیت بەگێرفانتدا و دەتەوێت پارەکەت بدەیت، بەڵام بۆت دەردەکەوێت پارەت پێ نییە یان لە ماڵەوە بیرت چووە. لەمکاتەدا پێتوایە کەسی تەنیشتت کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکات، تۆ دەبیتە خود و ئەو کەسەی تەنیشتت دەبێتە ئەویتر، ڕەنگە لە پەسنە ئاساییە باوەکاندا وەك ئاماژەپێدەر ناوبنرێن، هەرچەندە ڕەنگە جارێك یان پتریش دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ سەرنەگرێت بۆدەستکەوتنی پارەکە، چونکە ئەم دەربڕینەو((ئەو دەربڕینانەی، لەم شێوەیەن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەرامبەر ناکرێن، کەسی بەرامبەر دەتوانێت بەشێوەیەك خۆی نیشانبدات گوێی لە دەربڕینەکە نەبووە)) (Yule, 2000:63). **براون و لیڤنسن** باس لەوە دەکەن، کە ((ستراتیژە ناڕاستەوخۆکان لێڵن و واتاکانیان ڕوون نییە و مەترسی تێنەگەیشتن یان بەهەڵەتێگەیشتن بەسەر گرنگیدان بە پێویستییەکانی ڕوومەندی ی بەرامبەر دا، زاڵدەبێت))(Mills, 2003:76).بەمشێوەیە ڕێگای بنەڕەتی بەکارهێنانی ستراتیژی ناڕاستەوخۆ بریتییە لە بەکارهێنانی واتای ناڕاستەوخۆ لە ئاخاوتنەکاندا، ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای ڕێسای گرایسە، چونکە ئاڵۆزیی و لێڵی واتایی دێنێتە ئاراوە. لە زمانی کوردیدا کاتێك مرۆڤ بیەوێت لەگەڵ خەڵکیدا بەڕێزی بنوێنێت، ئەوا دەبێت دەربڕینە فەرمانی و داخوازییەکانی لە بۆتەیەکی ناڕاستەوخۆ و شاراوەیدا دەرببڕێت، چونکە دەربڕینە ناڕاستەوخۆکان پلە هەڵبژێری و ئارەزووی ڕێزگرتن پتر دەکەن، بۆ نموونە: - تینوومە. - جلەکانم ئوتوو نەکراوە.

---

[٤٥]) براون و لیڤنسن زاراوەی (Off record) یان بۆ بەکارهێناوە. دیارە مەبەست لەمەش ((بەشێوەیەکی جەوهەری بەکارهێنانی زمانە بە ناڕاستەوخۆیی)) (Brown and Levinson, 1987:211).

لە ڕستەی یەکەمدا قسەکەر بە ناڕاستەوخۆ داوای ئاوی کردووە و لە دووهەمیشدا داوای ئەوە دەکات جلەکانی بۆ ئوتوو بکرێت. **سیڤیانۆ** باس لەوە دەکات لەو شوێنەدا دەربڕینە ناڕاستەوخۆکان پەسندەکرێن، پێویستە بە بەڕێزانەتر لە کەرەستەکانی تری ڕێزگرتن هەژمار نەکرێن، ئەو ئەندامانەی دەربڕینە ناڕاستەخۆکان، بەکاردەهێنن پێویستە زانیاری ی دیاریکراو لەگەڵ ئەندامانی تری گرووپەکەیاندا هاوبەشی پێبکەن، کە گرەنتی هێنانەکایەی لێکدانەوەی ڕاست بێت. بەمشێوەیە پرۆسەی لێکدانەوە ماوەیەکی درێژی ناوێت و ڕاستییەکەی، جگە لە جێبەجێکردنی خواستەکە هیچ لێکدانەوەیەك نییە، گوێگرەکان ئەنجامیبدەن(Mills, 2003:75).

لە ڕاستیدا((شێوازی قسەکردن بە ناڕاستەوخۆ لە شێوەی پرسیاردا ئەو گریمانەیە دەسڕێتەوە، کە ڕەنگە قسەکەر لە پلەوپایەدا لە گوێگر گەورەتر بێت، ئەم شێوازە داواکارییەکە ئاسایی دەکاتەوە و نابێتە هۆی دروستبوونی کاری ڕوومەندبەزێنی ی گوێگر، چونکە هەر قسەیەك ڕوومەندبەزێنی بۆ گوێگر کەمبکاتەوە کاری ڕوومەندیپارێزی پێیدەوترێت)) (Yule, 1996:134).

ئەم ستراتیژە[٤٦] قسەکەر لە خۆسەپاندن دووردەخاتەوە، هەرچەندە دەتوانیت بەناڕاستەوخۆیی کردەی ڕوومەندبەزێنی ئەنجامبدەیت، بۆنموونە: **- بە یارمەتیت، دەتوانیت ئەو کتێبەم بدەیتێ؟**

**- تۆ کوڕێکی وریایت، یارمەتیم دەدەیت.**

### ٢-٣-٦-٥ ئەنجامنەدانی کاری ڕوومەندییەزێن -Don't do the FTA:

ئەو دۆخانە لە خۆ دەگرێت، کە تێیدا هیچ شتێکی زمانی ناوترێت، بەڵکو بە هۆی هێمایەکی نازمانییەوە ئاماژەی پێدەکرێت، واتە ئەم ستراتیژە بریتییە لەوەی قسەکەر لە هەر کردەیەکی ڕوومەندییەزێنی، کە ببێتە هۆی ئازاردانی گوێگر، خۆی بە دووردەگرێت. ئەمە لە کاتێکدا دەبێت، کە قسەکەر شکستدەهێنێت لە دەستەبەرکردنی ستراتیژێکی زمانی پێویست بۆ ئەو مەبەستەی دەیەوێت بیگەیەنێت. لەبەرئەوەی ئەم کردە هەڕەشەئامێزە نازمانییە و پێوەندی بە دەربڕینی زمانییەوە نییە، لە بنەڕەتدا هیچ کاردانەوەیەکی زمانی خوازراو بۆ ئەم ستراتیژە نییە (Brown and Levinson, 1987:72). بۆیە ئەم ستراتیژە بۆ ئێمە گرنگی ی نییە، بۆ نموونە:

**- هەڵنەستان لەبەر میوان.** **- ڕوو وەرگێڕان لە میوان.** **- پشت تێکردن لە میوان.**

---

[٤٦] (Brown and Levinson:1987:213-227)بە لای براون و لیڤنسنەوە ستراتیژی ناڕاستەخۆ پازدە ستراتیژی لاوەکی هەیە:

**أ- پێشێلکردنی بنەمای پەیوەندیداربوون:** ١- ئاماژە بدە. ٢- ئاماژەی پێوەندی بدە. ٣- پێشبینی بکە.

**ب- پێشێلکردنی بنەمای چەندێتی:** ٤- بەها کەمکردنەوە. ٥-بەها زیادکردن. ٦- دووبارەکردنەوە بەکاربهێنە.

**ج- پێشێلکردنی بنەمای چۆنێتی:** ٧-پێچەوانەکان بەکاربهێنە. ٨- دووماناییی (be ironic) بەکاربهێنە.

٩- مێتافۆڕ بەکاربهێنە. ١٠- پرسیاری قسە هەڵگر/فرە وەڵام بەکاربهێنە.

**د- پێشێلکردنی بنەمای شێواز:** ١١- بە دووماناییی قسەبکە. ١٢- بەلێڵی بدوێ. ١٣- گشتاندنی زۆر ئەنجام بدە.

١٤- شوێنی گوێگر بگۆڕە. ١٥- بەناتەواوی بدوێ، واتە بڕین ئەنجام بدە.

# بەشی سێیەم

# هۆکار و بووارەکانی
# هێنانە ئارای ڕێزگرتن
# لە زمانی کوردیدا

## ٣-١ هەندێك دیمانە و دیاردەی پراگماتیكی پێوەند بە ڕێزگرتنەوە:

لەم پارەدا پێوەندی دیمانەی ڕێسای هاریکاریی گرایس و دیمانەی کردە قسەییەکان بە ڕێزگرتنەوە دەخەینەڕوو، هاوکات چەند لایەنێکی پراگماتیکی پەیوەست بە ڕێزگرتنەوە، وەك "نیشانکارەکان و پێشگریمانە و دەربڕینی پەنامەکی و دەوروبەر"یش باسدەکەین.

### ٣-١-١ ڕێسای هاریكاری-Cooperative Principle[١]

ئاخاوتنی ئاسایی پێوەندییەکی پتەوی بە ڕێسای هاریکاریی **گرایسەوە** هەیە. هاوکات بە پێی ئەم ڕێسایە ئاخاوتن لەسەر بنەمای هاریکاری نێوان قسەکەر و گوێگرە. پێوەندی ڕێزگرتن بەم ڕێسایەوە، بابەتێکە جێگەی مشتومڕو قسە لەسەرکردنی پترە. **براون و لیڤنسن** لە دیمانەی ڕێزگرتنەکەیاندا ئەوە دەخەنەڕوو، کە ((ڕێسای هاریکاری و ئەو چوار بنەمایەی سەر بەم ڕێسایەن، بە چوارچێوەیەکی لەبار و ژیرانە پەسندەکەن)) (Brown and Levinson, 1987:4).**بێگومان** زۆربەی خەڵکیش خوازیارن ((وێنەیەکی باش و چاك بدەنە دەوروبەرەکەیان، چونکە ئەوە لای ئەوانیتر جەماوەریان زیاد دەکات، بەوەش ئاخاوتن دەبێتە چالاکییەکی هاریکارییانە، کە هەموو هەوڵدەدەن بۆ پارێزگاری لە وێنەی کەسێتییان، یارمەتی ئەوانی تر بدەن. زۆرجار هەوڵدەدەین خۆمان لە ئاشکراکردنی خاڵی لاوازی کەسانی دیکە یان ورووژاندنی وتووێژی گەرم ببوێرین، تا تەواو دڵنیا نەبین، کە کاریگەریی لە هەڵوێستی کەسەکانی بەرامبەرمان نابێت)) (هدسن، ١٩٨٧:١٩٧).

بە گشتی دەکرێت بوترێت لە هەموو پێوەندییەکاندا هاریکاریکردن لە نێوان بەشداربووواندا پێویستییەکی بنەڕەتییە، کە بەشێوەیەك مامەڵە دەکەن ڕێزگرتنی بەرامبەری تێدابێت. بەپێی ڕێسای هاریکاریی گرایس، وا پێویست دەکات قسەکەران لە نێوان خۆیاندا هاریکاربن، ئەمەش بۆ دروستبوونی پێوەندییەکی بەردەوام و بەڕێزانەیە لە نێوان ئاخێوەراندا. گرنگی ئەم ڕێسایە لەوەدایە، لەلایەن لێکۆڵەرانی گفتوگۆکانەوە بۆ تێگەیشتن و ئاسانکردنی کردەی گەیاندنی نێوان بەشداربووان و ڕوونی لە سروشتی گفتوگۆکاندا، پشتگیری لێدەکرێت، بەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردنەی لە پێوەندییەکاندا جەختی لێدەکات تێڕوانینێکی فراوانتر بۆ مەبەستی ناو پێوەندییەکان دەخاتەڕوو. بۆیە بەشێوەیەکی ئاسایی کاتێك قسەدەکەین ناچاردەبین پابەندی

---

[١] زاراوەی هاریکاری (Cooperative) پێکەوەکارکردنە بە ئامانجی گەیشتن بە هەمان مەبەست، یاخود یارمەتیدانی کەسێك یان جێبەجکردنی داواکارییەکانی، بەڵام زاراوەی هاوکاری (Solidarity) یەکبوونی هەست و کردارە بە تایبەت لە نێوان ئەو کەسانەدا، کە بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە (Oxford,2004:76). هەروەها هاوکاری ((پێوەندیدارە بەو دوورییە کۆمەڵایەتییەی لە نێوان خەڵکدا هەیە، چەندێك لە ئەزموونی خۆیان لە نێوانیاندا هاوبەشییێکردووە، چەند تایبەتێتی کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە، وەك: ئایین، ڕەگەز، تەمەن،...هتد)) (Hudson, 1996:122).

ڕێساکانی قسەکردن بن، چونکە ((ڕێسای هاریکاری وەکو کۆمەڵێك بنەما(Maxim) دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی پێوەندییەکی کاریگەر و ڕوونیدەکاتەوە، چۆن خەڵکی لەگەڵ یەکتردا پێوەندی دەکەن؟)) (Moheddin, 2009:57) واتە ئەم چوار بنەمایە ئاخاوتن بەڕێوە دەبەن، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەموو کەسێك لە هەموو کات و شوێنێکدا بەپێی ئەم بنەمایانە بڕۆن، بەڵام بە پێی **ئاشێر**(Asher) و **سیمپسۆن**(Simpson) بنەماکانی ئەم ڕێسایە ((ئەو ڕێسا سایکۆلۆژیانەن، کە دەبێت خەڵکی لە هەر جۆرە پێوەندییەکدا پێیانەوە پەیوەستبن)) (Hurmiz, 2009:12). بێگومان بوونی ڕێسای هاریکاریکردنی گشتی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، ((تا ئەندازەیەکی دیاریکراو بەهۆی ئەو شێوازەوەیە، کە دەکرێت گەشە بە گفتوگۆکە بدات))(لاینز، ١٩٦٨:١٩٩). پرۆفیسۆر **پۆڵ گرایس** ئاماژە بە چوار بنەمای سەرەکیی گفتوگۆیی وەك ڕێسای هاریکاری دەکات، کە هەریەکەیان چەند یاسایەکی ڕەفتاری دەگرێتەوە:

**١-بنەمای چەندێتی-Quantity Maxim:** بڕی زانیارییەکان بە پێی پێویست و داواکراو بێت.

أ- چەند دەتوانیت با بەشداریکردنەکە زانیاریبەخش و بەوشێوەیە بێت، کە گفتوگۆکە دەیخوازێت. (واتە بەپێی پێویست و بەو ئەندازەیەی لە کردەی قسەکردنەکەوە مەرامەکانت بۆ دەستەبەر ببێت).

ب-با بەشداریکردنەکە پتر لەوەی پێویستە زانیاری بەخش نەبێت(واتە لە قسەکردندا سنووری پێداویستییەکان مەبەزێنە).

**٢-بنەمای چۆنێتی Quality Maxim:** هەوڵبدە بەشداریکردنەکە ڕاستیگەێین و لەبار بێت. (واتە گومانت لە ڕاستی دەربڕینەکانت نەبێت).

أ- شتێك مەڵێ، کە بڕوات وایە ڕاست نییە.

ب- ئاماژە بە شتێك مەکە، کە بەڵگەی تەواوت لە بارەیەوە نەبێت یان پێویست بە بەڵگەهێنانەوە بکات.

**٣- بنەمای پێوەندی–Relation Maxim:** با بەشداریکردنەکە پێوەندیی بە بابەتی گفتۆگۆکەوە بێت. واتە با قسەکانت لەگەڵ چوارچێوەی بار و پێداویستیی گوێگر گونجاو بن، نەك بابەت بگۆڕریت و لە وەڵام ڕابکەیت.

**٤-بنەمای ڕوونییەتی/ شێواز –Manner Maxim:** شێوازی گوتنەکە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەرکی ئەم بنەمایە، گرنگی ی ڕوونییەتی/شێوازی دەربڕینەکەیە، ئەویش بەمشێوەیە:

أ- خۆت لە لێڵی ی دەربڕین بپارێزە. (واتە با گوزارشتەکانت تەمومژاوی نەبن).

ب- دووماناییی و لێڵی دروست مەکە. (واتە گوزارشتی سەرلێتێکەدەر ڕەچاو مەکە).

ج- کورتبڕ بە. (واتە با قسەکانت کورت و پوخت بن).

د- بەشێوەیەکی ڕێکخراو بدوێ. (واتە با قسەکانت ڕێکوپێك بن).

(Chapman, 2005:90-91)

ئەم بنەمایانە، کە لە نێوان بەشداربووانداية و ئاخاوتنەکە هەڵدەسووڕێنێت، وادەکات هاریکاری یەکتر بن، چونکە بەهۆیەوە بەشداربووانی ناو گفتوگۆکە دەبێت ڕاستی بڵێن و قسەکان پێوەندییان بە بابەتی گفتوگۆکەوە هەبێت و چەند بتوانن بە ئاشکرایی و بە ڕوونی بدوێن، بەمەش ئاخاوتن بە شێوەیەکی نموونەیی بەڕێوە دەچێت. دیارە کاتێك وادەربکەوێت، کە قسەکەر پابەندی یاساکانی گفتوگۆکردن—یەکێك یان پتر لەم بنەمایانە— نابێت، ئەوا دەبێتە هۆی پێشێلکردنیان. بەپێی ڕێسای **گرایس** بەو شێوەیەی پێویستە و داواتلێکراوە لە شوێنی تەواوی پێوەندییەکەدا بەشداری بکە، بە مەبەستێکی پەسەندکراو یان بە ئاڕاستەی ئەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمە نیشانیدەدات هاریکاری لە نێوان بەشدارانی گفتوگۆکەدا هەیە و دەگونجێت هەر بەشداربوویەك پێشبینی ی ئەوە لە بەشدرابووی بەرامبەری بکات، کە چەند بنەمایەکی دیاریکراوی ڕێزگرتن ڕەچاو بکات.

بێگومان پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە ئەوە ناگەیەنێت بەشداربووان هەموو کاتێك ئەم ڕێسایانە پەیڕەو بکەن. دیارە لە بارودۆخە جیاوازەکاندا هۆکاری جۆراوجۆر هەن، بۆنموونە کاتێك خەڵك بەمەبەست بنەمایەك پشتگوێدەخەن، ئەوە لە پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایەدا شکستدەهێنن. بە گشتی ڕێسای هاریکاری ی گرایس بۆ ناسینەوەی دەبڕینە ناڕاستەوخۆکان و شیکردنەوەی گفتوگۆکان یارمەتیدەرە و مامەڵە لەگەڵ ئەو واتایانەدا دەکات، بگرە زۆرینەی گفتوگۆکانی گرایس سەبارەت بەواتای ناڕاستەوخۆیە، بەڵام ((ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە، کە گرنگی ی بەجیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە زماندا، نەداوە)) (Brown & Levinson, 1987:49).

قسەپێکەرانی کوردیش هەوڵدەدەن لە ئاخاوتندا بە مەبەستی دەربڕینی هاریکاری و وێڵنواندن زۆرجار پەیڕەوی ڕێساکانی گرایس بکەن، ئەویش بەوەی بەشداربووان ڕێسای هاریکاری بەکاربهێنن و هەوڵبدەن ڕاستییەکان بڵێن، زانیاری بەپێی پێویستی ی بەرامبەر ببەخشن، بەشێوەیەکی پێوەندیدار و ڕوون لە پێوەندییەکاندا بەشداری بکەن، ئەمەش لە کاتی گفتوگۆکردندا شتێکی چاوەڕوانکراوە، بۆ نموونە: **- دوێنێ لە کوێ بوون؟**

**+ لە سەیران بووین.**

هەندێکجاریش هەرچەندە گوێگر دەزانێت قسەکەر کتومت چی دەوێت، بەڵام لەبەر هەر هۆکار و مەبەستێك بێت بنەماکانی ئەم ڕێسایە پێشێل دەکات و بنەمای چەندێتی دەبەزێنێت، بەڵام بێڕێزی نییە، بەڵکو بنەماکانی ڕێزگرتن بەسەر ڕێسای هاریکاریدا زاڵدەبن، بۆ نموونە:

**- "نالی" لە کوێ لە دایکبووە؟**

**+ لە جیاتی ئەوەی بڵێت "خاك وخۆڵ" دەڵێت: "سلێمانی".**

**- "گۆران" و "شێخ نووری" بە تازەکەرەوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دادەنرێن؟**

**+ بەڵێ، "گۆران" بە تازەکەرەوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی دادەنرێت.**

**لەبەرئەوەی وەڵامی گوێگر بەپێی پێوست زانیاریبەخش نییە، بنەمای چەندێتی پێشێل دەکات، چونکە قسەکەر دەربارەی دوو کەس قسە دەکات، بەڵام کاتێك گوێگر وەڵامدەداتەوە تەنیا ناوی یەك کەس دەهێنێت.بەهۆی باس نەکردنی"شێخ نووری"یەوە هەست بەوە دەکرێت، کە ئەو ڕۆڵی نەبووە، هەرچەندە گوێگر دەیتوانی بڵێت:"گۆران نەك شێخ نووری"بۆئەوەی هیچ کام لە بنەماکانی گفتوگۆ پێشێل نەکات، بەڵام ئەمەیان وەڵامێکی بێڕێزانە دەبوو. دیارە ((ئەم دوو واتایە تەنیا لەسەر ڕێسای هاریکاری نەهاتوونەتەکایەوە، بنەمای ڕێزگرتن نابێت تەنیا وەکو بنەمایەکی تری هاریکاری سەیربکرێت، بەڵکو دەبێت وەك تەواوکەرێکی بنەڕەتی سەیر بکرێت، کە دەتوانێت ڕێسای هاریکاری لە کێشە ڕزگاربکات))** (Leech, 1996:80-81).

**ڕێسای هاریکاریی گرایس و بنەماکانی ڕێزگرتنی لیچ بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، لیچ بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕێزگرتن، بەشێوەیەکی پێوەندار بە ڕێسای هاریکاری گرایسەوە دەخاتەڕوو و ((زاراوەی بنەمای ڕێزگرتن دەناسێنێت بە کەمکردنەوەی ئەو بڕوایانەی ڕێزیان تێدانییە و زیادکردنی ئەو بۆچوونانەی ڕێزیان تێدایە))** (Leech, 1996:109). **کاتێك دەوترێت:**

**- بەیانی کەش و هەوا چۆنە؟ + وەك دوێنێ وایە.**

**ئەم وەڵامە بە پێی دەوروبەرەکە پراگماتیکییە، پێشێلکردن و لادانە لە بنەمای چۆنێتی، هەروەها بەپێی بنەمای پێوەندیش دەبێت بەشداریکردنەکە پێوەندیی بە بابەتی گفتوگۆکەوە ببێت، بەڵام گوێگر دەتوانێت لەم بنەمایە لابدات و پێشێلی بکات، بەوەی خۆی لە وەڵامی قسەکەر دەدزێتەوە و شتێکی تر دەڵێت، کە پێوەندی بە بابەتی ئاخاوتنەکەوە نییە، ئەمەش بێڕێزییە، بۆنموونە: - ئەمشەو یاریمان هەیە؟ + بۆماڵی پوورم دەچم.**

**بەپێی بنەمای ڕوونییەتی دەبێت وەڵامەکان کورت و ڕوون و ئاشکرابن، بەمەش قسەکەر و گوێگر لە ئاخاوتندا هاریکاری یەکتر دەبن و گەشە بە پێوەندی نێوانیان دەدرێت، هاوکات ڕێزگرتنیش پەیڕەو دەکرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لادان و پێشێلکردنی بنەمای چەندێتییە، ئەمەش دەبێتە بێڕێزی، بۆنموونە: - فەرهەنگی خاڵت هەیە؟**

**+ فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە و خاڵیشم هەیە.**

**لە کاتی ئاخاوتندا جیاوازیی ئاستی کەسەکان لە یەکتر بەدیدەکرێت، بۆیە بە هەڵبژاردنی ئەو وشە و کەرەستانەی ئاستەکان لە یەکتر نزیدەکاتەوە هەست بە هاوکاری(٢) دەکرێت. بێگومان ((ئەگەرچی کۆمەڵان سەرجەم، لە دەربڕینەکانیاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان، دەسەڵات**

(٢) هێز و هاوکاری (Power and Solidarity) بەپێی بەکارهێنانی پراگماتیکی: کاتێك کە لەزماندا باس لە هێز و هاوکاری دەکرێت بەگشتی، ئەوا مەبەست لەوبارانەیە، کە لەڕێی کەرەستەکانی زمان خۆیەوە، گوێگر دەتوانێت ئەوە بەدەست بهێنێت، کە کێ لەو باسکراوانە باڵادەستە و کێیش ژێردەست یان ئاستی لەکوێدایە، یاخود ئایا کەسەکان هاوشانن. جا ئەو لایەنانە چ کۆمەڵایەتی بن یان پلەوپایەی زانستی یاخود کارگێڕی یان پلەوپایەی ئایینی...هتد)) (فەرەج، ٢٠٠٧:١٣٧).

و هاوکاری لە دەربڕینەکانیاندا هەیە، بەڵام تاڕادەیەك هەر کۆمەڵەش لەو لایەنەوە تایبەتێتیی خۆی هەیە، لەوانەش کۆمەڵی کوردەواری)) (فەرەج، ٢٠٠٠:١٤٤). واتە قسەکەر باڵادەست یان هاوشانی گوێگریش بێت دەتوانێت هاوکاری بکات و ڕێزگرتن پیشانبدات، بەلایەنی کەمەوە ئەوەندەی پێوەندی بە زمانەوە هەیە[٣]، بەمەش ((دەتوانێت ببێتە ڕەنگدەرەوەی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، بەتایبەتی ئەو هێز و هاوکارییەی لەو پێوەندییانەدا بوونیان هەیە، تا چەند هەر دوولا ئامادەن بابەتە تایبەت و کەسییەکانیان و لایەنەکانی تر لەگەڵ یەکتردا هاوبەشی پێبکەن)) (Hudson, 1996:122).

لە ئاخاوتندا زۆرجار بەشداربووان لەیەك ئاستدا نین و شێوەی زمانی گفتوگۆیان جیاوازە، لێرەشەوە ((مەبەستی هاودەنگبوون و هاوکاری ئەوە بووە کاریگەری هێز ودەسەڵات لە ناو پێوەندییەکاندا کەمبکاتەوە و بەکارهێنانی ئەو وشە و جێناوانە زیاد بکات، کە پێوەندی نێوان کەسەکان بە یەکسانی نیشاندەدەن، ئەمە لە کاتێکدا لە پێشوودا بەتەواوی لەسەر بنەمانی بەهێزیی و بێهێزیی بنیادنرابوون)) (Wardhaugh, 1990:252). لە زمانی کوردیشدا ئەم هێز و هاوکارییە لە ئاخاوتندا هەیە، هاوکات ڕێزگرتنی نێوانیشیان دەردەخات، بۆ نموونە:

پێوەندی نێوان بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکەی، وەك: - **کاکە دلێر ئەو نووسراوەم بۆ تەواوبکە.**

+ **کاك دکتۆر هەر ئێستا تەواوی دەکەم.**

پێوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکارەکەی، وەك: - **بژوێن ئەمڕۆ تاقیکردنەوەت دا؟**

+ **بەڵێ، مامۆستا گیان.**

## ٣-١-٢ دیمانەی کردە قسەییەکان-Speech Act Theory:

کردە قسەییەکان زاراوەیەکە لە کارەکەی فەیلەسوف **ئۆستن**(Austin)ـەوە وەرگیراوە، ((ئێستا بەشێوەیەکی فراوان لە زمانەوانیدا بۆ پەسنکردنی دیمانەیەك، کە ڕۆڵی گوتنەکان شیدەکاتەوە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەفتاری قسەکەر و گوێگر لە پێوەندییە کەسییەکاندا بەکاردێت)) (Crystal, 2003:427). واتە دیمانەیەکە هەموو قسەیەك بە ئەنجامدانی کارێك دادەنێت. **ئۆستن** پێیوایە زمان هەر ئاخاوتن نییە، بەڵکو کردەشە، بەشێوەیەکی گشتی کردەکانی ئاخاوتن[٤] یان هەر گوتنێك چەندان کردەی تر لە خۆدەگرێت، کە قسەکەر دەیەوێت جێبەجێیان بکات، وەك: هەواڵی، پرسکردن، داخوازی، فەرماندان، ئاواتخواستن، هەڕەشەکردن، گلەیکردن، جنێودان، توانجلێدان، ئیهانەکردن، پۆزشهێنانەوە، پاڕانەوە، تکاکردن، پیرۆزبایی، داواکاری، ...هتد. بێگومان بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەك دەبێت زەمینەیەکی لەبار و گونجاوی بۆ دروستبێت.

---

[٣]) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (هدسن، ١٩٨٧: ٢٠٩–٢١٣) و (لاینز، ١٩٨٧: ٢٣٤–٢٤١) و (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٤٤–١٥٠).

[٤]) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (تۆفیق،١٩٩٥:٣٩).

**٣-١-٢-١ کردەکانی ئاخاوتن:**

ئاخاوتن چەندان کردە لە خۆدەگرێت، کە قسەکەر دەیەوێت جێبەجێیان بکات. واتە کردە قسەییەکان پۆلینکردنی ئاخاوتن بە پێی ئەرکەکانی بەرجەستە دەکات، لەوانە:

**٣-١-٢-١-١ کردەی پۆزشهێنانەوە:**

کارێکە قەرەبووی هەڵەیەك دەکاتەوە، کە قسەکەر بەرامبەر گوێگر ئەنجامیداوە. **سیرڵ** (Searle) پێیوایە: ((کەسێك بۆ ئەنجامدانی کارێك داوای لێبوردندەکات، لە کردنی ئەو کارە داخ (regret)و پەشیمانی دەردەبڕێت. قسەکەر بەو پۆزشهێنانەوەیە(Apologizes)وادەکات ئەو کارەی کروویەتی بە ئاشکرا وەك کارێکی نەگونجاو یان سنووربەزاندن بناسرێت)) (Reiter, 2000:44).

بەمشێوەیە کردەی پۆزشهێنانەوە کاتێك ڕوودەدات، ئەگەر قسەکەر پێیوابێت کارێکی لە پێش کاتی دیاریکراوی قسەکردندا ئەنجامداوە و بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەرییەکی خراپ لە لای کەسی بەرامبەر دروستبکات، بەمەش قسەکەر هەست بە پەشیمانی و هەڵە دەکات، جا ڕاستبێت یان درۆ، بەمەش ڕەفتاری کارە هەڕەشەئامێزەکان خاودەکاتەوە. بەمشێوەیە پۆزش هێنانەوە ئەوە دەردەخات، کە ((پێویستە گوێگر لە هەموو بەسەرداسەپاندن و هێرشکردنە سەرێك پارێزراو بێت)) (Reiter, 2000:45). واتە پاراستنی ڕوومەندی ی گوێگر لە هی قسەکەر گرنگترە، ئەمەش ڕێزگرتنە، بەڵام بۆ قسەکەر کاری هەڕەشەئامێزە، بۆنموونە:

**- بمبەخشە لە کاتتم گرت؟ - داوای لێبووردن دەکەم، کە بۆ لات نەهاتبووم.**

**٣-١-٢-١-٢ کردەی داواکاری-Request:**

لە داواکردندا پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر وەك یەکن یان زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵام قسەکەر ڕێزێکی پتر بەرامبەر گوێگر دەنوێنێت، هاوکات ((داواکردن بەگشتی ئاوازی دەربڕینەکەی لە داخوازی نەرمونیانترە، هەرچەندە داواکردن و داخوازی زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵام لە بوونی ڕێزدا لە یەکتری جیاوازە)) (عەلی و قادر، ٢٠٠٦:٤٩). بێگومان لە داواکردندا ((ڕێزگرتنی گوێگر لە فەرماندانیش زیاترە)) (تۆفیق، ١٩٩٥:٦٧)، بۆنموونە:

**- بە یارمەتیت بەدوامدا، وەرە.**

**- دەتوانیت، پێکەوە تا بازاڕ بچین.**

**- تکایە، ئێوە بڕۆن/ دانیشن.**

**٣-١-٢-١-٣ کردەی پاڕانەوە:**

پاڕانەوە کردەیەکە، کە دەگونجێت لە خودای گەورە بێت یان لە باڵادەستێك و زۆردارێك بێت یان ئەویندارێك لە دلبەرەکەی بێت، کە ((ئەمەش هەر جۆرێکی داواکردنە، بەڵام سنووری نێوان پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر زیاتر جیاواز دەبن و دووریەکی زۆرتر دەکەوێتە نێوان

پایە بچووکەکەی قسەکەر و پایەی کۆمەڵایەتییە گەورەکەی گوێگر، بۆیە لە چەشنەکانی تر پتر ڕێزگرتنی-تەنانەت ئەگەر سەرزاریش بێت- تێدایە)) (تۆفیق، ١٩٩٥: ٦٧). بەگشتی لەلایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر ڕێزێکی زۆر هەیە و لە گوێگر بۆ قسەکەر بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە:

- **توخوا با تاقیکردنەوەکەم دووبارە بکەمەوە.**

لە هەندێك باردا پاڕانەوە نییە، بەڵکو نزایە و گوێگر بوونی بەرجەستەی نییە، قسەکەر ڕووی دەمی لە هێزێکی گەورەتر دەکات و بە شێوەیەکی وا، کە ڕێزگرتنی زمانی تێدابێت، ئەویش بە بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان، بەگشتی ڕووکردنە خودا یان پیر و پیاوچاکانە.

- **خوایە گیان لێم خۆشبە.** - **پەروەرگاری بەخشندە بمبەخشە.**

**٣-١-٢-٢ جۆری کردەکان:**

بەپێی دیمانەی کردە قسەییەکان هەموو ئاخاوتنێك لە ڕووانگەی واتاوە، دوو جۆر واتا لەخۆ دەگرێت، کە ئەویش ئاشکرا و شارراوەن (پالمر، ١٩٨١: ١٨٧).

**٣-١-٢-٢-١ واتای ئاشکرا:**

واتای فەرهەنگیی وشەکانە و لە بواری سیمانتیکدا دەردەکەوێت. ئەم کردەیە ڕووداو و ڕاپەڕاندنی تێدایە، مەبەستی کەرەستە زمانییەکان بەڕاشکاوی و ڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە: - **ئۆتۆمبیلەکەت پیرۆز بێت.** + **سوپات دەکەم.**

- **ئەرێ کاك... لە ماڵەوەن سەردانتان بکەین؟** + **بەڵێ، فەرموون ماڵی خۆتانە.**

**٣-١-٢-٢-٢ واتای شارراوە/ ناڕاستەوخۆ:**

دیمانەی کردە قسەییەکان گرنگی بەواتای شارراوە دەدات و تەنیا لە کاتی بەکارهێناندا دەردەکەوێت، ئاوازەش لە دەربڕینە شارراوەکاندا ڕۆڵی سەرەکی لە گۆڕینی واتادا هەیە، بەوەی بارودۆخی قسەکردنەکە و جۆر و شێوەی ڕاپەڕاندنەکە ڕووندەکەنەوە و قسەکەر زانیارییەکی پتر لەوەی لە وشەکاندا هەن بە گوێگر دەدات، هاوکات پلەی ڕێزەکەشی پترە. بۆنموونە:

- **دەستت دەگاتە شەکرەکە؟** "داواکردنە"

- **دەرمانەکانت ناخۆی؟** "بیرهێنانەوەیە"

- **چایەکەت ناخۆیت؟** "هەواڵپێدانە"

هەرچەندە ئەم ڕستانە لە شێوەی پرسدان، بەڵام کەس بە پرس لێکیناداتەوە، بەڵکو هەموو کەس دەزانێت ئەم گوتنانە یەك واتا و مەبەستیان هەن، ئەویش بە شێوەیەکی شارراوە، وەك ڕستەیەکی فەرمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام بۆ نیشاندانی ڕێز بە شێوەی پرس دەربڕراون. واتای پیتەکی گوتنەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕستەکاندا بەدیناکرێت، قسەکەر دەتوانێت بە هۆی ڕستەیەکەوە چەند مەبەستێك دەربڕێت، بۆنموونە هەندێکجار شتێك دەڵێین و

**مەبەستمان شتێکی جیاوازە، وەك: ((لە کاتی نانخواردندا، کە ڕوو دەکەینە میوانەکەمان و دەڵێین: - قاپەکەت هیچی تێدا نییە.**

**ئەوەی مەبەستمان ئەوە نییە، کە هەواڵێکی بدەینی یان ڕاستییەکی پێڕابگەێنین، بەڵکو ڕستەکە تەنیا لە ڕواڵەتدا هەواڵگەیەنە. ڕاستییەکەی دەمانەوێت بزانین میوانەکە ڕێگامان دەدات قاپەکەی بۆ پڕ لە خواردن بکەین. کەواتە ڕستەکەمان لە ڕاستیدا پرسیارە، نەك هەواڵگەێن و تەنیا بۆ ڕێزلێنان خستوومانەتە قاڵبی ڕستەیەکی هەواڵگەێنەوە. بۆیە دەبێت ئاگاداری بارودۆخی قسە بین، تا لە مەبەستی بەرامبەرەکەمان بگەین و نەکەوینە هەڵەوە)) (فەتاح، ١٩٩٠:٣٣). بۆیە ڕێزگرتن و کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ پێوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە، تا کردە قسەییەکە ناڕاستەوخۆ بێت، پلەی ڕێزگرتنەکە پتر دەبێت، چونکە بواری پتر بۆ گوێگر هەیە و قسەکەر بە ڕێساکانی ڕێزگرتن، پابەندە. هەرچەندە ((هەندێك دەربڕینی ناڕاستەوخۆ وەکو بارگرانی دەردەکەون یان بەسەر گوێگردا دەشکێنەوە)) (Leech, 1996:108)، بۆ نموونە:**

**- دانانیشیت؟ - ناخەویت؟ - شتێك ناخۆیت؟**

**ئەم ڕستانە لێرەدا پێشنیازن، نەوەك سەپاندنی بارگرانی بەسەر گوێگردا و ئاماژە بەوە دەدات، کە قسەکەر لە بەرژەوەندیی گوێگر پرسەکە دەکات.**

**لە کردەی شارراوەدا مەبەستی قسەکەر/نووسەر بە ئاشکرا لە ڕێی پێکهاتە و کەرەستەکانی ڕستەکەوە دەرنابڕرێت، بەڵکو زۆرجار بە ناڕاستەوخۆیی و پەنامەکییانە لەناو ڕستەکەدا دەردەبڕرێت، بەڵام بە جۆرێك کە گوێگر/خوێنەر پەی پێدەبات و مەبەستەکەی لێ ون نابێت. بەهۆی دەوروبەرەوە هەموو کەسێك بەزۆری لە مەبەستی شارراوە دەگات، ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، چ کاتێك گونجاوە مەبەستەکان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەربڕرین؟ بۆ وەڵامی ئەمە جیاوازیی کەلتوورەکان دێتەکایەوە و بەپێی کەلتوورەکان دەگۆڕرێت.**

**کوردەوارییش وەك زۆربەی میللەتانی تر[٥] هەوڵدەدەن لە ئاخاوتندا شێوەی ناڕاستەوخۆ بەکاربهێنن و بەڕاشکاوانە ڕای خۆیان دەرنەبڕن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە قسەکەری کورد دەیانەوێت زیادەڕەوی لە حەزی خۆیان لە بەرامبەر گوێگردا بکەن و پتر ویست و ڕێزی خۆیان پیشانبدەن و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە دووای ڕازیبوونی گوێگرەوەن. بۆ نموونە:**

**- ئەگەر بەڕێزتان بانگهێشتکران، ئێمەش خۆشحاڵین.**

---

[٥] بۆنموونە ئەڵمانییەکان بەزۆری لە کۆتایی دەربڕینەکانیاندا ئاوازەی نزم و شێوازی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، بەڵام ئەمریکییەکان ئاوازەی بەرز و شێوازی ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، بۆیە ڕەنگە بەلای ئەمریکییەکانەوە ئەڵمانییەکان بە گوێڕایەڵ یان بێڕێز پەسنبکرێن بە پێچەوانەشەوە، ڕەنگە ئەمە وا بکات ئەڵمانییەکان بە بڕوا بەخۆنەبوو یان نادڵنیایی پەسنی ئەمریکییەکان بکەن (Tannen, 2006:345). هەروەها، بڕوانە: (فەرەج، ٢٠١١:٥١).

یان جاری واهەیە لایەنی تابوو ڕۆڵی لەوەدا هەیە، کە بۆ گوزارشتکردن لەوبارە، پەنا ببرێتەبەر واتای شارراوە یان پراگماتیك بۆ گەیاندنی واتای مەبەست، بۆ نموونە کاتێك دەوترێت:

**ئەمە چ منداڵێکە، دەڵێی بیسمیللای لێنەکراوە.**

لەم وتراوەدا، وشەی سێکس یان جووتبوونەکە، بە وشەی تایبەت بە خۆی گوزارشتی لێنەکراوە، بەڵام پراگماتیکییانە بەپێی کەلتووری کوردی موسڵمان، کە بۆ ئەولایەنە ڕەچاوکردنی هەلومەرجەکانی بەپێی ئایینی ئیسلام و ڕەنگدانەوەیان لە زمانی کوردیدا هەیە، دەگات. لەوەدا وتراوە پیاو کە بچێتە لای هاوسەری بۆ جووتبوون، دەبێ بیسمیللا بکات(فەرەج، ٢٠٠٧:١٣٦).

## ٣-١-٣ جۆرەکانی ڕستە:

دیارە ئەرکی زمان لەوە پترە تەنیا لە چەند چەشنێکی ڕستەدا دەریبخەین، بەڵام گرنگی زمان لە کردەی گەیاندندا وایکردووە ڕستەکانی زمان پێویستییان بە پۆلینکردن بێت. لە زمانی کوردیدا بەهۆی نەبوونی بنەمایەکی دیاریکراوەوە بۆ پۆلینکردنی جۆرەکانی ڕستە، دیارە کۆدەنگییەکی تەواو لە نێوان ڕێزماننووسەکاندا بەدی ناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان چوار جۆریان دیاریکردووە، کە"هەواڵی، پرس، سەرسووڕمان، داخوازی"یە.[٦] ئێمەش لێرەدا تەنیا باس لەم چوار جۆرە دەکەین:

### ٣-١-٣-١ ڕستەی هەواڵی:

هەموو ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە هەواڵ یان زانیاریی دەگەیەنن و لە هەموو جۆرەکانی تری ڕستە سەرەکیترە و پتر بەکاردێت. ((بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەتوانێت گلەیی، ناڕازیبوون، فەرمان، پرسیار و مەبەستی تریش دەربڕێت)) (تۆفیق، ١٩٩٥:١٢٣). بێگومان ئەم شێوازە بە هۆی دەوروبەرەوە لە بواری ڕێزگرتندا ڕۆڵی گرنگی هەیە، بەوەی زۆرجار بۆ پیشاندانی ڕێز لە دەربڕینی کردەکانی ئاخاوتندا لە جیاتی فەرماندان یان پرس شێوەی هەواڵی بەکاردەهێنین، بۆ نموونە:

- **بۆ ئاهەنگەکە نەهاتبوون.** "گلەیی"
- **ئەم خواردنە خۆش نەبوو.** "ناڕازیبوون"
- **چایەکم تاڵە.** "فەرماندانە"
- **ماڵەوە ماڵراوە.** "پرسیار"

یان کاتێك میوانێك دەچێتە ماڵێك ڕاستەوخۆ داوای شتێك ناکات، چونکە لە کوردەواریدا وا جوانە میوان فەرمان بەسەر خاوەن ماڵدا نەکات، بۆیە دەوترێت:

- **ژوورەکەتان ساردە.**
- **تینوومە.**

---

[٦] بۆ زانیاریی پتر لەبارەی جۆرەکانی ڕستەوە، بڕوانە: (قادر، ١٩٩٣:٤)، هەروەها ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

**٣-١-٣-٢ ڕستەی پرس:**

**بە گشتی مەبەست لە ڕستەی پرس بەدەستهێنانی زانیارییە، لێرەدا ((پێچەوانەی ڕستەی هەواڵی دەوەستێت،چونکە ڕستەی هەواڵی زانیاری دەگەیێنێت و بڵاویدەکاتەوە، بەڵام لە ڕستەی پرسدا گوێگر بە سەرچاوەی زانیاریەکە دادەنرێت))(فەتاح، ١٩٩٠:٢٧). دەتوانین ڕستەی پرس بۆ سووککردن، ڕووشکاندن، گاڵتەپێکردن، ناڕەزایی و پۆزشهێنانەوە، گلەیی و سەرکۆنەکردن و ڕێزگرتن و...هتد بەکاربهێنین[٧]، بۆ نموونە:**

**- بۆ گۆشتەکە نەکوڵاوە؟** "ناڕازیبوون"

**- بۆ لێیان داویت؟** "گاڵتەپێکردن"

**- بۆ ئەوەندە دەڵێیت؟** "سەرکۆنەکردن"

**- کێ کەسێکی وا باشی دەزانێت؟** "ڕێزگرتن"

**٣-١-٣-٣ ڕستەی سەرسووڕمان:**

**ئەو ڕستەیەیە، کە قسەکەر بە شێوەی سەرسووڕمان هەستی خۆی بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەر دەردەبڕێت. بێگومان بە هۆی ئەم شێوازی ڕستەیەوە و بە ڕەچاوکردنی دەوروبەرەکە دەتوانرێت لە ئاخاوتندا ڕێزی و بێڕێزی دەربڕێت، بۆ نموونە:**

**بۆ دەربڕینی ڕێزگرتن: - ئای چەند جوانە! - کەسێکی زۆر باشە!**

**بۆ دەربڕینی بێڕێزی: - وەی، کە بڵحە! -پێخ/پیپاخ، کە کەرە!**

**٣-١-٣-٤ ڕستەی داخوازی:**

**مەبەست ئەوەیە کەسی یەکەم/قسەکەر بۆ کردنی کارێك یان نەکردنی داوا لە کەسی دووەم/ گوێگر دەکات، جا کەسەکان تاك بن یان کۆ. واتە داخوازیکردن ئەو کردارەیە، کە قسەکەر داوا لە گوێگر دەکات کارێك ئەنجامبدات یان ئەنجام نەدات، بۆنموونە: - گوڵەکە ئاو بدە/ مەدە.**

**کردەی داخوازی هەر فەرماندان ناگرێتەوە، بەڵکو سنوورەکەی لەوە فراوانترە و چەندان کردەی تر لەخۆدەگرێت، وەك: داواکردن، تکاکردن، بێزاری، ئامۆژگاریکردن، توانجلێدان، هەڕەشەکردن، بانگکردن، پێراگەیاندن، ڕەتکردنەوە، گلەییکردن، قەدەغەکردن، ئاگادارکرنەوە، ڕێزگرتن، سوپاسکردن، پاڕانەوە، سەرسوڕمان، پۆزشهێنانەوە، پیرۆزبایی، ...هتد دەگرێتەوە، بۆنموونە: - نانەکەت بخۆ. - تکایە یارمەتیم بدە. - کۆمپیوتەرەکەتم دەدەیتێ.**

**بەشێوەیەکی سەرەکی چوارچێوەی قسەکردن و دەوروبەر و پێوەندی نێوان بەشداربووان بۆ جیاکردنەوەی ئەم کردە داخوازییانە گرنگە و دەریدەخات، کە داخوازییە یان فەرماندانە، واتە ((هەر بازنەیەکی بەکارهێنانی پراگماتیکییانەی کەرەستە زمانییەکان دەشێ بەپێی چوارچێوەی باری وتنەکەی، مەبەستێکی جیاواز و نوێ بگەیێنێت)) (فەرەج، ٢٠٠٧:١٢٢).**

---

[٧] بۆ زانیاریی پتر دەربارەی مەبەستەکانی بەکارهێنانی ڕستەی پرس، بڕوانە: (قادر، ١٩٩٣: ٨-٩)

### ٣-١-٣-٤-١ فەرماندان –Imperative:

فەرماندان ئەوەیە قسەکەر داوایەك لە گوێگر دەکات، بەلام بە مەرجێك تەمەن یان پایەی کۆمەلایەتی یان دەسەلاتی قسەکەر لە گوێگر بەرزتربێت و گوێگر توانای جێبەجێکردنی فەرمانەکەی هەبێت، ئەگینا بە فەرماندان دانانرێت، سادەترین فەرمان لە شێوەی داخوازیدا دەبێت، بەلام ئەگەر هاتوو قسەکەر پایە و دەسەلاتی لە گوێگریش پتر بوو، کەچی بە ڕێزەوە فەرمانی بە گوێگر کرد، ئەوا ڕێزی لە بەرامبەر گرتووە، وەك:

- فەرموو شتێك بخۆ.
- فەرموو حەمە گیان دانیشە.

بێگومان لە فەرماندا ندا قسەکەر بەسەر گوێگردا زاڵە، وایلێدەکات کارێك ئەنجامبدات یان ئەنجامنەدات، واتە دەبێت دەسەلاتی "مادی و مەعنەوی"یان بوواری ئەوەی هەبێت، کە فەرمان بکات، ئەمە جگەلەوەی دەبێت داخوازییەکە لە سنووری لۆژیك دابێت بۆئەوەی گوێگر بتوانێت جێبەجێی بکات. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کاتێك لە ماڵێك یان شوێنی کارکردن میوانی کەسێك دەبین، میوانێکی تری بێت، ئێمە ئەو مافەمان نابێت، کە داوای دانیشتنی لێبکەین، یان مۆڵەتی دانیشتی بدەینێ، بەڵکو ئەو مافە، یان دەسەلاتە لەو هەلوێستەدا تەنیا بۆ خاوەن ماڵەکە دەبێت. لەبەرئەوە دەبینین بەشێکی هەرە زۆری ڕەفتارە زمانییەکان بە جۆرەکانی تری ڕەفتارە کۆمەلایەتییەکانەوە بەستراون (عەلی،٢٠١١:٥٤)، کە ئەویش بە پێی کەلتووری کورد ئەو مافە بۆ خاوەنی ئەو ماڵە/شوێنەیە، هەرچەندە دەکرێت بوترێت ئەمە لە تاك یان کۆمەلێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕرێت.

– ئەم کاتەت باش مامۆستا گیان؟

+ گشت کاتێکت، فەرموو وەرە دانیشە.

### ٣-١-٣-٤-٢ جۆرەکانی فەرماندان

ڕستەی فەرماندان دوو شێوەی ڕێزمانیی هەیە (تۆفیق، ١٩٩٥:٢٨)، کە بەمشێوەیەن:

#### ٣-١-٣-٤-٢-١ فەرماندانی ئاشکرا/ڕاستەوخۆ:

لەمجۆرەدا قسەکەر ڕاستەوخۆ مەبەست و گوتنەکەی بە ئاشکرا و ڕوونی دەردەبڕێت، چونکە کەرەستە زمانییەکان بەواتای فەرهەنگی خۆیان دێن و پێوەندییان بە دەوروبەرەوە نییە. واتە گوتنی فەرماندانی ئاشکرا ((ئەو جۆرە گوتنەیە، کە نێرەر/قسەکەر ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا فەرمان بە وەرگر/گوێگر دەکات بۆئەوەی کارێکی بۆ جێبەجێبکات یاخود کارەکەی بۆ قەدەغە بکات)) (محەمەدساڵح، ٢٠٠٩:٧٠)، کەواتە فەرماندانی ئاشکرا داخوازییەکی بنبڕی تێدایە، بەلام فەرماندانی نائاشکرا داخوازییەکی بنبڕ نییە و نەرمی پتری تێدایە.

واتە لە فەرماندانی ئاشکرا دا گوێگر دەبێت ملکەچی جێبەجێکردنی فەرمانەکە بێت، بەڵام لە نائاشکرادا لە جیاتی ملکەچکردن گفتوگۆ هەیە(تۆفیق، ١٩٩٥: ٣٣-٣٤)،لەمجۆرەدا کەسەکە دووەمی تاك بێت یان کۆ ئەرێ بێت یان نەرێ، بۆ نموونە: **- دەمت دا بخە.**

**- ئەو جل وبەرگانەم بۆ بشۆ.**

**- ئەو ماڵە پاك بکەرەوە.**

**٣-١-٣-٤-٢-٢ فەرماندانی شارراوە/ناڕاستەوخۆ:**

فەرماندانی شارراوە پێچەوانەی ڕاستەوخۆیە، چونکە مەبەستی قسەکە ڕوون و ئاشکرا نییە و بە ناڕاستەوخۆ دەربڕراوە و بۆ هەموو کەسەکانە، بۆیە بە هێز و ئاوازە و دەوروبەری بەکارهێنراوەوە پابەندە و دەتوانرێت هەموو جۆرە ڕستەیەك بکرێتە فەرمان (أمر)، بۆنموونە:

**- تینوومە.** **- نان ناخۆیت؟**

**- ئەو گڵۆپە هەڵناکەیت؟** **- تۆزێك دەچیت بەو لاوە؟**

ئاشکرایە، کە ((زۆر گوتنی تریش هەر بەمەستی فەرماندان دێن، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا لە گوتنی فەرمانی ناچن: **- با تا زووە دەرچین.**

**- نەکەیت ئازاری خەڵکی بدەیت.**)) (فەتاح، ١٩٩٠: ٣٠)

ڕستە ڕاستەوخۆ بۆ یەك مەبەست بەکاردێت، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ دەتوانێت چەندان مەبەست بگەیێنێتە ئەنجام، بێگومان هەندێك وتن ناڕاستەوخۆ واتا و مەبەستی فەرمان یان داخوازیی دەگەیێنێت، ئەگەرچی لە ڕووی فۆڕمەوە فەرمان یان داخوازیی نین. لە کوردەواریدا بەگشتی فەرمانکردن بەسەر کەسانی میوان و لە خۆگەورەتر و بە تەمەنتر تەنانەت هاوشانی خۆت ڕەفتارێکی بێڕێزانەیە، بۆیە زۆرجار هەوڵدەدەین خۆمان لەمبارە بە دووربگرین، ئەویش بەوەی شێوازی پرسیار یان هەواڵدان بەکاردەهێنین، واتە دەوروبەر و چوارچێوەی ئاخاوتنەکە مەبەستەکە دەردەخات، بۆیە کاتێك لە میوانداریدا ژنێك بیەوێت فەرمان بە مێردەکەی بکات، کە بڕۆن، بە ناڕستەوخۆ دەڵێت: (( **منداڵەکان خەویان دێت.**

ئەم ڕستەیە فەرماندانە، **واتە: هەستە با بڕۆین.** بەڵام بۆ ڕێزگرتن بە شێوەی هەواڵدان دەربڕراوە)) (دزەیی، ٢٠٠٩: ١٢٧). **یاخود** کاتێك دەڵێین: **چایەکەت ساردبووەوە.** ئەم ڕستەیە فەرماندانە **واتە چایەکەت بخۆ.** بەڵام بۆ نیشاندانی ڕێز بەشێوەی هەواڵدان دەربڕراوە، چونکە بێڕێزییە فەرمان لەسەر کەسێکی وەك میوان بکرێت.

شایانی باسە وێڕای دیمانەی ڕێسای گرایس و کردە قسەییەکان پراگماتیک چەند بابەتێکی سەرەکی تریش لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش بریتین لە نیشانکارەکان و گریمانەی پێشینە و دەوروبەر.

**٣-١-٤ نیشانكارەكان-Deixis**[٨]**:**

**بریتین لەو((مۆرفێمانەی كە واتای ئاماژەییان لە گۆڕاندایە، واتە هەر جارە ئاماژە بۆ كەسێك یان شتێكی جیاواز دەكەن بە پێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەكاردێن. ئاماژەكەر ئەو جێناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵكارانە دەگرێتەوە، كە ئاماژە بە شوێن و كات و ناسراوی دەكەن)) (عەلی، ٢٠٠٠:٧٨). نیشانكارەكان لە هەموو زمانێكدا هەن و ئاماژە بۆ جێناوی كەس و كات و شوێن و پلەوپایەی كۆمەڵایەتی هاوبەشەكان و پێوەندییان لەگەڵ دیاردەی ڕێزگرتندا هەیە و چەند لایەنێك لە خۆدەگرن، كە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەكرێت.**

**٣-١-٤-١ نیشانە كەسییەكان-Person Deixis:**

**مەبەست لە بەكارهێنانی ئەم نیشانانە((ئەو بەكارهێنانەیە، كە دەوروبەر ڕۆڵی لە گەیاندنی واتایاندا دەبێت و بە بێ ئەو دەوروبەرەش، مەبەست لێیان چییە، ناگات))(فەرەج، ٢٠٠٠:٦٠). وەك ئاماژەی كەسی و كۆمەڵایەتی لە ڕێزگرتندا ئەركی خۆیان دەبینن، بۆ نموونە:**

**- جەنابتان فەرمووتان مۆڵەت بكەم. - گەورەم من لە خولەكە دا بەشدار بووم.**

**- مامۆستا ئازاد بە كاك ئاسۆی وت ئاگات لە خۆت بێت.**

**٣-١-٤-٢ نیشانەكانی كات-Time Deixis:**

**ئەو نیشانانەن، كە كاتی قسە یان وتن لە بارێكدا دیاریدەكەن**[٩] **و ئاماژە بۆ كات دەكەن، وەكو: سبەی، ئێستا، دوێنێ، شەو، بەیانی، یەكسەر،...هتد. بێگومان نیشانەكانی كات كاریگەرییان لە هەڵبژاردنی ڕستە و دەستەواژەی گونجاو بۆ ڕێزگرتن هەیە. بەپێی بنەماكانی ڕێزگرتن قسەكەر بە كاتی قسەكردنەوە پەیوەست دەبێت، چونكە هەر كاتێك گوتەی خۆی هەیە ، لێرەدا بەم نیشانكارە كاتی ڕوودانی كردارەكە بۆ گوێگر دیاریدەكەیت و لە ڕێسای گرایس لا نادەیت و ڕێزی بەرامبەر دەگریت، بۆ نموونە: - دوێنێ لە هەولێربووم.**

**- سبەینێ ئاگری نەورۆزە.**

**٣-١-٤-٣ نیشانەكانی شوێن-Place Deixis:**

**ئەو نیشانانەن، كە ڕاشكاوانە، یان پەنامەكییانە، لە كردەی گەیاندندا، دەبنە نیشانە و هێما بۆ گەیاندنی چەمكی شوێنی ویستراو بە پێی مەبەستی قسەكەر، بە یاریدەی باری وتن و دەوروبەر بە گشتی (فەرەج، ٢٠٠٠:٧٤). شوێن بەردەوام كاریگەریی لەسەر بەكارهێنان و**

---

[٨] ئاماژەكاری(دایاكسز) لە بنەڕەتدا((وشەكە یۆنانییە و بەواتای ئاماژەكردن یان دیاریكردن دێت))(ناوخۆش، ٢٠١٠:٦٤). هەروەها بۆ زانیاریی پتر لەبارەی نیشانە پراگماتیكییەكان و جۆرەكانی، بڕوانە: (فەرەج،٢٠٠٠: ٧—١٠).

[٩] بۆ زانیاریی پتر لەمرووەوە، بڕوانە: (فەرەج،٢٠٠٠: ٩٢—١٠٢).

گۆڕینی زمان هەیە، بۆیە نیشانەکانی شوێن ئەوانەن، کە ((ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەبنە نیشانەی پراگماتیکی، بۆ گەیاندنی چەمکی شوێن لە کردەی گەیاندندا. ناوی شوێن، جۆری ئەو نیشانانە، وەك: دێ، ماڵ، شار، مزگەوت،... هتد)) (حسەین، ٢٠٠٩: ٨٠)، بۆ نموونە زمانی لادێییەك یان شارییەك لە ڕووی بەرزو نزمی و ڕەق و نەرمی دەنگ و دووری ماوەی نێوانیان لە یەکتر جیاوازە. لەلایەکی ترەوە ناوی شوێن نیشانەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەر شوێنێك وشەیەکی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنرێت، وەك: دیوەخان، قەسر، کۆشك، تەلار، بارەگا، خانوو، بۆنموونە: - **کاوە کۆشکێکی هەیە.** - **لە تەلاری هونەر کۆبوونەوەمان هەیە.**

لێرەدا دەوربەرەکە دەریدەخات کاوە مرۆڤێکی دەوڵەمەندە یان لێپرسراوە یان بۆ ڕێز وا دەربڕراوە، بۆیە لە ڕەفتاری زمانیدا ((زۆر لایەن سەبارەت بە لەباری و نالەباری و بەوێڵی و بێوێڵی دێنە ناوەوە، کاتێك کە بە قسەی کەسێك دەڵێین:بەوێڵە، ئەوە بەوەسفێکی جوانی و ئاکارییانەی بەکارهێنانەکەی دادەنرێت، کە لە بڕوا کۆمەڵایەتییەکانەوەیە)) (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٦٠)، هاوکات ڕێز و باڵادەستی ئەو لە ئاست خەڵکەکەدا دەگەیەنێت، بەهۆی ئەم وشانەوە پلەی ڕێزگرتنەکە دەزانرێت. - **دوێنێ لە میوانخانەی سەرۆك کۆمار بووین.**

- **دیوەخانەکەی ئاغا جمەی دێت.**

**٣-١-٤-٤ نیشانە کۆمەڵاتییەکان:**

دیارە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان لە زماندا بایەخی تایبەتییان هەیە،((گوزارشت لەو جیاکاریانە دەکەن، کە بە جیاوازییە کۆڵایەتییەکانەوە بەندن، ئەویش بە ڕۆڵی تاکەکان لە کۆمەڵدا پەیوەستە، بەتایبەتی بارە کۆمەڵایەتییەکەی نێوان قسەکەر و گوێگر و ئەوانەی بۆی دەگەڕێتەوە))(Levenson, 1997:63)، کەواتە گرنگی بە واتا و ڕێزمانی دەربڕینە زمانییەکانی ڕێزگرتن دەدەن.

مەبەست لە نیشانە کۆمەڵایەتییەکان،((پلەوپایەی قسەکەر و چین و توێژی و ئاستی ڕۆشنبیری و پیشە و ڕەگەزی و تەمەنی و باری خزمایەتیی و نزیکی و دووریی و یەکسانی و نایەکسانیی، لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری لەگەڵ گوێگردا لە ڕێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەر دیاریدەکەن یان ئەو لایەنانەن، کە ڕەنگدانەوەیان ئەو بووەیەرە(واقع)کۆمەڵایەتییە دەنوێنێت، کە تێیدا بەکاردێت)) (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٤١–١٤٢). لە ڕاستیدا بە هۆی زمانەوە دەتوانین شوێن و پلەوپایەی خۆمان و کەسانی تریش دیاریبکەین و ڕێزگرتنیش پیشانبدەین، بۆ نموونە:

- **پوورزا چۆنی؟** + **تۆ چۆنی مامۆستا.**
- **کاکە چیتە؟** + **دکتۆر گیان سەرم دێشێت.**
- **تارا خان و کاك ئالان چوون بۆ هەولێر.**

### ٣-١-٥ دەربڕینی پەنامەکی–Implicature:

قسەکەر دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینەکانەوە پتر لەوە بگەیێنێت، کە وشەکان دەیگەیێنن یاخود بە وتەیەکی کەم زانیارییەکی زۆرتر دەگەیێنیت. واتە شیکردنەوەی ئەو دەربڕینانەی ئاخاوتنە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕراون، ئەمەش پێشلکردنی ڕێسای هاریکاری گرایسە. کەواتە ئەمانە هەڵهێنجانی زانیارین لە لایەن گوێگرەوە لە دووتوێی ئەو ئاخاوتنەوە بەدەستیدەهێنێت بە بێ ئەوەی قسەکەر گوزارشتی ڕاشکاوی لێکردبێت. واتە پراگماتیکیانە ئەوانە نەوتراوە، بەڵام واتاکەی گەیەنراوە، ئەم دەربڕینە پەنامەکییانەش لە هەندێکباردا ڕێزگرتنن، بۆ نموونە: **- گوڵەکەم، ئەو کتێبەم بۆ دەهێنیت.**

**- هیچ شتێکی خراپ لە ئاشنا دا نابینم.** **- کەس ڕەخنەی لە بژوێن نییە.**

**- حاجی... هەموو ڕەمەزانێك گۆشت دەبەخشێتەوە.**

گەرچی هێندێکجار ترس وا دەکات، کە پەنابرێتە بەر ئەم دەربڕینە پەنامەکیانە، بۆ نموونە:

**بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو تۆ گوێتلێبێت.**[١٠]

### ٣-١-٦ پێشگریمانە-Presupposition:

پێشگریمانە لە بوواری زمانیدا بە دەوروبەری ئاخاوتنەکەوە پەیوەستە، کە بە هۆیەوە دەتوانین هەندێك زانیاریی شارراوە هەڵبهێنجین و بریتییە لە ((هەڵهێنجانی واتایەك لە ڕستەیەك یان گوتنێکدا لە لایەن وەرگری ڕستەکەوە، واتە ئەو واتایەی لە ئەنجامی پێشگریمانەکردنەوە بەدەستهاتووە و بەرهەمی لێکدانەوەی گوێگرە. ئەوەش، کە یارمەتیدەری گوێگرە لە هەڵهێنجانی ئەو واتایەدا دەوروبەر و هاوبەشەکانی ئاخاوتن و دەربڕینەکەیە)) (محەمەد، ٢٠١٠: ١٨٨). بەواتایەکی تر دەتوانرێت بوترێت: ((بریتییە لەو پرۆسە لۆجیکییەی، کە ئاخاوتن لە خۆدەگرێت. قسەکەران بە زۆری هەندێك گریمانەی شاراوە یان ناڕاستەوخۆ لە بارەی جیهانی واقیعیدا دروستدەکەن، هەروەها واتای ئاخاوتنێك دەکرێت لەسەر ئەوگریمانانە بونیاد بنرێت)) (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٦٩). بۆ نموونە: **کاك دڵشاد، کاکەت کەی دێتەوە؟**

لێرەدا دوو برا هەن، قسەکەر ڕێزیان دەگرێت بەوەی بە ناوی خۆیانەوە بانگیان ناکات، هاوکات دەریدەخات، کە براکەی لە دڵشاد گەورەترە و لە ئێستاشدا لەماڵەوە نییە. دیارە پێشگریمانە ((ڕستە بە دەرخەر و دەرخراوەکانی ناو ڕستەوە پابەند ناکات، بەڵکو کرۆکی مەبەستی ڕستەکە دەردەخات و لێکیدەداتەوە. بەمپێیە پێوەندییەکی توند لە نێوان پێشگریمانە و ڕێزگرتندا نییە)) (مەحموود، ٢٠٠٩: ١٥١)، بۆیە دەبێت گوێگر زانیارییەکی زمانی باشی هەبێت بۆئەوەی گرفتی تێگەیشتن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ڕوونەدات.

---

[١٠]) چاوپێکەوتن لەگەڵ د.هۆگر مەحموود فەرەج، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٢/٥/١٠.

### ٣-١-٧ میتافۆڕ و ئیدیۆم

میتافۆر کەرەستەیەکی گرنگی زمانە، دەتوانرێت بە گشتی بوترێت ((بەکارهێنانی وشە و دەربڕینە لە جیاتی وشە و دەربڕینی تر بە مەرجێك واتای هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت)) (عەلی، ٢٠٠٠:٨٦)، بۆیە چاوەڕێدەکرێت لە هەندێك باردا جگە لە لێکچوون، هۆکارێکی تریش بۆ سەرهەڵدان و بەکارهێنانی میتافۆڕ هەبێت، ئەویش بوونی جوانی و بەپێزیی دەربڕینە زمانییەکان و بەهێزی واتا گەیێنییە لە گەیاندنەکەدا، ((زۆربەی دەربڕینە ناسکەکان لە میتافۆڕەوە سەرچاوە دەگرن و هاوکات وریاکردنەوە و وروژاندنی گوێگریشمان بۆ مسۆگەر دەکات)) (عەلی، ٢٠٠٠:١٨).بۆیە چاوەڕێدەکرێت بە هۆی میتافۆڕەوە دیاردەی ڕێزگرتن و بێڕێزیش ڕەچاو بکرێت، بۆ نموونە: **- هەڤاڵ وەك شێر ڕا پەڕی. - ئەو پیاوە ئەڵی ڕێوییە.**

ئیدیۆمیش کەرەستەیەکی تری زمانە، کە لەناو میتافۆڕدایە، ئیدیۆم میتافۆڕە و چاوەڕێدەکرێت ڕێزگرتنی تێدابێت و کاریگەریی لە ڕێزگرتنی زمانی هەبێت، ئیدیۆم ((ئەو دەربڕینەیە، کە ناتوانرێت واتاکەی لە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە هەڵبگوێزرێت)) ((حسەین،٢٠٠٩:١١)، چونکە واتاکەی لەواتای فەرهەنگی ی وشەکان جیاوازە، بۆنموونە کاتێك بە یەکێك دەوترێت: **- سەرەواویی لە سکدا نییە.**

**- نانی پێ پەیدا ناکرێت.**

**- لە هەزار ئاوی داوە.**

واتای ئیدیۆمی مەبەستە، کە بۆ سووکایەتیپێکردنی کەسێك بەکارهاتووە. هەندێکجار بۆ لێکدانەوەی میتافۆر پێویستیمان بە دەوروبەری قسەکە دەبێت، تا بزانین دەربڕینەکە بە تەوسەوە بەکارهاتووە یان نا؟ د.محەمەد مەعروف لەمڕووەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کاتێك کە دەڵێین **پاشەڵ جوانە**. دەبێت خوێنەر/گوێگر لەوە بگات، کە لێرەدا کەرەستەی جوان بە تەوسەوە بۆ گاڵتەپێکردن بەکارهاتووە، چونکە لێرەدا "**جوان**"بە واتای پێچەوانەکەی هاتووە، کە "**پیس**"ـە (فەتاح، ٢٠١٠:٢٠٤). ئەوەی پێوەندی بە ڕێزگرتنەوە هەبێت لادانە لە بنەمای چۆنێتی، چونکە لە ڕێگای خواستنەوە بەدیدەهێنرێت خواستنیش لادانە لە یاسای ئاسایی زمان، ئەم لادانە لێرەدا ڕێزگرتنە، وەك: **ژن کۆڵەکەی ماڵە.**

((ئەمە ڕێزگرتنە لە ئافرەت، چونکە بەکۆڵەکەی ماڵی چوواندووە، ئاشکراشە کۆڵەکە بنچینەی خانووە)) (دزەیی، ٢٠٠٩:١٢٩). ئەم خواستنەش پتر بۆ ڕێزگرتن دەگەڕێتەوە، چونکە ((قسەکەر/نووسەر بە دوای وشەیەکی جوانتر و قەشەنگتر و لەبارتر و کاریگەرتر بۆ مەبەستەکەی دەگەڕێت)) ((عەلی، ٢٠٠٠:١٣). هەروەکو کاتێك کەسێکی بە ناوبانگ یان باش کۆچی دوایی دەکات بۆ ڕێزگرتن دەوترێت: **- دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.**

هاوکات بۆ پیشاندانی بێڕێزیش دەوترێت: **- فلانیش ... لنگی جووتکرد/ تۆپی.**

**٣-١-٨ دەوروبەر- Context:**

یەکێك لە پێناسەکانی پراگماتیك ئەوەیە، کە ((لە پێوەندییەکانی نێوان زمان و دەوروبەر دەکۆڵێتەوە(Levinson, 1997:9). بۆیە دەوروبەر ڕۆڵی لە دیاریکردنی واتادا هەیە و چوارچێوەیەکە بۆ بەکارهێنانی وشە و ڕستە و((سەرجەم ئەو هەلومەرجە زمانیی و نازمانییانەی، کە یاریدەی ڕوونکردنەوەی واتای دەربڕاوێکی زمانیی لە چێوەی دەقێکی دیاریکراودا دەدات)) (محەمەد، ٢٠١٠:٥١)، واتە دەربڕینە زمانییەکان بە گوێرەی بەکارهێنانیان لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا واتا دەبەخشن. یاخود بریتییە لە ((هەر زانیارییەکی پێشینە، کە وا چاوەڕواندەکرێت لە لایەن قسەکەر و گوێگرەوە هاوبەشی پێبکرێت، هەروەها یارمەتی گوێگر دەدات، تاوەکو لێکدانەوەیەکی ڕاست بۆ گوتەی قسەکەر بکات)) (Leech, 1996:13).

دیمانەکانی ڕێزگرتن باسی ئەوەیان کردووە، کە دەربڕین و بنەما زمانییەکانی ڕێزگرتن بەپێی هۆکارە بارودۆخییەکان دەگۆڕێن. مرۆڤ لە دەوروبەر دابڕاو نییە، وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەوڵیداوە لەگەڵ دەوروبەر لە پێوەندیدا بێت، چونکە پێوەنییە کۆمەڵایەتییەکان دەهێنێتە ناوەوە و بەهۆیەوە دەتوانین شێوازی دوواندنەکە دیاری بکەین و ڕوونیدەکاتەوە، چ شێوازێك لەو بارودۆخەدا گونجاوە؟ واتە لە ئاخاوتندا دەوروبەر یان بارە کۆمەڵایەتییەکەیە، کە کاریگەریی تەواوی لە شێوازی دەربڕینەکاندا هەیە، بەو پێیە ((ئامانج و بۆنە و کات و شوێنی ئاخاوتنەکەو تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی قسەکەر و گوێگر، بەشداربووانی ئاخاوتنەکە بە هەڵبژاردنی دەربڕینەکان ناچاردەکەن)) (شەمس، ٢٠٠٦:٣٤).

**کەڵپێپەر** و **میڵز** ئاماژە بە گرنگی دەوروبەر لە هەڵسەنگاندنی ئەوەدا دەکەن، کە ئایا دەربڕینێکی زمانی یان نازمانی بەڕێزانەیە یان بێڕێزانەیە؟[١١] میڵز باسی کەسێکی سەرباز دەکات، ((هەستی کردووە ڕێزنەگرتن، چەندە هەڕەشەیە بۆ سەر پێوەندییەکان و شێوازێکی ڕەقە لە مامەڵەکردن، لەگەڵ ئەمەشدا بۆی دەرکەوتووە، ئەوە لەگەڵ بارودۆخەکە شێوازێکی گونجاو بووە و هیچ ناڕەزاییەکی دەرنەبڕیوە)) (Mills, 2000:13). بۆیە لە لێکدانەوە و تێگەیشتنی واتادا گرنگییەکی زۆری هەیە، بە جۆرێك **لاینز** (١٩٦٨:٢٣)، دەڵێت: ((ئەو دەوروبەرم بدەرێ، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە واتاکەت دەدەمێ)). دەوروبەر کاریگەرییەکی زۆری لە جۆر و شێوازی هەڵبژاردنی دەربڕاو و کەرەستە زمانییەکاندا هەیە. لە بارەی جۆرەکانی دەوروبەرەوە،[١٢] ئاماژە بە دوو چەشنی سەرەکیی دەوروبەر دەکرێت:

---

[١١]) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (Mills, 2000:6) و (Culpeper, 2005:41).

[١٢]) بۆ زانیاریی پتر لەمڕووەوە، بڕوانە: (عمر، ١٩٩٨:٦٩) و (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٣–١٧) و (محەمەدسالح، ٢٠٠٩: ٢٨–٣٨).

### ٣-١-٨-١ دەوروبەری زمانی-Linguistic Context:

دەوروبەری زمانی ناوەوەی زمان دەگرێتەوە، کە قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دەربڕاوەکان بەکاریدەهێنێت، واتە ڕۆڵی لە بەدووایەکدا هاتنی فۆنێم و وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەدیدەکرێت، بەمەش کەرەستە زمانییەکان کاریگەرییان لە هێنانی یەکتردا هەیە و وا دەکات دەوروبەری زمانی تەنیا باسی ناوەوەی زمان بکات و پێوەندی بە دەوروبەری گوتنەکەوە نییە و گرنگییەکی زۆری لە دیاریکردنی واتا و ئاڕاستە-کردنیدا هەیە، ((لە ڕووی چەمکی فەرهەنگیشەوە زۆربەی وشەکان پتر لە واتایەك دەبەخشن و ئەوەی، کە ئەم واتایانەش دەستنیشاندەکات و جیایدەکاتەوە ئەو دەوروبەرەیە، کە وشەکەی تێدا بەکارهاتووە. بۆیە تێبینیی ئەوە دەکرێت زمانەوانەکان واتای فەرهەنگیی وشە بەوە پەسندەکەن، کە جۆراو جۆرە و پتر لە واتایەك هەڵدەگرێت، بەڵام واتای دەوروبەریی وشەیەك یەك واتایە و واتای پتر هەڵناگرێت)) (زوین، ١٩٨٦:١٨٥). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بۆچی واتا دەوروبەرییەکە گرنگە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئەگەر وشەی"باش"لەگەڵ ناوی کەسێك هات، ئەوا واتای ئەرێنی کەسەکە دەگەیەنێت، وەك: - **ئازاد کوڕێکی باشە**.

بەڵام ئەگەر لەگەڵ وشەی (درۆ/خوارد)هات، ئەوا واتای لایەنی نەرێنی کەسەکە دەگەیەنێت.

- **ڕێبوار درۆی باش دەکات**. - **ڕێبوار پارەکەمی باش خوارد**.

### ٣-١-٨-٢ دەوروبەری نازمانی:

دەوروبەری نازمانی دەرەوەی زمان دەگرێتەوە و بەشێکە لە دەوروبەرە گشتییەکە، کە وشەکەی تێدا گۆ دەکرێت. دەوروبەرە نازمانییەکان هەندێکیان زۆر لە یەك نزیکن، لەوانەیە جیاکردنەوەیان ئاسان نەبێت. لێرەدا ئەمجۆرانە جیاکراونەتەوە:

#### ٣-١-٨-٢-١ دەوروبەری سۆزەکی-Emotional Context:

ئەمجۆرە دەوروبەرە پابەندە بە ڕادەی هەڵچوونی کەسەکەوە، چونکە هیچ هێمایەکی زمان دەستنیشان ناکرێت و بوونی بۆ دانانرێت، ئەگەر بێت و لایەنێکی دەروونی لە پشتی ئەو هێما زمانییەوە نەبێت، ئەمەش دەستنیشانی پێش قسە و واتای پاش گوتنەکە دەکات (معین، ٢٠٠٥:٦٦) بۆ نموونە کاتێك بە یەکێك دەڵێیت"**ڕقم لێت نییە**"بەڵام"**حەزیشم لێت نییە**"ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەرییان جیاوازە. بێگومان دەوروبەری سۆزەکی وابەستەی دەوروبەری دەروونییە و ئاماژەکردن بۆ ئەو واتا دەروونییانە دەرەخسێنێت، کە قسەکەر دەیەوێت لای گوێگر بیوروژێنێت. هەروەها هەموو ئەو هەڵچوون و داچوونە دەروونییانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێیدا گوتن و ڕستەکانی دەردەبڕێت و لە بەرامبەریشدا گوێگر چۆن

داتاکان شیدەکاتەوە و مەبەستەکانیش بەپێی ئەو بارە دەروونییەی، کە خۆی و قسەکەری تێدایە، چۆن جیادەکاتەوە (مەحمود، ٢٠٠٩: ١٧). بۆنموونە دەربڕینی وشەی"**نەخۆش**" لە دەوروبەرێکی فیزیکیدا واتاکەی ئاساییە و کەسێکە تەندروستی باش نەبێت، بەڵام وتنی هەمان وشە لە بارێکی دەروونی تایبەتیدا گوێگر تووشی جۆرێك لە هەڵچوون و بارگرژی دەکات، لەوانەیە وەڵامیش بداتەوە، چونکە گوێگر وا هەستدەکات، کە کارێکی بێڕێزی و هەڕەشەئامێز ئاڕاستەی ڕوومەندیی کراوە، وەك ئەوەی کاتێك بە یەکێك بووترێت:

**- دیارە، تۆ کەسێکی نەخۆشی.** **- تۆ کەسێکی مردوویت.**

### ٣-١-٨-٢-٢ دەوروبەری فیزیکی–Physical Context:

مەبەست لەم دەوروبەرە ئەوەیە، کە گفتوگۆکە لە چ شوێنێکدا ئەنجامدراوە و بەرەو کوێ دەچێت، هەروەها دەرکەوتنی ئەو کەرەستانەی، کە لەو دەوروبەرەدا بوونیان هەیە چین؟ (معين، ٢٠٠٥: ٦٧) واتە کات و شوێنی قسەکردنەکە و گونجان و نەگونجانی ڕووندەکاتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر خاوەنماڵێك بە میوانەکەی بڵێت: **– جگەرەکێشان قەدەغەیە.**

ئەمە جۆرێکە لە ڕووشکاندن و پێشلکردنی بنەمای بەوێلیەتی، بەڵام بە گەڕاندنەوە بۆ دەوروبەرە فیزیکییەکەی، وەك ئەوەی لەسەر شوێنێکی گشتی، وەك نەخۆشخانە یان کتێبخانە یان ...هتد نووسرابێت، ئەوا جۆرێك لە کردەی ڕستەیی جێبەجێدەکات و ئاساییە. یان کاتێك دەوترێت: **- لە ماڵی ئێمەدا نابێت کەس شت بخوات.**

ئەمیش بە ڕەچاوکردن و گەڕانەوە بۆ کاتەکە، کە ڕەمەزانە بارێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر دەوروبەرە فیزیکییەکە ڕەچاونەکرێت، ئەوا بێڕێزییە.

### ٣-١-٨-٢-٣ دەوروبەری کەلتووری-Cultural Context:

وشە بە پێی ئەو کۆمەڵە/کەلتوورەی تێیدا بەکاردێت، جیاوازە، چونکە لە هەندێك ڕووەوە، وەك پسپۆڕی و ئاستی ڕۆشنبیری و چین و پلەوپایە، ...هتد لە یەکتر جیاوازن. واتە ئەو کۆمەڵەی وشەکەی تێدا دەگوترێت واتا و چەمکەکەی ڕووندەکاتەوە، بۆنموونە وشەی **ڕەگ** لای هەر یەك لە"بیرکاریزانێك، جوتیارێك، زمانەوانێك، پزیشکێکی ددان"واتایەك دەگەیەنێت، یان وشەی"**تۆو**"لای جووتیارێك یان پزیشکێك چەمکی جیاوازیان هەن. بۆ نموونە: کاتێك پەسنی یەکێك دەکەین و دەڵێین: **ڕەگێکی شێتی تێدایە**.[١٣] ئەوا بە پێی دەوروبەرەکە دەردەکەوێت، کە زاراوەی"**ڕەگ**" لێرەدا مەبەست "**دەمار**"ە، کە ئەمەش بۆ دەرخستن و پیشاندانی لایەنی نەرێنی و ڕێزنەگرتنی کەسەکە دەگەڕێتەوە.

---

[١٣]) بۆ زانیاریی پتر لەمڕووەوە، بڕوانە: (معين، ٢٠٠٥: ٦٧).

### ٣-١-٨-٢-٤ چوارچێوەی بار–Situational Context:

ئەم دەوروبەرە بەستراوە بە هەڵوێستی بابەتی زمانی لەگەڵ کاریگەری لە واتای ئەو بابەتانەی، کە ئاڕاستە کراون، کە واتایەکی تایبەتی بە بابەتی زمان دەدەن (محەمەدساڵح، ٣١:٢٠٠٩). پێویستە وشە بە پێی بارودۆخی قسەکردن بەکاربهێنرێت، چونکە ((بارودۆخ یان بۆنە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر واتای ڕستەکە دەبێت، هەروەکو وتراوە: هەر شوێنێك قسەی خۆی دەوێت)) (خرما، ١٢٣:١٩٧٨). بۆ نموونە: ئەگەر لە پرسەیەکدا لە جێی دەربڕراوە گونجاوەکان دەربڕراوێکی تر بەکاربهێنرێت، وەك: - ***خێری پێوە بێت***. -***پیرۆزبێت***.

ئەوا واتای ناڕەزایی و بێڕێزی دەگەیێنێت، بەڵام ئەگەر بۆ شت کڕین یان بۆنەیەکی خۆش بەکارهات، ئەوا واتای خۆشی دەگەیەنێت. گرنگی ئەم دەوروبەرە کاتێك دەردەکەوێت، کە لێکۆڵینەوە لە دەربڕراوە زمانییەکان بکرێت.

### ٣-١-٨-٢-٥ دەوروبەری کۆمەڵایەتی–Social Context:

کۆمەڵ کاریگەریی لە زماندا هەیە، بۆیە بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتی واتاش دەگۆڕرێت، بگرە کاریگەریی لە دەوروبەرە سۆزەکی و کەلتوورییەکەش دەبێت، چونکە ئەو دەوروبەرانەش بە هۆی کۆمەڵەوە بەرهەمدێن و ئاخاوتنیش کارێکی کۆمەڵایەتی بەجێدێنێت، ((زمان تاك بە کۆمەڵەکەیەوە دەبەستێتەوە و دەیکات بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە ئارامی و لایەنگیری کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت)) (یوسف، ٩٩:١٩٩٠)، بەمەش زمان ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و ڕەفتار و هەست و بیرکردنەوەشیدا دەبینێت. واتە ئەم دەوروبەرە ((دەستنیشانکردنی جۆری پێوەندیی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەکات، کە ئایا "هاوەڵن، نەناسن، بران، ئامۆزان، ژنومێردن، ناسیاون، خوشكوبران")) (معین، ٦٧:٢٠٠٥)، بەمەش پێوەندی و ئاستی نێوان قسەکەر و گوێگر و جۆری ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانە دیاریدەکات، کە لە نێوانیاندا بەکاردێت. بۆنموونە: ئاخاوتنی مامۆستایەك لەگەڵ خوێندکارێك یان باوکێك لەگەڵ منداڵەکانیدا.

لە کوردەواری و بگرە زۆر زمانی تریشدا کاتێك پلەوپایە یان تەمەنی گوێگر بەرزتر بێت، ئەوا شێوازی ئاخاوتن لەگەڵیدا بەپێی بارە کۆمەڵایەتییەکە جیاوازە و یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. بێگومان زمان کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە و خۆی لەگەڵ لایەنەکانی ژیاندا دەگونجێنێت و ئامانج لێیان تەنیا ئەوەیە کەناڵەکانی پێوەندیکردن لە نێوان خەڵکیدا کراوەبێت و پێوەندییەکانی نێوانیان توندوتۆڵتر بێت، بێگومان دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە ڕێگە دەدات بەو شێوەیە بدوێین. بۆ نموونە بێڕێزی نییە، ئەگەر لە شوێنێکی گشتی وەك کتێبخانە، نەخۆشخانە، ...هتد بە یەکێك بڵێین: – **بێدەنگبە**. – **چوونە ژوورەوە قەدەغەیە**.

## ٣-٢ پێوەندی شێواز و تابوو و جوانبێژی بە ڕێزگرتنەوە:

### ٣-٢-١ شێواز-Style:

چۆنێتی دەربڕینی هەستی قسەکەر/نووسەر ئامرازێکی بەهێزە و کاریگەریی لە پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا دەبێت. مرۆڤ بە هۆی بوونی کۆمەڵێك هۆکاری وەك توانا و ئەتەکێتی دەربڕین لە جێبەجێکردنی هەر کارێکی دیاریکراودا ڕێگایەکی تایبەتی بەکاردەهێنێت، ئەمەش وایکردووە شێواز هەموو بوارەکانی ژیانی ڕۆژانە بگرێتەوە، هەرچەندە بوونی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ شێواز کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە گشتی شێواز لە زماندا، بریتییە لە: ((هەڵبژاردن لە نێوان چەند دەربڕینێکی هاوشاندا))(فەتاح، ٢٠١٠:٨٧). بە هۆی شێوازەوە دەتوانین هەڵبژاردن لە وتە و قسەکاندا بکەین و لە دەربڕینە زمانییەکان بکۆڵینەوە، بۆیە هەڵبژاردنی وشە یان دەربڕینێك یان شێوازێکی گونجاو و کاریگەر لەناو چەندان وشە و دەربڕین و شێوازی تردا وایکردووە، کە شێواز گرنگی زۆری هەبێت، بۆیە گریکەکان شێوازیان بە بەشێك لە هونەری قایلکردن (اقناع) زانیوە (کاکی، ٢٠٠٨:١٤).

شێواز وەك زانستێکی سەربەخۆ لە سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵدا، شێوازگەری لە کۆندا دوو ئاڕاستەی هەبووە، یەکیان تەنیا بە زمانەوە و ئەوی تریشیان تەنیا بە ئەدەبەوە دەیبەست. لە هەر دوو شێوازەکەدا ئەرك و مەبەستەکە جیاوازبوو، بەڵام شێوازگەری نوێ گرنگی بە هەر دوو لایەنەکە دەدات.[١٤] دیارە شێوازی قسەکردنی کەسێك لایەنێکی سەرەکییە لە بنیادنان و ڕێگەگرتن لە دروستبوونی هەر ئاریشەیەك لە پێوەندییە ئاساییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر دا، زمانەکان لە بەکارهێنانی شێوازدا وردو ڕوونن و((زۆربەی قسەپێکەرانی زمانێك بەشێوەیەك قسە لەگەڵ هاوڕێکانیان دەکەن، کە جیاوازە لەو شێوازی قسەکردنەی لە چاوپێکەوتن بۆ کارێك یان لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتێك لە پۆلدا، یان لە کاتی قسەکردن لەگەڵ منداڵان، یان قسەکردن لەگەڵ دایك و باوکیاندا،...هتد بەکاریدەهێنن)) (Fromkin & et al., 2007:438). واتە شێوازی جوداجودا پێڕەو دەکەن، بەڵام لە باری نائاسایی قسەکردندا، وەك کاتی شەڕ و تووڕەبوون و هەڵچوونی دەروونی ڕێزگرتن کەمدەبێتەوە یان هەر نامێنێت.

[١٤] بالی (١٨٦٤–١٩٤٧) گرنگیدانەکانی خۆی سەبارەت بەو شێوازانەی، کە لە دەربڕینە زمانییەکاندا بەکاردەهێنرێن کورتکردوەتەوە و یەکەم کەس بوو توانی شێواز لە ڕەوانبێژی جیابکاتەوە، وەکو زانستێکی سەربەخۆ لێیبکۆڵێتەوە، لە سەردەمی تازەدا بە یەکەمین دامەزرێنەری زانستی شێواز یان شێوازگەری دادەنرێت، کە زاراوەیەکی نوێیە لە شێوازی ئاخاوتن یان زمانی نووسین دەکۆڵێتەوە و کار لەسەر شێواز دەکات، ئەم دووانە بەیەکەوە پەیوەستن و پێکەوەدێن. بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (محەمەد ساڵح، ٢٠٠٩:٨٥) و (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٠ و ٤٥) و (کاکی، ٢٠٠٨:١٥).

لەبارەی زانستی شێوازەوە کریستاڵ پێیوایە: ((جۆرەکانی ئاخاوتن یان نووسینمان بۆ دیاریدەکات، کە لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەگونجێت، هەروەك هەوڵی بەرەوپێشبردنی زانیارییەکانمان و دەستگرتنمان بەسەر ئەم جیاوازییانەدا دەدات، کە هەندێکیان لە سەرەتای تەمەنمانەوە فێریان بووین)) (عبدالعزیز، ٩٨:١٩٨٣). بەمپێیەش بێت دەبێت هەریەکەمان بە پێی دەوروبەر و هەڵوێستە جیاوازەکان جۆرو شێوازی ئاخاوتنی گونجاو و جیاواز هەڵبژێرین.

**٣-٢-١-١: جۆرەکانی شێواز:**

لەمبارەیەوە زمانناسان سێ تا پێنج[١٥] شێوازیان بۆ زمانە جیاوازەکان دیاریکردووە، بەڵام بە گشتی بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشیدەکەن، کە ئەویش فەرمی، نافەرمییە و زۆربەی قسەپێکەران دەتوانن بە ڕێکوپێکی شێوازە جیاوازەکان بەکاربهێنن و هاوسەنگییەك لە نێوان شێوازی زۆر فەرمی و نافەرمیدا ڕابگرن، بێگومان((کاتی دروستبوونی پێوەندییەکە ئەوە دیاری دەکات، کە چ شێوازێکی زمان بەکاربهێنین)) (زندی، ١٠:١٣٨٨).

**٣-٢-١-١-١: شێوازی نافەرمی/ئاسایی** (Informal):

هەموو ئەندامانی کۆمەڵ کەمتازۆر بەشدارن، ئەم شێوازە بە گشتی لەگەڵ کەسانی نزیك و هاوڕێ و هاوپلەوپایە و هاوتەمەن یان لە خۆی بچووکتر بەکاردێت، کە شێوازێکی ئاسایی و دۆستانەیە. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەم شێوازە ئەگەر بێت و زیاد لە پێویست دابەزیت دەبێتە زمانی بازاڕی و بێڕێزی، چونکە بەزاندنی یاسا کۆمەڵایەتییەکانە، بۆنموونە کاتێك لە کۆڵان بانگی کابرای بەقاڵ دەکەین و دەڵێین: **تەماتە تەماتە.**

ئەمە شێوازێکی بازاڕییە و ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە بە گوێرەی پلەوپایە و پیشە و ئاستی خوێندەواری و ...هتد شێوازی ئاخاوتنی جیاواز دروستدەبێت، لەبەرئەوە دەتوانرێت بووترێت شێوازی ئاخاوتن زۆر گرنگە و زۆرجار ((شێوازی قسەکردن بەپێی پلەی ڕێزگرتن هەست دەردەبرێت))(فەتاح، ١٦٠:١٩٩٠) ئەو وشانەی، کە لە نێوان کەسانی نزیك و ئەندامانی خێزاندا

[١٥]) بۆ نموونە بۆ زمانی ئینگلیزی مارتین جۆس (Martin Joos) پێنج جۆر شێوازی جیاوازی پێشنیاز کردووە، "فەرمی، ئاسایی، ڕاوێژکاری، وشك، دۆستانە"، بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: (خرما، ١٩٧٨: ٢٣٢–٢٣٣)و(عەزیز و ئەوانیتر، ١٩٨٤، ١٠٠) و(عبدالعزیز، ٩٩:١٩٨٣). بۆ زمانی فارسیش "هاج"چوار شێوازی جیاوازی دیاریکردووە، بەبڕوای ئەو بەشێوەیەکی گشتی دوو شێوازی فەرمی و نافەرمی بوونیان هەیە، کە دەتوانرێت بۆ هەریەکە لەوانە دوو ڕووی جیا لەیەکتریان بۆ دابنرێت، بەم پێیە هاج بۆ زمانی فارسی چوار شێواز پێشنیاز دەکات: ڕۆژانە(colloquial)، بەوریاییەوە(cautious)–شێوازێکە کەسێك بەوریایی و حەزەرە وە بە ئەنجامدانی کارێك هەڵدەستێت–، فەرمی ئاسایی، فەرمی ڕێزدارانە(respectful) (مدرسی، ١٣٨٧: ١٨٧–١٨٨).

بەکاردێن نافەرمیترین وشەن. لە شێوازی نافەرمیدا ((کورتکراوەکان و هەندێکجار سڕینەوەی هەندێك وشەش بەپێی یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی بەکاردێن))(Fromkin & et al., 2007:438). بۆنموونە دەکرێت زۆرجار لە کاتی بانگکردنی کەسێکدا تەنیا ناوەکە بەکاربێت، بۆیە لە کاتی ئاخاوتندا دەتوانیت پێی بڵێیت: - کەوسەر ئەو کتێبەم بدەرێ. - شنۆ گیان بێدەنگ بە.

ئەگەر هاتوو ئەم وشانە لەگەڵ کەسی دوور لە پێوەندیدا بەکاربێت، ئەوا نیشانەی خۆشنەویستراوی و بێڕێزییە بەرامبەر ئەو کەسانە، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم وشانەش ئەوەیە ، کە ئەو کەسانە لەو بارودۆخەدا، شایانی ئەوە نین وشەی فەرمییان بۆ بەرکاربهێنرێت.

**٣-٢-١-١-٢ شێوازی فەرمی** (Formal):

ئەم شێوازە ڕێزی زۆری تێدایە و لە بۆنەیەکی گرنگدا ئەو کەسانە بەکاریدەهێنن، کە ئاسیاوی زۆریان لەگەڵ یەکتر دا نییە یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە یەکتر نزیك نین، بە گشتی ((شێوەی زمانی فەرمی بۆنیشاندانی ڕێزگرتنی زمانی گونجاوترین شێوەیە))(مقدم، ١٣٨٨: ٨٨) و ئاسایی لە خزمەت چینە کۆمەڵایەتییە باڵاکان بە تایبەت خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانە، بێگومان ئەمجۆرە شێوازە ڕێزگرتنێکی پتر دەردەبڕێت، بۆیە ناچارین وشە و دەربڕینەکان لە بارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا لەگەڵ بارودۆخی بۆنەکەدا بگونجێنین و بەزۆری وشەیەکی تر لەگەڵ ناوەکە بۆ ڕێزگرتن بەکاربێت، وەك: **کاك، مامە، خاڵە، خان، خاتوو، سەرۆك، دکتۆر...هتد**. ئەم شێوازە لەگەڵ کەسانی پلەوپایە بەرز بەکاردێت، بۆ نموونە:

- **زەحمەت نەبێت کاك فلان..... دەتوانم بەیانی مۆڵەت وەرگرم.**
- **خاتوو فلان/ فلان خان....کەمێك پەلەمە دەتوانی زوو ئیشەکەم بۆ بکەی.**

بێگومان ئەگەر بێت و بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی سەرەوە پێچەوانە بکەینەوە، ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شتێکی زۆر نەگونجاو دەبێت. بۆیە ((پێوەندیمان لەگەڵ گوێگر/خوێنەر ئەوە دیاریدەکات، کە لە چ شێوازێکی زمان سوود وەربگرین، ئەم پێوەندییەش لە ئەنجامی چەند هۆکارێکی وەکو ڕادەی هاوسۆزی و میهرەبانی و ئاشنایی لەگەڵ گوێگر و پێوەندی پیشەیی و دووری کۆمەڵایەتی و...هتد دیاری دەکرێت. بەمپێیە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی جۆر و هەلومەرجی پێوەندی زمانی، یەکێك لە شێوازەکان بەکاردەهێنرێت)) (زندی، ١٣٨٨: ١٠).

لە زمانەکانی جیهاندا جیاوازییەکی زۆر لە ڕووی بەکارهێنانی شێوازە جۆربەجۆرەکانەوە هەن. لابۆڤ ئاماژەی بەوە کردووە، کە: ((دەکرێت بەکارهێنانی شێوازەکان وەکو ئامرازێك بۆ ناسینەوەی گرووپێکی دیاریکراو بەکاربێت)) (Fromkin & et al., 2007:439)، چونکە زمان ناسنامەی قسەکەرە و بە هۆیەوە دەتوانرێت پەی بە تایبەتمەندییەکانی ئاخێوەران ببرێت و لە ڕووی پلەوپایە و چینی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزەوە جیابکرێنەوە.

### ٣-٢-٢ کەرەستەکانی بانگکردن:

لە ڕێگەی کەرەستە زمانییەکانەوە دەتوانرێت ڕێز و گەورەیی بەرامبەر دەربخرێت، شێوە و کەرەستەکانی بانگکردن ((ئەو هۆکارە زمانیانەن، خەڵکی لە ڕێگەیانەوە شێوازەکانی ڕەفتارە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەو کەسانە دەردەبڕن، کە لەگەڵیاندا پێوەندی دەکەن. ئەمەش چۆنیەتی بەکارهێنانی جێناوە نزیك و فەرمییەکانە، بەکارهێنانی زاراوەکانی خۆشەویستی نیشاندان، وەکو ئازیزەکەم، هاوڕێکەم/برا بەڕێزەکەم، ...هتد)) (Crystal, 1992:307).

لەبارەی ناساندنی بانگکردنەوە لیچ و سڤارتڤیك پێیانوایە:((بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکێك بەکاردێت، هەروەها دەتوانرێت بۆ پیشاندانی پێوەندی قسەکەر بە گوێگرەوە بەکاربهێنرێت، بە هۆی بەکارهێنانی فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان، کە پایەی کۆمەڵایەتی پیشاندەدەن)) (حەمەدئەمین، ٢٠٠٩:٤٣). بێگومان لە زمانی کوردیدا بۆ مەبەستەکانی بانگکردن چەند کەرەستەیەکی زمانی بەکاردێت. لێرەدا ئەو پۆلینکردنەی **گراملەی** و **پاتزۆڵد** بۆ کەرەستەکانی بانگکردن کردوویانە باس دەکەین، کە بۆ پێنج پۆل دابەشیدەکەن: ((جێناوەکان، ناوەکان، ناوەکانی خزمایەتی، ناونیشانی بانگکردن، پەسندەرەکان)) (Gramley & Pätzold, 2004:196).

### ٣-٢-٢-١ جێناوەکان-Pronouns:

جێناوەکان وەکو نیشانەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئاخاوتندا بەکاردێن بە تایبەتی جێناوی کەسی دووەمی تاك و کۆ،[١٦] کە ((بۆ دەربڕینی ڕێزگرتن و سووککردنیش بەکاردەهێنرێت، تەنانەت هەندێکجار، ئەگەر جێناوی "تۆ" بەکاربێت، ئەوا وەك جنێو وایە)) (مایتینسکەیا، ١٩٦٩:١٥١)، ئەمەش بێگومان لە کەلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە:

---

[١٦]) لە زۆربەی زمانەکاندا پێڕەوی جێناو بە تایبەتی"کەسی دووەمی تاك و کۆ"بە ڕوونی جیاوازی لە بەکارهێنانیاندا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە:((لە زمانی فەرەنسیدا بۆکەسی دووەمی تاك"tu"بەکاردێت، کە شێوەیەکی بڵاوی بەکارهێنانی هەیە و تاڕادەیەك نافەرمییە. لە بەرامبەردا بۆ کەسی دووەمی کۆ"vous"، کە پتر لە شوێن و بۆنە تایبەتیەکاندا یان لەگەڵ کەسانی پایەبەرزدا بەکاردێت. لە زمانی لاتینیدا دوو جێناوەکە بریتین لە"tu,vos"،لە زمانی ڕووسیدا"ty, vy"، لە زمانی ئیتالیدا"tu, Lei"، لە زمانی سویدیدا"du, ni"، لە زمانی ئەڵمانیدا"du, sie"، لە زمانی یۆنانیدا"Esi, Esis"، لە زمانی ئیسپانیدا"tu ،usted"، لە زمانی تورکیدا"sen، siz"، لە زمانی ئینگلیزیی کۆندا ئەم جیاوازییە لە نێوان کەسی دووەمی"تاك وکۆ"دا هەبووە و لە ڕێی جێناوەکانی"thou, you"دەربڕراوە، بەڵام لەئێستادا هیچ بەکارهێنانێکی فۆڕمی جێناوی کەسی دووەمی تاك نەماوە و بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە نێوان جێناوی کەسی دووەمی"تاك و کۆ"ی فەرمی و نافەرمی ناکرێت، وەك ئەوەی لە زمانەکانی تردا دەکرێت، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە لە زمانەکەدا ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان گفتوگۆی فەرمی و نافەرمیدا بکرێت یان ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن نەناسرێتەوە. بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (لاینز، ١٩٨٧:٢٥٨) و (Wardhaugh, 1990:251-252) و (Fromkin & et al., 2007:439) و (Gramley & Pätzold, 2004:196) و (Bayraktaroĝlu and Sifianou, 2001:60).

### تۆ دەتوانیت لەگەڵ من بێیت ؟ (١٧)

لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی جۆری وشە و جێناوەکان هۆکارێکی سەرەکییە، کە وا لە مرۆڤ دەکات.((بتوانێت ڕەزامەندبوون، ڕێزگرتن، هاوسۆزبوون، دووری و هێز و پلەوپایەی خۆی بۆ بەرامبەرەکەی دەربڕێت، بەڵام خاڵی زۆر گرنگ لە هەموو ئەمانەدا ئەوەیە، کە دابونەریتەکانی کۆمەڵ لای گوێگر و قسەکەر ئاشکرابن، چونکە ڕێزگرتن خۆی لە خۆیدا دیاردەیەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بووەتە یاسا))(Wardhaugh, 1990:267). بەدڵنیاییەوە ئەمە مانای ئەوە نییە، کە دەبێت هەمیشە چاوەڕێی ئەوپەڕی ڕێز و گرنگیدان لە بەرامبەر بکەین. چەندان جۆری جیاواز لە دەستەواژەکانی بانگکردن لە زمانەکەدا هەن، کە تێیاندا جێناوی کەسی دووەم بەکاردێت.

لە زمانی کوردیشدا بۆ بانگکردن و ناوهێنانی کەسی تاك هەمان ئەو پێوەر و شێوازانە بەکاردێن، کە لە زمانەکانی تردا هەن، کە تێیدا قسەکەر و گوێگر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکسانن یان دەیانەوێت هاوکاری لە نێوان یەکتردا بنیادبنێن و لە گفتوگۆ نافەرمییەکاندا بەکاردێت و ئاماژەیە بەهەبوونی گرووپێك، کە ئەندامەکانی لەیەك نزیکن. خۆ ئەگەر شێوازی ڕێزگرتن ڕەچاوبکرێت، ئەوا قسەکەر لە جیاتی جێناوی کەسی دووەمی"تاك" بۆ بەرامبەر دووهەمی "کۆ" بەکاردەهێنێت، هەروەکو **گۆدارد** ئاماژەی پێداوە، کە ((جێناوی کەسی دووەمی کۆ، کەرەستەیەکی تری بەڕێزانەیە، کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت و دەتوانرێت پێیبگوترێت"جێناوی ڕێزگرتن"، ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت بەکارهێنانی شێوازی بەڕێزانەیە،کە لە هەر دوو ڕووی فەرمیبوون و کارەکییەوە لە بەکارهێنانی جێناوی کەسی بڵاوترە)) (Goddard, 2008:86).

لە ڕاستیدا بەکارهێنانی جێناو جگەلەوەی بۆ بەوێڵی و بێوێڵی بەکاردێت، هاوکات تەمەن و ئاستیش پیشاندەدات. **لۆنتیڤ** پێیوایە:((جێناوی کەسی تەنیا کەسی خۆت و دیدگای خۆت و پێوەندی بە سەرچاوەی قسەکان پیشانی بەرامبەر نادەیت، بەڵکو جێناوی کەسی وەك ئاوێنەیەك وایە، کە تێیدا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدەدەنەوە)) (مایتینسکەیا، ١٥١:١٩٦٩). هاوکات ئاستی ئاخێوەران و جۆری پێوەندییان دیاریدەکات. کاتێك پێوەندییەکی نائاسایی (ناهاوسەنگ) دروستدەبێت، ئەو کەسەی، کە پلەکەی بەرزترە دەتوانێت "تاك" بەکاربهێنێت، لە کاتێکدا ئەو بەشداربووەی ناو پێوەندییەکە، کە پلەکەی نزمترە بە بەکارهێنانی "کۆ"وەڵامدەداتەوە،بۆ نموونە: - **تۆ بۆ سیمینارەکە چوویت؟**

+ **دکتۆر گیان، ئێوە نەهاتبوون؟**

---

(١٧)بێگومان ئەمە لای فارسەکان ڕوونتر و ئاشکراتر وەك لە زمانی کوردی دەردەکەوێت، لە زمانی فارسیدا بۆ ڕێزگرتن لە جیاتی تو"شما"بەکاردێت، دەوروبەرەکە لە کەسی دووهەمی کۆ جیای دەکاتەوە، بۆ نموونە: شما میتونی با من بیای؟

لە ڕێزگرتنی زمانیدا بەکارهێنانی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان ڕۆڵی سەرەکییان هەن، بەتایبەتی جێناوی کەسی دووهەمی کۆ ((<ئێوە/بەڕێزتان/جەنابتان<جێناوی کۆ و دەربڕراوی تایبەتین، جیانەکردنەوەی جێناوی /ئێوە/ بۆنموونە لە جێناوی/تۆ/لە بەکارهێنانیدا لەلایەن منداڵەوە یان گوندنشینەوە، بەهۆی کورتهێناوەیە لە ئەزموونی کۆمەڵایەتیدا. واتە ئەو کەسانە تێناگەن زمانی خۆیان لەگەڵ هاودەمی جیاوازدا بگونجێنن. کەسێك، کە ئەزموونی کۆمەڵایەتیی تەواوی هەیە و/تۆ/ لە بری /ئێوە/ یان >جەنابتان<بەکاردەهێنێت، لە هاودەم_نرخاندنەکەیدا ئاماژەیەك بەوە دەدات، کە هاودەمەکەی بەسووك دادەنێت)) (مەحویی، ٢٠٠٩أ: ٨٣-٨٤). بۆ نموونە: **- بەڕێزتان/ جەنابتان بۆ ئاهەنگەکە بانگکراون.**

**- تۆم لە بازاڕ بینی.**

بێگومان لە هەندێك باری ئاینی و کۆمەڵایەتیدا کەسی سێیەمی تاك و کۆ شێوەی ڕێزگرتن پیشاندەدات، بۆ نموونە: **- خوای گەورە دەفەرموویێت.**

**- پێشەوا قازی فەرموویەتی لە مردن سڵ ناکەین.**

**٣-٢-٢-٢ ناوەکان:**

کاتێك باس لە ناودەکرێت، دووجۆر ناو"تایبەتی، گشتی"دەبینین. مەبەست لە بەکارهێنانی ناو و چۆنێتی دەربڕینەکەیەتی، هەروەها چ کاتێك ناوەکە بچووکدەکرێتەوە یان ناوترێت.

**٣-٢-٢-٢-١ نیوەناو-Diminutive:**

مرۆڤ هەوڵدەدات زمان چەند ئەرکێکی بۆ ببینێت و تیشکی پتر بخاتە سەر ئەو شتەی مەبەستییەتی بیڵێت یان بیگەیەنێت. لەلایەکەوە ڕادەی ئاوازەی دەنگ کاریگەرییەکی زۆری لە شێوازی خستنەڕووی وشەکاندا هەیە، چونکە دەربڕین و ئاوازە دەریدەخات، کە نیوەناو بۆ مەبەستی خۆشەویستی و نازپێدان و نزیکی پێوەندیی کەسەکانە لە یەکتری یان بۆ شکاندن و سووکایەتیپێکردن و بێڕێزییە، چونکە((پلەی نافەرمی بانگکردنەکە پتر دێتەخوارەوە، تا دەگاتە ئاستی بانگکردن بەهۆی هەندێك ناوو ناتۆرەی نەشیاوەوە))(حەمەدئەمین، ٢٠٠٩:١٠٣). وەك: **ئازە خڕە، حەمە شەل، بلە درێژ، فاتە سوور.**

بۆیە پێویستە لە نیوەناودا پارێزگاری کەلتووری باوی کۆمەڵ بکرێت. بێگومان بە هۆی دەوروبەر و ئاوازەی قسەکردنەکەوە مەبەستەکە دەزانرێت. لەلایەکی تریشەوە دەمگرتنەوە و ئاساندەربڕینە. پێشتر لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بە "نیوەناو"یان وتووە"ناوبچووککردنەوە". بە گشتی نیوەناو بەپێی زمانەکان دەگۆڕرێت و شێوەیەکی چەسپاوی نییە، بۆنموونە:

**سەعید ← سەعە، قادر← قالە ، فاتمە← فاتە.**

بێگومان لە کاتی نیوەناودا دەبێت ڕەچاوی تەمەن و پلەوپایەی بەرامبەر بکرێت، بۆنموونە کاتێك تەمەن و پایەی گوێگر لە قسەکەر بەرزتر بێت، یان نیشانەیەکی ڕێز، وەك: **شێخ**، **ئاغا**، **مامۆستا**،...هتد بۆ گوێگر دابنرێت، ئەوا زۆر کات لە ڕووی لۆژیکەوە ناتوانرێت ناوەکە بچووك بکرێتەوە و بڵێی: **شێخ سەعە**، **مامۆستا سمە**، **ئاغا خلە**، هەرچەندە هەندێکجار ئەمە بارێکی ئاسایی وەردەگرێت و بێڕێزیش نییە. وەك: **مامۆستا بلە**، **مامۆستا ئەخۆل**، **مامە عەبە**، **مامە خولە** .

شایانی باسە لە زمانی کوردیدا، جیاوازی لە نێوان نیوەناو و ناوبچووككردنەوەدا هەیە، بەوەی ((ناوبچووككردنەوە بە هۆی مۆرفیمەکانی بچووككردنەوە دەبێت. وەك: **سەعۆل**، **مەچۆڵ**، **ئەخۆل**، **فاتۆل**،...**هتد**)).[18] هەرچی ناوە گشتییەکانە ئەوە بە هۆی پاشگرەوە بچووكدەکرێنەوە، وەك: **خانوو + چکە← خانووچکە.** **شاسوار خانووچکەیەکی هەیە.**

**٣-٢-٢-٢-٢ کرتاندنی ناوی بانگکراو:**

لە زمانی کوردیدا لە کاتی ئاخاوتندا هەندێکجار ناوی بانگکراو بە هۆی ئەوەی، کە پێویست و مەبەست نییە دەکرتێندرێ، بەتایبەتی ئەگەر پێوەندی نێوان کەسەکان زۆر نزیك بێت، ئەوا ناوی بانگکراو دەکرتێندرێت، وەك: -....**ئەرێ یارمەتیم دەدەیت؟** - **ئا** .... وەرە؟

بەڵام ئەگەر پێوەندیی نێوان کەسەکان لە پێوەندیدا لە یەکترەوە دووربن یان پایە و تەمەنی گوێگر گەورەتر بێت، ئەوا بۆ کەمككردنەوەی لایەنی نەرێنی و پیشاندانی ڕێز هەندێك دەربڕین بەکاردەهێنین. واتە ((جاری وا هەیە لەو پەیامانەی، کە بانگکراوی تێدا کرتێنراوە دەربڕینی، وەك:"ببوورە، بێزەحمەت، تکادەکەم"بەکاردێن)) (حەمەدئەمین، ٢٠٠٩:٨١)، بۆنموونە:

- **زەحمەت نەبێت،** ...**دەچیت بەولاوە.** "ڕێز هەیە"
- **کاکە ببوورە،** ...**یارمەتیم دەدەیت.** "ڕێز هەیە"
- **کاکە گیان ببوورە،** ...**یارمەتیم دەدەیت.** "ڕێزەکە زۆرترە"

**٣-٢-٢-٢-٣ بانگکردن بە ناوی بانگکراوەوە:**

بانگکردنی مرۆڤ بە ناوی خۆی بارێکی تایبەتی دەربڕینی ناوە، هەموو ئەو ناوانەی، کە تایبەتن بە مرۆڤ، دەگرێتەوە، لەبەرئەوە بەکارهێنانی هەریەك لەم دەربڕاوانە دەتوانرێت ڕادەی ئەو ڕێزگرتنە بە گشتی دیاری بکرێت، کە ئاخێوەر بۆ گوێگری دادەنێت. لە بانگکردن بە ناوی بانگکراوەوە ڕەچاوی پلەوپایە و تەمەن و دووریی کۆمەڵایەتی نێوان بەشداربووانی ئاخاوتن دەکرێت، بۆیە ((ناوی یەکەمی کەسەکە، تەنیا لەگەڵ هاوڕێ نزیکەکاندا بەکاردێت)) (هدسن، ١٩٨٧:١٨٥)، بەڵام ئەو کەسانەی دووریی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندا هەیە، جیاوازە، بۆنموونە:

---

[18]) د. هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، ٢٠١٢/٥/٣٠.

**دکتۆر جەلال، مامۆستا ئارام، شۆخان خان،...هتد. بۆ نموونە:     - گوڵشەن ڕاپۆرتەکەت هێنا؟**
**+ بەڵێ دکتۆر هێنام.**

**بێگومان کەسانی پلەوپایە نزم ناونیشانی بانگکردن بە تەنیا یان لەگەڵ ناوی یەکەم بۆ بانگکردنی کەسانی پایەبەرز بەکاردەهێنن، بۆنموونە پایە نزمێك بە"گەورەم، ئاغام یان وەستام، ...هتد"بانگی گەورەکەی دەکات و لە بەرامبەردا خۆی تەنیا بە ناوی یەکەم لەلایەن پایەبەرزەکەیەوە بانگدەکرێتەوە، چونکە پێوەندی نێوانیان پێوەندییەکی ناهاوتا و جیاوازە. واتە ئاماژە بە نایەکسانی لە نێوانی دوو لایەنی ناو پێوەندییەکەدا دەدات.**

**- ئاسۆ دوێنێ لە کوێ بوویت؟          + گەورەم لە سەیران بووم**
**- حەمە چیمەنتۆت گرتۆتەوە؟          + بەڵێ وەستا گرتوومەتەوە؟**

### ٣-٢-٢-٣ ناوەکانی خزمایەتی (kinship) [١٩]:

**لەبارەی پێناسەی ناوەکانی خزمایەتییەوە، کریستاڵ** (2003:251) **دەڵێت: بریتییە لە ((پەیڕەوی ئەو ناوە فەرهەنگی (لێکسیك) یانەیە، کە لە زماندا بۆ ئاماژەدان بە پێوەندییە کەسییەکانی ناو چوارچێوەی خێزان بەکاردێن. بوونی ئەو ناوانەش خۆی لە خۆیدا واتای بوونی خێزان دەگەیەنێت)). ناوەکانی بانگکردنی نێوان کەسە نزیکەکانی خێزان و خزمایەتی جیاوازە ، ڕەنگە هەندێکجار ئەو کەسانە، کە خزمیش نین بە هەندێك ناو بانگ بکرێن، کە وا دەربکەوێت ئەو دوو کەسە پێوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە،**[٢٠] **لێرەدا ئەم ناوانە واتای فەرهەنگی ناگەیەنن، جا لەگەڵ ناوێك بێت یان بەتەنیا بێت،**[٢١] **بەڵکو وەکو ناوێکی گشتی بانگکردن و واتایەکی بارکراو بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن، چونکە شێوازی بانگکردنی بەرامبەر هەستدەربڕین دەگەیەنێت،**

**بۆ نموونە:          - سێو بە چەندە؟          "ڕێز نییە"**
**+ خاڵە/مامە سێو بە چەندە؟          "ڕێز هەیە"**
**- کاکە، تۆزێك دەچیت بەولاوە.          "ڕێز هەیە"**

---

[١٩]) سەرەتا دەستەواژەی"زاراوەکانی خزمایەتی"مان بە گونجاو زانی، چونکە گراملەی و پاتزۆڵد و کریستاڵیش هەر ئەوەیان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام دوواتر بە بۆچوونی سەرپەرشت "ناوەکانی خزمایەتی" بە پەسەندتر زانرا.

[٢٠]) لە زمانی تۆنگۆدا، ئەگەر پێوەندییەکی خزمایەتی قووچەکی لە نێوان کەسەکانیشدا هەبێت، هەر بە ناوەکانی خۆیان یەکتری بانگدەکەن و هەرگیز لە نێوان خۆیاندا ناوەکانی خزمایەتی بەکارناهێنن)) (Spolsky, 2010:22).

[٢١]) بۆ نموونە: ناوی "مامە" هەندێکجار بۆ بانگکردنی چینێکی دیاریکراو بەکاردێت، هەروەکو لەمڕووەوە دکتۆر تەها ئەلحاجری، دەڵێت: گوندنشینەکانی"بەنی سوەیف"لە سەعیدی میسر، خزمەتکارەکان بە گەورەکانیان ناڵێن"سەیدی"، بەڵکو بە"عمی واتە مامە"بانگیاندەکەن. مامی ڕاستەقینەش، کە برای باوکە بە"ئەبویا"بانگدەکرێت، بۆنموونە دەڵێن: ئەبویا عەلی واتە مامە عەلی)) (السعران، ١٩٥٨:٥٣).

**ڤاسیلێڤە**، کە لێکۆڵێکی ناوداری ڕووسە، پێیوایە: ((ژمارەی ئەو وشانەی لای کورد بۆ خزمایەتی بەکاردێن زۆر لە هی ڕووسەکان پترە)) (ڤاسیلێڤە و ڕەشید،١٩٨٨: ١٢٨). بوونی ئەم کەرەستانەش لە بانگکردندا شێوازی ڕێزگرتن پتر دەکات، وەك: **برا**، **خوشکێ**، **مامە**، **ئامۆزا**، **خاڵە**، **خاڵۆزا**، **پووری**، **پوورزا**، ...**هتد**. ئەم ناوانە بەزۆری دەکەونەپێش ناوی تایبەتی و واتاو مەبەستی خزمایەتی[٢٢] و ڕێزلێنان دەگەیەنن و زۆر بەکاردێن، وەك: **مامە عەزیز**، **خاڵە تایەر**، **پوورە مرواری**، **خوشکە ئامین**، **دادە حەلاو**، **کاکە ئیدریس**.

هەندێکجاریش بە تەنیا بەکاردێن و دەبنە نیشانەی بانگکردن، وەك: **پوری**، **خوشکێ**، **باوکە**[٢٣]، **دایکە**، **کاکە**، **ئامۆزا**،...هتد، هەرچەندە ئەمە هەموو ئەو ناوانە نین و زۆر فۆڕمی تر لە بواری خزمایەتییەوەن هەن، بۆنموونە: ((لە کوردیدا ناوەکانی **کوڕەزا** و **کوڕەزازا** و **کچەزا** و **هەنەزا** و... **هتد**، لە بانگکردندا بەکارناهێنرێن، بەڵکو لە جیاتی ئەوە، ئەگەر بانگکراو کوڕەزای بانگکەریش بێت، بەزۆری فۆڕمەکانی"**کاکە**، **ڕۆڵە**" یاخود تەنیا ناوی بانگکراوەکە بۆ بانگکردنی بەکاردەهێنێت)) (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٦٥). دیارە وشەی"کاك" گشتییەو بۆ هەموو ڕەگەزێکی نێرە و وشەی "کاکە"بۆ برا گەورەیە، هاوکات بۆ دەربڕینی پێوەندی هەناویی و خۆشەویستی بۆ کەسانی تریش، جگە لە برا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە: - **کاکە کارتی مۆبایلمان هەیە**.

### ٣-٢-٢-٤ ناونیشان-Title:

دیارە باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی کار دەکاتە سەر واتا و مەبەستی ئاخاوتن و شێوازی دەربڕین. بێگومان هەندێك کەرەستەی زمانی بەهۆی بەرزی پلەی کۆمەڵایەتی قسەکەرەکەیانەوە ڕێزگرتنی ئاشکرایان تێدایە، ئەم کەرەستانە ڕەنگە ڕێز و گرنگی پتریان تێدابێت، ئەگەر بێت و لەگەڵ هەندێك پیشە و کەسدا بەکاربێن. زمانی کوردی لە ڕووی وشەکانی خزمایەتی و ناونیشانە کەسییەکان دەوڵەمەندە، چەندان جۆر ناونیشانی بانگکردنی هەن، وەك: ئایینی، کۆمەڵایەتی، پیشەیی، ڕامیاری، ...هتد، کە لەگەڵ ناوی کەسەکاندا بەکاردەهێنرێن. مەبەستی زۆرێك لەمانەش بۆ پیشاندنی ڕێزگرتن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەوانیترە، ڕەنگە هەندێکجاریش بێڕێزی بگەیێنێت، وەك: **کەناس**، **فەراش**،...**هتد**.

---

[٢٢]) سەرجەم وشەکانی خزمایەتی لە ژێر بامواری واتایی خزمایەتیدا کۆدەبنەوە، بوارە واتاییەکان (Semantic Field) ((ئەو کۆمەڵە وشەیەن، کە لە ڕووی واتاوە بەیەکەوە پەیوەستن و لە ژێر وشەیەکی گشتیدا کۆدەبنەوە))(عمر،١٩٩٨: ٧٩). زاراوەکانی خزمایەتی بەرفراوانە، لە زۆربەی زمانەکاندا بەگشتی دوولایەن دەگرێتەوە، یەکێکیان لە ڕێی خوێن (دایك و باوك)ـەوەیە، ئەوی تریان لە ڕێی"ژن"ـەوەیە. بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: (پالمەر، ١٩٨١: ١١٤) و (ناوخۆش، ٢٠١٠: ١١١).

[٢٣]) وشەی دایکە، باوکە((بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خۆشەویستی و نیشاندانی ڕێز بەکارهاتووە))(سدیق،٢٠١١: ٢٥٤).

### ٣-٢-٢-٤-١ ناسناو[٢٤] -Nick names:

**ناوێکی نافەرمییە، کە ئاسایی لە جیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆی لە لایەن هاوڕێکەکانی یان خێزانەکەی بەکاردێت.[٢٥] یاخود دەکرێت بوترێت ناوێك یان ئاوەڵناوێکە بە مەبەستی ناساندن بە ناوی کەسێکەوە دەلکێنرێت. دەکرێت ناوە لکێنراوەکە لە پێش ناوی کەسەکەوە بێت یان لە دوای ناوی کەسەکەوە بێت[٢٦]. جا ئەگەر ناوەکە یان سیفەتەکە ئەرێنی بێت، ئەوا پێیدەوترێت ناسناو، خۆ ئەگەر نەرێنی بێت، ئەوا پێیدەوترێت ناووناتۆرە.**

### ٣-٢-٢-٤-٢ ناسناوی ئەرێنی:

**ناسناو لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەیە، بە گشتی بۆ دەربڕین و پیشاندانی ڕێز و خۆشەویستی یان دەربڕینی ناخی کەسەکەیە و لە ڕوانگەی دەروونییەوە پەسەندە. دیارە دانانی ناسناو بەهۆی بەجێهێنانی ئەرکی ئایینی یان پیشەیەك یان پلەوپایەی کۆمەڵایەتییەوەیە، یاخود ((لە ئەنجامی ناڕەزایی مرۆڤە بەرامبەر ناوەکەی، یان لە ئەنجامی ئەوەیە کەسەکە هەستێکی لەباری بەرامبەر ناوەکەی نییە)) (عەزیز، ٥٩:٢٠٠٨). هاوکات هەندێك میللەتی تر پێیوایە: ((ئەگەر ناو بەبێ ناسناو بەکاربێت، ئەوا بێڕێزی دەگەیێنێت)) (دزەیی، ١١٣:٢٠١١). جا لەبەرئەوە بۆ پیشاندن و دەربڕینی ڕێزی زیاتر بەکاردەهێنرێن، تەنانەت هەندێکجار بۆ دەرخستنی ڕێزگرتنی زیاتر لە ناسناوێك پتر بەکاردەهێنرێت، وەك:**

**جەنابی سەرۆك...، جەنابی وەزیر...، بەڕێز دکتۆر...، کاك شێخ...، ...هتد.**

---

[٢٤]) هەرچەندە وشەی "نازناو"، پێدەچێت لە بنەچەدا "ناسناو" بووبێت و بەهۆی گڕیی دەنگی/ن/ ـەوە /س/ یش گڕ بووبێت و "ناسناو" بووبێت بە"نازناو" (فەرەج،١٠:٢٠٠٠)، بەڵام لەبەرئەوەی زاراوەیەکی گونجاوترمان دەستنەکەوت، ئەوا بەمشێوەیە بەکارمان هێنانن.

**نازناو**– Sur name ناوێکی بۆماوەیی کۆمەڵایەتییە، کە ئەندامانی خێزان/بنەماڵەیەك دەگرێتەوە(oxford, 2009:779) و (Longman, 2003:1453)، کە ئەمە پتر تایبەتە بە هەندێك کۆمەڵی دیاریکراوەوە وەك ئینگلیز، فارس،...هتد. بۆ نموونە ئەو کوردانەش، کە لە ژێر کاریگەریی فارسدان، وەك: کەمکار، قازی،...هتد.

**پێن نەیم**– Pen name: بریتییە لەو ناوە خوازراوەی، کە نووسەرێك لە جیاتی ناوی ڕاستەقینەی خۆی بەکاریدەهێنێت، (Longman, 2003:1046) وەك: نازناوی شاعیرەکان، بۆ نموونە: نالی، مەحوی، خانی، وەفایی،حەریق،...هتد.

[٢٥]) بڕوانە: (oxford, 2009:520) و (Longman, 2003:957).

[٢٦]) لە بارەی دیارخەرەکانی فرێزی ناوییەوە، کە دەکەونە پێش، یان دوای ناوی"سەر"ەوە، حاتەم ولیا محەمەد دەڵێت: ((ئەوانەی کە دەکەونە پێش ناوەکەوە پێیان دەڵێین briناو و ئەوانەی، کە دەکەونە دوای ناوەکەوە"لەقەب"یان پێدەڵێین. ئەم briناوانە لەگەڵ ناوی تایبەتی دا زیاتر دەردەکەون)) (محەمەد،٥١:٢٠٠٠). لێرەدا زاراوەی ناسناومان بۆ "briناو"و بۆ "لەقەب"یش بەکارهێناوە.

بێگومان ئەمە لە دەوروبەری پراگماتیکدا نەبێت، خۆ ئەگەر بەتەوسەوە بێت شتەکە پێچەوانە دەبێت، ئەو کاتە بێڕێزی و سووکایەتیپێکردن دەگەیەنێت. ڕێزگرتنی زمانی لە کوردەواریدا بە چەندان شێوە و شێواز دەبینرێت، وەك بەکارهێنانی ئەو زاراوە و ناونیشانانەی لە پاڵ ناوەکاندا بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن.

لە هەموو زمانێکدا گەلێك وشە و دەستەواژەی فەرهەنگی[٢٧] هەن، وەك نیشانکار لە دیاردەی ڕێزگرتندا ڕۆڵی باڵا دەبینن یاخود کەرەستەی ڕێزن و بۆ پیشاندانی ڕێزن، ئەم ناسناوانە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دیاریکراویان هەیەو بەکارهێنانیان لە پێوەندیکردندا نرخ و ڕێز دەدات و بەکارنەهێنانیان بێڕێزی تێدایە، لە زمانی کوردیدا ئامراز و دەربڕینەکانی ڕێزگرتن[٢٨] زۆرن. ((سادەترین پلەی ڕێز ئەوەیە، کە یەکێك بە تەواوی نەناسی و "**کاکە**، **مامە**، **وەستا**،...**هتد**"ی بۆ بەکاردێنی، یان ئەگەر گەرمتر بێت و تاڕادەیەك بەرامبەر بناسی، ناسناو لەگەڵ یەکەم ناو بەکاردەهێنیت)) (حسەین، ٢٠٠٩:٨٠)، بۆ نموونە: **وەستا عەلی**، **مامە عەبە**، **خاڵە قادر**،...**هتد**. **زۆرجار** ناسناوە کەسییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبێتە نازناوی بنەماڵە و تیرە و خێڵ یان بە پێچەوانەوە لە کار و پیشەی تاکە کەسێکەوە بۆ نەوەکانی بڵاو دەبێتەوە (فەرەج، ٢٠٠٠:١٠).

ناسناو وەك نیشانەیەکی کەسیی پراگماتیکی خۆی دەنوێنێت و چەند جۆرێکی هەیە، وەك:

**أ- ناسناوی ئایینی:**

ئەم ناسناوە ئاینیانە بەزۆری لە پێش ناوەوە وەك ڕێزێك بۆ بەرامبەر بەکاردێن: **مەلا کەریم**، **حاجی بەکر**، **سۆفی ڕەشید**، **سەید ئەحمەد**، **فەقێ ڕەحیم**، **خەلیفە دارا**، **دەروێش سەعید**،...هتد. هەندێکجار لە دوای ناوەکەوە بەکاردێن، کە پتر پیشەی کەسەکە دەردەخات. وەك: **محەمەد پێغەمبەر**، **ڕەشاد موفتی**، **عەبەی مەلا**، **نەجمەدین مەلا**،...هتد.

**ب- ناسناوی کۆمەڵایەتی:**

ئەم ناسناوانە هەمیشە دەکەونە پێش ناوی تایبەتییەوە و واتا و مەبەستی ڕێزلێنان دەگەیەنن. لە زمانی کوردیدا ئەم پێشناو و پاشناوانە ((**خاتوو**، **خان**، **خوشکە**،...**هتد**. جگەلە دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستی پلە و ئاستی کۆمەڵایەتیش پیشاندەدات)) (دزەیی، ٢٠١١:١١٤).

بۆ نموونە: "**خاتوو**" ڕێژەکەی پترە و بۆ چینە بەرزەکان بەکاردێت، کەچی"**خوشکە**" ڕێزێکی

---

[٢٧]) لە زمانی ئینگلیزیدا **هۆنریفیکس**(Honorifics) زاراوەیەکە بەواتای شەرەفمەندانە، کە بۆ پیشاندان و دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی لە ئاخاوتندا بۆ بەرامبەر و قسە لەبارەوە کراوە (ناوخۆش، ٢٠١٠:٦٧). کریستاڵیش، دەڵێت: ((زاراوەیەکە لە شیکردنەوەی ڕێزمانیی هەندێك زماندا بەکاردێت و پەسنی ئەو جیاوازییە مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازییانە دەکات، کە بۆ دەربڕینی پلەکانی ڕێزگرتن بە ڕەچاوکردنی پلەی کۆمەڵایەتی بەشداربووان بەکاردێن)) (Crystal, 2003:221).

[٢٨]) هەندێك ئەمانە بە"وشە یان پێشگر و پاشگر"ناودەبەن. بڕوانە: (ناوخۆش و خۆشناو،٢٠٠٩:٨٥).

ئاسایی دەگەیەنێت، بۆ نموونە: - **خاتوو هێرۆ، خانمی یەکەمی عێراقە.** "ڕێز زۆرە"
- **خوشکێ، ئەمە ماڵی ئەحمەدە.** "ڕێز ئاساییە"

**ج- ناسناوی ڕامیاری و دەسەڵاتدار:**

ناسناوی ڕامیاری هەمیشە دەکەونە پێش ناوی تایبەتییەوە و واتا و مەبەستی ڕێزلێنان دەگەیەنن، وەك: **هەڤاڵ مام جەلال، کاك مەسعود، هاوڕێ سەرچنار**،...هتد. هەروەها بەکارهێنانی ناسناوی دەسەڵاتیش لەپاڵ کەسەکاندا، جگەلە ڕێزگرتن دەسەڵاتیش پیشاندەدات (عەلی و قادر، ٢٠٠٦: ٥٨)، وەك: **شامحەمەد، میر بەدرخان، مەلیك مەحمود، سەرۆك بارزانی، جەنابی پارێزگار، سوڵتان سەلیم، کوێخا ئیسماعیل، شێخ عەلی، ئاغاجوامێر**،...هتد. - **مەلیك مەحمود سەرۆکی یەکەم حکومەتی کوردە.**
- **جەنابی پارێزگار لێپرسراوی یەکەمی ئەم شارەیە.**

ناسناوی دەسەڵات هەندێکجار لە دوای ناوەکەوە بەکاردێن، کە لێرەدا پتر پیشەی کەسەکە دەردەخات، وەك: **سامی پەرلەمانتار، شوان ئاغا، سلێمان پاشا، حەسەن بەگ**،...هتد.

**د- ناسناوی پیشەیی:**

ئەم ناسناوانەش بە زۆری جگە لە دەرخستنی پیشە، هەندێکجار بۆ دەربڕینی ڕێز و ئاستی کەسەکەن، بەتایبەتی کە لە پێش ناوەکەوە بێن، وەك: **قازی محەمەد، حاکم سەروەر، دکتۆر کەمال، مامۆستا ئاکۆ، وەستا کەمال**،..هتد. بەڵام ئەگەر لە دوای ناوەکەوە بێت پتر پیشەی کەسەکە دەردەخات، وەك: **جەلالی ئەندازیار، بەکری پارێزەر، کەریمی نانەوا، کاوەی ئاسنگەر، حەمەی توونچی، ڕەشە قوربانی**،...**هتد.**

**ه- ناسناوی سەربازی:**

ئەم ناسناوانە لە بواری سەربازیدا بەکاردێن، جا ئەمانە هەرچەندە پلەوپایەی سەربازین، بەڵام دەکرێت بوترێت، کە خودی ئەو وشە و ناسناوانەش کاتێك لەگەڵ ناوێکدا بەکاردێن ڕێزگرتن بێننە ئاراوە، وەك: **عەریف حەمەتاڵ، موفەوەز کەمال، مولازم سدیق، نەقیب عەبدوڵڵا، عەقید ئەنوەر، موقەددەم سالار، عەمید عەزیز، لیوا جەمال، جەنەڕاڵ مستەفا**،...**هتد**، بەڵام جاری واش هەیە تەنیا پلەوپایەکی سەربازییە و ڕێزی تێدا نییە، بۆ نموونە لە مێژووی کورد دا، هەندێکجار ئەم پلە سەربازیانە نیشانەی ستەم و زۆردارییە، وەك: **مولازم موحسین، زەعیم سدیق.**

**٣-٢-٢-٤-٣ ناسناوی نەرێنی/ ناو و ناتۆرە:**

مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو کردەوانەی لە کۆمەڵدا دەیانکات یان سیفەتی مرۆڤەکە و کەموکوڕیی کەسەکە لە ڕووی جەستەییەوە چەندان ئاوەڵناو وەك ناتۆرە دەخرێتە پاڵی، وەك:"**دەبەنگ، حۆل، گێژ، شێت، دووزمان، کەڕ، کەر، شەل، کوێر، خێل**"یان هەندێکجار ڕەنگ و شێوەی کەسەکە، وەك:

**بۆر، سوور، ڕەش، لووت، درێژ،...هتد بۆ نموونە: عەلە لوتماسی، سالە درێژ، ئەحەڕەش. یاخود زۆرجار بۆ دەربڕینی ڕق‌وکینە، وەك: عەلی کیمیاویی،...هتد یان ئەو نازناوانەی بۆ سێکس و جوێن و تانەوتەشەر، وەك: حیز، قەحبە،...هتد بەکاردێن. بە گشتی ناووناتۆرە لە ڕوانگەی دەروونییەوە بارێکی نەخوزراو بۆ بەرامبەر دروستدەکات، چونکە لێکەمکردنەوە و سووکایەتیپێکردنی تێدایە و ناپەسەندە، ئەمەش دەبێتە هۆی بارگرژی و تێکدانی پێوەندییەکان، چونکە ناووناتۆرە پتر بۆ دەربڕین و پیشاندانی بێڕێزییە. بێگومان ((ناتۆرەش دەبێتە نیشانەیەکی پراگماتیکی و بەبێ چوارچێوەی وتن، ئەو تەمومژەی بە دەوری وتنەکەوەیە بە گشتی و ناتۆرەکەوەیە بە تایبەتی دەمێنێتەوە و لاناچێت)) (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٢).**

**٣-٢-٢-٥ بەکارهێنانی پەسندەرەکان (Descriptors):**

**مەبەست ئەوەیە هەندێکجار بۆ بانگکردن سوود لە خەسڵەتەکانی بانگکراو وەردەگیررێت، جا ئەو خەسڵەتانە ئەرێنی بن، وەك: براکەم، گەورەم، چاوەکەم، گوڵەکەم، ئازیزکەم، گیانەکەم[٢٩]، ڕۆحەکەم، چاوجوان، قوربان، ئاغا،...هتد. یاخود خەسڵەتی نەرێنی بن، وەك: شەل، کوێر، درێژ، خڕ، ڕەق، گەڕ، قەلاو،...هتد. بێگومان ئەم ئاوەڵناوانە لە جیاتی ناوی بانگکراو بەکاردێن، هاوکات کەمکردنەوەی نرخی ئەو کەسانەش دەگەێنێت.**

**لە زمانی کوردیدا هەندێك وشە و دەستەواژە هەن، کە ڕێزی بەرامبەر–گوێگر/خوێنەر– و نزمکردنەوەی خود–قسەکەر/نووسەر–دەگەێنێت، واتە کەمکردنەوەی هاوسەنگییە بە مەستی دەربڕینی ڕێز بۆ ئەوانیتر،وەك: گەورەم، قوربان، بەندەتان، بچووکتان، دڵسۆزتان، براتان. ئەم وشانە ((واتای لێکسیکی خۆیان وندەکەن و دەپەڕنەوە بۆ گشتێتی و پێکهاتەیەکی ئەبستراکی، ئەو وشانە لەوە دەکەون، کە واتای نیشانە یان شت بگەیەنن. ئەم وشانە وەك هاوکێشەیەکی ڕێزگرتن بە توندی بە ئەرکی زمان لە کۆمەڵدا، بەستراونەتەوە)) (ئووزینا، ١٩٧٥: ٩١).**

**بێگومان لە زمانی کوردیدا کاتێك ژنێك لە جیاتی ئەوەی بڵێت: "تۆ" بە"پیاوەکە" بانگی بکات یاخود پیاوێك لە جیاتی ئەوەی بڵێت: "تۆ" بە"ژنەکە" بانگی بکات، ئەوا لەم بارەدا هەریەك لەم وشانە لە جیاتی ناوی کەسەکە بۆ دەربڕین و دەرخستنی سۆز و خۆشەویستی بۆ یەکتر بەکاردێت.**

---

[٢٩]) وشەی گیان یەکێکە لە وشە چالاکەکانی زمانی کوردی، جگە لەو وشانەی، کە لێی سازبوون، بەشێوەیەکی یەکجار فراوان بەمەبەستی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی دەخرێتە پێش ناو یان دووای ناو، وەك: گیانە، گیانەکەم، دایەگیان، ڕۆڵەگیان، براگیان،...هتد (سدیق، ٢٠١١: ١٦٢).

### ٣-٢-٣ تابوو-Taboo[٣٠]:

لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا لێکدانەوەی ئەو کەرەستە و دەربڕینە زمانیانەی واتای نەشیاویان هەیە یاخود لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووی وتنیان نییە، پێیاندەوترێت تابوو، ((ڕێگەیەکە بەهۆی کۆمەڵەوە ناڕازیبوونی خۆی لە بەرامبەر هەندێك جۆری ڕەفتار دەردەبڕرێت، کە بڕوا وایە زیان بە ئەندامانی کۆمەڵ دەگەیێنن، جا بە هۆی ئەوەوە بێت، کە بابەتێکی ناسروشتی بێت یان لەبەرئەوەی ڕەفتارەکە لەگەڵ ڕێسا ئاکارییەکان پێچەوانە بێت)) (Wardhaugh, 1990:230).واتە هەندێك وشە لەبەر ئەو واتا خراپەی، کە لە بەکارهێنانی زماندا هەیەتی قەدەغە دەکات.

دیارە ئەو وشە جوانانەش، کە ((مەبەستی خراپ یاخود ترسێنەریان تێدا نییە و گۆڕینیان بە وشەی تابوو(اللامساس)، بەجۆرێك لە جۆرەکانی جوانبێژی دادەنرێت. جوانبێژی، وەك هۆکارێکی قایلکەری لێهاتووە بۆ جوانکردنی زمان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکەی)) (أولمان، ٢٠٦:١٩٧٤). خودی تابوو ئەو شتەیە، کە بە پێودانگە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەستە و بە ڕاستەوخۆیی ناوترێن یان وتنیان قەدەغەیە، ئەمەش لە کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕرێت. بەکارهێنانی ئەو وشانەش لە جیاتی وشە تابووەکان لە زماندا بۆ خۆی جۆرێکە لە ڕێزگرتن و بە کردەوە ڕێزگرتن پیشاندەدات. کۆمەڵی کوردەواریش وەك هەر کۆمەڵێکی تر[٣١] دەبێت لە ئاخاوتندا ئاگاداری ئەو وشانەبێت، کە تابوون، بۆئەوەی تووشی بێشەرمی و بێڕێزی نەبێت، ئەگەر بەناچاریش ناویان هێنرا، ئەوا دەبێت ڕەچاوی یاسای تابوو بکات، بە بەکارهێنانی ئەم دەربڕینانە، وەك: **حاشاحازری، دوور لە ڕووتان، عەیب نەبێت، شەرع شەرمی نییە، ئێوەش وەك خوشکمن/ برامن، پەرژینێکی قایم بێت، بیلامانا** ،...هتد. بە پێچەوانەوە کۆمەڵ ئەو تاکانە بە یاخی و بێڕێز دادەنێت و ناووناتۆرەیان لێدەنێت و سەرزەنشتیان دەکات، چونکە نەشیاویی ڕەفتاری تاکەکان، خەڵکانی تر تووشی ناڕەحەتی و ئازار دەکات. دیارە ((لە هەموو کۆمەڵێکدا هەندێك تاك هەن، کە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئایین و دابونەریت و پڕ بە پێستی بەها کۆمەڵایەتییەکان ناجوڵێنەوە)) (موحسین، ٢٠٠٨: ١١٦)).

---

[٣٠]) بۆ یەکەمجار **جیمس کوك** و **ئەندرسۆن** لە ساڵی(١٧٧٧)وشەی"تابوو"یان بۆ پەسنکردنی چەند ڕەفتارێك بەرامبەر چەند شتێك بەکارهێنا، کە نەدەبوو بکرێت یان ببینرێت، یاخود دەستی لێبدرێت. شایانی باسە سەرهەڵدانی تابوو بۆ ڕێگرتنێکی کۆمەڵایەتی لە بەردەم هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تاکەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك خەڵکانی تر توشی ناڕەحەتی و زیان و ئازار دەکات.(فەرەج، ٢٠١١: ٥٤–٥٨). هەروەها بۆ زانیاریی پتر لە بارەی زاراوەی تابوو لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردیدا، بڕوانە: (ئەمین، ٢٠١٢ :١٧–٢٣).

[٣١]) لە قەدەغەکردنی چەندان وشە و دەربڕینی پەیوەست بە چەند بابەتێکی دیاریکراوەوە زۆربەی کۆمەڵەکان هاوبەشن (السعران، ٧٧:١٩٥٨).

**ئەگەر لە وشە قەدەغە و زبرەکانی زمانی کوردی وردببینەوە، کە پەیوەست بە بارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەتوانرێت چەند جۆرێکی سەرەکی تابووی زمانی دیاری بکەین، لەوانە: ئاینیی، نەخۆشی و مردن، سێکسیی، سەربازی، شوێن و کات.[٣٢] واتە تابوو بەکارهێنانی هەر دەربڕراوێکی زمانییە لە لایەن قسەکەرەوە، کە جۆرە بێڕێزییەکی بەرامبەر بە گوێگر لە ڕووی کات و شوێن و تەندروستی و پاكوخاوێنی و دەروونییەوە تێدایە، بۆ نموونە زۆرجار ترس و تۆقاندن بوەتە هۆی دەرنەبڕینی ئەو دەربڕراوانەی بە نەخۆشی و مردنەوە پەیوەستن. لە زمانی کوردیدا وتنی"شێرپەنجە" تابووە، بەڵام بڵێی "دەردە پیسەکە" جوانبێژییە، بۆیە ((هەمیشە لەو کاتانەی، کە ناچار دەبین هەواڵی ناخۆش بدەینە کەسانی دیکە بە تایبەتی هەواڵی نەخۆشی و مردن، پەنا دەبەینە بەر دەربڕینە ناسکەکان و ئاماژە جوانەکان و سووڕانەوە بە دەوری مەبەستدا. هەروەها لەو کاتانەی، کە هەوڵدەدەین زمانی ڕەخنەییمان بریندارکەر نەبێت و ئاسان و پەسەندکراو بێت هەر ئەو ڕێگەیەش دەگرینەبەر)) (أولمان، ٢٠٦:١٩٧٤). مەبەستمانە ڕێز لە خودی کەسەکە بگرین و گرنگی بەو بارودۆخانە بدەین، کە کەسەکەی تێکەوتووە، بۆنموونە: لە بوواری سەربازیدا بڵێیت: سوپاکە شکا/ ڕایانکرد. تابووە، بۆیە دەبێت جوانبێژییەکەی بوترێت: سوپاکە پاشەکشەی کرد. یان لەکاتی گەیاندنی هەواڵی مردنی کەسێك بە کەسێکی نزیکی کۆچکردووەکە، یاخود ئەو دەربڕراوە زمانییانەی، کە ڕاستەوخۆ باس لە ئەندامەکانی زاوزێی مرۆڤ و ئاژەڵ دەکەن. لە کوردەواریدا بە گشتی مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی لە دەربڕینە تابووەکان بە دووربگرێت دەبێت هەموو ئەو ناو و کارانەی، کە پێوەندییان بە ئەندام وکردە سێکسییەکانەوە هەیە دەبێت جوانبێژی بەکاربهێنێت. هەرئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی جوانبێژی بووە.**

### ٣-٢-٤ جوانبێژی-Euphemism[٣٣]:

**جوانبێژی شێوازێکی گونجاوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی نەرێنی لای گوێگر، ئەویش بە هۆی بەکارهێنانی ئەو وشە و دەربڕینانەی، کە بە ڕاستەوخۆ ناوترێن، واتە بەکارهێنانی وشە یان گرێیەکەیە بۆ ئەو دەربڕینانەی بە لای کۆمەڵەوە پەسەندتر و جوانتر و بەڕێزانەترە، بەبێ**

---

[٣٢]) هەروەها بڕوانە: (فەرەج، ٧١:٢٠١١).

[٣٣]) یوفیمیزم دەربڕینێکی بەڕێزانەیە لەجیاتی قسەیەك، کە جێی شەرمە. واتە((بەکارهێنانی وشەیەك یان دەستەواژەیەك لە بری وشەیەك، کە دەربڕیین و بەکارهێنانی جوان یان شییاو نییە، وەك: پیساییکردن=گووکردن))(مەحویی، ٢٠٥:٢٠٠١) لەسەرچاوە عەرەبییەکاندا زاراوە و دەربڕینی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە، لەوانە: کەمال بوشر زاراوەی "حسن التعبير" و ئیبن فارس زاراوەی "التلطُّف"یان بەکارهێناوە، واتە ((گۆڕینی وشەیەکی ڕەق و توندە بە وشەیەکی کەمتر ڕەق و پتر پەسەندکراو)) (عمر، ٢٤٠:١٩٩٨). لە لێکۆڵینەوە ڕۆژئاواییە نوێیەکاندا بە زاراوەی یۆنانی(Euphemism) ناسراوە، کە "eu–واتە باش/جوان" و "phemism واتە ئاخاوتن"، کە ئاخاوتنی باش/جوان دەگرێتەوە (أولمان، ٢٠٦:١٩٧٤).

ئەوەی کاربکاتە سەر گۆڕینی واتا. دەکرێت بوترێت جوانبێژی ((ئەو کەرەستەیێن ب تۆرە و رێز و پەسەندێن زمانینە ئەوێن بۆ مەرەما ڕێزگرتنێ و کێمکرن و سڤککرنا کاریگەرییا نیگەتیڤانە ل سەر گوهداری، ژلایێ ئاخڤتنکەریڤە ل جهێ کەرەستەیێن تابۆ دهێنە بکارهینان)) (ئەمین، ٢٠١٢: ٢٥). بەمشێوەیە جوانبێژی ((شوێنگرەوەیەکە بۆ ناوهێنان و باسکردنی ئەو شتانەی، تابوون بە شێوازێکی شیاو لە لایەن کۆمەڵ و خەڵکەوە))(فەرەج، ٢٠١١: ٦٠). بێگومان ڕەچاوکردنی جوانبێژی بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، کە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر یان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر جیاوازە.

لە زمانی کوردیشدا[٣٤] بەمەبەستی ڕێزگرتن و نەرمونیانی دەربڕین هانی قسەکەر دەدرێت لە ئاخاوتندا جوانبێژی بەکاربهێنن، بۆنموونە لە جیاتی ئەم دەربڕینانە"**کەڕ**، **کوێر**، **شێت**، **درۆ دەکات**، ئەم دەربڕاوانە"**گوێ گران**، **نابینا**، **تەواو نییە**، **ڕاست ناکات** بەکاردێت یاخود ئەو وشانەی پێوەندی بە ئەندام و کردە سێکسییەکانەوە هەیە بەشێوەیەکی ئاشکرا باس ناکرێت، بەڵکو بە شەرم و شکۆ و ڕێزەوە ناویدەهێنن و زۆرجاریش بە هێما باسی لێوە دەکەن. دیارە جوانبێژی زۆربەی لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، تەنانەت بواری ڕامیاریش، بۆ نموونە:

- **پرۆسەی داگیرکردنی عێراق.** "تابووە"
- **پرۆسەی ئازادی عێراق.** "جوانبێژییە"

**ئۆڵمان** (١٩٧٤: ٢٠٦) پێیوایە: پاڵنەرەکانی جوانبێژی پتر دەروونییە و((قسەکەر پشت بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە دەبەستێت لەگەڵ هەر شتێك، کە پیرۆز یان مەترسیدار یان ئەوانەی ترس و تۆقاندن دروستدەکەن، هەروەکو چۆن لەسەر بەکارهێنانی شتە ئابڕووبەرەکان یان ئەو شتانەی لە ڕووی دەروونییەوە ڕێگا پێدراو نین جێبەجێدەبێت)). جوانبێژی دیاردەیەکی زمانییە و بەهۆیەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پتەو دەبێت، هەروەها شکۆیی و ڕێزگرتن لە دەربڕینەکاندا دێنێتە ئاراوە، بۆیە((دەبینین لە پاڵ خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنانی تابووەکاندا، ناسکی و نەرمونیانی لەگەڵ نیشاندانی ڕێزدا دوو فاکتەری کۆمەڵایەتین بۆ بەکارهێنانی جوانبێژی)) (فەرەج، ٢٠١١: ٦٠). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە جوانبێژی وەکو دیاردەیەکی زمانی لە ئاخاوتندا پێویستییەکی گرنگی بواری ڕێزگرتنە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، ئەگینا ڕێزگرتن لە زماندا کەمدەبێتەوە.

[٣٤]) زمانی لاتنیی بە ئاشکرا باسی ئەندام و کردە شەرمنەکانی(العورات)لەشی مرۆڤ دەکەن، بەڵام زمانی عەرەبی لە دووای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە لە قسەکردنیدا پەنا بۆ جوانبێژی دەبات، لەپێناو گوزارشتکردن لەو شتانەش شێوازێکی جوان و تایبەت بەکاردەهێنێت، وەکو خوازە و خواستن)) (وافی، ١٩٧١: ١٨).

### ٣-٣ هەندێك لە هۆكار و بووارەكانی هێنانە ئارای ڕێزگرتن:

دیارە بەكارهێنانی هێز و ئاوازە و كاریگەری ڕەگەز و تەمەن و پیشە و بۆنە و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان و چەندان بوار و هۆكاری تر لە زمانی كوردیدا ڕۆڵی گرنگیان لە بوواری ڕێزگرتندا هەیە.

### ٣-٣-١ هێز و ئاوازە:

یەكێك لە هۆكارەكان بۆ پیشاندان و نواندنی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتنی بەرامبەر لە ئاستی دەنگدایە،[٣٥] كە هێواشی و توندیی لەرینەوەی دەنگەژێیەكانە، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبكەین((سێ جۆرە ڕەوت(Pitch) لە زماندا دەستنیشانكراون"هێز، ئاوازە، تۆن"، هێز و ئاوازە گشتین و لە هەموو زمانێكدا هەن، بەڵام تۆن تایبەتییە و لە بەشێك لە زمانەكانی جیهاندا بەرچاو دەكەون)) (ئەمین، ٢٠٠٩:٢٨٤). دیارە هێز و ئاوازە فۆنیمی ناكەرتین و ((سیماكانی كەرەستە ناكەرتییەكان دەتوانن هەڵوێست و هەست و سۆزی قسەكەر ئاشكرا بكەن بەجۆرێك، كە هەرگیز بەو زانیاریانەی پشت بە یەكەدەنگییەكان دەبەستن ئەنجام نادرێت)) (موسا، ٢٠٠٩:٢٧). واتە هێز و ئاوازە و خێرایی قسەكردن وەك كەرەستەیەكی ناكەرتی هۆكارێكن بۆ هەڵگری واتای كاریگەر و گەیاندنی واتای جیاواز. بۆیە ((لایەنی دەنگ ڕۆڵی گرنگی لە گۆڕینی واتادا هەیە)) (عمر،١٩٩٨:١٣). یەكێكە لەو هۆكارانەش، كە كاریگەریی لەسەر پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و بەردەوامبوونی ئاخاوتن و پێگە و باری دەروونی قسەكەر و گوێگر هەیە.

#### ٣-٣-١-١ هێز-Stress:

بریتییە لە هێز خستنەسەر دەنگێك یان بڕگەیەك لە پێناو دەرخستنێكی پتردا لەناو وشە و و دەربڕراوەكاندا،واتە بریتییە لە((زیادە وزەیێكی دەنگی لە پڕ لەسەر یەكێك لە بڕگەكانی وشە سەرهەڵدەدات)) (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٤).[٣٦] هەرچەندە لە زماندا هیچ وێنەیەكی تایبەتی بۆ دانەنراوە، بەڵام وەك كەرەستەیەكی ناكەرتی ڕۆڵی گرنگی هەیە و دەكەوێتە سەر بڕگە و ئەركی فۆنیم دەبینێت، ((هەندێك لەبەر گرنگی هێز لە ڕۆنانی وشەدا بە فۆنیمی دووەمی(Secondry)

---

[٣٥]) لە ئاستی دەنگسازیدا كەرەستە دەنگییەكان دوو جۆری سەرەكین:

أ-فۆنیمە سەرەكییەكان/كەرەستەی كەرتی(Segmental) ئەو ڕیزە دەنگانەن، كە كەرت دەكرێن و دەبنە فۆنیمەكان.

ب-فۆنیمە لاوەكییەكان/كەرەستەی ناكەرتی(Suprasegmental) ئەو دەنگانەن، كە لە ڕەوتی ئاخاوتنی قسەی نەپچڕاو دا دێنە ئاراوە، لە هەر زمانێكدا سیمای جیاواز بەسەر قسەكاندا دەسەپێنن، بەڵام لە هیچ قسەیەكدا نابنە ڕەگەزێك لە ڕۆنانی ئەو ئاخاوتنانە یان كەرتێك لە پێكهاتەی ئەو وشانە. بڕوانە: (بشر، ٢٠٠٠:٤٩٧)و(موسا، ٢٠٠٩:١١). واتە دەنگەكان دەتوانن ڕێزگرتن پیشانبدەن، هاوكات گاڵتەپێكردن و بێڕێزیش پیشانبدەن. بڕوانە: (السعران، ١٩٥٨:٣٢)

[٣٦]) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (ئەمین، ٢٠٠٩:٥٣) و (وەیس، ١٩٨٤:٨٤) و (بشر، ٢٠٠٠: ٥١٢-٥١٣).

دادەنێن)) (بشر، ٢٠٠٠:٥٠٤). بەمشێوەیە هەموو وشەیەك هێزی خۆی هەیە و بە گۆڕینی ئەو هێزە لە بڕگەیەکەوە بۆ بڕگەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشەیە یاخود ناپەسەند– بوونی دركاندنی وشەكە، بۆ نموونە: لە وشەی"برا'یەتی، كە'رە"دا ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەكەم بێت، ئەوە بە واتای"برای ئەو، بێ ئاقڵ"دێن، خۆ ئەگەر لەسەر دووا بڕگە بێت، ئەوا واتای ناوی واتایی "برایەتی'، خواردنی كەرە'" دەگەیەنێت، هەرچەندە جاری وا هەیە واتا ناگۆڕێت، جا هێزەكە لەسەر هەر بڕگەیەكی وشەكە بێت، یەكەم بێت یان كۆتایی، وەك: دارا، پەردە،...هتد.

ئەم سوپراسەگمێنت مۆرفێمانە چ هێز و چ ئاوازە گرنگن، بەهۆیەوە قسەكەر دەتوانێت پتر جەخت لەو مۆرفێمە یان وشەیەی دەیەوێت بكات، بەمەش ڕێز و بێڕێزی خۆمان بۆ بەرامبەر نیشانبدەین، بۆ نموونە لەو وشانەی هێز دەخەینە سەر بڕگەی یەكەم، ڕێزی كەمی تێدایە و بە تەوسەوە وا دەوترێت و شتێكی نائاساییە، وەك: جە'ناب، بە'ڕێز.

بە گشتی دەنگبەرزكردنەوە بە بارێكی ئاسایی و بەڕێزانە دانانرێت، بۆیە ئەگەر خودی ڕستە یان دەربڕراوەكەش هیچ بێڕێزییەكی لێنەخوێنرێتەوە، ئەوا دەشێت ئاوازەی قسەكردنەكە ئەمە پێچەوانە بكاتەوە. بۆیە پێویستە ڕەچاوی پایەی كەسی بەرامبەر بكرێت، بەڵام ئەو وشانەی هێز لەسەر بڕگەی كۆتایین، واتای ئاساییان هەیە و ڕێزیان تێدایە، وەك: جەنا'ب، بەڕێ' ز.

### ٣-٣-١-٢ ئاوازە –Intonation:

ئاوازە یەكێك لەو كەرەسە ناكەرتییانەیە، كە لە دیاردەی ڕێزگرتنی زمانیدا ڕۆڵی گرنگی هەیە و بریتییە لەو هێزەی دەكەوێتە سەر وشەیەك لە ڕستەكەدا، ئاسایی دەكەوێتە سەر دوا وشەی ڕستەكە یان ئەو وشەیەی گرنگی پێدەدرێت، بەبێ دەستكاری كردنی وشە و بڕگە و فۆنیم و مۆرفێمەكان. بێگومان لە زمانی كوردیدا بەرزی و نزمی یاخود هێواشی و توندی و گۆڕینی لەرینەوەی دەنگەژێیەكان دەبنە هۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستە بۆ گەیاندنی واتا و مەبەستی جودا.[٣٧] بۆنموونە ((ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێكان لەسەرتاپای ڕستەكەدا هەمان شت بوو...ڕستەكە واتای"خەبەری"دەگەێنێت، ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێكان لەسەر هەریەك لەم وشانە زیادبكرێت، ئەوا دەبێتە وەڵامی پرسیاركردن لەو وشەیە)) (ئەمین، ٢٠٠٩:٢٨٩).

لە كوردەواریشدا وەك زۆر زمانی تر لە كاتی قسەكردندا دەنگبەرزكردنەوە بەواتای چاوترساندنی بەرامبەر و خۆزاڵكردنی و بێنەزاكەتی و بێڕێزی دێت. هەروەكو لەمڕووەوە لیچ دەڵێت: ((هێز و ئاوازە و خێرایی قسەكردن هۆكارێكن بۆ هەڵگری واتای كاریگەر، بۆ نموونە ئەگەر هێزی بە مەبەست لە سەر هەر وشەیەك بێت، ئەوا بۆ ئەوەیە، كە وەرگر بۆچوونێك لەسەر قسەكەر وەربگرێت)) (دزەیی، ٢٠١٠:٩٣).

---

[٣٧]) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (وەیس، ١٩٨٤:٩٣) و (ئەمین، ٢٠٠٩:٥٣).

لە ڕاستیدا ئاوازە سەرباری واتای فەرهەنگی وشەکان هەڵگری چۆنێتی واتا و مەبەستە، تەنانەت مەبەستی شارراوە و باری دەروونی قسەکەریش بە هۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێت و ئاشکرا دەبێت، وەك گاڵتەپێکردن و ڕازیبوون و ناڕەزایبوون، شادی و ناخۆشی و دوودڵی و بێزاری و...هتد. واتە هەر ڕستەیەك بەپێی ئاوازەکەی دەیان واتاو مەبەستی جودا دەبەخشێت، بۆ نموونە: — ئەو پیاوە بەڕێزە. — ئەو پیاوە بەڕێزە!

— ئەو پیاوە بەڕێزە؟

بە گۆڕرانی ئاوازەی ڕستەکە ((جۆر و حاڵەتی قسەکەری تێدا دەردەکەوێت وەکو توڕەیی و نەرمی و سەرسوڕمان، لەلایەکی ترەوە بە گۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکەش دەگۆڕرێت، وەکو پرسیار، حاڵەت، ئەمر)) (وەیس، ٩٣:١٩٨٤). دیارە زیادکردنی خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر کرداری ڕستەی فەرمان و ئاوازەی کۆتایی ڕستە دەبێتە هۆی کەمترین سوودمەندبوونی ڕوومەندی ی گوێگر یان جێبەجێنەکردنی ئەو کارە، یان هەر ((ڕستەیەك داواکاری بێت، ئەگەر هێزەکە لە سەرەتاش بێت، ئەوا دەبێتە فەرماندان، کە ڕێزی تێدا نییە)) (دزەیی، ١٢٨:٢٠٠٩). هەر بەو شێوەیە جەختکردن و دانانی ئاوازە لەسەر بکەر یان بەرکار دەبێتە هۆی زۆر لەسەرکەوتنی گوێگر، بۆ نموونە: **ئەرین بچۆ' بۆ ماڵی نەنکت.**

ئاوازە لە زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاست-دا(Fattah,1997:49)ژمارەیەك ئەرك دەبینێت، لەوانە:
یەکەم/ پێکهاتەی ناوەرۆکی زانیارییەکانی ڕستە دیاریدەکات، ئەو زانیارییە-نویَ-یانە جیا دەکاتەوە، کە دەکرێت پێشوەخت پێشبینی بکرێن. واتە ڕۆڵی جەختکردن دەبینێت.
دووەم/ لە جیاکردنەوەی جۆرەکانی ڕستەدا ڕۆڵی هەیە، بەواتایەکی تر جۆری کردە قسەییەکان دیاریدەکات و دەریدەخات، کە ئایا ڕستەکە هەواڵییە؟ یان پرسیارییە؟ یان فەرماندانە؟...هتد.
سێیەم/ ئاماژە بە باری هەست و سۆزی قسەکەر دەکات.

### ٣-٣-١-٣ تۆن- Tone:

لە هەندێك زماندا بەرز و نزمی ئاوازی دەنگەکان لە سنووری وشەدا دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشە، تۆنیش ((گۆڕینی ئاوازەی تاکە وشەیەك دەگرێتەوە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی ئەو وشەیە)) (وەیس، ٩٣:١٩٨٤)، بەڵام بە مەرجێك وشەکە یەك بڕگەیی بێت. لە هەندێك زمانی تایبەت و دیاریکراوی وەك"چینی، تایلەندی، بورمی، نیوپی، توی"دا هەیە. هەندێکی تر پێیانوایە: ((ئاوازی بڕگە یان وشەیە. لە هەندێك زماندا بە گۆڕینی ئاوازی بڕگە یان وشە واتای وشەکە دەگۆڕرێت)) (ئەمین، ٥٣:٢٠٠٩). واتە هەر ئەو ڕیزە دەنگەن، بەڵام بە پێی تۆنەکەی چەندان واتای جیاوازی دەبێت. تۆن لە بوواری ڕێزگرتندا جگە لەو چەند زمانەی باسکران، لە زمانانی تردا هیچ ڕۆڵ و بایەخێکی نییە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی لەوە پتر بیخەینەڕوو.

### ٣-٣-٢ پێشكەشكردن - Offer :

پێشكەشكردن یەكێكە لەو دیاردە زمانییانەی بە ڕێزگرتنی زمانییەوە پەیوەستە و بە پێی كەلتوور دەگۆڕرێت،چونكە لای هەندێك نەتەوە یەكجار شتێك بۆ بەرامبەر پێشكەشدەكەن، بەڵام هەندێكی تر پێیانوایە ئەگەر پێشكەشكردنەكە یەكجار بێت، ئەوە بێڕێزییە، بۆیە دەبێت دوو جار یان پتر بێت، ئینجا بەڕێزانەیە، بۆنموونە لە زۆرباردا لە كۆمەڵی ئەمەریكی و ئینگلیزیدا یەكجار شتێك پێشكەشدەكەن و دووبارەكردنەوەی وەكو بارگرانییەك بۆ سەر گوێگر و ئازادی هەڵبژاردنی ئەو سەیر دەكرێت، بۆیە زۆر ئاساییە لە جاری یەكەمدا پێشكەشكردنێك پەسەند بكەیت، ڕەتكردنەوەی یەكەم پێشكەشكردن بەهەند دەگیرێت، ڕەنگە پێشكەشكردنی دووەم و سێیەم هەر ڕوونەدەن، بەڵام لە یۆنان و زۆربەی بەشەكانی تری جیهانیشدا شتێكی جوان نییە، كاتێك خواردن و خواردنەوەیەك پێشكەشدەكرێت، یەكەمجار پەسەندی بكەیت. تەنانەت هەندێكجار دووەم پێشكەشكردنیش ڕەتدەكرێتەوە. تەنیا لە كاتی پێشكەشكردنی سێیەمدا گونجاوە پەسەند بكرێت (Tannen, 2006:352).

لە ڕاستیدا كوردەواریش هاوشێوەی كۆمەڵی ئێرانی و یۆنانییە، بەوەی پەسەندكردن و ڕەتكردنەوەكان دووای چەند جارێك و بە شێوازی جیاواز لە كۆمەڵی ئەمەریكی و ئینگلیزی ئەنجامدەدرێن، چونكە ئەگەر بێت و پێشكەشكردنەكە یەكجاربێت و دووبارە نەكرێتەوە، ئەوا ئەو ڕەفتارە زمانییە بە شتێكی بێڕێزانە و نەگونجاوی دادەنێن و پێیانوایە: قسەكەر لە پێشكەشكردنەكەیدا گەرموگوڕ نەبووە، بەڵام ڕەتكردنەوەكان بەخێرایی ئەنجامدەدرێن، بۆیە خەڵكی ئێران لە زۆر باردا دووای كۆمەڵێك ڕەتكردنەوە، ئینجا ئەو شتە، كە پێشكەشیانكراوە پەسەندی دەكەن. كەواتە هەندێكجار لە ڕێگەی چەندجارەی پێشكەشكردنەوە، ڕادەی ڕێز لە بەرامبەر گرتن دەردەكەوێت، كە ئەمەش لە نێوان ناسراو و دۆستو بێگانەدا جیاوازی بەخۆوە دەبینێت. ((لە پێوەندییەكی فەرمیدا لە ئێران ئەگەر بێت و كەسێك بەخێرایی شتێك، كە پێشكەشیكراوە پەسەندی بكات، كارەكەی بە كارێكی نەگونجاو تەماشا دەكرێت، كە ڕێزگرتنی تێدا نییە)) (Nikazm, 1998:3).

واتە دەكرێت بوترێت شێوازی پێشكەشكردنەكە و جەختكردن لێی لە ڕێزگرتنی زمانیدا ڕۆڵی گرنگیان هەن، هەرچەندە جەختكردن لە پێشكەشكردنەكەش بە پێی كەلتوورەكان جیاوازن، بەڵام ((بە شێوەیەكی ئاسایی ئەگەر جەختی زۆر لە پێشكەشكردنەكە بۆ بەرامبەر بكەیت، كارێكی بەڕێزانەترە)) (Leech, 1996:138)، لەمڕووەوە كەلتووری كوردەواری زۆر بە باشی جەخت لە پێشكەشكردنەكە دەكات: – دەفەرموو. – نابێت فەرموو.

– فەرموو فەرموو.

**٣-٣-٣ تەمەن:**

**تەمەنی مرۆڤ کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ زمانی ئاخاوتن هەیە و لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەندا زمانیش دەگۆڕڕێت، چونکە هەر تەمەنێك لەویتر جیاوازە و هەلومەرجی زمانیی خۆی هەیە. بۆیە هەر تاکێکی کۆمەڵ پێڕەوی ئەو یاسایانە نەکات، کە لە هەر تەمەنێکدا بەکاردێن، ئەوا تووشی لادان لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و ڕووبەڕووی سەرزەنشتی کۆمەڵ دەبێتەوە. مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا دەبێت بە گوێرەی تەمەنی خۆی قسە بکات، چونکە تەمەن هەروەك شێوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان لە لایەن بەشداربووانی ئاخاوتنەوە، کاریگەرییان لە هەڵبژاردنی دەربڕیینە زمانییەکاندا هەیە و((هۆکارێکە لە هۆکارەکانی تری دیاریکردنی شێوازەکانی ڕەفتار و وا چاوەڕواندەکرێت ئەو تاکانەی بە تەمەنن ڕێز و گەرموگوڕییان لە بەرامبەردا نیشانبدرێت، لە کاتێکدا ئەوانەی تەمەنیان کەمە هاندەدرێن و پەروەردە دەکرێن و گرنگییان پێدەدرێت، بۆ نموونە: ماچکردنی دەستی کەسێکی بەتەمەن و بەرزکردنەوەی بۆ سەر نێوچەوان ڕەفتارێکی بەڕێزانەیە و ڕێزگرتن نیشاندەدات)) (Bayraktaroğlu and Sifianou, 2001:45). واتە تەمەنی مرۆڤ زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوە و پێوەرە بۆ سەرجەم ئەو ڕەفتارە زمانییە شیاوانەی پێویستە لە ناو کۆمەڵەکەیدا بیکات و بنەمای کەسێتی مرۆڤە، بۆیە ئەگەر قسەکەر لە کاتی قسەکردندا ڕەچاوی تەمەن نەکات، ئەوا لە کۆمەڵدا تووشی گاڵتەپێکردن و پلار و توانجلێدان دەبێتەوە و بەبێڕێزی هەژماردەکرێت. لەبەرئەوە تەمەن کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە زمانی قسەکردندا هەیە. بێگومان زمانی کوردییش زۆر ڕەچاوی ئەمبارەی کردووە، ڕەفتارکردنی بەڕێزانە و گرنگیدان بە پیر و ڕێزی لەخۆ گەورە تر لای کورد بۆ پێشینانیان دەگەڕێتەوە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تریش دەگوێزرێتەوە.**

**بەمشێوەیە زمانی ئاخاوتن لەگەڵ تەمەندا لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە و بە پێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕڕێت. گەشە و جیاوازیی گەنجینەی وشەکان تەنیا لـە ژمارەی وشەکاندا نییە، بەڵکو لـە شێوازی قسەکردندایە، بێگومان هەموو تەمەنێك شێوازی قسەکردنی خۆی هەیە، کە ((لە گەورەوە بۆ بچووك یان لە بچووکەوە بۆ گەورە "باوك بۆ منداڵ و منداڵ بۆ باوك" دەگۆڕڕێت، ئەم گۆڕانەش بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەدا هەستی پێدەکرێت)) (فەتاح، ١٩٩٠:١٠٤)، بۆنموونە: لە گەورەوە بۆ بچووك: - ڕۆڵە، ئەو مۆبایلەم بۆ بهێنە.**

**لە بچووکەوە بۆ گەورە: - باوکە، پاسکیلم بۆ دەکڕیت؟**

**ئەگەر هاتوو تەمەن یاخود پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و پیشەیی لێك نزیك بێت، ئەوا دەتوانیت ناوی کەسەکان بڵێیت، خۆ ئەگەر ((تێکەڵییەکە کەم بێت و تەمەنەکان لێکدووربن، ئەوا دەبێت بۆ ڕێزگرتن شێوازێکی لێکسیکی باو هەیە دەبێت قسەکەر لەگەڵ ناوەکاندا بەکاری**

بهێنێت،وەك: **كاك، مامۆستا، دكتۆر، جەناب، شێخ، حاجی، سەید، مامە، خاڵە، پورێ...هتد**))(محەمەد، ٢٠٠٩:٧٢)، بۆنموونە ئەگەر تەمەن لەیەك نزیك بوو: **- هەڵۆ كەی بۆ پێشانگاكە بچین؟**
بەڵام ئەگەر تەمەن لە یەك دووربوو: **- كاك دكتۆر بە حەزی جەنابت.**

بێگومان لە كوردەواریشدا تەمەن گرنگی پێدەدرێت، چونكە هەر تەمەنێك لە هەڵبژاردنی شێواز و كەرەستەی فەرهەنگیدا جیاوازیی هەیە، بۆیە ئەگەر لە كاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی تەمەن نەكرێت، ئەوا دەبێتە بێڕێزی بۆ بەرامبەر.

## ٣-٣-٤ ڕەگەز- Gender:

ڕەگەز كاریگەری زۆری لە دەربڕراوە زمانییەكانی مرۆڤ، بە تایبەتی شێوازی قسەكردنی ئافرەت هەیە. لە زۆر زماندا–ئاخاوتن/نووسین–گرفتی ڕەگەز بەدیدەكرێت، بۆیە ڕەچاوكردنی ڕەگەزی بەشداربووانی ئاخاوتن لە دیاردەی ڕێزگرتندا گرنگە، بەریەككەوتن لە پێوەندییەكاندا كەمدەكاتەوە یان نایهێڵێت، جا ئەگەر ((نەریتەكانی ڕێزگرتن لای ژنان قسەیان لەسەر بكرێت و بەرەوپێشببرێن، گەشەسەندنی بەرچاو لە پێوەندییە تایبەتیو كۆمەڵایەتییەكاندا دێتەكایەوە)) (Mills, 2003:225). بەگشتی ئەو لێكۆڵینەوانەی لە كەلتوورە جیاوازەكاندا ئەنجامدراون، دەریدەخات، كە ((ژنان لە پیاوان بەڕێزانەتر مامەڵەدەكەن))(Holmes, 1999:29) و پتر دەستەواژە و شێوازەكانی ڕێزگرتن لە گفتوگۆ فەرمی و نافەرمی و پڕ ململانێكاندا بەكاردەهێنن و خۆیان بچووكتر نیشاندەدەن و هەوڵی خوڵقاندنی بارێكی ئاسایی و پڕ ڕازیبوون دەدەن، ئەمەش لای نەتەوە سەرەتاییەكان بەتایبەتی كەلتوورە ڕۆژهەڵاتییەكان، پتر بەدیدەكرێت، چونكە مێ پێگەیەكی كۆمەڵایەتی هاوشێوەی نێری نییە، جا بە هۆی ئایینەوە بێت یان كۆمەڵایەتی، تێكەڵاوی لە نێوان ژن و پیاودا كەمە، بەم لێكدووركەوتنەوەیە لە ئاستی ڕەگەزدا شێوەی گفتوگۆی تایبەتو جیاواز دروستدەبێتو دەبێتە هۆی ئەوەی هەریەكە شێوازو وشە و زاراوەی خۆی هەبێت، بەڵام لای ئەو نەتەوانەی تێكەڵاویی ڕەگەز هەیە، كەمتر جیاوازی بەدیدەكرێت.

ڕەگەز لە بواری ڕێزگرتنی زمانیدا، هاندەرێكە بۆئەوەی لێكدانەوەی باشتر بۆ كۆمەڵێك تایبەتمەندی ی زمانی بكرێت. بێگومان بنیادی نێر و مێ جیاوازە، ئەمەش وایكردووە جیاوازیی قسەكردن لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا بەدیبكرێت و بپرسین بۆچی دەبێت ژنان لە پیاوان بەڕێزانەتر مامەڵەبكەن؟یان لە كاتی ئامادەبوونی پیاواندا ژنان بەڕێزانەتر مامەڵەدەكەن؟ بەدڵنیاییەوە هۆكاری زۆر هەن، كە لە جیاوازی ڕەگەز بەهێزترن بۆ بڕیاردان سەبارەت بە ڕەفتار و چۆنییەتی مامەڵەكردنی بەڕێزانەتری ژنان لەگەڵ پیاواندا، كە گرنگترینیان بریتین لە:

١–هێز گرنگترین هۆكارە، لەبەرئەوەی ((بەشێوەیەكی گشتی و جیهانی ژنان وابەستەی پیاوانن (شوێنكەوتەی پیاوانن)، بۆیە بەڕێزانەتر مامەڵەدەكەن)) (Brown and Levinson, 1987:30).

ژنان تاڕادەیەك هەست بەوە دەکەن لە هێز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیدا لە پیاوان نزمترن، بۆیە ((پتر لە پیاوان حەز بە بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانە دەکەن، کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، هەرچەندە هەر یەك پێشینەی کۆمەڵایەتیشیان هەبێت)) (هدسن،١٩٨٧:٢٠٧)، بۆ نموونە وەك لە ئاخاوتنی ئاسایی نێوان ژن‌ومێردێکدا ئەمە بە دیدەکرێت:

- ئافرەت، میوانەکان ڕۆیشتن؟ + بەڵێ، تۆزێك لەمەوپێش ڕۆیشتن.

٢- قسەپێبڕین بەپێی جۆری ڕەگەزی قسەکەر دەگۆڕرێت، بە گشتی تێبینی ئەوە دەکرێت ڕەگەزی نێرینە پتر قسە بە ڕەگەزی مێینە دەبڕن. واتە ((پیاوان ئارەزوو دەکەن بەگیانێکی کێبەرکێکارییەوە لە گفتوگۆکانیاندا مامەڵەبکەن و پتر لە ژنان قسە بە بەرامبەرەکانیان ببڕن، بۆیە گفتوگۆکانی ژنان بەوەدا لە هی پیاوان جیادەکرێنەوە، کە قسەی هاریکارانەی پتر تێدایە و قسەپێبڕینیشی کەمتر تێدایە)) (Hurmiz, 2009:107). بۆ نموونە: قسەکەت بەشەکر دەبڕم.

قسەکەت لە دەمدا بە شەکر بێت. قسەی خۆت لە بیر بێت.

٣-قسەکەری مێینە لە دەربڕیندا پتر ئارەزووی ناڕاستەوخۆیی دەربڕین دەکەن. توێژینەوەکان ئەوەنیشاندەدەن ئافرەتان پتر لە پیاوان ستراتیژی قسەکردنی ناڕاستەوخۆیانە بەکاردەهێنن، ئەمەش دەکرێت بۆ ڕێزدانان بێت، چونکە ڕەگەزی مێینە بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی پیاوەوە، کەمتر خواستی بەکارهێنانی تابوو زمانییەکانیان هەیە و پتر دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و بەزەقی دەرنەبڕین و شارراوەیی و ئاماژە نازمانییەکان بەکاردەهێنن. بۆ نموونە کاتێك ژنێك دەیەوێت بە ناڕاستەوخۆ بە پیاوەکەی بڵێت، کە منداڵیان دەبێت، کەچی پیاوەکە بە ڕاستەوخۆیی مەبەستەکە دەردەبڕێت. - پیاوەکە حەزم لە ترشییە.

+ بۆ ژنەکە سکت هەیە.

٤- تایبەتمەندی ی وشە و زاراوەکانی مێینە جیاوازە، هەندێك وشە هەن تایبەتن بە ئافرەت و لای پیاو بەکارنایەن یان زۆر دەگمەنە. بۆ نموونە ئافرەتی کورد ئەمانە بەکاردەهێنێت:

ئەیەڕۆ، دەك کوێربم، دایکت بمرێت، دەستم بشکێت، سکت نەسووتێت، کوڕت نەمرێت، بەقوربانتبم، بەساقەتبم، لە دەورتگەڕێم، دانیشن بەخێر، ...هتد.

دیارە ئەمانەش بە شێوازی ئاخاوتنی ئافرەتەوە پەیوەستن، بۆیە ئەگەر هاتوو قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا ڕەچاوی ڕەگەزی خۆی نەکات، ئەوا لە کۆمەڵدا تووشی پێکەنین و پلارلێدان دەبێتەوە، وەك ئەوەی پیاوێك ئەو وشانە بەکاربهێنێت، کە تایبەتن بە ئافرەت یان شێوەی دەنگی وەك ئەوان لێبکات، یان وەك ئەوەی هەندێکجار لە نێوان کەسانی نزیك لە یەکتر دا بە مەبەستی گاڵتەو پێکەنێن لە تەلەفۆنکردن یان مەجلیسێکدا دەنگی خۆیان بە دەنگی ئافرەت دەگۆڕن، ڕوودەدات.

٥-بێگومان هەست و ئاوازەی دەنگی ئافرەت لە پیاو نەرمترو ناسکترو سۆزدارترەو ئاستەکانی دەنگیان لە هی پیاو بەرزترە و بەوە دەناسرێت، کە ((هەڵگری هێزێکی سۆزیی گەورەیە، جا ڕاست بێت، یان تەنیا بۆ خۆبردنە پێشەوە بێت)) (خرما،١٩٧٨: ٢٤٠)، بەڵام هی پیاو توندی و خۆزاڵکردنی تێدایە و پتر وشەی بە تویکڵ و تابووەکان بەکاردەهێنێت.

نێرینە، دەڵێن: **- خوێری لە کوێ بوویت؟** **- کەرە بۆ وا دەکەی.**

بەڵام مێینە، دەڵێن: **- کچم ئەوە لە کوێ بوویت.** **- ماڵەکەم جلت بۆ بکەم.** **- چەتیو نەبیت بۆ وات وت.**

بە گشتی ڕەگەزی نێرینە پتر لە ڕەگەزی مێینە ئەم وشە تابووانە بەکادەهێنێت، هەرچەندە هەموو پیاوێك ئەم قسانە بەکارناهێنێت، بەڵکو تایبەتە بە شێوازی ئاخاوتنی هەندێك کەسێکی دیاریکراو، هەروەکو چۆن هەندێك ئافرەتیش هەن، ئاسایی وشە تابووەکان بەکاردەهێنن. هاوکات ((ئافرەتان پتر لە هی پیاوان لە گۆکردندا ڕوونترن و پتر لەسەر دروستی گۆکردنی وشە و ڕستەکان سوورن)) (خرما،١٩٧٨: ٢٤٠)، وەك: **- ژنەکە ئەو شتانەم بۆ بهێنە.**

**+ پیاوەکە پانتۆڵ و کراسەکەت دەوێت؟**

٦- ئاخاوتنی پچڕپچڕ تایبەتمەندییەکە لە ئاخاوتنی ئافرەتاندا بەدیدەکرێت، هۆڵمز ئاماژە بەوە دەکات، کە((وا دەردەکەوێت بەگشتی ژنان پتر زمان پاراوبن و لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئاخاوتنە پچڕپچڕەکان کێشەیان نییە)) (Holmes, 1999:2)، وەك: **ئم، ئێ، پس، سس، شش،...هتد**، کە پتر بۆ بانگکردن و ئاگادارکردنەوەی یەکتر بەکاریاندەهێنن، بۆ نموونە:

**- سسس، کچێ ئەو گسکەم بۆ بهێنە.** **- شش، کچم نان ئامادەیە؟**

بەڵام پیاو قسەی نەپچڕاو و کورتکراوە بەکارناهێنێت: **- کوڕم پلەیستێشنەکەت لە کوێ داناوە؟**

**- ژنەکە ماڵی...لە ماڵ نین؟**

بێگومان ئافرەتان قسەی پچڕاو دەکەن و پتر داوای لێبوردن دەکەن، بۆیە ڕەگەزی مێینە لە ئاخاوتندا پتر خاکیەتی و داوای لێبوردن دەنوێنن: **- بمبەخشە ئەزییەتم دایت.**

**- ببوورە، وتت چی؟**

٧- زۆربەی ڕەگەزی مێینە بۆ هێشتنەوەی پێوەندییەکان بە تایبەتی لەگەڵ هاوڕێ و کەسە نزیکەکاندا چێژ لە قسەکردن دەبینن و بە ئامرازێکی گرنگ سەیری دەکەن. واتە ئەوان زمان بۆ بنیادنان و بەرەوپێشبردن و پتەوکردنی پێوەندییە تایبەتییەکان بەکاردەهێنن، کەچی پیاوان پتر وەکو ئامرازی بەدەستهێنانی زانیاری سەیری زمان دەکەن(Holmes,1999:2) و پتر جەخت لە پایە و سەربەخۆیی خۆیان لە بەرامبەر کەسانی تردا دەکەن. لە ڕاستیدا ((وشە و دەربڕینەکانی ژنان بەڵگەی ئەوەن، کە ژنان پتر لە پیاوان گرنگی بە هەستی ئەو کەسانە دەدەن، کە لەگەڵیاندا دەدوێن)) (Holmes, 1999:6) و درێژە بە قسەکانیان دەدەن، چونکە ئەوەندەی چێژ لە زۆری

قسەکردن و شێوازی قسەکردن و ڕێز نواندنەکە دەبینن، ئەوەندە گوێ بە ناوەڕۆکی گوتنەکان نادەن: **- شیرین خان چۆنی؟ شکور باشی ماڵەوە چۆنن؟**

**- ئەی تۆ چۆنی گوڵەخان؟ مناڵەکان چۆنن؟ هەموو لایەك باشن؟**

بەڵام کاتێك دوو پیاو یان پتر لەگەڵ یەکتر دەدوێن، بەپێچەوانەوە دەیانەوێت بە کورتی و پوختی مەبەستەکەیان بگەیەنن و زۆر درێژە بە ئاخاوتنەکەیان نادەن:

**- چۆنی شێخ...ماڵەوە باشن؟**

**- سوپاس مامۆستا ئەی ئێوە چۆنن؟**

٨- **لاکۆف** پێیوابوو ژنان پتر لە پیاوان کلکەپرسیار بەکاردەهێنن، بەڵام هەندێك لێکۆڵینەوەی نوێ بەپێچەوانەی پێشبینییەکانەوە دەریانخست بەکارهێنانی کلکەپرسیار لە ئاخاوتنی پیاوان دا بە بەراورد بە هی ژنان پترە (Mesthrie & et al. 2009:230-231 )، ئەمەش ناگونجێت، چونکە دوودڵی و بڕوا بەخۆنەبوون پتر تایبەتمەندییەکی ژنانەیە، تا پیاوان. هاوکات کلکەپرسیار لە ئاخاوتندا پێوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر پتر گەرموگوڕتر دەکات و بوواری پتر بە بەرامبەر دەدرێت، بۆ نموونە: **- خانووەکەتان خۆشە، وانییە؟**

**- ئەم میوەیە خراپ بووە، وانییە؟**

**٣-٣-٥ پیشە:**

زمان ڕەنگدەرەوەی کەسێتی و پیشە و ڕۆشنبیری مرۆڤە، واتە هەر چینێك شێوازی دەربڕینی زمانی جیاوازە، بۆنموونە: زمانی پزیشکێك، زمانەوانێك، ئەندازیارێك، مامۆستایەك، کاسپکارێك،...هتد. زمان ((لە دەرخستن و پاراستنی ناسنامەی تاك وەسیلەیەکی یەکجار گرنگ و کاریگەرە، هیچ بەڵگەیەکیشمان لەبەردەست نییە، کە ئەم گرنگی و کاریگەرییە لەو گرنگییەی زمان کەمتربێت، کە پێوەندییەکانی تاك ڕێکدەخات)) (موحسین:٢٠٠٨: ١١٨).

هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ بەپێی جۆری پیشەکەی، زمانی قسەکردنیشی جیاوازە. هەریەکەیان شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، بێگومان پیشەکانیش لە نێوان خۆیاندا دەکرێت جیاوازی ئاشکرایان لە ڕووانگەی بەکارهێنانی دەربڕراوی بەڕێزانەو تابووەوە تێدا بەدیبکرێت، بۆ نموونە لە نێوان بەقاڵێك یان پزیشکێك یان بەرگدرووویەك یان فیتەرێك یان کارەباچیەك یان ...هتد، جیاوازی ئاشکرا بەدیدەکرێت، کە هەریەکەیان لە بوواره واتاییەکەی خۆیدا واتایەکی هەیە و بێڕێزی ناگەیەنێت، بەڵام هەر ئەم وشە و زاراوانە لە بوار و پیشەیەکی تردا واتایەکی تری هەیە، کە تابووە و ڕێزی تێدا نییە، چونکە هەریەکەیان ئەو بوواره واتاییەی نامێنێت، کە لە بنەڕەتدا بۆی بەکارهاتووە. بۆنموونە: "**خۆشداکەنە**" لای بەقاڵ "**لالەنگی**"یە، کە جۆرێکی میوەیە، بەڵام لای بەرگدرووویەك "**بیجامە**"یە،...**هتد**.

لەلایەکی ترەوە پیشە وا دەکات، کە ڕەفتارێك لەو پیشە و دەوروبەرەدا بارێکی ئاسایی وەربگرێت و بە ڕەفتارێکی بێڕێزی هەژمار نەکرێت، بۆنموونە ((زمانی سەربازی زمانێکی زبرە، ئەو جۆرە زمانە هیچ جۆرە ڕۆمانسیەتێك لەخۆناگرێت. پەیڤەکانی ئەو بوارە ئاماژە بە هەژموونی دەسەڵاتی سەربازی بەسەر تاکەکاندا دەکەن. تەنانەت زمانی ئەمجۆرە توێژە هەتا لە دەرەوەی سەربازگەش هەر خاو نابێتەوە. هیچ ئەفسەرێك قەبوڵ ناکات سەربازێکی ئاسایی بێ سڵاوکردنی سەربازی و "گەورەم" قسەی لەگەڵدا بکات!)) (ناوخۆش و خۆشناو:٢٠١١:١١٨). ئەم زمانە شێوازی فەرماندانە و بۆتە یاسا و ڕێسای سەربازی و ڕێزگرتنی تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕەچاوکردنی دەوروبەرەکە بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنرێت.

### ٣-٣-٦ دەسەڵاتی ڕامیاری:

ڕامیاری لایەنێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، بۆیە لە ژیاندا شتێك نییە لە دەسەڵات و ڕامیاری دوور و دابڕاوبێت. زمانیش لە بواری ڕامیاری و دەسەڵاتدا ڕۆڵی گرنگی هەیە و چەندان وشە و زاراوە بە هۆی ئەمانەوە هاتوەتە زمانەوە، تەنانەت زۆرجار گرووپێکی ڕامیاری یان ڕژێمێکی ڕامیاری بۆ بەجێهێنانی مەبەستەکانی لەناو ڕاگەیاندن و ئۆرگانەکانی پارتەکەیدا زاراوەی تایبەتیان هەن، کە وەك ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن پێوەی پەیوەستن و بەکاریاندەهێنن، بۆنموونە: **دیکتاتۆر، سیاسەتمەتدار، کۆشکی کۆماری، سەرۆك، سەرپەل، سەرتیپ، لق، ناوچە، مەڵبەند، کۆمیتە، برایان،** ...**هتد**. دەکرێت بوترێت لەم بووارەدا زمان ئەرکی دبلۆماسیەت دەبینێت.

بە گشتی زمان کاریگەریی لە دەربڕینەکاندا هەیە، زمانی دەسەڵات زمانێکی زبرە، چونکە پڕە لە وشەی داخوازی و فەرماندان و بێڕێزی، نموونەش بۆ زمانی دەسەڵات، وەك:

لێپرسراوێك لەگەڵ بەردەستەکەی، وەك: **- حەمە ئەو شتانەم لە بازاڕ بۆ بکڕە.**

**+ بەڵێ، بەسەرچاو گەورەم.**

ئاغایەك لەگەڵ جووتیارەکەی، وەك: **- ڕەشە ئەمساڵ گەنم چۆنە؟**

**+ ئاغا گیان زۆر باشە و بڕشتیشی زۆرە.**

زمان پردێکە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵدا، کە بۆ گواستنەوەی مەبەست و ئامانجەکان بەکاردێت. بێگومان هەر بە هۆیی کاریگەریی زمانەوەیە، کە هێزە ڕامیارییەکان دەتوان کۆمەڵ بخەنە ژێر ڕکێفی و ئارەزووەکانی خۆیانەوە.

لە کوردەواریدا تاڕادەیەك دەسەڵاتی نێر بەگشتی و باوك بە تایبەتی زاڵترە و دەسەڵاتی پترە، بۆیە دەبێت بچووکەکان ڕەچاوی یاسای گەورە و بچووکی بکەن، هەرچەندە ئەم شێوە ڕێزلێنانە زۆرجار دەچێتە قاڵبی ترسەوە، لەبەرئەوەی پیاوەکە وا هەستدەکات، ئەگەر ڕەچاوی ئەمە نەکەن، ئەوا لە پلەی پیاوەتی و باوك سالارییەکەی کەمدەکەنەوە.

## ٣-٣-٧ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:

دیاریکردنی ئەو پێودانگە کۆمەڵایەتییانەی ئاخاوتن بەڕێوە دەبن کارێکی قورسە، چونکە بە پێی کۆمەڵەکان پێودانگەکانیش دەگۆڕرین، هەرچەندە کورد بە گشتی بە هۆی هاوسنووری و کاریگەرییان لەسەر یەکتر زۆربەی پێودانگەکانی لەگەڵ پێودانگەکانی کۆمەڵانی ڕۆژهەڵات یەکدەگرنەوە یان لەیەك نزیکن، کە چۆنییەتی و چەندییەتی قسەکردن ڕووندەکەنەوە. دیارە کوردەواریش وەك هەر کۆمەڵێکی تر خاوەنی کۆمەڵێك یاساو ڕێسا و پێودانگی تایبەتی ئاخاوتنە، کە بە پێی کەلتوور و دابونەریت و بیرکردنەوەی کۆمەڵی کوردی بونیاد نراوە، بۆیە دەبێت لە قسەکردندا بەو پێودانگانە و کاری ڕوومەندییەوە پەیوەست بێت، لەوانە:

### ٣-٣-٧-١ بنەمای درێژدادڕی:

ئەم بنەمایە یەکێکە لە پێودانگەکانی ئاخاوتن و پەیوەستە بە چەندییەتی ئاخاوتن. بێگومان دەتوانین بڵێین لە لای هەموو یاخود زۆربەی کۆمەڵەکانیش کورتبڕی پەسەندە، بەڵام درێژدادڕی و زۆربڵێی لای کۆمەڵانی مرۆڤ ناپەسەندە، چونکە پێچەوانەی یاساکانی ئاخاوتنە، کە زەمینەسازیی بۆ ئاخاوتنی بەرامبەر خۆشدەکات و قسەکردن بە نۆرەیە. هاوکات ئەمە پێشێلکردنی بنەمای چەندییەتی ڕێسای هاریکارییە، کەچی ئەمە لای هەندێکی تر ئاساییە و بوەتە خولیا، بۆنموونە: قسەکردن لە لای دانیشتوانی **ڕۆتی** (Roti)[٣٨] بە یەکێك لە گرنگترین دڵخۆشییەکانی ژیان دادەنرێت. ئەمەش لە کوردەواریدا پێوەند بە ڕێزگرتنەوە دەکرێت بوترێت: درێژدادڕی ی بوواری قسەنەدانە بە بەرامبەر، هاوکات هەندێکجار گرنگینەدانیش بە بەرامبەر دەگەیێنێت و ڕەنگە بەرامبەر کاردانەوەیەکی نەرێنی بۆ ئاخێوەر دەرببڕێت و ببێتە بێڕێزی، بۆیە لە زمانی کوردیدا بەو جۆرە کەسانە دەوترێت: - **دیسان خەڕڕەکە**.

- **کەسێکی چەنبازە/ زۆربڵێیە**.

### ٣-٣-٧-٢ بنەمای کەمدوویی:

ئەم بنەمایەش بەگشتی زۆر پەسەند نییە و پێوەندیی بە چەندییەتی قسەکردنەوە هەیە و دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ئەم دیاردەیە لای هەندێك نەتەوە بوەتە شتێکی ئاسایی، وەك: ((هۆزی بولیا لە باشووری هیندستان)) (هدسن، ١٩٨٧:١٩٩). هۆکاری ئەمەش دەگونجێت خوو بێت یان دڵتەنگی گوێگر و نەبوونی بەرژەوەندی بێت. یاخود کەسێکی لە خۆبایی بێت، هاوکات پێشلکردنی بنەمای هێنانەگۆی لیچە، کە دەبێت لەباری ئەرێنیدا قسە بکەی، دیسان ئەمیش لە کوردەواریدا بە ڕەفتارێکی بێڕێزانە ئەژماردەکرێت.

---

[٣٨]) دوورگەیەکی بچووکە لە ڕۆژهەڵاتی ئەندەنووسیا (هدسن، ١٩٨٧:٢٠٠).

**٣-٣-٧-٣ بنەمای قسە پێبڕین:**

ئەو کەسانەی زۆر لە یەکتر نزیکن و دووریی کۆمەڵایەتی لە پێوەندییەکاندا کەمە، شتێکی ئاساییە قسە بە یەکتری ببڕن و تەنانەت دەنگیش بەرزبکەنەوە، چونکە ئەم ڕەفتارە هیچ ناخۆشییەك لە هەستی کەسەکاندا دروست ناکات، بەڵام ئەو کەسانەی دووریی کۆمەڵایەتی لە پێوەندییەکانیاندا هەیە، ئەوا قسەپێبڕین بە کەسی بەرامبەر و تەنانەت دەنگبەرزکردنەوەش لەو جۆرە کۆمەڵانەدا بە بێڕێزی نیشاندان ئەژماردەکرێت.

بەگشتی ئەم بنەمایە پەسەند نییە، بەڵام درێژدادڕی ی قسەکەر بریندارکردنی هەستی گوێگرە، بۆیە گوێگر ناچارە قسە بە قسەکەر ببڕێت. دیارە نۆرەی قسەکردن یان((کایەگرتن سووڕانەوەی قسەیە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر)) (دزەیی، ١٩٩٩:٢٢). واتە کاتێك یەکێك قسە دەکات ئەوانی تر گوێی لێدەگرن دواتریش بەپێچەوانەوە نۆرە بە یەکتر دەدەن و ڕۆڵ ئاڵوگۆڕ دەکەن. بەمشێوەیە ((قسەکەر زۆر ڕەگەزی زمانی بۆ ئاماژەکردن بەکاردێنێت، بەوەی دەیەوێت قسە بکات یان لە قسەکردن تەواوبووە و ئارەزوودەکات بێدەنگ بێت و قسەنەکات)) (Tannen, 2006:346). کوردەواری لە ئاخاوتندا گرنگیی بە نۆرەگرتن داوە، تەنیا یەك کەس بۆی هەیە قسەبکات ئەوانی تر دەبێت گوێی لێبگرن، قسە پێنەبڕینیش ڕێزلێنانە بۆ بەرامبەر، خۆ ئەگەر یەکێك ویستی بە ڕێزەوە قسە بە بەرامبەرەکەی ببڕێت، ئەوا لە زمانی کوردیدا دەتوانێت لە ڕێگەی دەستەواژە و گوتنێکەوە ئەو کارە بکات، بۆ نموونە: - **قسەکەت لە دەمتدا بە شەکر بێت.**

**- قسەی خۆت لە بیر بێت.** **- تۆ یارمەتیم بدە، بامنیش قسەبکەم**

**- قەوسێکم بدەرێ.**

**٣-٣-٧-٤ چۆنییەتی گوێگرتن:**

گرنگیدانی گوێگر بە پەیامی قسەکەر لە چۆنێتی گوێگرتنیدا دەردەکەوێت، لە زۆربەی کۆمەڵەکاندا وا چاوەڕواندەکرێت، کە قسە دەکرێت گرنگی بە بەرامبەر بدرێت، بۆیە پێویستە گوێگر تەنیا بە گوێ، گوێگر نەبێت، بەڵکو ئاڕاستەی ڕوو و جەستەی لە قسەکەر بێت، چونکە ڕوومەندی بەرامبەر بۆ قسەکەر زۆر گرنگە، هەر بۆیە بە سەیرکردنی قسەکەر و سەر بۆ لەقاندن یان گوتنی هەندێك دەستەواژە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك دەربڕینی زمانی بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن: "**بەڵێ، وایە، گوێملێتە، تێدەگەم، ڕاستدەکەیت، ڕاستدەفەرموویت، قسەی تۆیە، فەرمایشتە**،...**هتد**"، بەڵام ئەگەر کەسەکە خۆی لەوێ نەبێت، ئەوا بەم شێوەیە پێیدا هەڵدەدرێت: **قسەزانە، شیرین زمانە، قسەخۆشە**،...هتد یاخود لە بەیەکگەیشتن و تەلەفۆنکردندا: **هەلەو، سوپاس بۆ تەلەفۆنەکەت، دایخە خۆم بۆت دەکەمەوە**،...**هتد**. گوێگر بەم دەربڕینە زمانیانە گرنگی و ڕێزگرتنی خۆی بۆ بەرامبەر پیشاندەدات، ئەمبارەش وایکردووە گرنگیدان بە قسەکەر لە کاتی قسەکردندا ببێتە پێوەرێك و ڕێژەی پێوەندیان بە یەکترەوە دەربخات.

**٣-٣-٧-٥ پەیامی گوتن:**

**ئەم بنەمایە دەبێتە هۆی بەردەوامبوون و پتەوبوونی پێوەندییەکان، ئەویش بەوەی ئەگەر پەیامەکە لەگەڵ قسەکەر و گوێگردا بگونجێت، بۆیە بە بنەمای چۆنییەتی ئاخاوتن دادەنرێت. کەواتە لە زمانی کوردیشدا ئەو پەیامەی، کە ئاڕاستەی بەرامبەر دەکرێت زۆر گرنگە، ئەمانەش وا دەکات بڵێین بابەت و پەیامی قسەکەر گرنگە و ڕێز لە بەرامبەرگرتنە.**

**٣-٣-٧-٦ ڕێزگرتن لە میوان:**

**ڕێزگرتنی زمانی لە شێوازی بەخێرهاتن و خواحافیزیشدا ڕەنگیداوەتەوە، بەوەی پتر لە جارێك وشە و دەستەواژەکان بەکاربهێنرین، بەمەش ڕێز لە میوانەکە دەگیرێت، وەك: بەخێربێن سەرچاومان، ماڵەکەتان ڕووناککردەوە، دڵم پێتانکرایەوە، گەورەتان کردین، ماڵی خۆتانە، ...هتد.**

**بێگومان دابونەریتەی کورد وایکردووە، کە زۆر ڕێز لە میوان بگرێت، ئەمیش بەوە دەبێت ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان ڕەچاوبکرێن، کە لە شێوازی قسەکردن و نانخواردن و...هتد خۆی دەنووێنێت، دەبێت خۆمان لە شێوازی فەرماندان و داخوازی بە دووربگرین و پتر بەناڕاستەوخۆ و بەشێوەی پرس و هەواڵ مەبەستەکانمان بگەیێن، ئەمبارەش وایکردووە، یەکێکی وەك نیکیتن ئاماژەی بە سێ تایبەتمەندیی کورد کردووە، کە ئەوانیش ((ئازایەتی، سوارچاکی، ڕەفتاری بەڕێزانەیە)) (ڤاسیلێڤە و ڕەشید، ١٩٨٨: ١٢٩).**

**٣-٣-٨ لایەنی دەروونی:**

**ڕێزگرتن پەیوەستە بە لایەنی دەروونی، جا ترس و مەرایی واتە ڕووکەش بێت یان هەڵقوڵاوی پەروەردە و ناخ بێت، لەوانەیە بوونی ویست و ئارەزووی ئەوەی بە باشییەکانی بزانیت و دڵخۆشی بکەیت، هەنگاوێك بێت بۆئەوەی خۆبەزلزانین و میهرەبانی نواندن بێتە ناو بابەتەکەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە دەربڕینە زمانییەکانی ڕێزگرتن لەگەڵ لایەنی دەروونیدا پێکەوەپەیوەستن، بۆیە زانستی زمانی دەروونیی هاتە ئاراوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکرێت لایەنی نەرێنی (سلبی)ی ڕێزگرتنە، چونکە هەندێکجار بەرامبەر بە هەڵە تێدەگات[٣٩] یان ئەو هەستەی لا دروستدەبێت، کە خۆی بە زل بزانێت یان بەزەیی بە بەرامبەردا بێتەوە، ئەمەش وادەکات، کە هەندێك کەس بڵێن ڕێزگرتن بە هۆی ڕوومەندی ی ڕاستەقینەوە**

[٣٩]) بە هەڵە تێگەیشتن مەبەستم ئەوەیە بەرامبەر ئەوە بکاتە هەلێك بۆ سووکایەتیپێکردنی بەرامبەر، هەروەکو لەمڕووەوە شاعیری گەورەی عەرەب موتەنەبی و پێشەوا شافیعی هەریەکەیان لە دێرە هۆنراوەیەکدا ئاماژەیان بۆ ئەم لایەنە کردووە:

موتەنەبی دەڵێت: (( إذَا أنتَ أكْرَمْتَ الكَريمَ مَلَكْتَهُ      وإنْ أنتَ أكْرَمْتَ اللَّئيْمَ تَمَرَّدا ))

ئیمامی شافیعیش، دەڵێت: (( وَأحْسنْ إلى الأحْرَارِ تَمْلِكْ رِقَابَهُم      فَخَيرُ تِجَارَاتِ الكِرَامِ اكْتِسَابُها )) (الشافعي:٢٠٠٣: ٤١)

واتە کاتێك مرۆڤی بەڕێز ڕێزت لێگرت دەبیتە خاوەنی، بەڵام کاتێك مرۆڤی بێڕێز ڕێزت لێگرت لێتهەڵدەگەڕێتەوە.

نەبێت، هەروەکو لەمڕووەوە **فرانس** ئاماژەی بۆ دەکات، کە ((دڵخۆشکردن و دروستکردنی هەستێکی باش لای بەرامبەر، ڕەنگە پتر بەهۆی ڕوومەندییەکی ناڕاست (دەمامکێك)ـەوە بە دەستبێت، باشترە لەوەی بە هۆی ڕوومەندی ی ڕاستەقینەوە بەدیبێت. چی دەبێت ئەگەر بوترێت جوانکردن و هەڵنان تەنیا لایەنێکی ڕووکەشی ڕێزگرتنە؟)) (Watts, 2003:33) بێگومان بەمەش ڕێزگرتن و ڕووپامایی هاوواتا دەبن.

دیارە دەروون و گیانی کەسێك خراپە و ڕەفتارەکانیشی ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خراپی ئەون، بەڵام هاوکات ئەو کەسە بەڕێزەوە مامەڵە دەکات؟ ئەمەش جۆرێك لە دووڕوویی پیشاندەدات. **جاننی دەیڤدسن** [٤٠] (2004:1-6) ئاماژە بەوە دەدات، ئەگەر دەمامکی ڕێزگرتن بەتەواوی نەمێنێت و لاببرێت، ئەوا لەوانەیە بۆمان دژواربێت کەسێکی دووڕوو لە هەر کەسێکی ئەندام لە کۆمەڵێکی شارستانیدا جودابکەمەوە، هەروەها پێیوایە: زۆرێك لە شێوازەکانی دووڕوویی و ڕووپامایی بەوە دەستپێدەکەن، کە ناوی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و جیاوازی، وەکو شارستانییان، سەلاران، ڕەوشتبەرزان، ڕێزگرانیان بۆ دادەنێت.

بێگومان ڕەفتارە زمانییەکانیش دەکەونە ژێر کاریگەریی دەروونییەوە، هەروەکو **بالی**، دەڵێت: ((هەر کردەیەکی گوتن هەڵگری کاریگەرییەکی دەروونییە)) (دزەیی، ٢٠٠٩:١٢٥). ئاشکرایە کەسایەتیی مرۆڤەکان لەیەکتر جیاوازن، بۆیە ڕەفتارە زمانییەکانیش جیاوازن، ئەویش بەو هۆیەوە ((بارودۆخێن ژیانێ و کارتێکرنا دەروونی و جڤاکی، گەلەك جۆرێن کەسایەتیێ ل دەڤ مروڤان دروستدکەن، کو هەر کەسایەتیەکێ سروشت و شێوازەکێ تایبەت هەیە)) (زیائەدین، ٢٠١١:٨٣). بێگومان هەموو مرۆڤێك لە ئاخاوتندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە بە هەندێکیان خۆشحاڵین و بە هەندێکیشیان دڵتەنگین، ئەمەش پتر لە ڕێگای دەربڕین و هەڵسوکەوتەکانەوە هەستیانپێدەکرێت، چونکە قسەکەر بە زمانی دەتوانێت خۆشەویستی و ڕق و کینەشی پێدەربڕێت.

هەندێك وشە بۆ هەندێك کەس دەبێتە هەڵچوون و بێڕێزییە و بۆ هەندێك کەسی تر ئاساییە و دەربڕی ڕێزە. کەواتە ((باری دەروونی و جەستەیی دەمکاتی قسەکەر کاریگەریی خۆی لەسەر دوا بیچمی دەربڕراو هەیە. بوونی وشەی کەم و وشەی ناشیرین لە دەربڕراودا دەشێت بۆ هەستی باش یان خراپ یان بۆ دڵنیانەبوون بگێڕرێتەوە)) (مەحویی، ٢٠٠٩أ:٨٤). بۆنموونە:

- تۆ هەر تێناگەیت.
- ئەم کارە بە تۆ ناکرێت.

---

(٤٠) شایانی باسە جاننی لە بواری ئەدەبی ئینگلیزیدا پسپۆڕە و ئەم کتێبەشی–وەك لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە– لەسەر بەرهەمە ئەدەبیەکانی سەدەی هەژدەی زاینی لە ڕووی "مێژوو، فەلسەفە، کۆمەڵناسی"یەوە نووسیووە.

ئەمە ئەو ڕاستییە دەگەێنێت کە باری دەروونی ڕۆڵی لە بەردەوامبوونی پێوەندییەکاندا هەیە، ئەمبارەش پێیدەوترێت واتای دەروونی و لەسەر بنچینەی هەست و سۆز بنیاد دەنرێت. دیارە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە پێزانین و پێداهەڵدان خۆشتردەبن، ئەو هەستەی کەسێك لە ناخیدا وەریدەگرێت کاتێك بەرامبەرەکەی پێیدەڵێت: **- سوپاس.** **- خۆشمدەوێیت.**

ڕێزگرتنی زمانی هەڵوێستێکی گشتگیرە بەخشینی ڕێز و گەورەییە بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لە کاتی ئاخاوتندا،بۆیە لە کوردەواریدا دەوترێت ڕێز لە خەڵکی گرتن، ڕێز لە خۆگرتنە. ((ئەم وشانە لای خەڵك واتای زۆر گەورە دەگەیەنن و پێیان خۆشە کاتێك کارێك ئەنجامدەدەن دەست خۆشییان لێبکرێت، چونکە دڵی مرۆڤ زۆر ئارام دەبێتەوە))[٤١]، هەرچەندە ئێستا ئەو دەستەواژانە دەکرێت شێوازی جیاوازیان لە ڕووی چۆنییەتی و چەندییەتییەوە لە خۆگرتبێت، بۆ نموونە: **- بە ڕاستی کەسێکی لە دڵا شیرینی.** **- جوان خۆت گۆڕیوە.**

**- تۆ خۆت کەسێکی وریایت.** **- ئەم ئیشە هەر لە خۆت جوانە.**

**- کەسێکی جوان/قۆزیت.**

**٣-٣-٩ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:**

دەتوانین بڵێین بە پێی بووار و بۆنەکان زمان کۆمەڵێك شێوازی جۆراوجۆرە، کە مرۆڤ هەر یەکەیان بۆ بارێکی تایبەت بەکاریدەهێنێت، هەروەها ((لە شێوازێکەوە بازبداتە سەر شێوازێکی تر. یەکێك لە لایەنەکانی توانستی تێگەیاندن لەوە دایە، کە قسەکەر بتوانێت بە ئاسانی لە شێوازێکەوە بێتە سەر شێوازێکی تر، تەنانەت هەندێکجار لە هەمان بۆنە و بواردا)) (فەتاح، ١١٥:١٩٨٦). زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەولە ژێر کاریگەریی کۆمەڵدایە، بۆیە بەکارهێنان و دەربڕینە زمانییەکانیش بەپێی بۆنەکان جیاوازن و ((بەڕوونی لە شێوازەکانی ئاخاوتندا، کە مرۆڤ لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا بەکاریاندەهێنێت بەرجەستە دەبن. بە دەربڕینێکی تر قسەکەر لە کەیدا و لە کوێدا چی دەڵێ و چۆن دەیڵێت؟ ئەمە بەکارهێنانی زمانە. فێربوونی زمانی دایك بریتییەلە فێربوونی بەکارهێنانی زمان لە بارە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بۆ ئەو واتایانەی، کە قسەکەر دەیەوێن)) (شەمس، ٢٣:٢٠٠٦).بێگومان لە هەر کۆمەڵێکدا تاکەکان ناچاردەبن، کە قسەکانیان بەپێی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێن. بۆیە ((کاتێکیش قسە لەگەڵ کەسێکدا دەکەین پێویستە لە بەکارهێنانی وشەکاندا وردبین، تاوەکو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەو کەسەوە دیاریبکەین))(هدسن، ١٨٣:١٩٨٧). کوردەواری لە هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکاندا وردە، بۆ هەر بوارو بۆنەیەك دەوڵەمەندە و کۆمەڵێك دەربڕینی زمانی هەیە، بۆنموونە:

لە پرسەدا دەوترێت: **خۆتان خۆشبن، خوا لێیخۆشبێت، دووا ناخۆشی بێت، دەستم بشکێ، دایکت بمرێ، ...هتد.**

---

(٤١) httpwww.essortment.comallteachingchildre_reef.htm10/12/2010

لە ماڵئاواییکردندا دەوترێت: **پەلەتان چیبوو، ماڵی خۆتانە، توخوا زوو زوو سەرمان لێبدەن، توخوا کەمێکی تر دانیشن، خوا ئاگادارتان بێت، خوابتانپارێزێت،...هتد.**

هەر بۆنەیەك دەربڕینی گونجاوی خۆی هەیە، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بەکارهات، ئەوا دەبێتە بێڕێزی و لادان لە ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان و سزای کۆمەڵی بە دوواوە دەبێت. بە پێچەوانەشەوە ڕەچاوکردنی ڕێسا زمانی و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن قسەکەرەوە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە بەریەکەوتن لە پێوەندیکردندا، هاوکات گوێی لێدەگیرێت و تووشی سەرکۆنەی کۆمەڵ نابێتەوە، بەمەش ڕێز لەو کەسانە دەگیرێت و هاوڕێیەتییان دەکرێت. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیێنێت، کە وشەکانی زمان کۆمەڵێك زانیارییان لە خۆیاندا حەشارداوە، وەکو زانای ڕووسی باختین، دەڵێت: ((وشەکانی زمان بە کۆمەڵێك زانیاری شارراوە بارکراون)) (عەلی و قادر، ٢٠٠٦:٣٣).

## ٣-٣-١٠ چین و پلەوپایە کۆمەڵایەتییەکان:

جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ لە یەکتری، کاریگەریی لەسەر زمانیش هەیە. ئەمانەش وا دەکەن شێوازی چینێك لە چینێکی تر جیاواز بێت، هەروەکو ماریۆپای دەڵێت: ((زمان بەپێی چینی قسەپێکەرانی دەگۆڕرێت))(الضامن، ١٩٨٩:٣٨)، واتە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ لە کاتی ئاخاوتندا شێوازی قسەکردنی خۆی هەیە. بەمەش ((زمان بۆ جیاکردنەوەی چینێك لە یەکێکی تر، ڕەگەزێکی زۆر گرنگە)) (خرما، ١٩٧٨:٢٣٠). ئەم جیاوازییە زمانییەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕرێت،بۆنموونە شێوازی قسەکردنی چینی باڵا لەگەڵ چینی خوارەوە، تەنانەت بابەتی قسەکردنەکانیشیان جودایە، وەك ئاغا و گزیر(مسکێن)، یان کەسێکی ڕۆشنبیر و کەسێکی ڕەشۆکی، بۆیە دەبێت هەر چینێك بە پێی خۆی قسەی لەگەڵدا بکەین، ئەگینا دەبێتە بێڕێزی و بگرە زۆرجار گاڵتەپێکردن و توانجلێدانیش دێتە ئاراوە، وەك: شێوازی قسەکردنی شارنشین و گوندنشینێك.

مرۆڤ دەبێت کەسایەتییەکی تایبەت بەو باروبوویەرەی هەبێت، کە تێیدا دەژیت، وادەبێت، کە لەگەڵ کەسانی پلەوپایەی جۆراوجۆر–بەرز و نزم–دا بژی. وا دەبێت ((لەگەڵ هەریەکەیاندا پێوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبێت. پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) لەبارەی چۆنێتی دوواندنی کەسەکانەوە، هەر یەکەیان بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆیان، دەفەرموێت: کلم الناس علی قدر عقولهم)) (فەرەج، ٢٠٠٠:١٤٢). ئەمەش ئەو دەگەیەنێت، پلەوپایە نیشانەیەکی پراگماتیکی کۆمەڵایەتییە و لە کاتی ئاخاوتندا و لە دیاریکردنی پلەی ڕێزگرتنی نێوان قسەکەر و گوێگردا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. ئەوانەی خاوەن دەسەلات و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ی بەرزن، دەتوانن دەنگ بەسەر ئەوانی تردا بەرزبکەنەوە، هەرچەندە بە دیاردەیەکی ناپەسەندیش دادەنرێت.

**بۆئەوەی پایەی قسەکەر و گوێگر لەبەرچاوبگیرێت لە هەندێك زماندا[٤٢] هەندێك ڕێساو یاسای زۆر ئالۆزی ڕێزگرتن هەن، تا ((لە کاتی قسەکردن لەگەڵ کەسێك لە ڕووی پلەوپایەوە لە خۆمان گەورەتربێت، دەبێت وشەی وا هەڵبژێرین، کە ڕێز و گەورەیی بنوێنێت و جیاواز بێت لەو وشەو دەستەواژانەی بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسێکی تردا بەکاریدەهێنین، کە پلەوپایەی وەك خۆمان بێت یاخود لە خۆمان بچووکتر بێت)) (ئەحمەد، ٢٠٠٩:٢٤)، بۆ نموونە:**

**- چۆنی ڕۆڵە گیان باوکت چۆنە؟**

**+ مامۆستا گیان ئەی جەنابتان چۆنن؟**

**دیارە خەڵکی بۆ دیاریکردنی پێگە و پایەی خۆیان زمان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی فرە ڕەهەندا بەکاردەهێنن. ((ئەم ڕێگەیەش لە دیدگای قسەکەرەوە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ قسەکردن لەبارەی قسەکەر خۆی و جۆری کەسایەتییەکەی،–ئەو کەسایەتییەی دەیەوێت بۆ خۆیی پێکبهێنێت– هەروەها پێگەی لە کۆمەڵدا)) (هدسن، ١٩٨٧: ٣٢٣–٣٢٤).**

**بێگومان لە ئاخاوتندا شێوازی دەربڕین و دووری و نزیکی کۆمەڵایەتی ی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەری قسەکردنەکە ڕۆڵی گرنگیان لە پتەوکردنی پێوەندییەکاندا دەبێت. هاوکات ((هەڵبژاردنی کەرەستەکانی ڕێزگرتنیش پشت بەو ماوە و هێزە کۆمەڵایەتییە دەبەستێت، کە لە نێوان قسەکەراندا هەیە. کاتێك دووریی کۆمەڵایەتی لە نێوان بەشداربوونی ئاخاوتندا هەبێت، پتر ئاماژە بە ڕێزگرتن دەکرێت و پتر ناڕاستەوخۆیی بەدیدەکرێت)) (Mesthrie & et al.2009:230 )**

**بۆ نموونە: - ئێمە خۆمان بڕیار دەدەین.**

**- لە قسەی من دەرناچێت.**

[٤٢]) بۆ نموونە زمانی "جاڤانیس"یەکێکە لە زمانە سەرەکییەکانی وڵاتی ئیندۆنیسیا. ناکرێت پێی بدوێیت، تاوەکو دڵنیا نەبیت لەوەی پلەوپایەی بەرامبەرکەت چۆنە؟ بۆیە پێش ئەوەی لەگەڵ کەسێکی تردا قسە بکەیت، دەبێت بڕیار لەبارەی بەکارهێنانی شێوازێکی گونجاوی گفتوگۆکردن بدەیت، گیرتز زاراوەی شێوازی "باڵا، مامناوەندی، نزم"بەکاردێنێت، چونکە زۆربەی وشەکان سێ هاوواتایان هەن، کە پلەوپایەی کەسی بەرامبەر بڕیار لە بەکارهێنانیان دەدات. شێوازی باڵا لە لایەن کەس و خانەوادە ئەرستۆکراتییەکانەوە بەکاردێت و شێوازی مامناوەند لە نێوان دانیشتوانی شار و شارۆچکەکاندا بەکاردێت، کە هاوڕێی نزیکی یەکتر نین یاخود لەلایەن جووتیارانەوە کاتێك لەگەڵ کەسانی گەورەتر لە خۆیان دەدوێن. کەسانی پلەوپاپە نزمیش هەر بەو شێوەیە ئەم شێوازە بەکاردەهێنن، تەنانەت لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کە لە پلەوپایەدا زۆر لەخۆیان بەرزترن، چونکە ئەو کەسانە نازانن بەشێوازی باڵا بدوێن. شێوازی نزم ئەوەیە، کە منداڵان لەسەرەتاوە فێری دەبن، بەبێ ئەوەی جۆری خێزان و کۆمەڵ کاریگەری زۆری لەسەریان هەبێت. (Wardhaugh, 1990:267).

هاوکات د.محەمەد ڕەزای باتینی، تێکرایی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی تاکێك لە بەرامبەر تاکێکی دیکە، بۆ سێ ئاستی پێگە دابەشدەکات: (ئاستی بەرزتر، وەك: سەرۆکێك بەرامبەر گەلەکەی، مامۆستا بەرامبەر بە خوێندکارەکانی،...هتد ئاستی بەرامبەر، وەك سەرۆکێك بەرامبەر سەرۆکێکی تر، هاوڕێیەك بەرامبەر هاوڕێیەکی تر،...هتد. ئاستی نزمتر، منداڵ بەرامبەر باوکی، کارمەندێك بەرامبەر بەڕێوەبەرەکەی،...هتد)) (موحسین، ٢٠٠٨:١٢٠).

**٣-٣-١١ هێما نازمانییەکان–Paralinguistics:**

**ئالۆزبوونی ژیان وایکردووە، مرۆڤ جگە لە زمانی دەربڕین–ئاخاوتن، نووسین–ڕێگەی تریش بۆ پێوەندیکردن بدۆزێتەوە، ئەویش"زمانی جەستە"یاخود گەیاندنی نازمانییە، چونکە زۆرجار زمانی جەستە[٤٣] پتر لە پێکهاتە دەنگییەکان نهێنی دەردەبڕێت.**

**هێما نازمانییەکان هەندێکیان ناسەربەخۆن و تەنیا لەگەڵ زماندا گرنگی پەیدادەکەن و لە کاتی قسەکردندا نەبێت هیچ واتایەك نابەخشن و پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرزونزمی دەنگەوە هەیە،وەك لێوهەڵقورتاندن و دەستڕاوەشاندن. لەڕاستیدا ئافرەت پتر لە پیاو دەموچاو دەبزوێنێ و لێوهەڵدەقورتێنێ و لەشی دەجوڵێنێت،[٤٤]هەروەها لە بەکارهێنانیشیاندا لە پیاو زۆر وریاترە. هەندێکی تر لەم هۆکارانە بەبێ زمان کاردەکەن و واتا دەگەێنن و لە بەکارهێناندا سەربەخۆن، وەك سەرلەقاندن بۆ سەرەوە یان خوارەوە و گڵۆپی هاتوچۆ(ترافیك لایت) و ئەوانەی ئازار و سەرسووڕمان دەردەبڕن.[٤٥]جا بۆئەوەی گوێگر بەتەواوی لە مەبەستی قسەکەر بگات، دەبێت ((نەك هەر ناوەڕۆکی پەیامەکە بزانێت، بەڵکو جۆری گوتنەکە لەگەڵ هۆکارەکانی تردا لەیەك بدات، وەك تەمەن و ڕەگەز و باری قسەکەر، جگە لە بەرز و نزمی پلەی دەنگ، گۆڕینی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و بەردەوامی و چۆنێتی دەستگرتن بەسەر دەنگدا)) (فەتاح، ١٩٩٠:٢٠). زۆرجار ئاماژە نازمانییەکان واتا فەرهەنگییەکان پێچەوانەوە دەکەنەوە، بۆنموونە: ((کاتێك بە(چاوتروکاندن) یێکەوە بە ئامادەبوونی کچەکە و چەند کەسانێکی تر و بەبێ ئاگایی کچەکە پێی بڵێی: زۆر جوانی! ئەمە واتاکەی پێچەوانە دەکاتەوە و دەبێتە توانج بۆی و ئەگەر ئاگاشی لێی بێت، ئەوا تووڕە دەبێت)) (دزەیی، ٢٠٠٩:٢٤). هەر ئەم ڕاستییەش وایکردووە، کە ئاماژە نازمانییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە ئاخاوتندا هەبێت، هەروەکو دەیڤد ئەبێرکرۆمبیِ (David Abercrombie)ی زمانەوان دەڵێت: ((بە ئەندامە دەنگییەکانمان ئاخاوتن دەکەین، بەڵام بە**

---

[٤٣]) ئەو زمانەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە هەست و بیر و بۆچوونەکانی خۆی بە بێ درکاندنی هیچ دەنگێك یان پەیڤەکێك دەربربڕێت. واتە زمانی جەستە لەو ئاماژە و جووڵانەی لەش دەکۆڵێتەوە، کە هاوڕێیەتی گوتن دەکەن ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە لە توخمی نازمانی دەکۆڵێتەوە وەك تیژی قسەکردن و کۆخین و باوێشکدان و گریان و پێکەنین، کە ئەمانە چالاکیی جەستەیین و وشە و ڕستە نین، بەڵام هەریەکە واتای خۆی هەیە. هەروەها زمانەوانی هاوڕێیەتی بایەخ بە بەکارهێنانی دیاردە نادەنگییەکان دەدات، وەك: دەربڕین بە دەموچاو، جووڵەی سەروچاو، هەروەها ئاماژەکردن بە ئەندامەکانی جەستە، کە هەندێکجار بۆ ڕەزامەندی یان ڕوونکردنەوەی واتا و مەبەستی قسەکەر بەکاردێت. ئەم دیاردە نازمانییانە بە دەربڕینەکانی ڕوومەندی دادەنرێن و بەشداربوونێکی پتری بنیادنانی گوتن و واتا دەکەن. بۆ زانیاریی پتر لەمڕووەوە، بڕوانە: (الحمدانی، ٢٠٠٤:٢٢١) و (Lyons, 1990:23) و (سەعید، ٢٠١١:٢١) (زیائەدین، ٢٠١١: ٣٥–٣٩).

[٤٤]) بۆ زانیاریی پتر لەبارەی بەکارهێنانی ئەمانەوە لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: (ئیبراهیم، ٢٠٠٤: ٣٥–٤٠).

[٤٥]) بڕوانە: (فەتاح، ٢٠١٠: ١٠٣–١٠٥).

هەموو بەشەکانی لەشمان پەیام دەگەیێنین)) (هدسن، ۱۹۸۷:۲۲۸). لە کاتی ئاخاوتندا جگە لە گوتن و دەربڕینە زمانییەکان ئاماژە نازمانییەکانیش زۆر گرنگن و بە هەند وەردەگیرێن، بۆیە دەبینین لە کاتی دەربڕینی خۆشییەکاندا دەبێت لە ڕوومەندی بەشداربووانیشدا ئەو خۆشییە ببینرێت. لە کوردەواریدا ئاماژە نازمانییەکان لە دیاردەی ڕێزگرتندا گرنگی زۆریان هەن و بە چەندان شێوە ڕێز پیشاندەدەن، تەنانەت ((شێوەی دانیشتنیش کاردەکاتە سەر قسەکردن و هەستی بەرامبەر، بۆیە دەبینین لە دانیشتە ڕامیارییەکاندا لایەنی ناکۆك لەسەر مێزێکی بازنەیی دادەنیشن و واتای ئەوە دەدات، کە کەسیان لەویتر بە دەسەڵاتتر نییە)) (دزەیی، ۲۰۱۱:۳۰)، هەروەها چەندان هێمای نازمانی تر وەك: **مەڕ لەبەر پێ سەربڕینی میوان، هەستان لەبەر کەس و شوێنپیێدان بە ئافرەت یان لە خۆگەورەتر لەناو پاسدا، پێشخستنی میوانەکە لە کاتی ڕۆیشتن و دانانی لە لای سەرەوەی ژوور لەماڵدا یان دانانی لە ڕیزی پێشەوە لە بۆنە گشتییە جیاوازەکاندا.**

### ۳-۳-۱۲ بابەت/باس[٤٦]-Topic:

باس وەك بابەتێکی ڕستەسازی بریتییە لە گۆڕینی شوێنی هەندێك کەرەستەی ڕستە لە شوێنی بنەڕەتیی خۆی، بەوەی دەهێنرێنە سەرەتای ڕستە. واتە پێوەندی بە گۆڕینی شوێنەوە هەیە، کە بەرکاری ڕستە گوازراوەتەوە بۆ سەرەتای ڕستە و پێش بکەر کەوتووە، بێگومان ((سەرباس هەڵبژاردنی بابەتی ئاخاوتنە و پێوەندی بە ناوەڕۆك و ڕێکخستنی ئاخاوتنەوە هەیە. قسەکەر هەوڵدەدات بۆ ناساندنی بابەتەکەوپێشخستنی یان گۆڕرانی لە کاتی پێویستدا. هەر زنجیرە ئاخاوتنێك سەرباسێکی خۆی هەیە و بەپێی پێوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و تەمەن و پیشە و شوێن و کات دەگۆڕرێت)) (دزەیی، ۱۹۹۹:٦٤-٦٥). ئەم هێنانە پێشەوەیە، ڕیزکردنی کەرەستەکانە ((لەپێناو دەربڕین و دەرخستنی ڕێزگرتندا پێویستە تێبینی دوو لایەنی گشتی لە بەکارهێنانی ئامرازە زمانییەکاندا بکەین:

یەکەم/ وادەردەکەوێت هەڵبژاردنی کۆمەڵێك ویستی ستراتیژی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئامرازە زمانییەکانەوە بناسرێنەوە، ڕەنگە پێوەندی بە ڕێکخستن و ڕیزکردنی دەربڕینی ویست و ئارەزووەکانەوە هەبێت، بۆنموونە: ڕستەی یەکەم لە ڕستەی دووەم بەڕێزانەترە:

- **پێت ناخۆش نییە پرسیارت لێبکەم، لەکوێ ئەو تەنوورەیەت کڕیوە؟**
- **لە کوێ ئەو تەنوورەیەت کڕیوە؟ ئەگەر پێت ناخۆش نییە، پرسیارت لێبکەم.**

---

[٤٦]) لەم بابەتەدا ئاماژە بە دوو زاراوە دەکرێت، کە ئەویش: ۱-سەرتۆپ: ئەو بەشەی ڕستەیە، کە لە ڕێیەوە دەزانرێت ئەو ڕستەیە دەربارەی چییە. ۲-کۆمێنت: ئەو بەشەی ڕستەیە، کە دەربارەی سەرتۆپ دەگوترێت. بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: (فەتاح، ۲۰۱۰: ۳۵۱) و (قادر، ۲۰۰۸:۱۷).

دووەم/بەشێوەیەکی گشتی هەتاوەکو قسەکەر پتر هەوڵبدات بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی زمانی جوان نیشانبدات، پتر ئارەزووی ڕاستگۆیانەی خۆی دەردەخات، بۆئەوەی پێویستییە ڕووەندییەکانی گوێگرەکەی پڕبکاتەوە، ڕەنگە قسەکەر بتوانێت ئەمە ئەنجامبدات، بەوەی ئامرازەکان بخاتە خزمەت ویستەکانییەوە، یان بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی تایبەتی ترەوە ئەم کارە بکات، یان هەردوو ڕێگەکە بەکاربهێنێت)) (Brown and Levinson, 1987:93). بۆ نموونە:

**- بەڕاستی تۆ کەسێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزیت، شایستەی هەموو شتێکی.**

هەڵبژاردن و دیاریکردنی بابەت و کەرەستە زمانییەکان بۆ لەباری و نالەباریی وشە دەگەڕێتەوە، چونکە هەندێك وشە بۆ دەربڕینی مەبەستەکان لە هەندێك وشەی تر گونجاوترە. بۆیە ئاخێوەر بەهۆی ئەو وزە زیادەیەی"هێز"دەیخاتە سەر یەکێك لە بڕگەکانی وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان دەربڕاوێك دەتوانێت مەبەستەکەی بۆ بەرامبەر ڕوونتر بخاتەڕوو. جا ئەمەش هەر لە ڕستەدا نییە، بەڵکو لە وشە تەکخراوەکانیشدا دەبینرێت. دیارە ((وشە تەکخراوەکان (Coordinate) لەو کەتیگۆرییانەدا ڕوودەدن، کە سەر بە هەمان کەتیگۆریین)) (مەعروف، ٢٠٠٩: ٦٤) بۆنموونە: **- حەپسەخان ژنێکی ئازا و شۆڕشگێڕ بووە.**

یاخود کاتێك باسی کەسێك یان شتێك دەکەین و مەبەستەمانە، کە ڕێزی پتر پیشانبدەین، ئەویش بە پاش و پێشخستنی کەرەستە زمانییەکان لە کاتی ئاخاوتن/نووسیندا دەبێت، بۆ نموونە: **- مام جەلال و کاك مەسعود لە شاری هەولێر کۆبوونەوە.**

**- کاك مەسعود و مام جەلال لە شاری هەولێر کۆبوونەوە.**

ئەم دوو ڕستەیە لە ئاستی سیمانتیك و سینتاکسدا یەك شتە، بەڵام لە ئاستی پراگماتیکدا لەیەکتر جیاوازن، ئەوەش بۆ دەوروبەرە و کەسانی بەشداربوو دەگەڕێتەوە، ڕستەی یەکەم پتر ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان بەکاریدەهێنن، ڕستەی دووەمیش پتر ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی ی کوردستان بەکاریدەهێنن. بۆیە بەگشتی لە ئاخاوتندا ئەوە گرنگە، کە ((دەمانەوێت چی بڵێین؟ چۆن مەبەستەکەمان بگەیەنین؟ جۆری ئەو وشە و ڕستە و دەنگانە چۆن دەبێت، کە دەتوانن بە باشترین شێوە مەبەستی گفتوگۆکە و شێوازی دەبڕینەکەی نیشانبدەن؟ ئەوەی بە چ شێوازێك مەبەستەکەمان دەردەبڕین هێندەی خودی مەبەستەکە گرنگە[٤٧])) (Wardhaugh, 1990:251). چونکە ئەوە لە لایەك پێوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان بەشداربووەکان و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاریدەکات، لە لایەکی ترەوە قسەکەر دەتوانێت ڕێز و بە وێڵی خۆی بنوێنێت.

---

[٤٧]) هەروەها، بڕوانە: (بالمر، ١٩٨١: ٦) و (مەحویی، ٢٠٠١: ٥١).

### ٣-٣-١٢ ئایین و ڕێزگرتن-Religion and Politeness

هەر کۆمەڵێك بە ئایینێك یان پتر کاریگەرە، هەر بۆیە  ئایین لە ژیانی مرۆڤدا ڕۆڵی گرنگی هەیە، دەتوانین بڵێین ناوەڕۆکی هەموو ئاینێك لە کۆمەڵێك ڕێسا پێکهاتووە، کە ڕێنموونی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکان و پابەندبوون بەو بنەمایانەوە دەکەن و ئاڕاستەی دروست بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەدەن.کوردیش بە بیروباوەڕی میترا و دوواتر بە ئایینی زەردەشتی و جوولەکە و مەسیحی کاریگەر بووە، بەڵام هاتنی ئاینی ئیسلام وەك دووا ئایین، وایکردووە دەقە پیرۆزەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ) ڕەنگدانەوەی لە ئاوەزی مرۆڤی کورد دا پتر بێت، بەها و ڕێسای ئاینییەکان پێگەیەکی بەرچاویان لە کۆمەڵدا هەیە و قسەکەر دەبێت بە هەموو شێوەیەك ڕەچاوی بەها و ڕێسا ئاینییەکان بکات، بەپێچەوانەوە بێڕێزی و سووکایەتییە بەرامبەر بنەما ئاینییەکان، وەکو: ((ناوبردنی محەمەد پێغەمبەر بێ درووودی خوای لێبێت بێڕێزییە یان لای ئێزدییەکان لە ڕووی ئاینییەوە، ناوهێنانی شەیتان بە خراپە یان جنێودان بە ڕەنگی شین و باڵندەی تاووس تابووە)) (موحسین، ٢٠٠٨: ١١٦). بە گشتی ئایینەکان هانی خەڵکی بۆ گیانی لێبوردەیی و نەرمونیانی و پەیوەستبوون بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێز لە یەکتر گرتن دەدەن. شێوازی دواندن لە قورئانی پیرۆزدا بە گشتی دواندنە لەگەڵ ژیریدا، هاوکات کار لەسەر هەست و سۆزیش دەکات، وەکو دەفەرموویێت:

﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا ﴾.[٤٨] یان دەفەرموویێت: ﴿وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾[٤٩] ئایینی ئیسلام گوتارەکانی ڕێزئامێزن و داوای تەبایی نێوان تاکەکان و کۆمەڵ دەکات و داوا دەکات مرۆڤ زۆر وریای زمانی بێت و بەباشی لەگەڵ خەڵکیدا بەکارییبهێنێت، چونکە زمان زۆر ئەرکی پێدەبینێت، جا ئەوەی کە مەبەستی ئێمەیە بەکارهێنانی زمانە بە جۆرێك، کە بتوانێت خۆی لە ئازاردان و گاڵتەپێکردن و بێڕێزی نواندن بپارێزێت و کاریگەریی ئەرێنی هەبێت، بەوەی ڕێز و خۆشەویستی بگەیەنێت، هەروەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ﴿ المُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ المُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَ يَدِهِ ﴾[٥٠] (البخاري:١٩٨٧:جزء١:١٣).

هاوکات پێویستە مرۆڤ لە هەموو کاروبارێکیدا نەرمونیانی پیشە و هاوەڵی بێت، چونکە خوای گەورە ئەوەی پێخۆشە، هەروەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموویێت:﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُ الرِّفْقَ فِي الأمرِ كُلِهِ﴾[٥١](البخاري:١٩٨٧:جزء٥:٢٢٤٢).

---

[٤٨]) واتە هەر دووکتان بە نەرمی و بە جوانی گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. سوورەتی تەها (٤٤).

[٤٩]) واتە گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانییەکاندا مەکەن، مەگەر بە جوانترین شێوە نەبێت. سوورەتی عەنکەبووت(٤٦)

[٥٠]) واتە موسڵمان ئەوەیە موسڵمانانی ترلە دەست و زمانی پارێزراو بن.

[٥١]) واتە بە ڕاستی خوای گەورە نەرمونیانی لە هەموو کارێکدا خۆشدەوێت.

بێگومان زمان یەکێکە لەو بوارانەی، کە ئایەت و فەرموودەی پیرۆزی تری زۆر لەسەرە، وەك ئەوەی وتراوە زمان و دامێنتان بپارێزن منیش بەهەشتان بۆ دەستەبەر دەکەم. بەڵام بە هۆی سنووری لێکۆڵینەوەکەوە ناتوانین لەوە پتر ئاماژەیان پێبدەن. ئایین وایکرووە هەندێك وشە فۆرم و ناوەڕۆکێکی ئایینی لەخۆبگرێت، ڕەنگە ئایینیش لەلایەن کۆمەڵەوە بەرزترین پلەی ڕێزگرتن بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا خوێندنەوەی جودا بۆ هێندێك لە دەربڕراوەکانی ئەو کەلتوورە ئایینییە دەکرێت، بۆ نموونە کاتێك بوترێت: **- مەلا گیان ئاوەرە دانیشە.**

**- ئەی مەلا تۆ چیدەڵێیت؟**

لەم نموونانەدا خودی وشەی مەلا دەکرێت لە دوو ڕووانگەوە واتاکەی لێکبدرێتـەوە بەوەی بەرامبەر هەندێکجار وا تێدەگات، کە مەبەست پێی بچکوکردنەوە و گاڵتەپێکردنە، بۆیە دەشێت کاردانەوەی نەرێنی لێبکەوێتەوە، کە ئەمەش بە زۆری بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەو جۆرە بەکارهێنانە لە لایەن قسەکەرەوە یان بۆ خۆشەویستی و نازپێدانە، لەبەرئەوە لە کوردەواریدا لە ئێستادا ئەم زاراوەیە پتر بۆ لایەنی نەرێنی بەکاردێت، بۆیە پیاوی ئایینی لە جیاتی زاراوەی "**مەلا**" پێیان خۆشە بە زاراوەی "**مامۆستا**" بانگ بکرێن، بەڵام ئەگەر دوو مەلا لەگەڵ یەکتر دا قسە بکەن و تاڕادەیەك لە ئاستو تەمەندا هاوشان بن، ئەوا ئاساییە دەربڕینی"**مەلا**" لە نێو خۆیاندا بەکاربهێن. کەواتە دەروبەر و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی کەسەکان و شێوازی ئاخاوتنەکە واتا و چەمکی بەکارهێنانی دەربڕینە زمانییەکان دیاریدەکەن، بۆنموونە:

زۆرجار ناسناو و دەربڕینی زمانی هەن، کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕێزگرتن بەکاردێن، بەڵام لە ئاخاوتنی ئێستادا هەندێکجار بە پێی بەکارهێنانیان بۆ کەسانی تر بێڕێزی دەگەیەنن، وەك ئەوەی قسەکەر ناسناوێك بۆ کەسێك بەکاربهێنێت، کە لەبنەڕەتدا بۆ ئەو کەسە شایستە نەبێت، ئەوا دەبێت توانجدان و ئیهانەکردن و بێڕێزی، وەك ئەوەی بە مامۆستایەك یان دکتۆرێك بڵێیت: **مەلا، شێخە، حاجی، سۆفی**،...هتد.

# ئەنجامەکان

# Conclusions

# ئەنجامەکان

١- ڕێزگرتن ڕەچاوکردنی کۆمەڵێك بەهای کۆمەڵایەتییە، کە گرنگیدان بە کەسی بەرامبەر و ئەوانیتر دەگەیێنێت و گرژی و ململانێ و دژیەکی لە پێوەندییە کەسییەکاندا کەمدەکاتەوە.

٢- ڕێزگرتنی زمانی بە کەلتوورەوە پەیوەستە، کەلتووری کوردیش لەم بوارەدا دەوڵەمەندە، هەروەها تاکی کوردیش خاوەنی ڕوومەندی و کۆمەڵێك ستراتیژە بۆ بنیادنانی پێوەندییەکان.

٣- بە پێی بنەماکانی ڕێسای ڕێزگرتنی لیچ، کە زۆرترین سوودمەندبوون بۆ گوێگر و زۆرترین لەسەرکەوتن بۆ قسەکەرە، ئەمەش ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا دێنێتە ئاراوە.

٤- پەیڕەوکردنی ڕێسای هاریکاری گرایس لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا دەبێتە هۆی ڕێزگرتن و درێژەپێدانی پێوەندییەکانیش. هەروەها کردە قسەییەکانیش تا ناڕاستەوخۆ بێت، پلەی ڕێزگرتنەکە پتر دەبێت، چونکە هەڵبژاردن بۆ گوێگر زیاترە.

٥- بە گشتی دەتوانرێت بوترێت جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، وەك هەواڵی، پرس، سەرسووڕمان، داخوازی و فەرماندان دەتوانن ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتنیش بنوێنن.

٦- لە زمانی کوردیدا هەر یەك لە دەوروبەر و گریمانەی پێشینە و دەربڕینی پەنامەکی و نیشانکارەکان ڕێزگرتن دەردەبڕن. هەروەها وشە و فرێز و ڕستە و ئیدیۆم و میتافۆڕ و شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن گرنگن و دەتوانرێت بە بەکارهێنانیان ڕێزگرتن دەربڕن.

٧- زمانی کوردی لە ڕووی ناوەکانی خزمایەتی و ناسناوە کەسییەکان، کە بۆ ڕێزگرتن بەکاردێت دەوڵەمەندە، هەروەها تابوو و جوانبێژی بۆ خۆی جۆرێکە لە ڕێزگرتن، چونکە ڕێز و شکۆمەندی و نەرمونیانی لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا پیشاندەدات.

٨- لە زمانی کوردیدا هێز و ئاوازە و تەمەن و ڕەگەز و پیشە و دەسەڵات و لایەنی دەروونی و بابەت و هێما نازمانییەکان و ئایین هۆکار و بووارەکانی هێنانەکایەی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتنە.

٩-کەلتووری کوردەواری بە مەبەستی ڕێزگرتن جەختی زۆر لە پێشکەشکردنی زمانی دەکات، هەروەها لە بواری بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا خاوەنی کەرەستەیەکی زۆرە بۆ ڕێزگرتنی زمانی.

**پێشنیاز بۆ کاری داهاتوو:**

ئەگەر بێت و لە کارەکانی داهاتوودا لێکۆڵینەوەی پتر و تایبەت لە هەریەك لە دیمانەی ڕێزگرتنی لیچ و دیمانەی براون و لیڤنسن بە تایبەتی ستراتیژەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا بکرێت، ئەوا لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەم بوارەدا دەوڵەمەندتر دەبێت.

# سەرچاوەکان

# BIBLIOGRAPHY

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


١- ئەحمەد، پەخشان عەلی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان زانکۆی کۆیە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، زنجیرە(٤٢)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢- ئەمین، د. وریا عومەر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس (٩٠٠)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٣- ئەمین، نژیار ئدریس (٢٠١٢)، تابۆ د زمانێ کوردیدا (گۆڤەرا بەهدینی وەك نموونە)، نامەی ماستەر، کولیژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، چاپنەکراوە.

٤- ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم(٢٠٠٤)، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، چاپنەکراوە.

٥- تۆفیق، د.قەیس کاکل(١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، چاپنەکراوە.

٦- حسەین، د.شیلان عومەر (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، زنجیرە(٢٩)، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم-سلێمانی.

٧- حەمەدئەمین، ڕزگار واحید (٢٠٠٩)، شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، چاپنەکراوە.

٨- دزەیی، د.عەبدولواحید مشیر مەحمود (١٩٩٩)، پێکهاتی ئاخاوتن لە زاری هەولێر دا، لێکۆڵینەوەیەکی کارەکی پرگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، چاپنەکراوە.

٩- ـــــــــــ ، (٢٠٠٩)، واتاسازی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی-زنجیرەی (٤١٥)، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی، هەولێر.

١٠-ـــــــــــ، (٢٠١٠) واتاسازی وشە و ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.

١١-ـــــــــــ ، (٢٠١١)، زانستی پراگماتیك، چاپخانەی پاك، چاپی دووەم، هەولێر.

١٢- زیائەدین، چیمەن نیزامەدین مەحموود(٢٠١١)،کاریگەرییا تەمەنی ل سەر زمانێ پێوەندی کرنێ (باژێرێ دهۆکێ وەك نموونە)، نامەی ماستەر، فەکولتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆکێ، چاپنەکراوە.

١٣- سدیق، د. فاررووق عومەر(٢٠١١) لەدایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان-سلێمانی.

١٤- سەعید، د.یوسف شەریف (٢٠١١)، زمانەوانی، کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٥- شەمس، هێمن عەبدولحەمید(٢٠٠٦)، شێواز ودەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، چاپنەکراوە.
١٦- عەزیز، ڕێژنە ئیسماعیل(٢٠٠٨)، ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی زمانیی دەروونییە، نامەی ماستەر، کۆلیجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، چاپنەکراوە.
١٧- عەزیز، د.یۆئیل یوسف و ئەوانیتر (١٩٨٤)، وەرگێڕانی ئەدەبی، و.غازی فاتیح وەیس، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
١٨- عەلی، د. تاڵب حسێن (٢٠١١)، واتاسازی-چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
١٩- عەلی، د.بەکر عومەر (٢٠٠٠)، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، چاپنەکراوە.
٢٠- عەلی، د.بەکر عومەر و قادر، د.شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢١- عەبدوڕەحمان، شیلان عوسمان (٢٠٠٩) ڕۆڵی کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی زنجیرەی(٥٧)، چاپخانەی هاوسەر، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢٢- فەتاح، پ. د.محەمەد مەعروف (١٩٨٦) ، سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٢) کانوونی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی(دار الحریة للطباعة)، بەغداد.
٢٣- ـــــــــــ، (١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمە للطباعة و النشر، هەولێر.
٢٤- ـــــــــــ، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، زنجیرەی (٤٩١)ی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٢٥- فەرەج، د.شاخەوان جەلال (٢٠١١) تابۆ وەك نموونەیەکی پێوەندیی نێوان زمان و کەلتوور ، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، چاپنەکراوە.
٢٦- فەرەج، د.هۆگر مەحموود(٢٠٠٠) پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، چاپنەکراوە.
٢٧- ـــــــــــ، (٢٠٠٧) زمانی کوردی و گەیاندنی واتای پراگماتیکیی گوزارشتگەلێکی پێوەند بە کەلتووری ئیسلامەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(١٩)، بەشیB، مانگی ئازار.

٢٨- قادر، د.ئەبوبەکر عومەر(١٩٩٣) پرسيار لە زمانی کورديدا، نامەی ماستەر، کۆليجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددين، چاپنەکراو.

٢٩- قادر، د.کاروان عومەر(٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کورديدا، نامەی ماستەر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی زنجيرە(٢٥)، چاپخانەی تيشك، چاپی يەکەم، سليمانی.

٣٠- کاکی، د.حەمەنوری عومەر (٢٠٠٨)، شێواز لە شيعری کلاسيکيی کورديدا، نامەی ماستەر، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، زنجيرە(٢١)، چاپی يەکهەم، چاپخانەی تيشك، سلێمانی.

٣١- محەمەد، د.حاتەم وليا (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجيی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، چاپنەکراوە.

٣٢- محەمەد، بەهار زاير (٢٠٠٩)، زمان و ياسا کۆمەڵايەتييەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددين، چاپنەکراوە.

٣٣- محەمەد، دارا حەميد(٢٠١٠)، واتاسازی-هەندێك لايەن لە سيمانتيك و پراگماتيکی کوردی، نامەی ماستەر، کۆليجی ئيبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا، چاپی يەکەم، چاپەمەنی ژير-سلێمانی.

٣٤- محەمەدئەمين، ميديا موراد(٢٠٠٩)،لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کورديدا لێکۆڵينەوەيەکی لێکسيکۆلۆجييە، نامەی ماستەر، کۆليجی زمان، زانکۆی سەلاحەددين، چاپنەکراوە.

٣٥- محەمەدساڵح، ئاوات ئەحمەد، (٢٠٠٩) شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کورديدا، لێکۆڵينەوەيەکی پراگماتيکييە، نامەی ماستەر، کۆليجی زمان، زانکۆی سەلاحەدين، هەولێر، چاپنەکراوە.

٣٦- مەحمود، د.ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٩)، پراگماتيکی ڕستەی پرسيار و فەرمان لە زمانی کورديدا، نامەی ماستەر، کۆليجی زمان، زانکۆی سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣٧- مەعروف، د.عەبدولجەبار مستەفا، (٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردييدا، نامەی دکتۆرا، کۆليجی زمان، زانکۆی سلێمانی، چاپنەکراوە.

٣٨- معين، سازان ڕەزا (٢٠٠٥)، واتاو دەوروبەر-لێکۆڵينەوەيەکی پراگماتيکييە-، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددين، هەولێر، چاپنەکراوە.

٣٩- مەحويی، د.محەمەد (٢٠٠١)، زمان و زانستی زمان سەرەتايەك بۆ زانستی زمان، بەرگی يەککەم، زنجيرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٠- ـــــــــ ، (٢٠٠٦)، ئاوەزداريی و ڕێزمانی ناوەرۆك_وابەستە، چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پێوەند، سلێمانی.

٤١- ـــــــــ ، (٢٠٠٩أ)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، (لە زمانی ئەڵمانييەوە وەرگێڕراوە) زنجيرە (٤١)يە لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج-سلێمانی.

٤٢- ـــــــ ، (٢٠٠٩ب)، زانستی هێما هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، بەرگی دووەم، چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی، چاپخانەی پێوەند، سلێمانی.

٤٣- موحسین، بەهزاد (٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢٩)، هەولێر.

٤٤- موسا، د.عەبدولوەهاب خالید (٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٥٧).

٤٥- ناوخۆش، سەلام بەکر (٢٠١٠) ، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە-هەولێر.

٤٦- ناوخۆش، سەلام بەکر و خۆشناو، نەریمان (٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی"یەکەم، دووەم، سێیەم" چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم-هەولێر.

٤٧- ـــــــ (٢٠١١)، زمانەوانی، بەرگی"هەشتەم"، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٤٨- وەیس، غازی فاتح(١٩٨٤)، فۆنەتیك، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی ی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان، ناوچەی کوردستان، زنجیرە(٥)، چاپخانەی الادیب، چاپی یەکەم، بەغداد.

## سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:

١- باطنی، د.محمد رضا (١٣٧٤)، زبان و نظریەء ارتباط،(مسائل زبانشناسی نوین-دە مقالە-)، چاپ چهارم، انتشارات آگاه، تهران، تابستان.

٢- حسینی، سید محمد (١٣٨٨)، ادب و قدرت: نشانگرهای زبانی مخالفت در جلسات دفاع از پایان نامە، مجله پژوهش های زبان شناسی سال أول، شماره أول پاییز و زمستان، ٧٩-١٠٠.

٣- جاهدزاده، بهنام (١٣٨٨)، فرم محترمانه و نقش أن در زبان ژاپنی، دانشگاه تهران، مرداد.

٤- زندی، دکتر بهمن (١٣٨٨)، زبان آموزی، چاپ و صحافی مهر، چاپ هفتم، پاییز.

٥- مدرسی، دکتر یحیی(١٣٨٧)، درآمدی بر جامعشناسی زبان، نشر: پژوهشگاه علوم إنسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ دوم، تهران.

٦- مقدم، أحمد صفار(١٣٨٨)، مقایسه عناصر أدب در زبانهای کرەای و فارسی، فصلنامه تحقیقات فرهنگی، دوره دوم، شماره ١، بهار، ص٧٧-٩٧.

## سەرچاوەکان بە زمانی ڕووسی:

١-ئوورزینا، م.س. (١٩٧٥)، دەربارەی جێناوی هاوکێشەی ڕێز لە زمانی فارسی ئەمڕۆدا و لێکسیکۆلۆژیا و گراماتیکی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان، گۆڤاری کۆمەڵە وتاری ئەنیستیتووی ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای سۆڤییەت، مۆسکۆ.

٢-ڤاسیلیڤە، ئی. ئی. و ڕەشید، ڕەشاد سەبری (١٩٨٨)، دەربارەی تایبەتییەتەکانی ئەتەکێتی کوردی، لە گۆڤاری ئەتەکێت لای میللەتان، چاپخانەی زانست، مۆسکۆ.
٣- مایتینسکەیا، ك. ئێ. (١٩٦٩)، جێناو لە زمانە سستێم جیاوازەکاندا، مۆسکۆ.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

١- القُرآنٌ الكَرِيم.
٢- أولمان، ستيفن (١٩٧٤)، دور الكلمة في اللغة، ترجمة و قدم له و علق عليه دكتور كمال بشر، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثانية عشرة، القاهرة.
٣- البخاري، محمد بن إسماعيل(١٩٨٧)، صحيح البخاري، تحقيق و تعليق د.مصطفى ديب البغا، جزء(١،٥)، الطبعة الثالث، دار إبن كثير، بيروت.
٤- البعلبکی، منير(٢٠٠١)، المورد قاموس انكليزى-عربي، ب.ت. بيروت.
٥- الحمداني، د.موفّق(١٩٨٢)، اللّغة وعلم النّفس-دراسة للجوانب النفسيّة للّغة-، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، طبع بمطابع دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.
٦- السعران، د.محمود (١٩٥٨)، اللغة والمجتمع رأي و منهج، المطبعة الأهليِّة- بنغازى.
٧- الشافعِي،الإمام أبى عَبدُالله محمَّد بن إدريس(٢٠٠٣)، ديوان الإمام الشَافعِي، جمع و تعليق الدكتور أحمد أحمد شتويّ، الطبعة الأولى، دار الغد الجديد للنشر والترجمة، المنصورة-مصر.
٨- الضامن، د.حاتم صالح (١٩٨٩)، علمُ الُلغَة، جامعة بغداد، بيت الحكمة، طبع بمطبعة التعليم العالى بالموصل.
٩- المصري، محمد بن مكرم بن منظور، لسان العرب، دار صادر، لبنان-بيروت، ط١، جزء١٠، بدون تأريخ.
١٠- بالمر، أف.آر. (١٩٨١)، علم الدلالة، ترجمة: مجيد الماشطة (١٩٨٥)، مطبعة العمال المركزية- بغداد.
١١- بشر، د.كمال (٢٠٠٠)، علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.
١٢- توفيق، أميل (١٩٨٢)، الزمن بين العلم والفلسفة والأدب، الطبعة الأول، دار الشروق، القاهرة.
١٣- خرما، د.نايف(١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، سلسلة كتب الثقافية شهرية (٠٩) يصدرها المجليس الوطني للثقافة والفنون والآداب- الكويت.
١٤- زوين، د.علي(١٩٨٦)، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، سلسلة كتب شهرية، طبع في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة-افاق عربية-، ط١، بغداد.
١٥- عبدالعزيز، محمد حسن(١٩٨٣)، مدخل الى علم اللغة، دار النمر للطباعة- قاهرة.
١٦-عمر، د.احمد مختار(١٩٩٨) علْمُ الدَّلالة، عالم الكتب، مكتبة دار العروبة للنشر و توزيع، الطبعة الخامسة، كويت.
١٧-لاينز، جون(١٩٨٧)، اللغة والمعنى والسياق، ترجمة: عباس صادق الوهاب، مراجعة: د.يوئيل يوسف عزيز، دار الشؤون الثقافية العامة(افاق عربيه)، سلسلة المائة كتاب، بغداد.
١٨- لاينز، جون (١٩٦٨)، علم الدلالة، ت.مجيد حليم مشاطة و أخرون، بصرة.

١٩- مصطفى، إبراهيم و أخرون(١٩٨٩)، المعُجَمُ الوَسِيط، الجزء الأول والثاني، دار الدعوة، مؤسَسَة ثقَافية للتأليف والطباعة والنشر والتوزيع، استانبول، تركية.

٢٠- هدسن (١٩٨٧)، علم اللغة الاجتماعى، ترجمة: د.محمود عبدالغنى عّياد، مراجعة وتقديم د.عبدالامير الاعسم، ط١، وزارة الثقافة و الاعلام، دار الشون الثقافية العامة، سلسلة المائة كتاب، بغداد.

٢١- وافى، د.علي عبدالواحد(١٩٧١)، اللغة والمجتمع، دار نهضة مصر للطبع والنشر، الفجالة، القاهرة.

٢٢- يوسف، د.جمعة سيد (١٩٩٠)، سيكولوجيَّة اللغة والمرض العقلي، عالم المعرفة، سلسلة كتب الثقافية شهرية (١٤٥) يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون و الآداب، مطابع السياسة-الكويت.

## سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

1-Abbas, Dr.Abbas Mustafa.(2009).The Concept of Pragmatic Politeness with Reference to English and Kurdish.Unpublished Ph.D. Dissertation, University of Sulaimani.

2-Acklam, Richard and Crace, Araminta.(2008).Total English. Pre-Intermediate-Student's book-first Edition, Asr Goish Printing Press. Crace,Pearson, Longman.

3-Bayraktaroğlu, Arin and Sifianou, Maria.(2001).Linguistic politeness across boundaries:The Case of Greek and Turkish. John Benjamins Publishing Company.USA.

4-Bousfield, Derek.(2008).Impoliteness in Interaction.University of Huddersfield, Ph.D.Dissertation, John Benjamins Publishing Company Amsterdam/Philadelphia.

5-Brown, Penelope and Levinson, Stephen.(1987). Politeness: Some Universals in Language Usage. Cambridge: Cambridge University press.

6-Callies, Marcus.(2009). Information Highlighting in Advanced Learner English-The syntax–pragmatics interface in second language acquisition- John Benjamins Publishing Company, Amsterdam/Philadelphi.

7-Chapman Siobhan. (2005). Paul Grice philosopher and linguist, Palgrave Macmillan Ltd, Printed and bound in Great Britain.

8-Crystal, David. (1992). An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages.1ed, Black well Publishers.

9-________.(2003). A Dictionary of Linguistic and Phonetics. 5 ed. Malden-uk: Blackwell Publishing Ltd.

10-Culpeper Jonathan.(2005).Impoliteness and entertainment in the television quiz show: The Weakest Link: Journal of Politeness Research1:P.35-72.
Cited in: httpwww2.comm.niu.edufacultyrholt608Read01bCulpeper.pdf 1/6/2011

11-Dascal Marcelo. (2003). Interpretation and Understanding, Tel Aviv University John Benjamins Publishing Company Amsterdam/Philadelphia.

12-Davidson Jenny.(2004).Hypocrisy and The Politics of Politeness.Manners and Morals from Locke to Austen. New York: Cambridge University Press. httpwww.uned.esdpto-leng-esp-y-ling- gralescandellpapersCogAppPolit.PDF

13-Elizabeth Bates.(1996).Language and Context-The Acquisition of Pragmatics-Academic Press, INC,USA.

14-Fattah, Muhammad Ma'ruf. (1997). A Generative Grammar of Kurdish. Amsterdam, Unpublished Ph.D.Dissertation.

15-Fraser, Bruce. (1990). Perspectives on Politeness.Journal of pragmatics14: (2), 219-236. North-Holland.

16-Fromkin Victoria & et al. (2007).An Introduction to Language. 8th ed, Thomson Wadsworth, U.S.A.

17-Goddard, Cliff. (2008). Cross-Linguistic Semantics. University of New England. John Benjamins Publishing Company, Amsterdam/Philadelphia.

18-Goffman,Erving. (2005).Interaction Ritual: Essays on Face-to-face Behavior. with a new Introduction by Joel Best, Garden City, New York.

19-Gramley Stephan and Pätzold Kurt-Michael.(2004). A Survey of Modern English, 2ed, Routledge Taylor & Francis Group, London.

20-Green Georgia. (1996). Pragmatics and Natural Language Understanding. 2ed, United States of America Mahwah-New Jersey:Lawrence Erlbaum Associates Publishers. Cited in: http://www.questia.com/PM.qst?a=o&d=58869551

21-Grundy, Peter. (2000). Doing Pragmatics. 2ed. London: Arnold. Oxford University Press.

22-Haugh, Michael. (2011). Revisiting the Conceptualisation of Politeness in English and Japanese. cited in: httpwww98.griffith.edu.audspacebitstream1007216161133411. pdf20-1l-2011

23-Hickey,Leo and Stewart, Miranda.(2005). Politeness in Europe. Multilingual Matters Ltd, Printed and bound in Great Britain by the Cromwell Press Ltd.

24- Holmes, Janet. (1999). Women, Men and Politeness. Longman Group UK Limited, Printed in Malaysia.

25-Huang Yongliang. (2008).Politeness Principle in Cross-Cultur Communication, English Language Teaching Journal Volume-1. No.(1) June. Cited in: httpwww.ccsenet.orgjournalindex.phpeltarticleviewFile515497 11-11-2011

26-Hurmiz, Salam Ni´mat. (2009).Politeness in English and Syriac: Acomparative Study, Unpublished Ph.D. Dissertation,University of Salahaddin-Erbil.

27-Hudson Richard A.(1996). Sociolinguistics. 2ed, Great Britain:Cambridge University Press.

28-Kasper, Gabriele. (2007). Linguistic Etiquette. citation in The Handbook of Sociolinguistics. Edited by Florian Coulmas.Publishing,1998. Blackwell Reference Online On...Page 8 of 8, 28 December. Cited in: http://www.blackwellreference.com /subscriber/uid=532/tocnode?id=g9780631211938.28.12.2010

29-Lakoff, Robin Tolmach. (2004) Language and women's place.Text Commentaries, Revised and Expanded Edition,NewYork: Oxford University Press.

30- _______. (1990). Talking power: the politics of language in our lives. Glasgow: Harper Collins.

31-Longcope Peter.The Universality of Face in Brown and Levinson's Politeness Theory, University of Pennsylvania Graduate School of Education: A Japanese Perspective: 69-79.University of Pennsylvania Graduate School of Education. Cited in: httpwww.justinecassell.comdiscourse09readingslongscope.pdf 11-11-2011

32-Longman Corpus. (2003). Longman Dictionary of Contemporary English. 3ed. Pearson Education Limited, printed in Spain by Cayfosa-Quebecor, Barcelona.

33-Lyons, John. (1990).Language and Linguistica An Introduction. NewYork, Cambridge: Cambridge University Press.

34-Levinson, Stephen. (1997) Pragmatics.Cambridge:Cambridge University Press.

35-Leech, Geoffrey. (1996). Principles of Pragmatics, Tenth impression. Singapore: Longman Group Limited.

36-Mesthrie Rajend & et al.(2009). Introducing Sociolinguistics, 2ed, Edinburgh University Press, Germany by Bercker GmbH.

37-Mills, Sara. (2000). Rethinking Politeness.Impoliteness and Gender Identity. Cited in: http://www.linguisticpoliteness.eclipse.co.uk/Gender%20and%20Politeness.htm18/7/2011

38-_______. (2003). Gender and politeness.Cambridge: Cambridge University Press.

39-Moheddin Kurdistan.Rafiq.(2009). A Study of the Cooperative Principle and Implicatures in English & Kurdish. Acomparative Study, Unpublished Unpublished M. A. thesis. University of Salahaddin-Erbil.

40-Nikazm, Carmen Taleghani. (1998).Politeness in Persian Interaction the Preference Format of offers in Persian.University of Texas, Austin. Cited in: httpwww.humnet.ucla.eduhumnetalclicjournal1998taleghani nikazm1998.pdf 20/1/2011

41-Oxford University press.(2009). Oxford Wordpower, 2ed. printed in China.

42-Oxford University Press. (2004). Concise Oxford Dictionary.11ed.

43-Peccei J. S.(2005). Pragmatics. Great Britain, Tj International Ltd press.

44-Rathje. Marianne. (2011). Is it possible to investigate politeness in Conversation? University of Copenhagen. Cited in: httpwww.nordiska.uu. seICLaVE2 Kristiansen_wRathjew.pdf 18/4/2011.

45-Radha,Ayad Sabir(2010).An Investigation of Face in Selected English and Kurdish Editorials: Acomparative Study, Unpublished M.A.thesis, The College of Education of Kalar-University of Sulaimani.

46-Reiter, Rosina Märquez. (2000) Linguistic politeness in Britain and Uruguay: A contrastive study of requests and apologies, Ph.D. Dissertation, The University of Surrey Amsterdam-Philadelphia, John Benjamins Publishing Company.

47-Reiter, Rosina Märquez and Placencia MarÎa Elena(2005)Spanish Pragmatics, 1ed, Great Britain, Palgrave Macmillan.

48-Spolsky, Bernard. (2010). Sociolinguistics, Oxford University press, printed in China.

49-Tannen, Deborah. (2006). politeness and Interaction. Cited in: Fasold, Ralph W.and Linton, Jeff Connor. An Introduction to Language and Linguistics, 1ed,United Kingdom, Cambridge University Press.

50-Terkourafi, Marina. (2001). Politeness in Cypriot Greek: A Frame-based Approach. PhD dissertation. Cambridge University.

51-Wardhaugh, Ronald. (1990). An Introduction to Sociolinguistics.Great Britain, Cambridge: Basil Blackwell Ltd.

52-Watts, Richard J.(2003).Politeness. Cambridge: Cambridge University press.

53-Yule, George,(1996)The Study of Language, 2ed, Great Britain, Cambridge University Press.

54- _______. (2000). Pragmatics. 5ed, Hong Kong, Oxford University press.

## ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان و پێگەی ئەنتەرنێتی:

1-http://www.google.com/search?hl=en&q=politeness&btnG=search12/12/2010.
2-httplogos.uoregon.eduexploresociolingpoliteness.html 20/11/2010
3-httpwww.lisanarabi.comvbarchiveindex.phpt-435.html 10/12/2010
4-www.tcbdevito.blogspot.com/2009/01/ Politeness-and-culture 10/1/2011
5-httpwww.essortment.comallteachingchildre_reef.htm 10/12/2010

## چاوپێکەوتن لەگەڵ:

پ. ی. د. هۆگر مەحموود فەرەج، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

# پوختەی نامەکە  بە زمانەکانی
# کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی

# پوختەی نامەکە

ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی "ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا"یە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا، باس لە گرنگی و ناساندنی ڕێزگرتنی زمانی و مێژووی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئەم دیاردە زمانییە کراوە. هاوکات چەمکی ڕێزگرتن و ڕێزنەگرتن و تایبەتمەندیی هەریەکەیان لەمبارەیەوە خراونەتەڕوو، هەروەها ئاماژەیەکی کورت بە ئەتەکێتی زمانی و پێوەندی ی ڕێزگرتن بە کات و شوێنەوە، دراوە.

لە بەشی دووەمدا، بە کورتی پێوەندی ی زمان و کۆمەڵ و ئەرکەکانی زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی باسکراون، هاوکات چەمکی کەلتوور و کاریگەری ی کەلتوورە جیاوازەکان سەبارەت بە ڕێزگرتن خراونەتەڕوو. هەرلەم بەشە دا باس لە بۆچوونە نەریتییەکانی ڕێزگرتن کراوە، کە پتر خۆی لە پێودانگە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دەبینێتەوە، هەروەك بۆچوونە هاوچەرخەکانیش، کە خۆی لە ڕێساکانی ڕێزگرتن لای لیچ و دیمانەی ڕێزگرتنی براون و لیڤنسندا دەبینێتەوە، باسکراون، ئەمە جگە لەوەی نموونەشیان لە زمانی کوردیدا بۆ هێنراوەتەوە.

لە بەشی سێیەمدا، دیمانەی ڕێسای هاریکاری ی گرایس و دیمانەی کردە قسەییەکان و چەند دیاردەیەکی پراگماتیکی ی پەیوەست بە ڕێزگرتنەوە خراوەنەتەڕوو، وەك: پێشگریمانە و نیشانکارەکان و دەوروبەر. هاوکات جۆرەکانی شێوازی ئاخاوتن و کەرەستەکانی بانگکردن و کاریگەری ی تابوو و جوانبێژیش سەبارەت بە ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا باسکراون.

هەر لەم بەشدا ئاماژە بە هەندێك لە هۆکارەکانی تری هێنانە ئارای ڕێزگرتنی زمانی، دراوە، لەوانەش: هێز و ئاوازە، پێشکەشکردن، تەمەن، ڕەگەز، پیشە، دەسەڵاتی ڕامیاری، لایەنی دەروونی، بۆنەکان، چینە جیاوازەکانی کۆمەڵ، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، هێمای نازمانی، بابەت، ئایین. هەروەها چەند دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی، وەك: درێژدادڕی و کەمدوویی و قسەپێبڕین و...هتد باسکراون. دوواتر بە گرنگترین ئەنجامەکان، کە توێژەر پێگەیشتووە کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

# ملخص البحث


هذه الرسالة الموسومة ب"**التأدب فى اللغة الكوردية**" تتكون من ثلاثة فصول عدا المقدمة و قائمة المصادر والنتائج والمقترحات:

في الفصل الأول: تحدث الباحث عن التأدب و أهميته في اللغة، كما و تحدث عن تأريخ الدراسات الأكاديمية حول هذه الظاهرة اللغوية. ثم بين مفاهيم التأدب و عدمه، كما وتحدث عن خصائصهما و علاقة ظاهرة التأدب بالزمان و المكان.

و في الفصل الثاني تطرق الى علاقة اللغة والمجتمع و وظائفها و تم الحديث عن علم اللغة الإجتماعي، بعدها تحدث عن مفهوم الثقافة و تأثير الثقافات المختلفة على التأدب. وفي الفصل نفسه تحدث عن العادات القديمة السائدة حول التأدب، والتي تتجلى في المقاييس المختلفة للمجتمع، مثلما في التصورات العصرية التي تتجلى في مبادىء التأدب عند ليج و في نظرية براون و ليفنسن، كما جاء بالأمثلة في اللغة الكوردية.

أما في الفصل الثالث فقد تحدث عن نظرية مبادىء التضامن عند غرايس و نظرية الأفعال الكلامية و بعض الظواهر التداولية المتعلقة بالتأدب، مثل قبئفتراض والمؤشرات والسياق، ثم تحدث عن أنواع أساليب التخاطب و أدوات النداء و تأثير الممنوعات(Taboo) والتجامل حول التأدب في اللغة الكوردية.

وفي الفصل نفسه أشار الى بعض العوامل الأخرى التى تستوجب التأدب في اللغة، منها: النبرة والنغمة، والتقديم، والعمر، والجنس، والمهنة، والسلطة السياسية، كما تطرق الى الناحية النفسية والمناسبات، والطبقات الإجتماعية المختلفة، ثم المكانة الإجتماعية، والإشارة غير اللغوية، والموضوع، والدين، ثم تحدث عن بعض الظواهر الإجتماعية الأخرى، مثل: "الأطناب والتقليل من الكلام و مقاطعة المتكلم و ...الخ". بعدها عرض أهم النتائج التي توصل اليها الباحث.

# Abstract

This thesis which is entitled "Politeness in Kurdish" consists of three chapters, in addition to introduction, conclusions, suggestions for further studies and the references.

Chapter one identifies the importance of Linguistic politeness and the history of academic analysis of this language phenomenon. Moreover, it illustrates the concept of politeness, impoliteness and their properities. Finally it briefty indicates the linguistic etiquiette and the relationship of politenss to time and place.

Chapter two states the relationship of language to society, its functions in conversation and sociolinguistics. In addition to that, the concept of cluture and the influence of different clutures on politeness are discussed. It also explains the traditional views of politeness which is based on the various norms of society, as well as the modren views that can be regarded to Leech's politeness principle and Brown & Levinson's theroy which is examplied by kurdish examples.

Chapter three is concerned with Grice's cooperative principle, speech act theory and some other pragmatic phenomena related to politeness such as: Presupposition, Deixis and Context. Coincidenlty, it identifies the types of communicative styles, terms of address and the impact of taboo and euphemism on politeness in kurdish Language.

This chapter also includes some other factors of politeness emergence such as: stress and intonation, offer, age, gender, occupations, political authonty, psychological affairs, occasions, different classes of society, social status, paralinguistics, topic and religion. some other social phenomena like: expatiation, taciturnity, interruption,…etc. Finally, the thesis ends with the conclusions.

حكومة إقليم كوردستان/ العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
فاكلتي العلوم الإنسانية
سكول اللغات/ قسم اللغة الكوردية

# التأدب في اللغة الكوردية

(دراسة في مجال علم اللغة الإجتماعي)

رسالة تقدّم بها الطالب:

## أرام عبدالواحد حمه رشيد معروف

إلى مجلس سكول اللغات/ فاكلتي العلوم الإنسانية بجامعة السليمانية، وهي جزءٌ من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة الكوردية

بإشراف:

## أ.م.د. هؤگر محمود فرج

٢٠١٢م ١٤٣٣هـ ٢٧١٢ ك

Kurdistan Regional Government-Iraq
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
University of Sulaimani
Faculty of Humanity
School of Languages
Department of Kurdish

# POLITENESS IN KURDISH LANGUAGE

(A Sociolingusitic study)

A Thesis
Submitted to the Council of School of Languages/Faculty of Humanities
University of Sulaimani in Partial Fulfilment of the Requirements
for the Degree of Master of Arts in Kurdish Language

by

Aram Abdulwahid Hamarasheed Ma'ruf

Supervised by:
Asst. Prof. Dr.Hogir M. Faraj

**2712** Kurdish | **1433** Hijri | **2012** AD